**روانین**

# **لە نێوان کەلتوورو سیاسەتدا**

**عەتا قەرەداخی**

**سلێمانی**-----------------------------------------2014

**پێرست:**


**- لە بری پێشەکی**
**1- ئەگەرەکانی درووستبوونی دەوڵەتی کوردی**
**2- درووستبوونی دەوڵەتی کوردی شتێکی حەتمیە**
**3- بڕیاردانی مافی چارەنووس**
**4- زمان و ناسنامە**
**5- کار چییە؟**
**6- سلێمانی لە هەستکردن بە غوبندا**
**7- بەرەو کوێ؟**
**8- حیزبی کوردی لە نێوان رابردوو ئایندەدا**
**9- وەهمی دایەلۆگی نێوان مەلاو رۆشنبیر**
**10- خۆپیشاندان دەنگی جەماوەر**
**11- بڕیاردانی چارەنووس**
**12- نوخبەی رۆشنبیری کورد لە نێوان وەهم و واقیعدا**
**13- خەمی زمانی ستاندەر**
**14- خەمی شووناس**

15- ڕەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی
16- کوردو ئایین
17- کوردو فرە ئایینی
18- ڕێنیسانسی نەتەوەیی
19- سەقامگیری
20- تەنیا یەکبوون زەمانەتە
21- کەسێتی کوردی
22- لە روودا وەستان
23- نەبوونی عەقڵی دامەزراوەیی
24- هەست بەکەمیکردنی نەتەوەیی
25- خەمی بوون
26- کەسێتی کوردی لە سایەی داگیرکردندا
27- پەروەردەو بیرکردنەوە
28- کارەکانی سەرۆکی هەرێم
29- کەسێتی کوردی لە نێوان خۆنمایشکردن و شکستدا
30- کوردستان لە چوارچێوەی
31-تاکەکەس و مێژوو
32- پەرلەمانی کوردستان دەنگدانەوەی حیزب
33- خۆپیشاندان لە نێوان ململانێی
34- ڕاپەڕین پرۆژەیەکی ناتەواو
35- کام شتراتیژی کارکردن
36- کەلتووری یەکتر تاوانبارکردن
37- ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتی
38- بەرهەمهێنانی مرۆڤێك کە بتوانێت بڵێت نا
39- شێرکۆ بێکەس
40- یەکتر خوێندنەوە

**لەبری پێشەکی:**

**نووسین دەربارەی سیاسەت و ژیانی حیزبایەتی رووبەرێکی تا ئەندازەیەك فراوانی داگیرکردووە لە نێوەندی رۆشنبیری کوردیدا، بەلاّم زۆرینەی ئەوەی لەو بوارەدا نووسراوە زیاتر لە روانگەی حیزبایەتی و زیاتریش لەلایەن کەسانی حیزبییەوە نووسراوە کە ئەوەش وایکردووە تا ئەندازەیەکی ئاشکرا بابەتیبوون لە زۆرینەی نووسینەکاندا لاواز بێت و هەر کەسە هەوڵیداوە بۆ روونکردنەوەی زیاتری ئەو رووبەرەی کە خۆی کاری تێدا کردووە، رووبەرەکانی تر دەرەوەی خۆی تاریك بکات، یان بۆ ئەوەی کارەکانی ئەو ئاراستەو لایەنەی کە خۆی کاری تێدا کردووە جوان و گەشاوە بکات، هەوڵیداوە کۆی ناشیرینی و تاریکی و کارە نادرووستەکان بخاتە پاڵ ئەوانی تر. ئەم جۆرە تێڕوانینەش لە نێوەندی رۆشنبیری سیاسی و تەنانەت کەلتووری کوردیدا تاکو ئێستاش بالاّدەستە. هەرچۆن لە کۆمەڵگەی کوردیدا تاکەکەسی ئاسایی نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە دان بە بوونی راستەقینەی خۆیدا بنێت و خۆی لە راستیدا چۆنە وەها خۆی نیشان بدات بە هەمان شێوە ئەو نووسینانەشی کە لە بارەی سیاسەتی کوردییەوە نووسراون بە گوێرەی ئەو کەسەی کە نووسیویێتی و بەگوێرەی ئەو لایەنەشی کە ئەو کەسە پەیوەستە پێیەوە، توانای دانپێدانان زۆر لاوازە، لە کاتێکدا بەرا مبەر بە دەرەوەی خۆی جۆرە بێباکییەك هەیە لە دەربڕیندا کە زۆربەی کات گەیشتووەتە ئاستی نابەبەتیبوون.**

**ئێمە لەم کتێبەدا هەوڵمان داوە بە چاوی چاودێرێك بڕوانین کە بە هەمان دووری لە کۆی ئەو بابەت و لایەنانەوە وەستاوە کە لەبارەیانەوە دواوە، واتە هەوڵمانداوە چۆن لە شتەکان تێدەگەین و چۆنیان دەبینین هەر بەو پێوانەیە ئاخاوتنیان بکەین. بێگومان لە**

دوای خوێندنەوەی کتێبەکە خوێنەری خۆشەویست تێدەکات کە ئێمە وەکو کۆمەڵگەی کوردی لە بارێکی لاوازو دواکەوتووی ژیانی سیاسیو حیزبایەتیو بەڕێوەبردنداین، هۆکاری ئەمەش نەبوونی عەقڵی دامەزراوەییو عەقڵی بەڕێوەبردنە، کە هۆکاری سەرەکی ئەوەش سەرباری نەبوونی دەوڵەت و سەربەخۆیی لە رابردوودا، رەگ و ریشەی لە نێو کەلتووری کوردیدایە کە ئەو کەلتوورەش ئەو عەقڵە سیاسی و ئیدارییەی بۆ ئێمە بەرهەمهێناوە کە تاکو ئێستا لە رابروودا دەژین. مەبەستمان لەم قسەیە ئەوەیە کە هۆکاری کەلتووری کاریگەری نەرێنی زۆر ئاشکرای بەسەر ژیانی سیاسیو حیزبایەتیو خۆبەڕێوەبردنی ئێمەوە هەیە. ئێمە هەرچۆن لەم بوارانەدا لاوازین دیسان لە رووی ئیدارەکردنی ململانێ ناوخۆییەکانیشەوە ئاسۆیەکی روونمان نییەو هەڵوێستەکانمان زیاتر لەوەی بابەتیانە بن دەرهاوێشتەی سۆزو هەڵچوونو تەنانەت گرێی دەرونی کەموکورتیەکانی رابردوو ئێستنتامانن. واتە ئەوەی لە هەر چرکە ساتێکی ئێستای ئێمەدا وەکو کۆمەڵگە دەیبینین بە تایبەتی لە رووی سیاسیو ژیانی حیزبایەتییەوە، پاڵنەرەکانی رابردوو دەیجوڵێنن کە دەشێ ئەو پاڵنەرانەش بە رقو کینەو کەموکورتییەکانی رابردوو بارگاوی کرابن کە مەبەست لەوەش کۆی ئەو توخمو رەگەزانەیە لە مێژۆوی کۆمەڵایەتیو کەلتووری ئێمەدا کە زیاتر بەرهەمی پەیوەندییەکانی خوێن و دەمارگیری خێڵایەتییە. هەر لەم روانگەیەشەوەیە کە ئێمە تاکو ئێستا پێمان وایە حیزبی کوردی یەدیلی دامەزراوەی خێڵ و عەشیرەتەو بە هەمان ستراتیژو عەقڵیەتەوە کار دەکات. پێکەوە کۆکردنەوەی سیاسەت و کەلتوور لەم کتێبەدا لەو روانگەیەوەیە کە سیاستی کوردیو ژیانی حیزبایەتی کوردی رەگ و ریشەی لە نێو رابردووی کۆمەڵگەی خێڵایەتی کوردیدایەو تاکو ئێستاش عەقڵی سیاسی کوردی نەیتوانیووە دابڕانی تەواوەتی لەگەڵ عەقڵی خێل و کەلتووری خێڵ و ستراتیژی خێڵدا بکات. بەڵام دیارە سەرباری ئەو بارە نادرووستە لەوە دڵنیاین کە مێژوو رەوتی ئاسایی خۆی دەکات و درەنگ یان زوو کۆمەڵگەی کوردیش ئەم بارە ناهەموارەی ئێستای بەجێدەهێڵێتو هەنگاوی بەرەو خۆدرووستکردنو چوونە ناو مێژووەوە دەنێت کە ئەوەش تەنیا لە سەربەخۆیو درووستکردنی دەوڵەتی کوردیدا بەرجەستە دەبێت.

سلێمانی

2016–12–12

## 1- ئەگەرەكانی دروستبوونی دەوڵەتی كوردی

سەرەتا جێگای خۆیەتی لە دوای وەڵامی ئەو پرسیارە بگەڕێین كە دەوڵەتی كوردی چۆن دروست دەبێت؟ یان ئەو پرسیارەی كە دەپرسێت مەبەست لە پرۆژەی نەتەوەیی چییەو چ پەیوەندییەكی بە دروستكردنی دەوڵەتەوە هەیە؟ ئایا كورد وەكو نەتەوە خاوەنی پرۆژەی نەتەوەییە؟ ئەگەر خاوەنی پرۆژەی نەتەوەییە ئەو پرۆژەیە چییە؟ ئەگەر پرۆژەی نەتەوەیی نییە هۆكارەكانی چین؟ ئەو هۆكارانە خودین یان بابەتین؟ ئایا

ئەگەر ئێمە تاکو ئێستا پرۆژەی نەتەوەییمان نییە کەواتە لە سەدەو نیوی رابردوودا بزووتنەوەکانی کورد لە پێناوی چیدا خەباتیان کردووە؟ ئەی ئەگەر لەو ماوە دوورو درێژەدا ئێمە پرۆژەی نەتەوەییمان هەبووە بۆچی ئەو پرۆژەیە جێبەجێ نەکراوە؟ ئایا هۆکارەکان دیسان خودین یان بابەتین؟ ئەی ئەگەر ئێمە وەکو نەتەوەیەکی گەورە تاکو ئێستا خاوەنی پرۆژەی نەتەوەیی نەبین کەواتە چی بکەین؟

ئایا ئەوەی لە باشووری سودان پێشتر روویداو کار گەیشتە ئەو ئاستەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری رێفراندۆمی لە باشووری ئەو وڵاتەدا داو سەرئەنجامیش ئەو رێفراندۆمە جێبەجێکراو وەکو بینیمان دەنگدان لە بەرژەوەندی جیابوونەوەو سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەتێك لە باشووری سوداندا شکایەوە، ئایا نەدەشیا لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا لە باشووری کوردستان کار بۆ ئەوە بکرایە کە نەتەوە یەکگرتووەکان رازی بکرایە وەکو ئەوەی باشووری سوودان لێرەش رێفراندۆم بکرایەو ئەو مافە بە گەلی کوردیش بدرایە، کە هەمان شێوەی گەلی باشووری سوودان بڕیاری چارەنووسی خۆیی بدایە؟ ئەی ئایا ئێستا کورد ناتوانێت هەموو توانای خۆی بخاتە کار لەسەر ئاستی دیپلۆماسیی و پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکان بۆ ئەوەی لایەنگرو دۆست بۆ پرۆژەیەکی لەو جۆرە کۆبکاتەوە؟ ئایا زۆرێك هاوشێوەبوون لە نێوان باشووری سودان و کوردستاندا نییە؟ ئایا ناکرێت ئەزموونی سودان ئیلهام بە سەرکردایەتی سیاسی گەلی کورد ببەخشێت و وایان لێبکات بکەونە جوڵە بۆ کارکردن بە ئاراستەی زەمینە خۆشکردن چ لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی و چ لەسەر ئاستی ناوخۆ بۆ ئەنجامدانی رێفراندۆمێکی هاوشێوەی ئەوەی سودان لە کوردستاندا؟ ئایا زەمینەی خودی و بابەتی بۆ هەر ئەگەرێکی لەوجۆرە پەیوەست بە باشووری کوردستانەوە لە بارە؟ ئایا ئەوە کێیە لە کوردستان هەوڵ بۆ بیناکردنی پرۆژەیەکی لەو جۆرە دەدات؟ ئایا ئەگەر شتێکی لەو جۆرە روویدا کورد لەو ئاستەدایە کە بتوانێت خۆی بەڕێوەببات؟

بێگومان هەریەکە لەم پرسیارانە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردو گشتگیر هەیە کە دیارە ناتوانرێت لەم وتارەدا سەرجەمی ئەو وردەکارییانە بخرێنە روو، بەڵام سەرباری زانینی ئەو راستیەش هەوڵدەدەین زیاتر لە سەر چەمکی پرۆژەی نەتەوەیی و قەیرانی ئەو پرۆژەیە لە مێژووی کورددا وەکو کۆلۆنیەکی نێودەوڵەتی بدوێین و باسی شیان یان نەشیانی ئەگەری جێبەجێ کردنی ئەزموونی باشووری سودان لە باشووری کوردستانیشدا بکەین. دیارە داواکارییەکانی کوردی لە هەموو پارچەکانی گوردستاندا

داواکاری داننانە بە بوون و شووناسی کورددا کە ئێستا گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە لە جیهاندا. لە کاتێکدا کە داواکارییەکانی ئەم نەتەوە گەورەیە بۆ سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەت بە پێی هەموو بنەما ئایینی و هەموو پرینسیپە ئەرزی و ئاسمانییەکان داواکارییەکی ڕەوایەو کوردیش مافی سرووشتی خۆیەتی وەکو هەموو نەتەوەکانی تری ئەم دنیا یە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیی لەسەر جوگرافیای خۆی هەبێت و خۆی بەڕێوەببات، بەڵام تاکو ئێستا نە دەوڵەتانی خاوەن بڕیارو نە دەوڵەتانی ئیسلامی و نە داگیرکەرانی کوردستان و نە نەتەوە یەککگرتووەکانیش هیچیان بەو ئاراستەیە کاریان نەکردووە کە لەو ڕووەوە جۆرە مژدەیەك بە کورد ببەخشن، واتە بارودۆخی نێو دەوڵەتی بە گشتی تاکو ئێستا مەسەلەی سەربەخۆیی کوردو دروستکردنی دەوڵەتی کوردیی لا نەبووەتە مەسەلەیەکی زیندوو. بە گوێرەی ناوخۆش راستە لە ڕووی سیاسییەوە کورد ئامادەبوونێکی تێدایەو لە ڕووی ئیداریشەوە گومانی تێدانییە کە ئەگەر کورد بیەوێت دەتوانێت بە ئاسانی دەوڵەتداری بکات چونکە لە ڕووی توانای مرۆیی و توانای مادییەوە بنەماکانی پێکهێنانی دەوڵەتێکی بەهێزی هەیە بە مەرجێ عەقڵی ئیداری و توانای مادی و مرۆیی لەسەر بنەمای تواناو لێهاتوویی بخرێتە کارەوە. هەرچەندە لەم بارەیانەوە دەبێ سەیری ئاستی پەرەسەندنی عەقڵی و سیاسی و فەرهەنگی و ئیداری کورد بکەین و بزانین ئایا بنەماکانی دەوڵەتداریێتی تێدایە یان نا؟ هەرچەندە دەبێ ئەو راستیەش بزانین کە هیچ کام لەو دەوڵەتانەی کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا شوێن و پێگەیان هەبووە چ بە لایەنی پۆزەتیف و چ بەلایەنی نێگەتیف هیچیان لەسەرەتای دروستبوونیاندا بەو جۆرە نەبوون. هەروەك دەبێ ئەوەش بڵێین راستە لە باشووری کوردستاندا دەوڵەت دروست نەبووە بەڵام ئەوەی کە لە دوای ڕاپەڕینەوە بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە فەرمانڕەوایی بەشێکی گەورەی با شووری کوردستان دەکات زۆرینەی خاسیێتەکانی دەوڵەتی هەیەو دەشێ وەکو دەوڵەتێکی ڕانەگەیەندراو سەیر بکرێت، واتە سەرباری هەموو کەموکورتییەکان بە تایبەتی لە عەقڵی ئیداری و شێوازی بەڕێوەبردندا بەڵام سەرەتایەك بۆ بیناکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەتداریێتی بەرهەم هاتووە کە دەشێ زیاتر پەرەیان پێبدرێت و لە پاڵ دروستکردنی ئەو دامەزراوانەدا پێویستە عەقڵی دامەزراوەیش بەرهەم بێت و شوێنی عەقڵی تاکە کەس و تاکە بەرپرس و تاکە حیزب بگرێتەوە؟

دەشێ لە دوو روانگەوە سەیری باشووری کوردستان و زەمینەی درووستکردنی دەوڵەتی کوردی بەلایەنی کەمەوە لەم بەشەدا بکەین. یەکەمیان لە رووی سیاسییەوە کورد لە باشووری کوردستاندا کە هەتا راپەڕینی 1991 وەکو ئۆپۆزسیۆنێکی نا مەرغوب سەیر دەکراو بەرژەوەندی دەوڵەتانی دەوروبەرو دنیاش لەگەڵ رژێمی تۆتالیتاری بەعسی عێراقدا وایکردبوو کە دنیا چاوی خۆی لە ئاستی ئازارو مەینەتییەکانی ئەم نەتەوەدا بنوقێنێت. بەلاّم لە ماوەی ئەم بیست ساڵەدا دەتوانین بڵێین پێشەوەچوونێکی ئاشکرا بە ئامادەبوونی کەسێتی سیاسی کوردیو، بۆ ئیدارەی حکومەتی هەرێم کوردستان روویداوەو ئێستا لە زاکیرەی مرۆڤایەتیدا یان لە زاکیرەی سیاسی و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی دەوڵەتانی دنیادا کوردیش گەیشتووەتە ئاستێکی دیاریکراو لە خۆنمایش کردن. دووەم: ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیی دێت کە مەبەست لەمەش ئەوەیە پێشتر سەرباری بوونی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد، داخوازی ئەو بزووتنەوانەو کوردیش بە گشتی لە ئاستی ئۆتۆنۆمی تێپەڕی نەکردووە، بەلاّم ئێستا مەسەلەی باسکردنی دەوڵەتی کوردی خەریکە لەوە تێپەڕدەکات کە تەنیا نوخبەی رۆشنبیری ناسیونالیستی کوردی باسی بکات بەڵکو رووبەری باسکردنی دەوڵەتی کوردی لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی کوردی بەرەو فراوانبوونی زیاتر دەچێت، ئەمەش دەشێ وەکو دەرئەنجامی پەرەسەندنی زیاتری ناسیونالیزمی کوردی سەیر بکرێت، کە ئەوەش لە ئاستێکی تردا ئاماژە بۆ بوونی جۆرێك لە جوڵەو پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کوردی دەکات. بۆیە دەشێ ئێستا مەسەلەی دەوڵەتی کوردی لە کۆنەستی کۆمەڵایەتی کوردیدا رووبەرێکی فراوانتری داگیر کردبێت کە ئەوەش بنەمایەکی باشە بۆ ئەوەی ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کوردی توانی رەزامەندی بۆ ئەنجامدانی رێفراندۆمێکی هاوشێوەی ئەوەی باشووری سودان بەدەست بهێنێت، ئەوا دڵنیا بێت لەوەی کە دەنگدانی جەماوەری کوردستان بەلای سەربەخۆیی و درووست کردنی دەوڵەتدا دەشکێتەوە. بۆیە ئێستا گومانی ئەوە ناکرێت کە لە دوو رووەوە کورد لە باشووری کوردستاندا ئامادەگی هەیە بۆ ریفراندۆمو، بێگومان دەرئەنجامی پۆزەتیفی ریفراندۆمەکەش چاوەڕوانکراوە، کە یەکەمیان دڵنیابوونە لە دەنگدانی زۆرینە بۆ سەرەخۆیی و دەوڵەت. دووەمیان لە ئەگەری درووست بوونی دەوڵەتی کوردیدا لەسەر ئاستی ناوخۆ سەرباری کەموکورتییەکان، بە بڕوای من کورد دەتوانێت خۆی بەڕێوەببات.

دیاره ئێمه پێشتر پرسیارمان له بارەی لاوازیی گوتاری ناسیونالیزمی کوردیو لاوازی خودی ناسیونالیزمی کوردییەوە کرد که بێگومان ئەو لاوازییەش بووەته هۆی نەبوونی پرۆژەی نەتەوەیی کوردی که مەبەستمان لەوەش پرۆژەی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردییە. من پێموایە سەرباری ئەوەی لەسەرەوە باسکرا، وەکو بەربەست لەبەردەمی کورددا بۆ گەیشتن بە ئاستی دروستکردنی دەوڵەت چ لە رووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیو چ له رووی بڕیاری سیاسییەوە، بەڵام بکەری سەرەکی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی هەمیشه خودی کورد خۆیەتی که مەبەست لەم قسەیەش بوونی بکەرێکه بتوانێت بڕیاربداتو هاوکات بتوانێت لەسەر زەمینەی واقیع بڕیارەکەی جێبەجێ بکات. من پێموایە له راپەڕینی بەهاری 1991 بەدواوە کورد لەم بەشەدا بەردەوام هەلی بڕیاردانی لەو جۆرەی هەبووه به تایبەتی له دوو کاتی هەستیاردا که یەکەمیان کاتی تێکشکاندنی عێراق بوو له جەنگی دووەمی کەنداودا، واته له کاتی تێکشکاندنو دەرپەڕاندنی سوپای عێراق له کوێتدا، دووەمیشیان له کاتی هێرشی دووەمی ئەمەریکا بۆ سەر عێراقو تێکشکاندنی رژێمەکەی سەدام حسێن له ساڵی 2003دا به تایبەتی له دووەمیاندا کورد له بارودۆخێکی باشتردا بوو لەچاو ساڵی 1991دا، چونکه خاوەنی دەسەڵاتی ئیداری نیمچه سەربەخۆی خۆی بوو، ئەو دەسەڵاته له ئاستی دەوڵەتێکی رانەگەیەندراودا بوو، بەڵام سەرکردایەتی سیاسی کورد به هەر هۆیەکەوە بێت نەیتوانی له هیچ کام لەو دوو کاته هەستیارەدا بڕیار بدات، که ئاشکرایه هەر پاساوو بیانوویەك بۆ نەتوانینی بڕیاردانێکی لەو جۆره بهێنرێتەوە هەمووی شتی لاوەکییەو هۆکاری سەرەکی لاوازیو ترسی سەرکردایەتی سیاسی کوردی بووه له بڕیاردانێکی لەو جۆره که بێگومان دەشێ مەترسیو جۆرێك لەسەر کێشیشی تێدا بێت، بەڵام ئەگەر بکەرێکی به هێزو کاراو سەرکێش هەبوایه ئەوا دەیتوانی بڕیار بدات، که پێموایه هەرچۆن له ساڵی 1991 بەدواوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو به دیفاکتۆو تەنانەت داگیرکەرانی کوردستانیش سەرباری ناڕازی بوونیانو سەرباری دروستکردنی چەندین کێشه بۆ ئەم حکومەته سەرئەنجام ناچاربوون ناڕاستەخۆ دان به بوونی ئەم حکومەتەدا بنێنو پەیوەندی بازرگانیو دراوسێیەتیو دیپلۆماسی لەگەڵدا دروست بکەنو لەسەر ئاستی سەرۆکی دەوڵەتەکانیشیان به رەسمی و لەبەرچاوی کامیراو راگەیاندن پێشوازی له بەرپرسانی حکومیو سیاسی هەرێمی کوردستان بکەن. پێموایه ئەگەر کورد ئێستاش بتوانێت بڕیارێکی لەو جۆره بدات سەرباری

دروستبوونی کێشەو بەربەست بۆ کاتێکی دیاریکراو سەرئەنجام بەرهەمی ئەو بڕیارەش کە دەبێ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لێبکەوێتەوە، دەبێتە دیفاکتۆو هەموو دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و دەوڵەتانی تریش سەر ئەنجام دانی پێدا دەنێن و وەکو دەوڵەت رەفتاری لەگەڵدا دەکەن.

دیارە ئەمە تاکو ئێستا روونەداوە بەڵام زەمینەیەکی باش هەیە بۆ هەر بڕیارێکی لەو جۆرە کە دەشێ بڕیارێکی راستەخۆی سیاسی بێت لە لایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردییەوە بدرێت، بەلاَم پێویستی بەوەیە کە هەم لەسەر ئاستی ناوخۆو هەم لەسەر ئاستی دەرەوە ئامادە باشی بۆ بکرێت. لەسەر ئاستی ناوخۆ پێویستی بە یەکبوونی راستەقینەی هەموو کۆمەڵگەی کوردی هەیە بە هەموو چین و توێژەکانییەوە، بە هەموو پارت و رێکخراوو ئاراستە فیکری و ئایدیۆلۆجیەکانییەوە بۆ ئەوەی هێزێکی پتەوو پۆلاَین لەو یەکێتی و یەکبوونە دروست ببێت کە ئەو یەکێتی و یەکبوونەش بەوە دەبێت کە دەسەلاَتی کوردی هەوڵبدات هەموو کێشە ناوخۆییەکان چارەسەر بکات و تێکڕای لایەنەکان و جەماوەر بکاتە بەشداری راستەقینە لە بەڕێوەبردنی ولاَتداو، بە جۆرێك کار بکات هیچ ئەندامێکی ئەم کۆمەڵگەیە هەست بە پشتگوێخستن و بێ مافی نەکات کە ئەوەش پێش هەموو شتێك بە دابین کردنی عەدالەتی کۆمەلاَیەتی و چەمکی هاوولاَتی بوون و دروستکردنی دەوڵەتی یاسا دەبێت.

دووەم لەسەر ئاستی دەرەوە پێویستی بەوەیە کە کورد پەیوەندییەکی چڕو پڕی دیپلۆماسی دروست بکات و هەوڵبدات لەسەر ئاستی دەوڵەتان زیاترین لایەنگر بۆ دانپێدانانی دەوڵەتی کوردی پەیدا بکات کە ئەوەش زیاتر بەوە دەبێت کە بەرژەوەندی ئابووری بۆ ئەو دەوڵەتانە لە کوردستاندا پەیدا بکات واتە ئەو دەوڵەتانە ببنە هاوبەرژەوەندی ئابووری لەگەڵ کورددا کە ئەوەش دەبێتە پشتگیرییەکی بەهێز بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان لە هەر مەترسییەکی دەرەوە یان هەر مەترسییەکی داگیرکەرانی کوردستان.

شێوازی دووەم بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی کە ئەمیش دیسان بڕیارێکی سیاسییە بەلاَم بە جۆرێکی تر کە ئەویش هاوشێوەی ئەوەی سوودانە واتە سەرکردایەتی سیاسی کوردی کۆشش بکات بۆ ئەوەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان رازی بکات بۆ ئەوەی لە باشووری کوردستاندا رێفراندیۆم بکات تا کوردیش وەکو گەلی باشووری سوودان لە رێگای سندوقی دەنگدانەوە بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات کە ئەمەش پێویستی بە

بکـــەرێکی کـــاراو بـــەهێزی کـــوردی هەیـــە بـــە جیـــدی کـــار بـــۆ ئـــەو ئامانجـــە بکـــات، کـــە بەداخـــەوە تـــاکو ئێســـتا ســـەرکردایەتی سیاســـی کـــوردی نەبووەتـــە ئـــەو بکـــەرە کارایـــە کـــە بـــۆ ئـــەو مەبەستەو بەو ئاراستەیە کار بکات.

شـــێوازێکی تـــریش بـــۆ ئـــەوەی کـــە کـــورد بگاتـــە ئاســـتی دروستکردنی دەوڵـــەتی کـــوردی لـــە روانگـــەی پەرەســـەندنی کۆمەڵایـــەتی کوردیەوەیـــە ئـــەوەش تـــەنیا کاتێـــك بـــەدی دێـــت کـــە ناســـیونالیزمی کـــوردی بـــە جۆرێـــك پـــەرە بســـەنێت کـــە ناســـیونالیزم وەکـــو پرینســـیپ ببێتـــە ئایـــدیۆلۆجیاو بەرنامـــەی بزووتنەوەیـــەکی کۆمەڵایـــەتی جـــەماوەری و پـــرۆژەی دەوڵـــەت ببێتـــە ئامـــانج و بەرنامـــەی ســـەرکی ئـــەو بزووتنەوەیـــە، واتـــە رۆحـــی گشـــتی کۆمەڵگـــە بگاتـــە ئاســـتی وروژانـــدن و بـــەرەو بڵنـــدبوون بچـــێت بـــۆ گوزراشـــت کـــردن لـــە خـــۆی کـــە ئـــەو گوزارشـــت کردنـــەی رۆحـــی گشـــتیش تـــەنیاو بـــەس تـــەنیا لـــە گەیشـــتن بـــە ئاســـتی بەرهـــەم هێنـــانی دەوڵەتـــدا دەتوانێت گوزراشت لە خۆی بکات.

بـــە بۆچـــوونی مـــن ئێســـتا بـــارودۆخی سیاســـی و کۆمەڵایـــەتی کۆمەڵگـــەی کـــوردی و سیاســـەتی نێودەوڵـــەتیش لـــە ســـوودی کـــوردە بـــۆ بڕیـــاردانی پێکهێنـــانی دەوڵـــەتی کـــوردی بـــە پشـــت بەســـتن بـــە بنـــەماکانی ئـــەو ســـێ ئەگـــەرەی کـــە لەســـەرەوە باسمـــان کـــردن واتـــە یـــان بڕیـــاری سیاســـیانەی ســـەرکردایەتی کـــوردی خـــۆی یـــان هەوڵـــدانی ســـەرکردایەتی سیاســـی کـــوردی بـــۆ ئەنجامـــدانی رێفرانـــدیۆم لـــە کوردســـتاندا هاوشـــێوەی باشـــووری ســـوودان، یـــان کـــارکردن بـــۆ دروستکردنی ســـەقامگیری و ئاشـــتی کۆمەڵایـــەتی لـــە کوردســـتانداو بینـــاکردنی عەدالـــەتی کۆمەڵایـــەتی و یەکســـانی لـــە ئـــەنجامی ئەوەشـــدا دروستبوونی یـــەکێتی و یـــەکبوونی گشـــتی کـــوردی و بڵنـــدبوونی رۆحـــی گشـــتی کۆمەڵگـــە بـــۆ گوزارشـــت کـــردن لـــە خـــۆی کـــە ئـــەویش تـــەنیا لـــە دەوڵەتـــدا خـــۆی دەبینێتـــەوەو بەرجەســـتە دەبێـــت. بـــەڵام ئـــەم ســـێ ئەگـــەرە کـــە زەمینـــەی هەریەکـــەیان جۆرێـــك لـــە ئامادەباشـــیان هەیـــە بـــۆ دروستکردنی دەوڵـــەتی کـــوردی، هـــەموویان یـــەك ناتـــەواویان هەیـــە ئـــەویش نـــەبوونی بکەرێکـــە کـــە بتوانێـــت بڕیـــار بـــدات و هەوڵیش بدات ئەو بڕیارە لەسەر زەمینەی واقیع جێبەجێ بکرێت.

## 2- درووستبوونی دەوڵەتی کوردی شتێکی حەتمییە

ئەم ناونیشانە وەڵامێکی کورتە بۆ ئەو دەربڕینەی کە دەڵێت درووستبوونی دەوڵەتی کوردی خەیاڵی شاعیرانەیە یان خەیاڵی ناو شیعرە. ئەمە ئەو وەڵامەیە کە دەشێ لەلای هەریەکە لە ئێمە درووستبووبێت دوای راگەیاندنەکەی سەرۆك کۆماری عێراق لە تورکیا بەوەی کە گوتی درووستبوونی دەوڵەتی کوردی خەیاڵە. من لێرەدا نامەوێت لەوە بدوێم کە ئەو وتەیەی مام جەلال لە چ بارودۆخێکدا کراوەو بۆچی مەبەستێك کراوەو ئایا ئەوەی لە خەیاڵی مام جەلالدایە دەشێ بەم جۆرە راگەیاندنانە جێبەجێ ببێت یان تەنیا بۆ رازیکردنی ئەوانی تورك‌و عەرەب و فارس ئەو بۆچوونەی دەربڕیووە؟ ئایا ئەم جۆرە راگەیاندنانە خزمەتی ناوو ناوبانگ و خەباتی درێژخایەتی کورد دەکات یان بە زیان بۆی دەشکێتەوە؟ ئایا لە تێڕوانینی گەلی کوردەوە لە هەموو کوردستانی گەورەدا ئەو جۆرە راگەیاندنانە چی کاریگەرییەکی لەسەر کۆنەستی کورد وەکو نەتەوە دەبێت؟

ئێستا جێگای خۆیەتی لە تیشکە نیگای جیاوازەوە سەیری ئەو بۆچوونەو مافی سرووشتی نەتەوەکان بکەین. ئەگەر بڕوامان بە دیدی ئایینی هەبێت ئەوا هەموو نەتەوەکان وەکو یەك درووستبوون و هیچیان لە پێش هیچیانەوە نییە، تەنیا ئاستی نزیکیان لە خواوەندەوە پێگەی ئەوان دیاری دەکات کە ئەو نزیکییەش لە خواوەندەوە پەیوەندییەکی تایبەتی نێوان تاکەکەسی بڕوادارو خوای خۆیەتی نەك پەیوەندی نەتەوە یان ئیتنیکێکی دیاریکراو لەگەڵ خودا. ئەگەر لەسەر ئاستە رووکەشیەکەیشی سەیر بکەین ئەوا کورد گەلێکی مسوڵمانەو بە شێوەیەکی لەبەرچاو پەیڕەوی بنەماکانی ئەم ئایینە دەکات. کەواتە لەم روانگەیەوە کورد هیچی لەو نەتەوانە کەمتر نییە کە بوونەتە خاوەنی دەوڵەت و سەروەری خۆیان. ئەگەر لە رووانگەی دیالکتیکی مێژوو، پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییەوە سەیر بکەین ئەوا هەموو کۆمەڵگەکان لە پرۆسەی پەرەسەندنی خۆیاندا دەگەنە ئاستی درووستکردنی دەوڵەت. بە لای هیگڵەوە کۆمەڵگە لە خێزانەوە دەست پێدەکات و دەگات بە کۆمەڵگەی مەدەنی و لەوێشەوە دەوڵەت درووست دەکات.لە روانگەی تیۆری مارکسیزمەوە لە قۆناغی دەرکەوتنی بۆرژوای نیشتیمانیدا کە بەرهەمی دەرکەوتنی پیشەسازی و شۆڕشی پیشەسازیە پرۆژەی

دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە دایك دەبێت. بۆرژوای نیشتیمانی دروشم هەڵگری دروستکردنی ئەو دەوڵەتەیە کە ئێمە پێشتر لە کتێبێکماندا بەناوی (چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگەی کوردیدا) بە درێژی لە شێوازی پەرەسەندنی کۆمەڵگەی کوردی دواوین و باسی سرووشت بۆرژوای کوردیشیمان کردووەو لەو هۆکارانەش دواوین کە رێگرو بەربەستبوون لەبەردەم دروستبوون و دەرکەوتنی بۆرژوای کوردیدا بۆ ئەوەی لە قۆناغی دیاریکراوی پەرەسەندنی خۆیدا دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی دروست بکات. راستە بۆرژوای کوردی لە بەر زۆر هۆکاری خودیو بابەتی نەیتوانیووە وەکو چینێکی کۆمەلأیەتی خاوەن شووناس دەربکەوێت و ئەرکی مێژوویی خۆی جێبەجێ بکات، بەلأم ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە مێژوو لە جێگای خۆیدا رادەوەستێت و ئیتر کورد ناتوانێت دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دروست بکات چونکە ئەوە ئاشکرایە رەوتی مێژوو بە کەس راناگیرێت.

لە روانگەی لیبراڵ و مۆدێرنیستەکانەوە دەوڵەتی نەتەوەی بەرهەمی دەرکەوتنی ناسیونالیزم و بوونی ناسیونالیزمە بە ئایدیۆلۆجیایەکی جەماوەری ئەوتۆ کە بتوانێت هەموو کۆمەڵگە یان نەتەوە کۆبکاتەوەو هەموو دیوارەکانی نێوان پێکهاتە جۆراوجۆرو جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگە برووخێنێت و چینێکی بەهێزو پتەوی کۆمەلأیەتی فۆرمەلە ببێت کە ئەویش چینی ناوەندە کە هەڵگری پرۆژەی دەوڵەتی نەتەوەییە. زۆرێك لە دەوڵەتانی نوێ و هاوچەرخی دنیا ئەم چینە کۆمەلأیەتیە دروستی کردوون کە نوێنەرایەتی ناسیونالیزمی نەتەوەکەیان دەکەن بەبێ ئەوەی بە ئاشکرا بانگەشەی زەق و شۆڤێنیانە بۆ ئەو روانینەیان بکەن، مەگەر ناسیونالیزمی ناسرووشتی رۆژهەلأتی ناوەڕاست و هەندێ ولأتی تری دواکەوتوو نەبێت. دەشێ لێرەشدا ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات: ئایا ناسیونالیزمی کوردی لە رابردووەوە بۆ ئێستا لە کوێی ئەم پرۆژەیەدایەو تا چەندێك هەڵگری گوتاری ناسیونالیزمانەیە؟ ئایا دوا دامەزراوەی حیزبی دیارو خاوەن پێگەی جەماوەریی لە کوردستاندا کە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕانە توانیوویانە حیزبی ناسیونالیزمی کوردی بن؟ ئەگەر ئەم حیزبانە هەڵگری پرۆژەی ناسیونالیزمی کوردی نین کە پرۆژەی ئەو ناسیونالیزمەش بێ هیچ گومان کردنێك دەبێ دروستکرنی دەوڵەتی نەتەوەیی بێت بۆ کورد، کەواتە چ پێناسەیەکیان بۆ دەکرێت و لە پۆلێنکردنی حیزبە سیاسیەکاندا دەبێ لە کام پۆلدا

دابنرێن؟ ئایا ئەگەر ئەم حیزبانە پرۆژەی دەوڵەتی کوردییان نەبێت، ئایا شوێنی سەرۆك و سکرتێرەکانیان لە سەر جوگرافیای نەتەوایەتی کوردی لە کوێدا دەبێت؟ بێگومان رەنگە کەسێکمان لێ راست بێتەوەو بڵێت ئەوەی بە قسە دەکرێت جیاوازە لەوەی کە دەشێت لەسەر زەمینەی واقیع ئەنجام بدرێت. بێگومان ئێمەش دەزانین کە کوردستان لە واقیعێکی جیۆپۆلەتیکی نادرووست و ناهەمواردایەو رەنگە بۆ ئێستا قسەکردن لە دروستکردنی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستان ببێتە مایەی کێشەی سەخت و ئاڵۆزو جۆرە سەرکێشیەك بێت. بەڵام دیسان ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم بارودۆخە جیوپۆلەتیکیە هەروا دەمێنێتەوەو نەخشەی سیاسی ئەم ناوچەیە بۆ هەتاهەتایە بەوجۆرەی ئێستا جێگیر دەبێت و سنوورەکان وەکو سنووری پیرۆز بمێننەوەو کەس نەتوانێت هەڵیان بووەشێنێتەوە . نەخێر ئەگەری گەلێك گۆڕانکاری لە ئارادایە بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، چونکە تاکو ئێستا رەوشی سیاسی لەم ناوچەیەدا رەوشێکی ئاڵۆزەو بنەماکانی سەقامگیری کە مسۆگەرکەری بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەتانی بڕیار بەدەستە لە بەردەم مەترسیدایە، بۆیە دەشێ گۆڕانکاری گەورە لە پێناوی دابین کردن و دەستەبەرکردنی ئایندەدا لە لایەن دەوڵەتانی بڕیار بەدەستەوە بگاتە ئەنجام و دەشێ لەو سەروبەندەشدا ئایندەی کورد بە ئاراستەیەکی تردا بڕوات و دەشێ لە ئەگەری سەرلەنوێ داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا کورد ئەو قورساییەی هەبێت کە چاو بە بارودۆخەکەیدا بخشێنرێتەوە، بە تایبەتی ئەوە ئاشکرابووە کە بە بێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ناشێت رۆژهەڵاتی ناوەراست سەقامگیری بە خۆیەوە ببینێت. واتە هێشتنەوەی بارودۆخی کوردی بەم شێوەیەی ئێستای مایەی پەشێویی و ئاژوەو ناسەقامگیری بەردەوام دەبێت بۆ هەموو ناوچەکەو جیهانیش. بێگومان کێشەی کوردیش هیچ شتێك چارەسەری ناکات تەنیاو بەس تەنیا دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆو یەکگرتووی کوردستان نەبێت، بۆیە دەشێ دەوڵەتانی بڕیار بەدەستیش درەنگ و زوو لەو راستیە تێبگەن. کەواتە ئەگەر بارودۆخێکی لەو جۆرە هاتە ئاراوە ئایا سەرکردایەتی سیاسی ئێستای کوردی و بەتایبەتیش ئەوانەی کە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بە خەیاڵی شاعیران دەزانن چ هەڵوێستێك وەردەگرن؟ ئایا دەشێ ئەو کاتە جەماوەری خەڵکی کوردستان چ تێڕوانینێکیان بۆ حیزب و بزووتنەوەکانی کورد

هـــەبێت بـــە تایبـــەتی ئـــەو ئاراســـتانەی کـــە زیـــاتر وابەســـتەبوونیان بـــە یـــەکێتی درووینـــەی نێـــوان بەشەکانی کوردستان و داگیرکەرانی هەر بەشێکەوە پێوە دیارە؟

مـــن بۆخـــۆم لـــەو بڕوایـــەدام کـــە درووســـتبونی دەوڵـــەتی کـــوردی شـــتێکی حەتمیـــەو پەیوەنـــدی راســـتەوخۆی بـــە پەرەســـەندی ناســـیونالیزمی کوردییـــەوە هەیـــە، کـــە ئـــەوەش راســـتەخۆ پەیوەســـتە بـــە پەرەســـەندنی کۆمەڵایـــەتی کوردییـــەوە. هـــەرکاتێ کۆمەڵگـــەی کـــوردی بەئاراســـتەی درووســـت و بـــە شـــێوەیەکی سرووشـــتی هـــەنگاوی هـــەڵنا، ئەوســـا هـــیچ هێزێـــك نییـــە بتوانێـــت رێگـــا لـــەو رەوتەیـــە بگرێـــت چـــونکە ئـــەو گۆڕانکارییـــە لەگـــەڵ خۆیـــدا هـــەموو دیوارەکـــانی نێـــوان پێکهاتـــەو دامـــەزراوە نـــاوخۆیی و ناوچـــەییەکانی وەکـــو خێـــڵ و عەشـــیرەت و حیزبـــی شـــێوازو سرووشـــت و ســـتراتیژ خێڵـــی ئێســـتا رادەماڵێـــت و ناســـیونالیزم دەبێتـــە ئایدیۆلۆژیایـــەکی کۆمەڵایـــەتی جـــەماوەری ئـــەوتۆ کـــە کـــۆنترۆڵی کۆنەســـتی کۆمەڵایـــەتی کۆمەڵگـــەی کـــوردەواری دەکـــات و دەبێتـــە ئـــەو هێـــزە لـــە بننـــەهاتووەی کـــە بـــە هـــیچ بەربەســـتێك راناوەســـتینرێت، ئەوســـاش بـــوار بـــۆ ئـــەوە نامێنێتـــەوە کـــە ئاغـــاو بـــەگ و شـــێخ و ســـەرۆك خێـــڵ و ســـەرۆك عەشـــیرەت لـــە پێنـــاوی بەرژەوەندییـــە ســـنووردارەکانی خۆیانـــدا خۆشـــحاڵ بـــن لەگـــەڵ پایتەختـــە داگیکـــەرەکانی کوردســـتاندا پەیوەســـتبن و پەیوەنـــدییان هـــەبێت.

هـــەموومان ئـــەو ســـاتەوەختە مێژووییـــەمان لـــەبیرە کـــە لـــە بـــەهاری ســـاڵی 1991دا چـــۆن گیـــانی بـــەرخوردان و رۆحـــی راپـــەڕین هـــەموو گـــەلی کـــوردی یەکخســـت و نـــەك هـــەر برادژەکـــانی شـــاخی کـــردە هێزێکـــی پتـــەوی دەســـت لـــە نـــاو دەســـت، بـــەڵکو ئـــەو براناپاکانەشـــی کـــە پێشـــتر چـــەکی ناپاکیـــان بـــۆ دوژمـــن و بـــە دژی گەلەکـــەی خۆیـــان کردبـــووە شـــان، لـــە راپەڕینـــدا، هەســـتی وروژاوی ناکـــامڵی نەتەوایـــەتی ئـــەوانیش بـــە ئاراســـتەی درووســـت و سرووشـــتی خـــۆی جـــولاو هاتنـــەوە بـــەرەی گـــەل و رووی چـــەکەکانیان کـــردە دووژمـــن. بێگومـــان ئەگـــەر لـــەو بارودۆخـــە هـــەژاوە جەماوەرییـــەدا کـــورد حیزبـــی خـــاوەن پـــرۆژەی نەتەوایـــەتی هەبوایـــەو شـــتێك هەبوایـــە بـــە نـــاوی ناســـیونالیزمی کـــوردی ئـــەو بزووتنـــە جەماوەرییـــەی کـــە لەســـەر ئاســـتی کۆنەســـتی کۆمەڵایـــەتی، گـــەلی یەکخســـتبوو، دەیتـــوانی پرکێشـــی ســـەربەخۆیی ئـــەم بەشـــەی کوردســـتان بکـــات. بـــەلام ئـــەوە ئاشـــکرایە بـــۆ ئـــەو کاتـــە بـــەرەی کوردســـتانی بـــە گشـــتی و دوو حیزبـــە بالادەســـت و جـــەماوەر دارەکـــە بـــە تایبـــەتی نـــە خـــاوەنی پـــرۆژەی ســـەربەخۆیی و دەوڵـــەتی کـــوردی بـــوون، نـــە پێشـــتریش بیریـــان لـــەوە کردبـــووە کـــە رووبـــەرێکی فراوانـــی کوردســـتان بـــەوجۆرە رزگـــار بکرێـــت، هـــەر بۆیـــە تووشـــی شـــۆك بـــوون و نـــەیانزانی چـــی بکـــەن. دیـــارە تـــاکو ئێســـتاش ســـەرکردایەتی سیاســـی کـــوردی بـــوێری ئـــەوەی نییـــە بـــاس لـــە

سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی بکات. هەڵبەت ئەوە ئاشکرایە کۆمەڵگەی کوردی لە پەرەسەندنی خۆیدا دەگاتە ئاستی بەرهەمهێنانی دەوڵەت و ئەو کاتەش جێگا بۆ ئەم جۆرە حیزب و سەرکردایەتییە نامێنێتەوە کە ئێستا لە کوردستاندا هەن و بە پلەی یەکەم لە پێناوی بەرژەوەندییە تەسکە حیزبایەتییەکانیاندا کاردەکەن و دەجوڵێن. بەلاّم بێگومان کۆمەڵگەی کوردی بۆ هەتاهەتایە بەوجۆرە نامێنێتەوە کە پرۆژەی سەربەخۆیی و دەوڵەت لە دایك نەبێت. ئاشکراشە مەسەلەی دەوڵەتی کوردی و سەربەخۆیی کوردستانیش دەبێتە پرۆژەو داگیرکەرانی کوردستان پێیان خۆش بێت یان ناخۆش ئەوەی ئەوان نایانەوێت روودەدات، کوردستان سەربەخۆ دەبێت و دەوڵەتی کوردی پێکدێت کە دەشێ سەرەتا بە پێی بەشەکانی کوردستان و دواجاریش ئەگەری ئەوە دەبێت کە دەوڵەتی یەکگرتووی کوردی پێکبێت.

3- بڕیاردانی مافی چارەنووس:

هەموو ئەو کەسانەی بنەمای رۆشنبیری چەپیان هەیە، دەشێ کتێبە بەناوبانگەکەی ( لینین )یان بینیبێت بە ناوی " مافی نەتەوەکان لە بڕیاردانی چارەنووسیاندا"، هەروەها

ئەو کتێبەی کە رۆشنبیری بەناوبانگی عەرەبی جۆرج تەرابلیشی بە هەمان ناونیشانو لەبەر رووناکی بۆچوونەکانی لینیندا لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتیو بڕیاردانی مافی چارەنووسدا نووسیویێتی، کە ئەویش سەرچاوەیەکی گرنگی ترە سەبارەت بە مافی نەتەوەکان لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیاندا. جۆرج تەرابلیشی لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێت کۆی بەرهەمەکانی لینینم پشکنیووە لە کوێدا رستەیەکی لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتیو بڕیاردانی چارەنووسو جیابوونەوە نووسیبێت هەموویم دەرکردووەو لەسەری دواومو ئاخاوتنم کردووە. بۆ من ئەم دوو کتێبە نەك لە سەردەمی لاوێتیمدا کە چەپێکی رۆمانسی بوومو کۆی بەرهەمەکانی لینینو مارکسو ئینگلسم وەکو پەیامی پیرۆز سەیر دەکرد، بەڵکو ئێستاش ئەو دوو کتێبە بایەخی گرنگی ئەوسایان لەلام ماوەو خۆشەویستی من بۆ بیری چەپ سەرباری پەیوەستبوونی بە هەژارانو زەحمەتکێشانەوە، بەشێکی ئاشکرای لە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی لینیندا بوو لەسەر مەسەلەی نەتەوەو مافی بڕیاردانی چارەنووس کە ئەوەی لە خۆی گرتبوو هەموو نەتەوەیەك مافی خۆیەتی رزگاری خۆی بەدەستبهێنێتو دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دروست بکات. ئەگەرچی لە تیۆری ماکسیزمدا بە گشتی مەسەلەی نەتەوایەتی یەکێکە لە مەسەلەکانی پەیوەست بە دیموکراسیو قۆناغی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەو سیستەمی فەرمانڕەواییەوەو دەبێ کاتێ چینی بۆرژوا دەسەلات دەگرێتە دەست مەسەلە دیموکراسییەکان جێبەجێ بکات، کە یەکێك لەوانەش مەسەلەی نەتەوایەتیو دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییە. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لینین پێی وابوو لەبەرئەوەی کە چینی بۆرژوا ئەرکەکانی خۆی بە باشی جێبەجێ ناکات لە ناو ئەوانەشدا داننان بە مافی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیدا، بۆیە ئەو ئەرکە دەمێنێتەوە بۆ قۆناغی شۆڕشی سۆشیالیستیو لەوێڕا هەر نەتەوەیەك مافی رەوای خۆیەتی داوای جیابوونەوە بکاتو بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات کە ئەوەش لە دروستکردنی دەوڵەتدا خۆی دەبینێتەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە بۆچوونی چەپ تیایدا ئاشکرابووەو بەردەوا میش رۆشنبیرانی چەپ لەم پارتەدا گەیشتوونەتە ئاستی بەرزو تا ئاستی مەکتەبی سیاسی گەیشتوونو تەنانەت هەمزە عەبدوڵا کە سەردەمانێك سکرتێری پارتی بووە خاوەن دیدو بۆچوونی چەپ بووەو بە گشتی سەرکردایەتی پارتی هەر لە دامەزراندنییەوە ئاگاداری بۆچوونەکانی لینین بوون سەبارەت بە مافی

بڕیاردانی چارەنووس. کاتێك سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وتاری کردنەوەی کۆنگرەی سیانزەی حیزبەکەیدا باسی لە مەسەلەی بڕیاردانی مافی چارەنووس کرد، کە لەم کۆنگرەیەدا دەخرێتە بەردەم ئەندامانی کۆنگرە بۆ لێدوان و دەبێتە هەوێنی پرۆگرامی خەباتی پارتی، پێموایە شتێکی غەریب و نامۆی نەدرکاندووە، ئەگەر لە روانگەی بەرنامەو گوتاری ناسیونالیزمی کوردییەوە سەیری بکەین. شێخ عەبدولسەلامی بارزانی لە ساڵی 1903دا بە جۆرێك لە جۆرەکان داوای ئەو مافەی کردووەو سەرئەنجامیش لەو پێناوەدا تورکەکان لە ساڵی 1914دا لە سێدارەیان دا. ناوەرۆکی رێکەوتننامەی سیڤەر دیسان هەمان ئەو داواکارییە بەرجەستە دەکاتەوە. خەباتی شێخ مەحموودی بەرزنجی ئەگەرچی لە سنوورێکی جوگرافی دیاریکراودا بووە، بەلاّم شێخ مەحموود بە کردەوە هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی دەدا، کۆماری مهاباد یش دیسان هەوڵێکی ترە بۆ دروستکردنی قەوارەی سەربەخۆ بۆ کوردستان کە قازی محەمەدو هاوڕێکانی لەو پێناوەدا خوێنیان بەخشیووە.

دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردی و تەنانەت دروستبوونی حیزبیش لە کوردستاندا بە ئاشکرا بۆ رزگارکردنی کوردستان بووە لە دەستی داگیرکەرانی عەرەب و تورك و فارس و، دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، واتە خەباتی کوردایەتی بە ئاشکرا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لە پێناوی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردیدا بووە ئەوەش مانای بەرزترین ئاستی شیاو لە مافی بڕیاردانی چارەنووس کە لە راپەڕینی بەدرخانییەکانەوە تاکو ئێستا کورد لەو پێناوەدا سەدان هەزار قوربانی داوە. هەموو ئەوەش تەنیا بۆ ئەوە بووە کە کوردستان لە چنگی داگیرکەران رزگار بکرێت و کورد خۆی بەڕێوەببات، ئەوەش مانای وایە کورد خۆی ببێت بە خاوەنی بڕیاری خۆی، کە ئەوەش بە جۆرێك لە جۆرەکان لە چوارچێوەی بڕیاردانی مافی چارە نووسدایە.

بێگومان یەکێك لەو خالاّنەی کە من لە کتێبی (گوتاری ناسیونالیزمی کوردیدا) زۆر لەسەری راوەستاوم مەسەلەی بڕیاردانی چارەنووسە کە مەبەستم لەو قسەیەش بەرنامەی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییە کە ئەویش بە گوێرەی نە تەوەیەکی داگیرکراو و دابەشکراوی وەکو کورد، یان بە چەمکی بێشکچی کۆلۆنییەکی نێو دەوڵەتی دەبێ خەباتی رزگاری نیشتیمانی و بڕیاردانی مافی چارەنووس پێکەوە ببەستێت کە ئەوەش لە سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییدا بەرجەستە دەبێت، دیارە ئەو دەوڵەتەش لەسەر لەسەر جوگرافیای نیشتیمان دەبێت. رەنگە بە

هەڵـــەدا نەچـــووبین کـــە پێمـــان وابێـــت یـــەکێك لـــە کەموکورتیـــە ســـەرەکیەکانی بزووتنـــەوەی نەتـــەوەیی کـــورد نـــەبوونی پـــرۆژەی ســـەربەخۆیی و دروســـتکردنی دەوڵـــەتی نەتەوەییـــە. هەڵبـــەت ئـــەوەشمان بەســـتووەتەوە بـــە لاوازی گوتـــاری ناســـیونالیزمی کوردییـــەوە کـــە ئـــەوەش پەیوەنـــدی بـــە ئاســـتی پەرەســـەندنی کۆمەڵایـــەتی و ئـــابووری و کـــەلتووری کوردییـــەوە هەیـــە. بـــەڵام ئێســـتا قۆناغەکـــە بـــەرەو ئـــەوە دەچـــێت کـــە چـــیتر بەرنامـــەکانی ئۆتۆنـــۆمی و فیـــدراڵی نـــەتوانێت وەڵامـــی پێداویســـتیەکانی ئـــەم قۆناغـــەی مێـــژووی کـــورد بداتـــەوەو یـــەکێك لـــە هۆکارەکـــانی راوەســـتان و دروســـتبوونی جۆرێـــك لـــە بێـــزاری و کەمتەرخـــەمیش لـــە کۆنەســـتی کۆمەڵایـــەتی کوردیـــدا ئەوەیـــە کـــە ئاســـتی هەڵچـــووی رۆحـــی گشـــتی بـــە چـــەمکی هیگڵـــی لـــە شـــوێنیکدا راگـــیراوە کـــە ئـــەو رۆحـــە گشـــتیە لـــەو شـــوێنەدا کـــە سیســـتێمی فیدراڵیـــە ناگاتـــە ئاســـتی تێربـــوون، بـــەڵکو ئاســـتی تێربـــوونی رۆحـــی گشـــتی کۆمەڵگـــە تـــەنیا لـــە دروســـتکردنی دەوڵەتـــدا دەبێـــت. پـــرۆژەی دروســـتکردنی دەوڵـــەت بـــە گـــوێرەی کـــورد لـــە ئێســـتادا ئـــەو پاڵنـــەرە دروســـت دەکـــات کـــە جـــارێکی تـــر جوڵەیـــەکی بـــەهێز لـــە بـــوونی کـــورددا بـــە ئاراســـتەی بـــەرەو پێشەوەچـــوون دروســـت دەکـــات و دەشـــبێتە یەکـــەم هۆکـــاری دروستبوونەوەو زیندووبوونەوەی ئینتیمای بەهێزی تاکەکەس لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

لـــەم ماوەیـــەدا مەســـەلەی مـــافی بڕیـــاردانی چـــارەنووس رووبـــەرێکی فراوانـــی لـــە دەربـــڕینی بەرپرســـەکانی کوردســـتاندا داگـــیر کـــردووە، بێگومـــان ئەگـــەرلا ئـــەو لێدوانانـــە جیـــدی بێـــت ئـــەوا بایـــەخی زۆر گرنگـــی دەبێـــت خۆئەگـــەر بـــۆ راگـــرتنی ســـۆزی جـــەماوەریش بێـــت هێشـــتا هـــەر رۆڵ و کاریگەرییـــەکی دەبێـــت. بـــەلای منـــەوە ئـــەو لێدوانانـــە بـــە ئەنـــدازەی ئـــەوەی کـــە بایـــەخی سیاســـیان هەیـــە، بایـــەخی کۆمەڵایەتیشـــیان دەبێـــت. بۆیـــە دەشـــێ لـــە دوو تیشـــکە نیگاوە سەیر بکەین:

یەکـــەم مەســـەلەی بڕیـــاردانی چـــارەنووس مـــافێکی سرووشـــتی هـــەر نەتەوەیەکـــە لەســـەر ئـــەم گـــۆی زەوییـــە و هـــەر بـــەو پێیـــەش کـــورد مـــافی خۆیـــەتی کـــەداوای بڕیـــاردانی چارەنووســـی خـــۆی بکـــات و لەســـەر جوگرافیـــای خـــۆی دەوڵـــەتی خـــۆی دروســـت بکـــات. دیـــارە ئـــەوە کـــەم ئـــەخلاقی کۆمەڵگـــەی نێـــو دەوڵەتیـــە کـــە لـــە پێنـــاوی بەرژەوندییـــەکانی خۆیـــدا پـــێ لـــە مـــافی نەتـــەوەو گـــەلانی وەکـــو کـــورد دەنێـــت. لـــەم روانگەیـــەوە داواکـــاری کـــورد بـــۆ بڕیـــاردانی چـــارەنووی خـــۆی، لـــە جێگـــای خۆیدایـــەو ئێســـتا پێدەچـــێت هـــەم بـــارودۆخی سیاســـی و کۆمەڵایـــەتی نـــاوخۆی کوردســـتان و هـــەم شـــێوازی پەیوەندییـــەکانی کـــورد لەگـــەڵ دەوروبـــەرو ناوچـــەکەو هـــەم لـــە نێـــو سیاســـەتی نێودەوڵەتیشـــدا پەرەســـەندنی دیاریـــان بـــەخۆوە

بینیبێت و تا ئەندازەیەك لەو روانگەیەوە بارودۆخەكە هیوابەخش بێت. هەمووشمان ئەو راستیە دەزانین بڕیارێكی لەوجۆرە پێویستی بە خودی كوردە وەكو بوونی بوێری بۆ بڕیاردان و وەكو كاركردن و ئامادەباشی بۆ هەموو ئەو ئەگەرانەی كە دەشێت لە بارودۆخێكی وەهادا بێنە ئاراوە، كە بێگومان ئەوەش بەبێ كێشەو مەترسی و جۆرێك لەسەركێشی نایەتە دی. لێرەدا دەشێ وای لێكبدەینەوە كە ئەو راگەیاندنانە بەرهەمی تێگەیشتنی ئەو دەنگانەی ناو كۆمەڵگەی كوردی بێت لەوەی كە ئێستا زەمینەی ئەوە لە ئارادایە كە كورد بەرنامەی سیاسەت و خەباتی خۆی بگۆڕێت لە فیدراڵییەوە بۆ سەربەخۆیی و دەوڵەت. دەشێ وەهایشی لێكبدەینەوە كە دەوڵەتانی بڕیار بەدەست لە خۆوە نایەن بە كورد بڵێن فەرموو دەوڵەتتان بۆ دروست دەكەین، بەڵكو دەبێ كورد بۆ ئەو مەبەستە كاربكات و لەوەش تێبگات كە سیاسەتی دەوڵەتانی بڕیاربەدەست ئەوە نییە تۆ بەردەوام چاوەڕوانی ئەوە بكەیت ئەوان پێشنیارت بۆ بكەن، بەڵكو دەبێ لەوە تێبگەین كە ئێستا بارودۆخی كوردستان بە جۆرێك دەڕوات كە ئەگەر دنیای بڕیاربەدەست و خاوەن بەرژەوەندی راستەخۆش پشتگیری كورد نەكەن، ئەوا لە بڕیارێكی لەوجۆرەدا دژایەتی ناكەن.

دووەم: دەبێ ئەوەمان لە لا ئاشكرا بێت كە تێڕوانینی شیعەو سوونەی عەرەبی عێراقی لە ئێستاداو بۆ ئایندەش هیچ ئەگەرێكی ئەوەی نییە كە لە روانین و تێگەیشتنی سەدام حسێن باشتر بێت بەرامبەر بە كورد، بۆیە هەر خۆبەستەنوەیەك بە عێراقەوە جگە لە دواخستنی كورد بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی هیچی تر نییە. بێگومان كێشەی عەقڵی عەرەبی نەك هەر لە عێراقدا بەڵكو لە نیشتیمانی گەورەی عەرەبدا ئەوەیە كە بارگاوی كراوە بە بنەماكانی شۆڤێنیزم و ناتوانن دان بە بوونی مافی ئەو گەل و نەتەوانەدا بنێن كە لە رووی هێزەوە بە لاوازیان دەزانن، لە كاتێكدا ئەو عەقڵیەتە لەبەرامبەر ئەوانی بەهێزدا هەمیشە ملكەچ و بێدەسەڵاتە. بەرزبوونەوەی دەنگی ناسیونالیستە شۆڤێنیەكانی عەرەب هەرگیز ناتوانێت ئاراستەی مێژوو بگۆڕێت و ئەگەر كورد بە جیدی لە هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەوەدا خۆی رێكبخات و ئامادەباشی بكات، ئەوا هەرچۆن دروستكردنی ناوچەی ئارام و پاشان حكومەتی هەرێمی كوردستان بوو بە دیفاكتۆو ئەوانەشی كە دژبوون سەرئەنجام وایان لێهات مامەڵە لەگەڵ حكومەتی هەرێمدا بكەن. بێگومان مەسەلەی بڕیاردانی چارەنووس و جیابوونەوەش دەبێ بزانین لەسەرەتاوە كێشەی زۆرو سەختیشی بۆ دروست دەبێت، بەڵام خۆڕاگری كورد و مامەڵەكردنی بە

لۆجیکی عەقڵو بەرژەوەندی ڕێکخستن لەگەڵ ئەوانیتردا چ دەوڵەتانی دەوروبەربێت یان دەوڵەتانی بڕیاربەدەست، زەمانەتی سەرکەوتنی هەر هەنگاوێکی لەوجۆرە دەکات و لە بارێکی وەهاشدا نەیارەکانی کوردو نەیارەکانی بڕیاردانی مافی چارەنووسی کوردو جیابوونەوەو درووستکردنی دەوڵەتی کوردی هەر بەئەندازەی ئەوەیان پێدەکرێت کە لە رابردوودا بەرامبەر بەم نەتەوەیە کردوویانە

لە راستیدا ئەوەی کە ناسیونالیستە شۆڤێنیە عەرەبەکان بەرامبەر بە داوای شەرمنانەی کورد بۆ سەربەخۆیی دەیڵێن شتێکی ئاساییەو ئەوان واتێدەگەن ئەوە گورزێکە لە یەکێتی خاکی عێراق و لە نەتەوەی گەورەی عەرەب دەدرێت و سەرئەنجام زیانی مادیو مەعنەوی بۆ ئەوان دەبێت. بەلاّم هەمان ئەو جۆرە دەنگە لە ناوخۆی کوردستانیشدا چ لەسەر ئاستی سیاسی بە شێوەیەکی شەرمنانەو لەسەر ئاستی راگەیاندنیش بەشێوەیەکی بێ پەردە دەبیسترێن، وەکو جۆرێك لە سووکایەتی باسی مافی بڕیاردانی چارەنووسی کورد دەکرێت، کە ئەمەیان پێموایە بۆ خاوەنی ئەو هەڵوێستانە عەیبێکی گەورەیە چونکە هەر دژایەتیکردنێکی هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوەی کوردستان گومان دەخاتە سەرشووناسی خاوەنی ئەو هەڵوێستی دژایەتی کردنە تەنانەت ئەگەر ئەو هەوڵە لە ئاستی قسە یان وتارێکیشدا بێت. باشە ئێمە هەموومان باسی ئازادی کوردستان و سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی دەکەین کەچی ئەگەر لە ئاستی قسەشدا کەسێك، لایەنێك، حیزبێك، داکۆکی لەو مەسەلەیە بکات، دەبێ بۆچی دەنگی ئەوە بەرزبکەینەوە کە کوردستان بۆ ئەم مەسەلەیە لەبار نییەو ئابوورییەکەی گونجاو نییەو سنووری بە دەریاوە نییەو کورد دۆستی نییەو کورد ناتوانێت خۆی بەڕێوەببات و کورد ئەهلیەتی دەوڵەتداری نییە. بێگومان هەموو ئەم قسانە دوو سەرچاوەیان هەیە، یان بێئاگایی لەوەی کە نەتەوەو گەلانی تر چۆن دەوڵەتیان درووستکردووەو چۆن دەیان سەرکێشیان کردووە تا گەیشتوون بەو ئامانجەکانیان، یان ئەوەیە سەرچاوەی ئەم هەڵوێستانە رق و کینەیە نەك هەر لەوانەی کە بە هەر شێوازو رێگەیەك کە بۆیان بلوێت باسی مەسەلەی سەربەخۆی کوردستان دەکەن، بەڵکو ناڕاستەخۆ ئەگەر رقیش نەبێت لە کورد ئەوە خاوەنی ئەم هەڵوێستە دژانە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری عەقڵو بۆچوونی داگیرکەران و نەیارانی کوردەوە. بەهەرحاڵ مێژوو ناوەستێت مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان و درووستبوونی دەوڵەتی کوردی لە خەونەوە دەبێ بە واقیع و سەربەرزیش بۆ ئەوانە دەبێت کە لە ئێستاوە بە جیدی بۆ ئەو

ئامانجـــە نەتەوەییـــە کاردەکـــەن. ئـــەو کاتەشـــی کـــە کـــورد دەوڵـــەتی نەتـــەوەیی خـــۆی درووســـت دەکـــا ت دەردەکـــەوێت کـــە ئـــەوەی بـــە خـــەیاڵی نێـــو شـــیعری شـــاعیران بـــاس دەکرێـــت ئـــەوەتا لەسەر زەمینەی واقیع بوونی هەیە.

## 4- زمان و ناسنامە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین لە پەیوەندی نێوان کەلتووری کوردی و ناسنامەی کوردی بدوێین و بوونی ناسنامە یان شووناسی کوردی یان بەدەستهێنانی ئەو ناسنامەو شووناسە ببەستینەوە بە کەلتووری کوردییەوەو لەو ئاقارەشدا قسە لەسەر کەلتووری کوردی بکەین و لە رەگەزەکانی وەکو پایەی سەرەکی و بوون بە زەمینەی پێویست بۆ بە دەستهێنانی شووناس بدوێین. کەواتە پێویستە ئەگەر بە کورتیش بێت تیشکێك بخەینە سەر زاراوەکانی کەلتوورو ناسنامە بۆ ئەوەی خوێنەری ئەم باسە بزانێت لە چی دەدوێین و رەهەندی کارکردنمان لەم باسەدا تا کوێ بڕدەکات.

کەلتوور چییە؟ کەلتوور بەرامبەر وشەی کەڵچەری یۆنانی بەکار دێت کە ئەم وشەیە بە مانای چاندن یان وەشاندن دێت بەڵام مانای تایبەتی ئەم وشەیە تەنیا لەو سنوورەدا نەماوەتەوەو ئێستا بە مانای کۆی شێوازەکانی رەفتارو هونەرو بیرو باوەڕو داب و نەریت و سەرجەمی بەرهەمی کارو فیکری و زانستی مرۆیی دێت وەکو بەرهەمی قۆناغێك یان چینێکی کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵ یان دانیشتوانێکی دیاری کراو لە بە رهەمی مرۆیی بە پێی پۆلێنکردنێکی دیاریکراوو وەکو بوار یان بابەت یان رێگای دەربڕین. یان دەشێ مەبەست لە کەلتوور چالاکی فیکری و هونەری و ئەو کارانە بێت کە شارستانێتیەك بەرهەمی دەهێنێت، یان بریتی بێت لە گەشەی عەقڵ لە رێگای راهێنان و فێرکردنەوە یان بریتی بێت لە رۆشنگەری بەرهەمهاتوو لە پەرەسەندنی عەقڵیەوە یان رۆشنبیری بوون و رێکبوون لە ئەنجامی پەرەسەندنی فیکری و ئیسەتیکیەوە.

ناسنامە چییە؟ لە رووە سادەکەیدا بریتیە لە ناسنامەی تاکە کەس کە ئەو کەسەی پێدەناسرێتەو لەکەسانی تری پێ جیا دەکرێتەوە. یان بریتیە لەو خاسێتە تایبەتی و کەسیانەی کە کەسێك یان دەستەو گروپ یان پێکهاتەیەك لە کەس و گروپ و پێکهاتەی

تر جیا دەکاتەوە یان ئەو خاسیێتانەیە کە کەس یان دەستەو پێکهاتەیەکی پێدەناسرێتەوە وەکو ئەندام یان دەستەو گروپ و پێکهاتەیەك لە نێو کۆمەڵدا.

هەر لێرەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان کەلتوورو شووناسدا چونکە ئەو خاسیێتانەی کە دەبنە بنەما بۆ دیاریکردن و بەرهەمهێنانی شووناس بریتین لەو خاسیێتانەی کە لەکەلتوورەوە بەرهەم دێن یان لە راستیدا بریتین لە رەگەزەکانی کەلتوور. کەواتە بۆ ئاخاوتنی ئەم بابەتە پێویستمان بەوەیە لە بارەی کەلتووری کوردییەوە بدوێین و ئاخاوتنی ئەو توخمە سەرەکیانەی بکەین کە دەبنە پایەی سەرەکی بەدەستهێنانی ناسنامە. بێگومان ناسنامەش تەنیا لە رێگای بوونیەوە دەناسرێتەوەو ئەو بوونەش تەنیا لە ئامادەبووندا دەردەکەوێت ئەو ئامادەبوونەش لە بەرهەمهێنانی مادی و مەعنەویدا بەرجەستە دەبێت، کە ئەویش دەشێ ئامادەبوونێکی ناوچەیی یان سنوور دیاری کراو بێت واتە ئامادەبوون لە سنووری جوگرافیای ئەو تاك یان گروپ یان پێکهاتەیەدا کە دەشێ گروپ یان پێکهاتەی ئیتنیکی یان ئایینی کۆمەڵاتی بێت. یان دەشێ ئەو ئامادەبوونە سنوورە ناوچەییەکان ببرێت و توانای ئەوەی هەبێت لەبەرامبەر شووناسەکانی تردا رابووەستێت ئەویش بە خاسیێت و کۆی ئەو سیفاتانەیەوە جیاوازبوونی دەسەلمێنن.

پێش ئەوەی لەبارەی ئەو پایە کەلتوورییانەوە بدوێین کە دەبنە بنەما بۆ بەدەستهێنانی شووناس، با ئەو پرسیارە بەرز بکەینەوە: ئایا لە ئێستادا شتێك هەیە بە ناوی شووناسی کوردی؟ ئەگەر کورد شووناسی هەیە ئایا ئەو شووناسە تەنیا لەسەر ئاستی ناوخۆیە یان بووەتە شووناشێکی جیهانی؟ ئایا دەشێ شووناسی جیهانیبوون بەبێ بوونی دەوڵەت و بە بێ بەشداریکردن لە بەرهەمهێنانی شارستانیت و بە بێ بەشداریکردن لە بنیادنانی شارستانێتی مرۆڤایەتیدا بوونی دەبێت؟ هەر لێرەشەوە دەپرسین ئایا چ پەیوەندییەك لە نێوان دەوڵەت و شووناسدا هەیە؟

بێگومان ئێمە دەزانین کەلتووری کوردی کە بەرهەمی بوونی کوردە وەکو پێکهاتەیەکی ئیتنیکی لە مێژوودا، هەرچۆن لەلایەك رووناکی دەخاتە سەر ئاستی پێشکەوتن و شێوازی ژیان و ئاستی هوشیاری و عەقڵی ئەم پێکهاتە ئیتنیکیە، لە هەمان کاتیشدا بریتیە لەو پایەو بنەمایانەی کە بوون و ئامادەبوونی ئەم پێکهاتەیە وەکو بووەیەکی جیاواز لەوانی تر نیشان دەدات و دەسەلمێنێت. کەواتە دەبێ ئەوەمان لەلا ئاشکرا بێت کە مەبەستمان لە رۆڵی کەلتوور لە بنیادنانی شووناسی کوردیدا ئەوەیە ئایا ئەم

**کەلتووره توانیوویّتی کورد لە ئاستی بوون و ئامادەبوونـدا وەکو بوویەکی جیاوازو ناسراو لەسەر بنەمای ئامادەبوون جیاواز لەوانی تر نیشان بدات؟**

**پێش هەموو شتێکیش پێمباشە ئاماژه بۆ ئەوه بکەم کاتێ کە من باسی کەلتوور بەگشتی و بە تایبەتیش کە باسی کەلەپوور دەکەم مەبەستم لەوه نییە کە رابردوو بە پیرۆز سەیر بکەم و ئەویش لە لایەك وام لێبکات ئێستاو ئایندەم لە بیر بچێتەوەو تەنیا خەون بە پیرۆزییەکانی رابردووی کوردەوه ببینم کە لە راستیدا ئەگەر بە چاوی رەخنەگرانە نەك بۆ سوکایەتی سەیری ئەو رابردووه بکەین شایانی ئەوه نییە کە بە پیرۆز سەیری بکەین یان لە رووی ئامادەبوونەوه لەو ئاستەدا نییە کە شانازی پێوه بکرێت. هەڵبەت ئەم قسەیەش ئەوه ناگەیەنێت کە ئێمە مەبەستمان ئەوه بێت کە باپیرانی ئێمە بەو ئەندازەیە بێتواناو ناکارا بوونن کە نەیانتوانیبێت هیچ بکەن، نەخێر مەبەستمان ئەوەیە بڵێین ئەوه رابردووی ئێمەیەو دەبێ بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان بینا بکەینەوه ئەو رابردووه وەکو خۆی و وەکو ئەوەی هەبووه سەیر بکەین و لەسەر ئەو بنەمایەش هەوڵی خۆبینا کردنەوه لە ئێستاداو بۆ داهاتوو بدەین. محەمەد عابد جابری لە کتێبی " ئێمەو کەلەپوور"دادەڵێت: هەموو نەتەوەکان بیر لە کەلتووری خۆیان دەکەنەوه، بەڵام جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەوەی کە بیر لە کەلتوور دەکاتەوه کە بۆ ئێستا درێژدەبێتەوەو ئێستا دەکاتە بەشێك لەو کەلتووره واتە کەلتوورێکی نوێبووەوه کە هەمیشە ملکەچە بۆ پێداچوونەوەو رەخنەلێگرتن، لەگەڵ ئەوەی کە وەها بیر دەکاتەوه کە کەلتوور چەندین سەدەیە لە گەشە وەستاوه، واتە کەلتوور مەسافەیەکی دوورو درێژ لە ئێستای جیادەکاتەوه، کەواتە دەبێ پێش ئەوەی کە ئێمە باسی رۆڵی کەلتوور لە بەرهەمهێنانی شووناسدا بکەین، هەڵوێستی خۆمان لەسەر کەلتوورو تەنانەت کەلەپووریش بەو شێوەیە ئاشکرا بکەین کە هەمیشە دەبێ لە نوێبوونەوەدا بێت و بۆ ئەوەی بە زیندوویش بمێنێتەوەو رابردوو پەیوەست بکات بە ئێستاوه بە مەبەستی بیناکردنی ئایندەو دەبێ بە هیچ جۆرێك بەپیرۆز سەیر نەکرێت و هەمیشە لەبەردەم پێداچوونەوەو رەخنە لێگرتندا بێت. کەواتە با لێرەوه سەیری توخم و رەگەزەکانی کەلتووری کوردی بکەین و بزانین ئایا هەریەك لەو توخم و رەگەزانە لە چ بارێکدان و چۆن کاردەکەن بۆ پێکهێنانی شووناسی کوردی.**

**بێگومان دیارترینی ئەو رەگەزانەی کەلتووری کوردی کە بوونی کوردی پێدەناسرێتەوەو چووەتە شوێنی شووناسی کوردی زمانی کوردیە. ئەو جێگرتنەی**

زمان لە جیاتی شوناس بارێکی ناسرووشتیەو لە ئاستێکی تریشدا هۆکاری نەبوونی شووناس ئەوەی درووستکردووەو کارگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە لە جیاتی شووناسی کوردی بوونی کورد لە سنوورێکی تەسك یان لە ئاستی ناوچەیدا لە ڕێگای زمانەکەیەوە دەربکەوێت ئەویش لەو ڕووەوە نا کە زمانێکی دەوڵەمەندو باڵادەستە لە نێو زمانەکانی تری دنیادا، نەخێر بەڵکو لەو ڕوانگەیەوە کە وەکو زمانێکی ناوچەیی سەیر دەکرێت و تەنیا لە ئاستی ناوچەیشدا کاری پێدەکرێت. دیارە ئەوە ئاشکرایە زمان وەکو بەشێکی سەرەکی لە ئەنتۆلۆجیای مرۆڤ سەیر دەکرێت و یەکەمین ئامرازی سەرەکیشە بۆ ئەوەی مرۆڤ چ وەکو تاکە کەس و چ وەکو نەتەوەش بوونی خۆیی پێدەربڕێت یان گوزارشتی لەخۆی پێبکات. زمانی کوردی تاکو ئێستا ئەو زمانەیە کە لە ڕووبەرێکی ناوچەیی سەرجوگرافیای کوردستاندا گوزارشتی پێدەکرێت و جۆراوجۆرای زارەکانی ئەم زمانەو درووستنەبوونی زمانی ستاندەر وایکردووە کە تەنانەت لەسەر ئاستی هەموو کورستان خۆیشی ئەم زمانە نەتوانێت بە یەك شێوازو بە جۆرێك کە هەموو کەسێکی کورد تێیبگات ببێتە ئامرازی خۆدەربڕین و خۆنمایشکردنی کورد بەمەرجێ هەموو کورد تێی بگات. واتە دابەشبوونی زمانی کوردی بۆ چەند زارێکی ناوچەیی و پێکنەهاتن و درووستنەبوونی زمانی ستاندەر لە ئاستێکدا کە هەموو کورد بتوانێت پێی بدوێت و پێی بنووسێت و پێی بخوێنێتەوە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ لاوازی هەستی یەکبوون و یەکێتی نەتەوەیی کوردو بەو پێیەش لە ئاستی قوڵدا بۆ هەستنەکردنی کورد بەوەی کە دەبێ یەك شووناسی هەبێت کە شووناسی کوردیە. بەڵام بەم بارەی ئێستای زمانی کوردییەوە شوناسی سۆرانی بوون یان شووناسی بادینانی بوون یان شووناسی هەورامی بوون یان شووناسی لوڕی بوون ئەگەر بەهێزتر نەبێت لە شووناسی کوردی بوون ئەوە لاوازتر نییە بە تایبەتی لە ڕووی کردارو پراکتیکەوە. کەواتە بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کە زمانی کوردی نەك نەیتوانیوە ببێتە ڕەگەزێکی کاریگەر بۆ بە دەستهێنانی شووناسی کوردی لەسەر ئاستی جیهانی بەڵکو تەنانەت ڕۆڵی نێگەتیفی بینیووە لەوەدا کە تەنانەت لەسەر جوگرافیای کوردستانیش واتە لە ناو ماڵی کورد خۆیشیدا تاکە شووناسێکی کوردی بە ئاشکرا نەبینرێت یان بە ئاشکراو لە ڕووی کردارەوە بوونی نەبێت. بێگومان هەرچۆن جوگرافیاو تۆپۆگرافیای کوردستان ڕۆڵی نێگەتیفی لەو بوارەدا بینیووە هەمان شێوەی داگیرکردن و دابەشکردن بەهەمان شێوە سیاسەتیش ڕۆڵی نێگەتیفی هەبووەو هەیە لەوەیدا کە زمانی ستاندەری کوردی

درووســـت نـــەبێت. تەنانـــەت کـــار بگاتـــە ئـــەوە لـــە تاکـــە بەشـــێکی کوردســـتاندا کـــە ئێســـتا کـــورد خـــۆی بـــەڕێوەی دەبـــات دوو زاری ناوچـــەیی بـــۆ خوێنـــدن هـــەبێت و دوو زاری نووســـین لـــە دەمودەزگاکـــانی حکومـــەتی کوردیـــدا بـــەکاربێت کـــە ئەمـــەش لـــە ئاســـتی یەکەمـــدا بووەتـــە هـــۆی لاوازی ئینتیمـــای یـــەکبوون و هەســـتکردن بـــە جیـــاوازی لەگەوهـــەرو ماهیـــەتی بوونـــدا کـــە ئـــەوەش لـــە خۆیـــدا زەمینـــە ســـازی دەکـــات بـــۆ پـــەرتبوون و دابەشـــبوونی مرۆڤـــی کـــورد لـــە خـــودی خۆیـــداو بـــەو پێیـــەش دابەشـــبوونی شـــووناس نـــەك لـــە بەرامبـــەر ئـــەوی دەرەوەدا بـــەڵکو لەبەرامبـــەر یەکتریشـــدا. یـــان بـــە وتەیـــەکی تـــر ئەگـــەر بەشـــێك لـــە بـــوونی شووناســـی نەتـــەوەیی کـــورد پەیوەنـــدی بـــە یەکبوونیـــەوە هـــەبێت ئـــەوا زمـــانی کـــوردی بـــە ئاراســـتەیەکی پێچـــەوانەی یـــەکبوون کاردەکـــات و بـــەو پێیـــەش نـــەك رۆڵـــی کاریگـــەر ناگێڕێـــت بـــۆ بەرهـــەمهێنانی شـــــووناس بـــــەڵکو رۆڵـــــی نێگـــــەتیف دەگێڕێـــــت لەبەرامبـــــەر درووســـــتبوونی شووناســـــی نەتەوەیی کوردیدا.

دیـــارە ئەگـــەر لـــە روانگەیـــەکی تریشـــەوە ســـەیر بکـــەین هەنـــدێ لـــە زمانـــە دیارەکـــانی دنیـــا بۆخۆیـــان بوونەتـــە جۆرێـــك لـــە شـــووناس بـــۆ نەتـــەوەکانیان و لـــە رێگـــای ئـــەو زمانانـــەوە ئـــەو نەتەوانـــە نـــەك هـــەر لـــە دنیـــادا ناســـراون بـــەڵکو ئامـــادەبوونی هەمیشەیشـــیان هەیـــە لـــە ســـەر رووبـــەرێکی فراوانـــی کۆنەســـتی مرۆڤایـــەتی. بـــۆ نموونـــە ئەگـــەر ســـەیری دوو زمـــانی دیـــار بکـــەین کـــە یـــەکێکیان زمـــانی ئینگلیزیـــەو ئەویتریشـــیان زمـــانی عەرەبیـــە. زمـــانی ئینگلیـــزی وەکـــو زمـــانی دووەم لـــە زۆربـــەی ولاٌتانـــدا ســـەیر دەکرێـــت کـــە ئـــەوەش زۆر هۆکـــار دەوریـــان بینیـــووە لەوەیـــدا کـــە ئـــەو زمانـــە بگاتـــە ئـــەو ئاســـتە بـــەلاٌم ئـــەوەی گرنگـــە ئامـــادەبوونی ئـــەو زمانەیـــە لەســـەر ئاســـتی جیهـــان کـــە ئـــەو ئامادەبوونـــە جۆرێـــك لـــە هـــەژموون و دەســـەلاٌتی بـــۆ زمانەکـــە بەرهـــەمهێناوە کـــە راســـتەخۆ لەگەڵیـــدا هـــەژموون و دەســـەلاٌتی کەســـێتی ئینگلیـــزیش دەردەکـــەوێت، یـــان بەرجەســـتە دەبێـــت و لەوەشـــدا کەســـێتی ئینگلیـــزی و شووناســـی ئـــەو کەســـێتیە لـــە رووبـــەرێکی فراوانـــی کۆنەســـتی مرۆڤایەتیـــدا ئامـــادەبوونی دەبێـــت. ئەگـــەر ســـەیری زمـــانی عـــەرەبی بکـــەین کـــە ئاشـــکرایە ئـــەم زمانـــە چـــەندین شـــێوەزارو زاری ناوچـــەیی هەیـــەو لـــە هەنـــدێ ئاستیشـــدا شـــێوەزارە ناوچـــەییەکان وەکـــو زمـــانی پەیوەنـــدیکردنی پێکهاتـــەی ســـەرەتایی دەردەکـــەون، بـــەلاٌم بـــوونی زمـــانێکی ســـتاندار ســـەرباری بـــوونی نزیکـــەی بیســـت دەوڵـــەتی عـــەرەبی وایکـــردووە کـــە زمـــانی عـــەرەبی وەکـــو ئـــامرازێکی ســـەلماندن وخۆنمایشـــکردنی عـــەرەب دەربکـــەوێت و تەنانـــەت ئـــەو ئامـــادەبوون و هەژموونـــەی کـــە کەســـێتی نەتـــەوەیی عـــەرەب لـــە زمانەکەیـــدا هەیـــەتی لـــە ئامـــادەبوونی

سیاسی و تەنانەت شارستانێتی عەرەبیش گەورەترە چونکە ئەم زمانە بە کاریگەری ئایینی ئیسلام لە رووبەرێکی هێجگار فراوانی جوگرافیای مرۆڤایەتیدا بەکاردێت و بەوپێیەش لە رووبەرێکی فراوانی کۆنەستی مرۆڤایەتیدا ئامادەبوونی دەبێت، هەرچەندە ئامادەبوونەکە دوو جەمسەرییە لە نێوان جەمسەری ئایین و جەمسەری نەتەوەیی عەرەبدا، بەلاَم خودی زمانەکە بە کاریگەری ئایینەکە بەشێوەیەکی ئاشکرا شووناسی کەسێتی عەرەبی و کەسێتی نەتەوەیی عەرەب بەرجەستە دەکات.

بەلاَم ئایا لەم روانگەیەوە زمانی کوردی هیچ رۆڵێکی پۆزەتیفی بینیووە بۆ بەدەستهێنانی شووناسی کوردی؟ بێگومان لەو روانگەیەوە زمانی کوردی نەك نەیتوانیووە رۆڵ ببینێت بەڵکو لە رووی راستیەوە لە باشترین حاڵەتیدا وەکو چەند زارێکی ناوچەیی دەردەکەوێت و نەبوونی زمانی ستاندەری کوردی هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە ئەگەر بە پێودانگە کلاسیکیەکە سەیری بوونی نەتەوە بکەین کە پێی وابوو یەکێك لە پایەکانی بوونی نەتەوە، بوونی زمانە. ئەوا زمانی کوردی بەمشێوەیەی کە ئێستا هەیە لە رووی راستیەوە ناتوانێت ببێتە ئەو پایە سەرەکیەی کە تیۆری کلاسیکی نەتەوە بڕوای پێی هەبوو بۆ بوونی نەتەوەیەك، بەلاَم خۆشبەختانە ئێستا بۆ پێناسەکردنی نەتەوە پشت بەو پێودانگە کلاسیکیە نابەستریت و بڕوا وایە دەوڵەت نەتەوە درووست دەکات کە لە گەوهەریشدا مەبەست دەوڵەتی ناسیونالیزمە، کە ئەمەش لە بارێکی تردا ئەوە نیشان دەدات کە بوونی نەتەوە پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە بوونی ناسیونالیزمەوە. بەلاَم کێشەیەکی تری ئێمە ئەوەیە وەکو کورد ئەگەر بڕوامان بەوەش هەبێت کە دەوڵەت نەتەوە درووست دەکات و بەو پێیەش بێ لەبەرچاوگرتنی زمانی هاوبەش کورد دەتوانێت ببێتە خاوەنی شووناسی نەتەوەیی خۆی، ئەمەشیان مایەی پرسیارو لە هەمان کاتدا گومان کردنە چونکە هەرچۆن تاکو ئێستا زەمینەی بە دەستهاتنی شووناس لە رێگای بوونی زمانی کوردی بە زمانێکی جیهانی یان تەنانەت بوون بە زمانێکی یەکگرتوو لە سەر ئاستی ناوخۆی کوردستانی گەورە نەڕەخساوەو ئەو زمانە ستاندەرە پێکنەهاتووە کە بە لایەنی کەمەوە وەکو رایەڵەیەکی ژیانی رۆژانە هەموو کورد کۆبکاتەوەو یەکی پێبگرێت، بەهەمان شێوە ئەگەری درووستبوونی دەوڵەتی کوردیش تاکو ئێستاو لە ئایندەی نزیکدا ئەگەرێکی لاوازە، کەواتە لەم رێگەیشیانەوە چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت کە کورد ببێتە خاوەنی شووناسی نەتەوەیی خۆی بەو مانایەی کە شوناس دەربڕینێك بێت لە بوون و ئامادەبوون و بنەمایەك بێت بۆ

جیاکردنەوەی کورد لەوانی تر، ئەویش لەسەر بنەمای ئامادەبوون نەك جیاوازی کورد لەوانی تر وەکو ئەوەی ئێستا دەبینرێت کە ئەویش بریتیە لە جیاوازی ئامادەبوونی ئەوانی ترو نائامادەبوونی کورد.

**زمان و بیرکردنەوە:**

ئایا چ جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان زمان و بیرکردنەوەدا هەیە؟ ئایا بیرکردنەوە پەیوەندی بە زمانی نەتەوەییەوە هەیە؟ ئایا زمانی نەتەوەیی پێویستە بۆ ئەوەی بیری نەتەوەیی یان بیرکردنەوەی نەتەوەیی پێ گوزارشت بکرێت؟ ئایا ئەگەر بیرکردنەوە لە سیاقی بوونی ئەنتۆلۆجیانەی نەتەوەدا نەبێت دەتوانێت سیاقێکی درووستی زمانی نەتەوەیی بۆخۆی بەرهەم بهێنێت؟ بێگومان ئەگەر لە رووە سادەکەیدا مێشك یان عەقڵ وەکو ناوەندی بیرکردنەوە دابنرێت و هەموو بیرێك لەسەر ئاستی تاکەکەس لەوێوە سەرچاوە بگرێت، ئەوا بێ بوونی زمانێك بۆ دەربڕین یان گوزارشت پێکردنی ئەو بیرە یان بە چەمکی چۆمسکیانە بۆ نمایشکردنی ئەوەی لە ناوەندی بیرکردنەوەدایە خودی بیرکردنەوە یان بەرهەمەکەی وەکو بیر هیچ مانایەکی نابێت چونکە تەنیا کاتێك بیر بوونی دەبێت کە زمان وەکو ئامرازی دەربڕین دەوری گەیاندن یان نمایشکردنی ئەو بیرە ببینێت یان بە دەربڕینێکی تر زمان بە بیر بارگاوی بکرێت. کاتێکیش باسی زمان دەکرێت دەبێ بزانین وشە وەکو یەکەی سەربەخۆی پێکهاتەی زمان لە لامان بەرجەستە دەبێت و لە ئاستی زارەکیشدا قسە دێت. بیرۆکەی لەو جۆرە هەیە کە زمان یان وشە بریتیە لە مانا. هەروەك بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش لیڤ ڤایگۆتسکی دەڵێت: وشە بە بێ مانا دەنگێکی بۆشە و بە بەشێك لە قسەی مرۆڤ دانانرێت، چونکە مانای وشە لە یەك کاتدا بیرو قسەشە. کەواتە لێرەدا ئاشکرا دەبێت کە وشە وەکو یەکەی پێکهێنەری زمان تەنیا کاتێك شووناسی وشەی هەیە کە هەڵگری مانا بێت.ئەگەر زمانمان وەکو پێکهاتەیەکی فراوانتر لە بری وشە بەکارهێنا ئەوا زمان تەنیا کاتێك شوناسی زمانی دەبێت کە هەڵگری مانا بێت یان بە مانا بارگاوی کرابێت. ئەگەر لێرەوە باسی زمانی نەتەوە بکەین ئەوا تەنیا کاتێك رۆڵی دەبێت لە پێکهێنانی شوناسی نەتەوەیدا کە بارگاوی کرابێت بە مەعریفە و جیهانبینی و بیری نەتەوەیی کە بە شێوەیەکی گشتگرتر دەتوانین بڵێین مانا نەتەوەییەکان .

## 5- کار چییە؟

چەندین جار لە روانگەی جۆراو جۆرو بە ئاراستەی جیاواز باسی کێشەکانی کوردستان بە گشتی و کێشەی نێوان جەماوەرو دەسەڵات یان لە ئاستێکی تردا کێشەی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنمان کردووە. تا ئەندازەیەکی لەبەرچاویش هەوڵمداوە خۆم لە هەموو جۆرە سۆزو لایەنگرییەك بۆ هەر لایەك رووت بکەمەوەو لایەنگری و سۆزی تەواوەتی من بۆ نەتەوەکەم بێت. دیارە من لەو کەسانەشم کە هەمیشە پێموایە نەتەوە کەسی لێ زیاد نییەو پێویستی بە کارو بەشداری هەمووانە. هەر لەسەر ئەم بنەمایەشە من هەمیشە لایەنگری کارکردنم بە هێمنی و بە لۆجیکی عەقڵ و لە دەرەوەی روانین بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکان. هەروەك پێشموایە مێژوو رەوتی ئاسایی خۆیی هەیەو رۆڵی تاکە هوشیارەکان و نوخبە چ نوخبەی سیاسی بێت یان نوخبەی رۆشنبیر، دەشێ رۆڵی جوڵێنەرێکی هێمن ببینن لە ئاراستەکردنی ئەو رەوتەدا بە شێوەیەکی درووست و بە جۆرێك دوور بخرێتەوە لە پشێویی و فەوزای کۆمەڵایەتی. بەڵام بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی سرووشتی گەشەی خۆی بکات دەبێ پرۆژەیەکی بەردەوامی چاکسازی ریشەیی لە ئارادا بێت. بەڵام بۆ ئێستای کوردستان کە کێشەو کەموکورتییەکان کۆبوونەتەوەو دەستیان خستۆتە بینەقاقای ئەزموونی دەسەڵاتدارێتی کوردی چەند هەنگاوێکی جیدی لە ئێستادا پێویستن بۆ دەربازکردنی هەرێمی کوردستان لەم قەیرانە خنکێنەرەی کە تێیدایە.

دیارە رەگ و ریشەی هەموو قەیران و کێشەکان لە رابردوودا خۆیان چەسپاندووەو تاکو ئێستاش درەختی بەرتاڵی ئەو کێشانە گەشە دەکات، هۆکەشی ئەوەیە ئەو زەوییەی کە تێیدا رواوە بۆ گەشەی ئەو درەختە بە پیتەو بە شێوەیەکی باشیش ئاودەدرێت و خزمەت دەکرێت. کێ بەرپرسیارە لە ئامادەکردنی ئەو زەمینەو لە خزمەتکردن و ئاودانی ئەو درەختە بەدفەڕە کە دەشێ بە درەختی گەندەڵی و بێمتمانەیی جەماوەر بە دەسەڵات ناوببرێت. بێگومان لە ئاستی یەکەمدا دەسەڵات و لە ئاستی دەوەمیشدا کۆمەڵگە

بەرپرسیارە لە کۆی ناتەواوی و کەموکورتیەکان. بەڵام ئایا دەکرێت ئەو درەختە هەر بەو شێوەیە گەشە بکات و بەری تاڵی ببێتە خۆراکی هەموو کۆمەڵگەو سێبەری بەدفەڕی هەموو وڵات بگرێتەوەو ڕێگا بە تیشکی هەتاو نەدات بەر خاکی ئەم وڵاتە بکەوێت و بەو هۆیەشەوە گیاو ڕووەکی تری سوودبەخش سەوز نەبن و گەشە نەکەن و ڕوحی کۆمەڵگەو هیواو ئومێدی کۆمەڵگە بە ژەهری ئەم درەختە بەدفەڕە ئالودە بێن و دابڕزێن؟ ئەی کێ بەرپرسیارە لە مانەوەو زیاتر گەشەکردنی ئەم درەختە؟ ئەی دەبێ چی بکرێت بۆ ئەوەی کۆتایی بە بوون و ئاسەوارو مێژووی ئەم درەختە ژەهراوییە بهێنرێت کە پێموایە ئەگەر ئەم درەختە نەبڕدرێتەوە، ئەوا سەرئەنجام ئەم دەبێتە دارسێوەکەو هەموو دەسەڵاتیش دەبنە ئادەم بەڵام حەوا ئامادەبوونێکی مادیانەی نییەو تەنیا بریتییە لە غەریزە کۆنترۆڵنەکراوەکانی دەسەڵات کە خۆی بەری درەختەکە دەخوات و سەرئەنجامیش هەر ئەوە نییە ئەمیش فڕێ بدرێتە دەرەوەی بەهەشت، واتە دەرەوەی کورسی دەسەڵات بەڵکو ئەگەری ئەوەی هەیە ئەو ژەهرە نەك هەر جەستەی بە تەواوەتی دابڕزێنێت بەڵکو بیشی کوژێت. کەواتە مەترسی گەشەکردنی درەختی ژەهراوی گەندەڵی لە کوردستاندا پێش هەمووان هەڕەشە لە دەسەڵات دەکات کە خۆی ڕوێنەرو پەروەردەکەرو پارێزەری درەختی ژەهراوی گەندەڵییە. کەواتە لێرەدا بڕیاری جیدی گۆرباشۆفیانە یان تۆنی بلێرانە یان کۆرییانە پێویستە، هەرچەندە دەشێ زەمینەو مێژووەکان جیاواز بن.

گۆرباشۆف دوای پیرۆسترێکا لە گفتوگۆیەکیدا دەڵێت: منیش دەمتوانی لەسەر کوردسی دەسەڵات دابنیشم و تا مردنم سەرۆك بم و ڕەنگە دوایش پەیکەریان بۆ درووست بکردمایە. بەڵام من گەیشتمە ئەو بۆچوونەی کە ناکرێت ئیتر ئەم دەسەڵاتە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، بەڵکو دەبێ شتێك بکەم، هەرچەندە دەشمزانی ڕەنگە ئەوە چارەسەر نەبێت، بەڵام نەدەکرا فەرمانڕەوایی ئێمە لەوە زیاتر بەو شێوەیە بەردەوام بێت). دیارە پیرۆسترێکا دەرئەنجامی ئەو بۆچوون و تێڕوانینەی گورباشۆف بوو. سەرئەنجامیش خۆی وەکو پیاوێکی گەورە لە کورسی فەرمان هاتە خوارەوەو بوو بە ئەندامی پارستنی ژینگەو سەوزکردنی ژینگە. هەروەك سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا تۆنی بلێر لە وەڵامی پرسیارێکدا کە بۆچی بە گەنجی دەستبەرداری پۆستی سەرۆك وەزیرانی و سکرتێری پارتی لەیبەر بوو، دەڵێت: من هەموو تواناکانی خۆم خستە کارەوە ئەوەی پێمکرا کردم و گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە لە هیچ کام لەو دوو بوارەدا لەوە زیاترم پێناکرێت، بۆیە لە ڕووی ڕاستییەوە دەبوو من جێگا چۆڵ بکەم بۆ کەسانی

تـر، بـەڵکو ئـەوان لـە مـن زیاتریـان پێبکرێـت). کەواتـە ئـەی لـە کوردسـتان کـار چـییە؟ ئایـا سـەرکردایەتی سیاسـی کـوردی هـەرگیز دەگاتـە ئـەو بۆچـوونەی گورباشـۆف یـان تـۆنی بلێـر؟ ئایـا چاکسـازی ریشـەیی لێـرە پێویسـتی بـە لاچـوونو دوورکەوتنـەوەی سـەرکردایەتی سیاسـی کـوردی هەیـە؟ یـان پێویسـتی بـە دوورکەوتنـەوەی کەسـە دیارەکـانی دەسـەڵات هەیـە؟ یـان پێویسـتی بەوەیـە کـە کەسـە دیارەکـانی دەسـەڵات لـە خـودی خۆیانـەوە بوێرانـە دەسـتبکەنە چاکسـازی ریشـەییو پـێش هـەموو کەسـیش لـە خۆیـان بپرسـن ( ئەمـەم لـە کـوێ بـوو؟ ئایـا ئەمـە بەراسـتی هـی خۆمـە یـان بـە نامەشـروع پەیـدام کـردووە؟ ئەگـەر بـە نامەشـروع پەیـدام کـردووە ئایـا هـی بێگانەیـە یـان هـی ئەنـدامانی کۆمەڵگەکـەی خۆمـە؟ ئـەی لەم بوارەدا کۆمەڵگە یان جەماوەر ئەرکی چییە؟

مـن لێـرەدا هەوڵـدەدەم بێپـەردەو بـێ هـیچ رتـووش کردنێـك چـۆنی تێدەگـەمو قەناعەتیشـم چـۆنە لەسـەر نەخشـەرێگای کـار بـۆ چاکسـازی ریشـەیی بـەوجۆرە بـدوێمو پێشـوەختەش دوو خـاڵ روون دەکەمـەوە کـە یەکـەمیان ئەوەیـە مـن هـەرگیز لـە هـیچ نووسـینو قسـە کردنێکمـدا مەبەسـتم ئـەوە نییـە کـە کێشـەکان پەیوەنـدیان بـە تاکـە کەسـەوە هەیـە. بـەڵکو پێموایـە کـۆی کێشـەکان پەیوەسـتن بـە کۆمەڵگـەو عـەقڵو کـەلتووری کۆمەڵگـەوە کـە لەوەشـدا هـەموومان بەشـدارین. دووەمـیش ئەوەیـە کـە بـە راشـکاوانە رایدەگەیـەنم مـن هەسـت ناکـەم تـاکو ئێسـتا سـەرکردایەتی سیاسـیو ئیـداری کـوردی لـە مەسـەلەی چاکسـازیدا جیـدی بـن. ئـەنجا ئایـا مەسـەلەکە پەیوەنـدی بـە نـەزانینی چـۆنێتی کارکردنـەوە هەیـە لـەو بـوارەدا، یـان لـە بنەڕەتـدا نیـەتی چاکسـازی بنـەڕەتی بـوونی نییـە. ئەمـەیان مـن نـازانم چـۆنە، بۆیـە زۆربـەی کـات ناچـار دەبـین لەسـەر دەرئەنجامـەکان بڕیـار بـدەین کـە ئـەویش لـەو روانگەیـەوە بـە سـوودی دەسـەڵات ناشـکێتەوەو بـە ئاشـکرا هەسـت دەکرێـت دەسـەڵات نایـەوێت چاکسـازیەکی ئـەوتۆ بکـات کـە ببێتـە بنـەما بـۆ دروسـتبوونی پـردی پەیوەندیـەکی بـەهێز لـە نێـوان دەسـەڵاتو جـەماوەردا. مـن پێموایـە دەتـوانین هـەنگاوەکانی چاکسازی بنەڕەتیو ریشەیی بۆ ئێستای کوردستان لەم دوو خاڵەدا کۆبکەینەوە:

یەکـەم: جیاکردنـەوەی حیـزبو حکومـەت. دیـارە بـۆ کـۆی ئـەو سیسـتێمە سیاسـیانەی کـە لـە رۆژهەڵاتـدا دروسـت بـوون حیـزبو حکومـەت تێکئـاڵاونو لەراستیشـدا بـریتین لەیـەك شـت یـان یـەك دامـەزراوە. ئەمـەش هۆکـارێکی سـەرەکیە بـۆ ئـەوەی کـە هەمیشـە دامـەزراوەی حکومـەت دامەزراوەیـەکی پاشـکۆ بێـت بـۆ دامـەزراوەی حیـزب. ئاشکراشـە حکومـەتو دەوڵـەت مـوڵکی هـەموو کۆمەڵگـەن نـەك مـوڵکی ئـەم حیـزبو ئـەو ئاراسـتەی سیاسـی، بـەڵام

حیزب مۆڵکی رووبەرێکی دیاریکراوە لە کۆمەڵگە. تەنیا لە سیستێمە شمولیەکانی وەکو بەعسدا نەبێت کە ئەو بۆچوونە هەبوو کە هەموو کۆمەڵگە حیزبیەو ئیتر شتێك نەماوە بە ناوی جیاکردنەوەی حیزب و کۆمەڵگە. دیارە عەقڵی حیزبی لە هەر ئاستیکدا بێت عەقڵێکی زیاتر داخراوەو بەردەوامیش بە جۆرێك لە ترسەوە سەیری ئایندەی خۆی دەکات و هەمیشەش لەبەردەم مەترسی لە دەستدانی دەسەلاّتدایە. ئەم حاڵەتش وا لە حیزب دەکات کە هەموو شتێك بکات لە پێناوی مانەوەی خۆیداو مادەم ئامانجەکەش مانەوەیە کەواتە بە شێوەیەکی میکاڤیلیانە رەوایەتی دەدات بە هەر کارێك لەو پێناوەدا بیکات. ئەوەی رێگای نەداوە لە ماوەی نۆزدە ساڵی رابردوودا دەسەلاّتی حکومەتی کوردی لەسەر قاچی خۆی بووەستێت و ببێتە خاوەنی شووناس و پاشکۆ نەبێت بۆ حیزب و لە ژوورە داخراوەکانی مەکتەبی سیاسی هەردوو حیزبەوە بڕیاری بۆ نەدرێت، سەیرکردنی حیزب و حکومەتە وەکو یەك دامەزراوە یان سەیرکردنی حکومەتە وەکو دامەزراوەیەك لە خزمەتی حیزبداو لە پێناوی حیزبدا، لە کاتێکدا دەبیّ حیزب خۆی ئامراز بێت لە پێناوی نەتەوە یان کۆمەڵگەدا. تاکو ئێستا ئەم چەمکە هەڵەیە پەیوەندی نێوان حیزب و حکومەت لە کوردستاندا رێکدەخات بە جۆرێك کە حکومەت رووبەرێکە حیزب بەرژەوەندییەکانی خۆیی تیادا دەستەبەر دەکات، یان پێی دەستبەر دەکات.

من پێموایە ئەگەر بەراستی سەرکردایەتی سیاسی کوردی بە تایبەتیش مام جەلال و کاك مەسعود دەیانەوێت سیستێمی سیاسی و ئیداری کوردستان لەم قەیرانە دەرباز ببێت، دەبیّ بە جیدی و بەکردەوەو بەدەر لەوەی کە بەرژەوەندی حیزبەکانی خۆیان و پنتەکانی دەسەلاّتی نێو حیزبەکانیان دەکەوێتە مەترسیەوەو زەرەری زۆر دەکەن، دەبیّ حیزب و حکومەت لەیەکتر جیابکەنەوە، خۆ ئەگەر ئەمە نەکەن، ئەوە قسەکردن لە چاکسازی هیچ مانایەکی نییەو هیچ بەرهەم ناهێنێت. مەبەستمان لە جیاکردنەوەی حیزب و حکومەتیش ئەوەیە کە حکومەت بکرێتە دامەزراوەی یەکەم و حیزبیش لە دەرەوەی حکومەت کاری خۆی بکات و بە یاسا شێوازی پەیوەندی نێوان حیزب و حکومەت رێکبخرێت و حکومەت مولزەم نەبێت بەوەی کە گوێ لە حیزب بگرێت. بەلاّم ئێستا بۆ دانانی یاریدەدەری قوتابخانەیەك دەبێت مەڵبەندو لق رازیبن. هەتا کاریش بەم شێوەیە بکرێت چاکسازی جگە لە قسەی پووچ و بێناوەرۆك هیچی تر نییە. واتە دەمانەوێت سەرۆکی حکومەت بێت، وەزیر وەزیر بێت، بەرێوەبەر بەڕێوەبەر بێت نەك (سەری )ئەم پۆستانەی حکومەت فەرمانەکان لە حیزب وەربگرێت و

(دەستەکان) یشی جێبەجێیان بکاتو فەرمانی حکومەتیش هەر لە پێناوی حیزبو لە روانگەی بەرژەوەندییەکانی حیزبەوە بدرێتو جێبەجێ بکرێت.

دیارە ئەگەر حکومەتو حیزب لەیەکتر جیاکرانەوەو حیزب دەسەڵاتی بەسەر حکومەتدا نەما ئەو کاتە جێگە بۆ کەسانی بە تواناو لێهاتوو دەکرێتەوە تا وەکو پیاوی حکومیو دەوڵەتداری کاری ئیداری بە شێوەیەکی پرۆفیشنالانە بەڕێوەببەن. ئەو دەمەش حکومەت دەتوانێت یاساو ڕێساکانی خۆی بە باشی جێبەجێ بکات، کە دەبێ ئەو یاساو ڕێسایانەش بە پێی بەرژەوەندییەکانی خەڵك، واتە کۆمەڵگە دابڕێژرێنو هیچ کەسو لە هیچ ئاستێکدا بۆی نەبێت تەجاوزی یاسا بکات. ناکرێت بەرپرسانی سەرەوەی حیزب بەم شێوە نادرووستەی ئێستا دەست بەسەر سامانو موڵكو زەویو زاری میللەتدا بگرن. بە جۆرێك ئەگەر لەم شاری هەرێمەوە چوویتە ئەو شارەی تریان و لە تەکسیەکدا سەرکەوتیت، شۆفێری تەکسیەکە لە تەنیشت هەر بینایەکی بەرزو هەر کۆمەڵە شوقەیەكو هەر ڤیلاو باخێکی گەورەدا خاوی بکاتەوەو پێت بڵێت ئەمە هی فلان بەرپرسەو ئەویتریان هی کوڕی فلانەو ئەوەش ڤیلاکەی فلانە هێلیکۆپتەری تیادا دەنیشێتەوە، رووبەرێکی فراوانیش لە کۆمەڵگە خوێندنیان تەواو کردبێتو بێکارو ژیان بنو رووبەرێکی فراوانیش لە خەڵك لە ژێر هێڵی هەژارییەوە بە کوللەمەرگی بژین.

دووەم کوردستان لە ئێستادا پێویستی بەوەیە یاسایەك دابنرێت نەك تەنیا بۆ لێپرسینەوەی گەندەڵکاران بەڵکو بۆ سزادانیان لە هەر ئاستیکدابن. دەڵێن سەرۆکی کۆریای باشوور لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوودا کە هێشتا بیست ساڵ بەسەر رزگاربوونی کۆریادا تێنەپەڕیبوو، تەنیا چوار ساڵیش بوو کە کۆریا توانیبووی ئاسن بتوێنێتەوەو کۆمپانیای ئاسن تواندنەوە درووست بکات، کە سەرۆکی ئەو کاتەی کۆریا تواندنەوەی ئاسنی بە قۆناغی گواستنەوەی کۆمەڵگەی کۆری لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵیەوە بۆ کۆمەڵگەی پیشەسازی ناو دەبرد. سەرۆك لە ماوەی سێ مانگدا بە هەزاران بەرپرسی بەرزوو نزمی خستە زیندانەوە، لە وەزیرو راوێژکارو بەڕێوەبەری گشتییەوە تا دەگاتە کارمەندی پلە نزمی خوارەوە، هەرکەس لە گەورەترین بڕی پارەوە تا دۆلارێکی دزیبوو، هەر کەس کەمتەرخەمی کردبوو لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیدا، هەموویان خرانە زیندانو بەشی زۆریان لە زینداندا مردن، بەشێکیشیان سەرۆك مردبوو هێشتا حکومەتەکانی دواتریش بەرەڵایان نەدەکردن. ئەم رەفتارەی ئەم سەرۆکە بە پێی لێکدانەوەی کۆرییەکان تا ئەندازەیەکی لەبەرچاو ئاستی گەندەڵی هێنایە خوارەوە لە

کۆریـــادا. ئەگـــەر ســـەیر بکـــەین ئـــەوا ئـــەم قۆناغـــەی ژیـــانی سیاســـی و ئیـــداری ئێمـــە وەکـــو ئـــەوەی ســـاڵی حـــەفتاکانی کۆریایـــە. ئێســـتا کۆرییـــەکان بـــەو ســـەرۆکەی خۆیـــان دەڵـــێن( دیکتـــاتۆرە خۆشەویســـتەکە)و هـــەر ئـــەو کۆریایەشـــە کـــە پـــاش شەســـت ســـاڵ لـــە رزگـــاربوون بووەتـــە یـــەکێك لـــە دەوڵەتـــە پێشـــکەوتوو دیموکراتـــەکانی جیهـــان. بێگومـــان تـــەنیا بڕیـــارێکی لـــەوجۆرە چارەســـەری گەنـــدەڵی دەکـــات لـــە کوردســـتاندا. دەپرســـم ئایـــا ســـەرۆکی هـــەرێم دەتوانێـــت بڕیـــارێکی هاوشـــێوەی ئـــەو بڕیـــارەی ســـەرۆکی کۆریـــای ئـــەو کاتـــە بـــدات و جێبـــەجێی بکـــات؟ دیـــارە تـــەنیا بڕیـــارێکی لـــەو جـــۆرە چارەســـەرە ئـــەگینا نـــە دەســـتەی نەزاهـــەو نـــە لیژنـــەی لێکۆڵینـــەوەو نـــە چـــاودێریی دارایـــی هیچـــیان چارەســـەر نـــین. مـــن بـــە راشـــکاوانە روو دەکەمـــە بـــەڕێز ســـەرۆکی هـــەرێم و بەرپرســـیاری دەکـــەم لـــە چارەســـەرکردنی کێشـــەی گەندەڵیـــداو داوا لـــە بـــەڕیزی و لـــە مـــام جـــەلالیش دەکـــەم ســـەرەتا لـــە خۆیـــان و خانەوادەکانیانـــەوە دەســـت پێبکـــەن، ئەگـــەر بـــە جیـــدی دەیانـــەوێت کوردســـتان ببێتـــە ئـــەو وڵاتـــەی کـــە خـــەڵك دەســـەڵاتەکەی خـــۆش بووێـــت و بـــە هـــی خـــۆیی بزانێـــت. بـــەڵام ئەگـــەر بـــە هیـــوای ئـــەوەن وەکـــو ئەمـــەو پـــێش چاکســـازی هـــەر بـــە قســـە بێـــت ئـــەوا دڵنیایـــان دەکـــەم هـــیچ بەرهـــەم ناهێنێـــت و ئـــەوانیش وەکـــو دوو ســـەرکردەی ئـــەم دەســـەڵات و میللەتـــە مێـــژووی دەســـەڵاتەکەو مێـــژووی حیزبەکانیشـــیان رووبـــەڕووی کێشـــەی ســـەختتر دەکەنـــەوەو ســـەرئەنجامیش ئـــەزموونی فـــەرمانڕەوایی کـــوردی دەخەنـــە بـــەردەم مەترســـی تاقیکردنەوەیـــەکی ســـەختەوە، هەرچـــەندە دەزانم کـــە مێـــژوو راناوەســـتێت و کۆمەڵگـــەی کـــوردیش هـــەنگاوی بـــەرەو پێشـــەوە دەنێـــت بـــەڵام ئـــەو حیـــزب و بەرپرســـانەی کـــە نـــاتوانن لـــە ئاســـتی جێبـــەجێکردنی داواکـــانی جـــەماوەردا بـــن زوو یـــان درەنـــگ بـــاجی خۆیـــان دەدەن و مێـــژوو فڕێیـــان دەداتـــە پـــەراوێزەوەو رەنگـــە ســـەردەمێکیش بێتـــە پێشـــەوە ئـــەوکات لێپرسینەوە لەگەڵ کۆی ئەوانەدا بکرێت کە دەسەڵاتی خۆیان بە خراپ بەکارهێناوە.

مـــن پێموایـــە ئەگـــەر ســـەرکردایەتی کـــوردی بـــە جیـــدی ئـــەم دوو خاڵـــە جێبـــەجیٚ بکـــەن، ئـــەوا هـــەموو شـــتەکانی تـــر دەرئـــەنجام و دەرهاوێشـــتەی ئـــەم دوو خاڵـــەن، واتـــە دەســـەڵاتی بـــاڵای حیـــزب بەســـەر حکومەتـــداو تەشـــەنە کردنـــی گەنـــدەڵی کـــە بەشـــێوەیەك گەشـــەی کـــردووە وەکـــو ئـــەو درەختـــە ژەهراویەیـــە کـــە لەســـەتاوە باسمـــان کـــرد و سیاســـیەتی خراپـــی حیزبایـــەتی و مەنســـوبیەت و مەحســـوبیەت زەمینـــەی گەشـــەکردنی گەنـــدەڵی زیـــاتر خۆشـــکردووەو ئەگـــەر ئـــەو زەمینـــە لـــە بـــارەی گەشـــەکردنی ئـــەو درەختـــە ژەهراوییـــەی گەنـــدەڵی لـــە رەگ و ریشـــەوە نـــەگۆڕدرێت، ئـــەوا ســـێبەری درەختەکـــە هـــەموو سیســـتێمە سیاســـی و ئیدارییەکـــە بـــە تـــەوای

لــــه تروســــکەی روونـــــاکیش بێبــــەش دەکــــات و ژەهــــری درەختەکــــەش هــــەموو جەســــتەی سیســــتێمە سیاســــی و ئیدارییەکــــە بــــە تــــەواوی دادەڕزێنێــــت و بەرپرســــی یەکــــەمیش لــــە هــــەر کارەســـاتێکی چـــاوەڕواننەکراو کـــە بەســـەر ئـــەم ئەزموونـــەدا بێـــت بەرپرســـیارە، بـــە تایبـــەتی ئـــەوەی کـــە هۆکارەکـــانی لـــە نـــاو خـــودی سیســـتێمەکەدا بێـــت، ســـەرکردایەتی سیاســـی کـــوردی بـــە گشـــتی و مـــام جـــەلال و کـــاك مەســـعود بـــە تایبـــەتی لـــە کـــۆی شکســـتەکانی ئـــەم قۆناغـــەی فەرمانڕەوایـــەتی خۆمـــاڵی کـــوردی بەرپرســـیارن. بۆیـــە حەقـــە بـــێترس لـــەوەی کـــێ لـــە پرۆســـەی پاکســـازی و چاکســـازی ریشـــەیدا دەهاڕرێـــت، بڕیـــاری خۆیـــان بـــدەن و جێبـــەجێی بکـــەن و ئـــەرك و بەرپرســـیارێتی مێـــژوویی خۆیـــان ئـــەنجام بـــدەن. ئەگـــەر ئـــەوەش نەکـــەن ئـــەوە دڵنیـــام مێـــــژوو کـــــەموکورتی و کەمتەرخەمییـــــەکان و چاوپۆشـــــیکردنەکانی ئـــــەوان لـــــە بیرناکـــــات و چاوپۆشیان لێناکات، هەروەکو چۆن لە بەرپرسانی تری پێش ئەمانی نەکردووە.

## 6- سلێمانی لە هەستکردن بە غوبندا:

دەمـــەوێت ئـــەم قســـانەی لێـــرەدا دەیانکـــەم لـــە روانگـــەی تەســـکی ناوچـــەگەرایەتی و شارچـــێتی و هەرێمگەرییـــــەوە لێکنەدرێنـــــەوە کـــــە سەرچـــــاوەی ئـــــەم جـــــۆرە بۆچـــــوونانە بریتیـــــە لـــــە ئامـــادەبوونی کـــەلتوورو عـــەقڵی خێـــڵ کـــە ئـــەویش بەرهـــەمی کۆمەڵگـــەی لادێ یـــان کۆمەڵگـــەی خێڵایـــــەتی و فیودیالییـــــە. بـــــۆمنیش قســـــەکردن لەســـــەر هـــــەر جێگایـــــەکی وڵاتەکـــــەم کـــــە کوردســـــتانە جیـــــاوازی نییـــــە چـــــونکە خـــــۆم بـــــە خـــــاوەنی هـــــەموو کوردســـــتان دەزانم و نەتەوەکەشـــم وەکـــو یەکەیـــەکی یـــەکگرتوو ســـەیر دەکـــەم و هـــەموو حیـــزب و رێکخـــراوو

**بزووتنەوەکانیش وەکو ئامراز سەیر دەکەم لە پێناوی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەداو باشترین کەس و حیزب و ڕێکخراوو بزووتنەوەش بەلای منەوە ئەوانەن کە بە دروستترین شێوە لە پێناوی نەتەوەکەیاندا کاردەکەن نەك لە پێناوی بەرژەوەندی تەسکی حیزبی و تاکەکەسی و تەنانەت ناوچەگەری‌وخێڵگەریشدا.**

**لەم ساڵانەی دوایدا بە تایبەتی دوای ئەوەی کە شاری هەولێر بزووتنەوەیەکی بەرفراوانی بیانکردن و شەقام لێدان و پردبەستنی بەخۆیەوە بینیووە، هەستێکی وەها دروست بووە کە گوایە سلێمای کە پێشتر لەو بوارانەدا لە پێش هەولێرو زۆرینەی شارەکانی تری کوردستانەوە بووە، ئێستا لە کاروان بەجێماوە. من هەرچەندە پێشتر چەندجارێك لەسەر ئەم بابەتە راوەستاوم، لێرشدا هەوڵدەدەم لەسەر دوو ئاست لەو بارەیەوە بدوێم کە یەکەمیان ئاستی مادی شارە واتە بیناو باڵەخانەو شەقام و پردو بازاڕو دووەمیشیان بریتیە لە بوونی کەلتووری شار چونکە ئەوە ئاشکرایە شارو چەمکی کۆمەڵگەی شار لەسەر بنەمای بوونی کەلتووری شار پێناسە دەکرێن.**

**سلێمانی لە رووی مێژووییەوە یەکێکە لە شارە هەرە نوێیەکانی جیهان و تاکو ئێستا مێژووی دروستبوونی دوو سەدەو چارەکێکەو ئەوەش ئاشکرایە کە ئەم شارە بۆ ئەوە دروستکراوە کە پایتەختی میرنشینی بابان بێت، کەواتە یەکەم جار بۆ ئەوە دروست کراوە کە شار بێت بەلام شار بۆ پایتەختی میرنشین نەك دەوڵەت, دیارە دەبێ ئەوە بزانین کە میرنشین دامەزراوەیەکی بچووکترە لە دەوڵەت و بە بۆچوونی من ئەو کۆمەڵگەیانەی کە لە پەرەسەندنی خۆیاندا نەیانتوانیووە لە رووی سیۆسیۆلۆجیەوە دەوڵەت پێکبهێنن، میرنشینیان پێکهێناوەو کۆمەڵگەی کوردیش لەبەرئەوەی کۆمەڵگەیەکە پەرەسەندنێکی سرووشتی نەبووە, رۆحی گشتی بە چەمکی هیگڵی نەیتوانیووە لە بڵندبوونی خۆیدا دەوڵەت بەرهەم بهێنێت, بەڵکو میرنشینی بەرهەمهێناوە، کە میرنشینی بابان یەکێکە لە دیارترینی ئەو میرنشینانەو سلێمانیش بۆ ئەوە دروستکراوە کە پایتەختی ئەو میرنشینە بێت، کەواتە لێرەوە دەبێ بزانین جیاوازی هەیە لە نێوان دروستبوونی شاردا لە ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی‌و گواستنەوەی بەشێك لە جوتیاران بۆ ناوشارو گۆڕینی شێوازی کارو بەرهەم هێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان لە پەیوەندی فیودیالیەوە بۆ شێوازو پەیوەندی بەرهەم هێنانی شار کە شێوازو پەیوەندی بەرهەم هێنانی بۆرژوازی و سەرمایەدارییە. لە بارێکی وەهاشدا هاوشان لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتیانەدا کەلتوورو**

عـــەقڵ و پەیوەندییـــەکانیش لـــە پەیوەنـــدی فیودیـــالی و شـــێوازی لادێـــوە دەگـــۆڕێن بـــۆ پەیوەنـــدی و عـــەقڵی شـــار لـــە هـــەموو ئاســـتەکاندا. بـــەڵام ئەگـــەر جـــارێکی تـــر لـــەم روانگەیـــەوە ســـەیر بکـــەین، ئـــەوا ســـلێمانی بـــەو جـــۆرە دروســـت نـــەبووە کـــە لـــە ئـــەنجامی پەرەســـەندن و دەرکـــەوتنی چـــینی بـــۆرژوای پیشـــەیی و شۆڕشـــی پیشەســـازیدا بووبێـــت, راســـتە وەکـــو شـــارو بـــە نـــاوی شـــارەوە دروســـت بـــووە بـــەڵام نـــەك هـــەر لـــە ســـەرەتای دروســـتبوونیدا بـــەڵکو بـــۆ ئـــەو کاتـــەش کـــە ریـــچ هاتۆتـــە ســـلێمانی و نزیکـــەی ســـی و شـــەش ســـاڵ بەســـەر دروســـتکردنی ســـلێمانیدا تێپـــەڕیووە, لـــە وەســـفەکانی ریچـــدا بـــۆ ســـلێمانی بەتـــەواوی ئاشـــکرا دەبێـــت کـــە ســـلێمانی گونـــدێکی گـــەورە بـــووە, راســـتە لـــە ســـلێمانیدا هـــەر لەســـەرەتاوە مزگـــەوت و حـــەمامو ئـــاوەڕۆ دروســـتکراون بـــەڵام لـــە ئاســـتێکی ســـادەداو ئـــەوەش پێناچـــێت بەرهـــەمی عـــەقڵی ئـــەو کاتـــەی کۆمەڵگـــەی کـــوردی بووبێـــت بەئەنـــدازەی ئـــەوەی کـــە وەرگـــرتن بـــووە لـــە پایتـــەختی عوسمـــا نی و تەنانـــەت هەنـــدێ جێگـــای ئـــەوروپاوە کـــە دەشـــێ میرانـــی بابـــان یـــان کەســـانی تـــری نزیـــك لێیانـــەوە پـــێش دروســـتکردنی ســـلێمانی ئـــەو جێگایانـــەیان بینیبێـــت. بەهـــەرحاڵ ســـەربای ئـــەم بۆچـــوونانە ســـلێمانی لـــە دروســـتکردنیدا جیـــاوازی هەیـــە لـــە شـــارێکی دێـــرینی وەکـــو هـــەولێر یـــان کـــەرکوك یـــان ئامـــەد بـــەڵام دەبـــێ بـــزانین وەکـــو شـــارێك کـــە بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی بێت دروست نەبووە.

بـــوونی ســـلێمانی هـــەر لەســـەرەتای دروســـتبوونیەوە بـــە جێگـــای ململانێـــی تەســـەوف و دەرکـــەوتنی شـــاعیرانی دیـــاری کلاســـیکی کـــوردی لـــەم شـــارەداو تـــەماحی تـــورك و فارســـەکانیش هەریەکـــە لەلایەکـــەوەو چـــاوبڕینیان لەمیرنشـــینی بابـــان، دەوری ئاشـــکرای هـــەبووە لـــەوەدا کـــە زینـــدوێتی بداتـــە میرنشـــین و شـــارەکەو تەنانـــەت دەوری هـــەبووە لەوەیـــدا کـــە جۆرێـــك لـــە کـــەلتووری شـــار لێـــرە بەرهـــەم بێـــت و هـــەر ئـــەو جوڵـــە فیکـــری و ململانێیـــە دەوری هـــەبووە لەوەیـــدا کـــە هـــەر لەســـەردەمی میرنشـــینی بابانـــەوە هەســـتێکی ناســـیونالیزم لـــەم شـــارەدا ســـەرهەڵبدات، بـــەڵام دیـــارە بـــەو مانایـــە نـــا کـــە ناســـیونالیزم وەکـــو بزووتنەوەیـــەکی کۆمەڵایـــەتی جـــەماوەری سیاســـی دەرکـــەوتبێت. بێگومـــان هاوکـــات نوخبـــەی ناسیونالیســـتیش بەشـــێوەی لاواز دەرکـــەوتووە کـــە ئـــەوەش لـــە خۆیـــدا بەرهـــەمی شـــارو کـــەلتووری شـــارە بـــەڵام لەبـــەر ئـــەوەی کـــە بنیـــادی مـــادی شـــار لاوازبـــووە هەربـــەو پێیـــەش کـــەلتووری شـــارو عـــەقڵی شـــاریش لاوازبـــووەو ناســـیونالیزمیش لـــەو هەســـتە ســـادەیەدا بـــە ئەنـــدازەی پەرەســـەندنی بنـــەماکانی شـــاربووە لـــە ســـلێمانی تەنانـــەت هـــەموو کوردستانیشدا.

بــــۆ واتـــــریش ئەگــــەر ســــەرنج بــــدەین زیــــاترین ژمـــــارەی نوخبــــەی ســــلێمانی گەیشـــــتوونەتە پایتـــــەختی دەوڵـــــەتی عوسمــــانی و زۆرێکیشــــیان لەســــەرددەمی دەرکـــــەوتنی تورکــــە لاوەکانـــــدا پێگـــــەو شـــــوێنیان هــــەبووەو ئومێـــــدی ئـــــەوەیان هــــەبووە لــــەو گۆڕانکارییانـــــەدا بتــــوانن ڕۆڵـــــی نوێنەرایــــەتی کــــوردی ببیـــــنن و لەســــەرووبەندی ڕاپەڕینـــــەکانی شــــێخ مـــــەحموودی بەرزنجیــــــدا زۆرێکیـــــان گەڕاونەتــــەوە ســــلێمانی و لــــە دروســــتبوونی دەوڵـــــەتی عێراقیشــــــدا ژمارەیــــــەکی دیاریـــان لـــە پێکهێنـــانی ئـــەو دەوڵەتـــە نوێیـــەدا بەشـــدار بـــوون کـــە پێموایـــە ئەگـــەر بـــارودۆخ بـــەو ئاقــــارەدا بشــــکایەتەوە کــــە ئــــەو نوخبــــەی خوێنـــــدەواران و ئەفســـــەرانی کــــوردی ئەوکاتــــە ببوونایەتـــــە خـــــاوەنی ڕاســــتەقینەی مەســــەلەی کـــــورد ڕەنگـــــە مێـــــژووی کــــورد لــــەم بەشـــــەی کوردستاندا بە ئاقارێکی تردا بڕۆیشتایە.

ســــلێمانی لــــە دوای جــــەنگی یەکــــەمی جیهانــــەوە زەمینـــــەو پێگــــەی دیـــارترین ڕاپـــــەڕین و ململانــــێ و پێکــــدادان بـــــووە، چ لەگـــــەڵ حکومــــەتی عێراقــــی و چ لـــــە ناوخۆشـــــدا کـــــە زەمینـــــەی ململانێـــــی حیزبایـــــەتی و ئاراســـــتە جیاوازەکـــــانی فیکـــــرو ئایــــدیۆلۆجیاو ئاراســــتە ئەدەبیــــــەکان و پێگــــەی نـــــاکۆکی دەســــتەو گـــــروپ و تاقمـــــە جیاوازەکـــــان و زەمینــــــەی ســــەرهەڵدانی ئاراســـــتە ئــــەدەبی و هونەرییـــــە جۆراوجۆرەکـــــان بـــــووە. لــــــە چـــــواردەی تــــــەمووزی 1958 بــــــەدواوە ســـــلێمانی زەمینــــەی بـــــەهێزی حیزبـــــی شــــیوعی عێـــــراق بـــــووەو لــــە ســـــاڵانی شەســـــتەکاندا بــــەهێزترین پێگـــــەی شۆڕشـــــی ئــــەیلول و لـــــە ســـــاڵی 1976یـــــش بـــــۆ دواوە زەمینـــــەی ڕێکخســــتنی بــــــەهێزو دەســـــتپێکردنەوەی شــــــۆڕش بـــــووە لـــــە لایــــــەن کۆمەڵـــــەی ڕەنجــــــدەرانی کوردســـــتان و یــــەکێتی نیشـــــتیمانییەوە. پاشـــانیش ســــلێمانی شـــارێك بـــووە کـــە هەســـت دەکـــرا نـــەك هـــەر مرۆڤـــــەکانی بــــەڵکو دارودیواریشـــــی پێشــــــمەرگەو ڕێکخســــــتنی کۆمەڵـــــەو یــــــەکێتی نیشــــــتیمانی کوردســـتان بـــوون. لـــە ڕاپەڕینـــدا بـــەعس بەشـــێوەیەك لـــەم شـــارە شکســـتی خـــوارد کـــە بـــۆ ئێمـــەی کـــــوردیش لەخــــەون دەچــــوو. خــــودی یــــەکێتی نیشــــتیمانی کــــە لــــە منداڵـــــدانی ئــــەم شــــارەو لــــە دایکبـــــوو, ئێـــــرە بێشــــکەی ســـــەرەکی بـــــوو، ئــــەو زەمینەیـــــە بـــــوو کـــــە جەبــــەرووتی بەعســـــیش نـــــەیتوانیبوو درز بخاتــــە نێـــــوان جــــەماوەری ئــــەم شــــارەو ئەوانــــەی لــــە پێناویـــــدا تێدەکۆشـــــان، هـــــەر ئــــەوەش وایکردبــــوو کــــە ســـــلێمانی لــــەو کاتــــە سەختانەشــــدا وەکــــو قەڵایــــەکی نەبــــەزیوو دەربکەوێت.

ڕاســــتە ئێســـــتا ســــلێمانی لـــــە ڕووی ڕێگاوبـــــان و و بیناســـــازی و ڕووکەشـــــەکانی دەرەوە ڕەنگـــــە بکەوێتــــە دوای شــــارێکی وەکــــو هــــەولێرەوەو ئــــەوەش کۆمــــەڵێك هۆکـــاری خـــۆیی هەیـــە بـــەڵام پێموایــــە لــــە ڕووی کــــەلتووری شــــارەوە تــــاکو ئێســــتاش ســــلێمانی لەســــەر ئاســــتی کوردســــتانی

گــــەورە لـــە ریـــزی پێشـــەوەیەو هـــەر ئـــەوەی کـــە ســـلێمانی هـــەر حیـــزب و دەســـەڵاتێکی بـــەدڵ نـــەبێت پشـــتی لێـــدەکات و تـــەڵاقی دەدات بەســـە بـــۆ ســـەلماندنی جیـــاوازی ئـــەم شـــارە لەگـــەڵ زۆرینـــەی شـــارەکانی تـــری کوردســـتاندا. لـــەم شـــارەدا پەیوەندییـــەکان بـــەرەو ئـــەوە دەڕۆن لـــە پەیوەنـــدی شـــێوە هەرەمیـــەوە بـــبن بـــە پەیوەنـــدی ئاســـۆیی و دەرکـــەوتنی تاکـــە کـــەس لەســـەر بنـــەمای توانـــاو لێهـــاتوویی بـــەرەو دەرکـــەوتن دەچـــێت و چـــیتر خێـــڵ و عەشـــیرەت بـــە ئاســـانی نـــاتوانن لـــەم شـــارەدا کـــوڕە بێتواناکـــانی خۆیـــان بکـــەن بـــە هێمـــاو پاڵـــەوان. ئیســـتا ئامـــادەبوونی بابانـــەکان و شـــێخانی ســـلێمانی و قـــەزازەکان و شـــاڵیەکان لاوازتـــرین ئامادەبوونـــە لـــە ســـلێمانیداو تەنانـــەت لـــە نـــاو یـــەکێتی نیشتیمانیشـــدا کـــە تـــاکو ئێســـتا بەدەســـەڵات تـــرین حیزبە لەم شارەدا ناوێکی دیاری ئەوتۆیان نییە کە جێگای باس بێت.

بێگومـــان لـــە دوای راپەرشـــینەوە هۆکـــاری ســـەرەکی هەیـــە بـــۆ لاوازبـــوونی یـــان سســـتبوونی ئاســـتی پێشـــکەوتنی ســـلێمانی لـــە رووی بیناســـازی و رێگاوبـــان و ئاوەدانکردنـــەوەوە بەتایبـــەتی لـــە دەســـتپێکردنی شـــەڕی نـــاوخۆوە کـــە ئاســـتی داهـــاتی ســـلێمانی و حکومەتەکـــەی یـــەکێتی لەچـــاو ئاســـتی داهـــاتی پـــارتی و حکومەتەکـــەی پارتیـــدا زۆر لاوازبـــووە, ئەمـــە ســـەرباری خـــراپ بـــەکارهێنانی ئـــەو داهاتـــەی کـــە هـــەبووە. لەســـەرووی هـــەموو ئەمانەشـــەوە زیـــاتر تێکـــەڵاوبوونی دەســـەڵاتی حیـــزب و حکومـــەت لـــە ســـنووری یەکێتیـــداو لاوازی ئاســـتی بـــە دامـــەزراوەیی کردنـــی بـــەڕێوەبردن و فـــرە کوێخـــایی و لەســـەرووی هەمووشـــیانەوە نـــەتوانینی دانـــانی پارێزگـــارو بەرپرســـیاری تـــری ئیـــداری لێهـــاتوو و بـــە توانـــاو لێـــزان بـــۆ ئیـــدارەی شـــارەکە ئەمـــە بێجگـــە لـــە دەســـت تێـــوەردانی بەرپرســـانی ســـەرەوە لـــە کاروبـــاری ئیـــداری شـــارەکە. مەبەســـتم لـــەم قســـەیەش ئەوەیـــە کـــە یـــەکێتی نیشـــتیمانی لـــە دانـــانی پارێزگـــارو بەرپرســـەکانی تـــری ســـلێمانیدا ســـەرکەوتوو نـــەبووەو بێگومـــان ئـــەوەش زیـــانی زۆری لـــە شـــارەکە داوەو ســـەرئەنجام خـــودی یـــەکێتیش زەرەری لێکـــردووە. لـــە ســـەرووی هەمووئەمانەشـــەوە ســـلێمانی لـــە ســـێ قۆناغـــدا دووچـــاری کێشـــە بـــووە. یەکـــەمیان کـــاتێ بـــەعس لـــە پرۆســـەی بـــەدناوی بەعـــەرەبکردنی کـــەرکوك و خانـــەقین و ناوچـــەکانی تـــردا ژمارەیـــەکی زۆری کـــوردی ئـــەو ناوژانـــەی نـــاردە ســـلێمانی کـــە ئـــەوە رۆڵـــی هـــەبوو لـــە شـــێواندنی بـــاری سرووشـــتی شـــارەکەدا. دووەم کـــاتێ لـــە ئـــەنجامی پرۆســـەی بـــەدناوی ئەنفالـــدا دانیشـــتووانی لادێکـــانی کوردســـتان بـــە ناچـــاری هاتنـــە نـــاو شـــارەکان بـــە سلێمانیشـــەوە کـــە ئـــەوەش دەوری هـــەبوو لـــە شـــێواندنی زیـــاتری سرووشـــتی شـــارو لادێـــی کوردســـتاندا بـــە سلێمانیشـــەوە. ســـێیەم کـــاتێ لـــە دوای 31ی ئـــاب شـــەپۆلێکی

تـــری خـــەڵك لـــە هـــەولێرەوە هاتنـــە ســـلێمانیو تەنانـــەت بوونـــە فـــەرمانڕەوای شـــارەکە. ســـلێمانی لـــەم قۆناغانـــەدا زیـــانی بەرکـــەوتووەو ئـــەوەش وایکـــردووە کـــە خـــەڵکی راســـتەقینەی ســـلێمانی واتـــە ئەوانـــەی کـــە خۆیـــان بـــە نـــەوەی شـــارەکە دەزانـــن لـــە شـــێخانی ســـلێمانی و ئەوانـــەی لـــە بابانـــەکان و قـــەزازەکان و شـــاڵیەکانو..... لـــە شـــارەکەدا مـــاون هەســـت بـــە کەوتنـــە پـــەراوێزەوە بکـــەنو پێیـــان وابێـــت ئـــەوان لـــە مـــافێکی ســـەرەکی کـــە مـــاف بـــەڕێوەبردنی شـــارە بێبـــەش کـــراون. ئـــەوش نـــەك هـــەر ئـــەوان بـــەڵکو زۆرینـــەی جـــەماوەری حـــەڵکی ســـلێمانی گەیاندووەتـــە ئاســـتی هەســـت بـــە غـــوبن کـــردن و تەنانـــەت بەشـــێك وەهـــا ســـەیر دەکـــەن کەســـانێك شـــار بەڕێوەدەبـــەنو باڵادەســـت و دەســـەڵاتدارن تێیـــدا کـــە نـــامۆن بـــە شـــارەکە. ئەمـــەش ئـــەو کێشـــە ســـەرەکیەیە کـــە ســـلێمانی دووچـــاری بـــووەو لاوازبـــوون و شکســـتی حیزبێکـــی وەکـــو یـــەکێت لـــە ســـلێمانیدا کـــە لانکـــی راســـتەقینەی لـــە دایکبـــوونی ئـــەو حیزبـــە بـــوو، بـــەهۆی ئـــەو هەســـتکردن بـــە غوبنـــەی خـــەڵکی ســـلێمانییەوەیە لـــە ســـەردەمی فـــەرمانڕەوای ئـــەم حیزبـــەدا لـــەم شـــارەیەدا. ئێســـتا هەســـت دەکرێـــت ســـلێمانی شـــارێکە ئـــەوانی تـــر تیایـــدا خـــاوەن مـــاڵن، ئەمـــەش خەریکـــە دەبێتـــە بەشـــێك لـــە تێـــڕوانینی زۆرینـــەی خـــەڵك، کـــە دەشـــێ لەبـــەردەوامبوونی ئـــەو بـــارەدا بەســـەر ســـلێمانیدا ســـەپێندراوە، کۆنەســـتی کۆمەڵایـــەتی جـــەماوەری ســـلێمانی بـــەو هەســـت و تێڕوانینـــە داگـــیر بکرێـــت کـــە ئـــەوەش کاریگـــەری نێگـــەتیفی دەبێـــت لەســـەر مەســـەلەی ســـەقامگیریو پێکـــەوەژیان لـــەم زەمینەیـــەداو دەشـــێ ببێتـــە زەمینـــەی زیـــاتر هەرەســـهێنانی ئینتیمـــا لـــەلای خـــەڵکی شـــارو ســـەرئەنجام خـــەڵکی شـــار یـــان جـــەماوەری ســـلێمانی بگەنـــە ئـــەوەی بـــێ باکانـــەو بێدەربەســـتانە لـــە هـــەموو ئـــەوە بڕوانێـــت کـــە دەســـەڵاتی دەرەوەی خۆیـــان لەشـــارەکەدا ئـــەنجامی دەدات، یـــان دەشـــێ لـــە چرکەســـاتێکدا بگەنـــە ئـــەوەی بـــە دەنگـــی بـــەرز بڵـــێن نـــا نـــەخێر. بـــە تایبـــەتیش پێناچـــێت لـــە دوای نـــەمانی مـــام جـــەلال هـــیچ کەســـی تـــری دەرەوەی ســـلێمانی بتوانێـــت دەســـەڵات بەســـەر ســـلێمانیدا بکـــات. چـــونکە ئـــەوەی لـــە عـــەقڵی دەســـتەجەمی ســـلێمانیو تەنانـــەت لـــە کـــەلتووری بـــاوو باڵادەســـتی ســـلێمانیدا دیـــارە ئەوەیـــە کـــە ناتوانرێـــت بـــۆ مـــاوەی درێـــژ بێـــدەنگ بکرێـــت. هەربۆیـــە ئەگـــەری بیســـتنی دەنگـــی ناونـــەخێری جـــەماوەری ســـلێمانی چـــاوەڕوان کـــراوە. مـــن پێموایـــە دەنگـــدانی زۆرینـــەی خـــەڵکی ســـلێمانی بـــە بزووتنـــەوەی گـــۆڕان لـــە 25ی تـــەموزدا بەشـــێکە لـــەو رەتکردنـــەوەی دەســـەڵاتی دەرەوەی ســـلێمانی کـــە دەشـــێ لـــە هەڵبژاردنـــەکانی داهـــاتوودا ئـــەو دەنگـــی نـــەخێرە بـــەهێزتر ببێـــت تـــا ســـەرئەنجام دەگاتـــە ئـــەو ئاســـتەی کـــە بەئاشـــکرا بـــەوانی دەرەوە ســـلێمانی دەڵێـــت ئێـــوە مـــاف فـــەرمانڕەواییو بـــەڕێوەبردنی ئـــەم

**شـــارەتان نییـــەو تەنانـــەت رەنگـــە لـــە قۆنـــاغێکی تـــردا بشـــێت فـــەرموو بـــەجێی بهـــێڵن. ئـــەوەی لـــە کـــەلتووری ســـلێمانی چـــاوەڕوان دەکرێـــت بـــۆ داهـــاتوو ئەمەیـــە، ئـــیتر پەیوەنـــدی نییـــە بـــەوەوە کـــە ئێمـــە ئەمـــەمان بـــەلاوە پەســـەندە یـــان نـــا بـــەڵکو شـــتێك هەیـــە واقیعـــەو لـــە رووی راستیشـــەوە ئـــەوەی کـــە لەواقیعـــدا روودات یـــان ئـــەنجام دەدرێـــت ئـــەوە دەبێـــت بەشـــێك لـــە ژیانی خەڵکیو مێژوو نەك ئەو بۆچوونانەی لەسەر زەمینەی واقیع جێگایان نابێتەوە.**

**7- خەمی ئینتیما**

**ئینتیما بریتیە لە پەیوەستبوونێکی ئەنتۆلۆجیانە، ئەگەر مەبەستمان ئینتیمای نەتەوەییو نیشتیمانی بێت ئەوا ئینتیما دەبێتە پەیوەستبوونێکی روحیو مەعنەوی بە نەتەوەو نیشتیمانەوە، کەواتە ئینتیما دەبێتە بەشێك لە بوون، دیارە بوون بە چەمکی کۆمەڵایەتی نەك بە چەمکی فیزیکی. مەبەست لەم قسەیەش ئەوەیە کە لە رووی کۆمەڵایەتی یان مرۆییەوە تا چ ئاستێك مرۆڤ وەکو تاك یان کۆ پەیوەستە بە نەتەوەو نیشتیمانەوە، یان لە ئاستێکی بەرزتردا پەیوەستە بە مرۆڤایەتیەوە چونکە ئەوە ئاشکرایە هەر ئینتیمایەك رەهەندێکی مرۆڤایەتیانەی نەبێت سەرئەنجام دەبێتە جۆرێك لە توندڕەوی یان شۆڤێنیزم.**

**مرۆڤ بە خۆڕسکی جۆرێك لە ئینتیمای هەیە بۆ خێزانو ئەو رووبەرە جوگرافیەی کە تێیدا لە دایك بووەو منداڵی تێدا بەسەر بردووە، بەڵام ئەم جۆرە ئینتیمایە بابەتێکی سرووشتی کاڵەو لە چوارچێوەی غەریزەدا دەمێنێتەوەو پەیوەندی نییە بەئاستی هوشیاریەوەو بە زارەوەی کۆمەڵایەتی پێی دەوترێت ئینتیمای کاڵ یان**

سرووشتی، که دەشیٚ زیندەوەرانی تریش هەمان جۆرە ئینتیمایان هەبێت. بەلاٚم ئینتیما بە چەمکی کۆمەلاٚیەتی بەرهەمی هوشیاریو فیکرو تێڕامانو هەلوٚێستو جیهانبینیه. لەم روانگەیەشەوە ئینتیما پۆلیٚن دەکریٚت بۆ ئینتیمای نیشتیمانی، نەتەوەیی، چینایەتی، ئایدیۆلۆجی، فیکری، ئایینیو... لە هەموو بارەکاندا ئینتیما بنەمایەکە بۆ دیاریکردنی هەلوٚیٚستی تاکەکەسو رۆلٚی دیاریش دەبینیٚ لە بەرجەستەکردنی رەوتارو کردەوەو جولٚەی تاکەکاندا. زۆربەی کات ئینتیمای بەهیٚز مرۆڤ دەگەیەنیٚتە ئاستی بەسۆز بوونو شویٚنکەوتنی رۆمانسیانەو وەکو عاشقیٚکی لیٚدەکات کە تەنیا لە پیٚناوی ئەو پەیوەستبوونە رۆحیەدا بژی، هەرئەوەشە کە مرۆڤ والیٚدەکات ژیانی خۆی ببەخشیٚت.

هەرچەندە کۆمەلٚگەی کوردی لە ئاستیٚکی پەرەسەندنی لاوازی کۆمەلاٚیەتیدایەو بەوپیٚیەش هوشیاری نەتەوەیی لاوازەو ناسیونالیزمیش کە دەروازەیەکی گرنگە بۆ ئینتیمای نەتەوەییو نیشتیمانی نەبۆتە بزووتنەوەیەکی کۆمەلاٚیەتی خاوەن بەرنامەی پیٚویست، بەلاٚم لەگەلٚ ئەوەشدا جۆریٚك لە ئینتیمای نەتەوەییو نیشتیمانی لە کوردستاندا هەبووە کە مرۆڤی کوردی گەیاندووەتە ئاستی ئامادەبوون بۆ خویٚنبەخشینو قوربانیدان لە پیٚناوی نەتەوەو نیشتیمانداو مرۆڤی کورد خۆنەویستانە لە ژیٚرکاریگەری ئەو ئینتیمایەدا خەباتی کردووەو پیٚی وابووە بوونی ئەو بە ئازادی نیشتیمانو نەتەوەکەیەوەیە، ئەوەش جوانترین ئاستی ئینتیمایە کە مرۆڤ بگەیەنیٚتە ئەو ئاستەی پیٚی وابیٚت بوونی ئەو لە بوونو ئازادی نەتەوەو نیشتیمانەکەیدایەو ئەگەر ئەم تیٚڕوانینە ببیٚتە فەزایەکی گشتی لەنیٚو کۆمەلٚگەدا ئەوا ئاستی بەرپرسیاریٚتی هیٚندە بەهیٚز دەبیٚت هەموو تاکیٚك هەست دەکات کە کارکردن لە پیٚناوی بیناکردنو بەرەوپیٚشبردنو ریٚکخستنو پاراستنی نیشتیماندا لە هەموو ئاستەکاندا ئەرکی ئەوە، دروستبوونی ئەو جۆرە هەستکردنەش رۆحی ئینتیمایە کە گەوهەرەکەی بریتیە لە خۆشەویستی.

هەرچەندە ئیٚستا ئاستی ئەو ئینتیمایە جۆریٚك لە کالٚبوونەوەی پیٚوە دیارە بە تایبەتی لەلای نەوەی نویٚ، بەلاٚم ئەمە ئەوە ناگەیەنیٚت کە هەرەسی هیٚناوە، لیٚرەدا یەکیٚك لە ئەرکەکانی حکومەتو دەسەلاٚتی خۆمالٚی کوردی ئەوەیە کەچۆن ئاستی لاوازبووی ئینتیما لە لای مرۆڤی کورد بەهیٚز دەکاتەوە. بیٚگومان خەمی ئیٚمە ترسە لە زیاتر لاوازبوونی ئەو ئینتیمایە، بۆ ئەوەی ئەوە روونەدات پیٚویستە حکومەت هەولٚبدات ئەو رۆحە پاسیڤکراوە چالاك بکاتەوە، ئەویش بە دروستکردنی فەزایەك دەبیٚت کە هەموو تاکیٚك هەست بکات ئەو بەشیٚکە لەم نەتەوەو نیشتیمانەو مافو ئەرکی هەیە. مافیش لە ریٚگای دابینکردنی ژیانیٚکی باشو عەدالەتی کۆمەلاٚیەتیو یەکسانیو سەیرکردنی هەمووان لە روانگەی کارو دلٚسۆزییەوە دەگاتە ئەنجام. بەلٚیٚ ئەگەر بمانەویٚت ئینتیمای لاواز بەهیٚز بکەینەوە دەبیٚ ئەو بۆچوونە لەلای ئەندامانی کۆمەلٚ دروستبکەین کە ئەوان بەشیٚکن لە ئەندامانی ئەم نەتەوەو خاوەنی راستەقینەی ئەم ولاٚتەنو ئەوەش بە کردەوەو لە ریٚگای دەستەبەرکردنی کارو ژیانو مافەوە دەگاتە ئەنجام.

### 8- حیزبی کوردی لە نێوان رابردوو ئایندەدا!

بـــاس کردنـــی ژیـــانی حیزبایـــەتی لـــە کوردســـتاندا دەشـــێ تـــا ئەندازەیـــەك نزیـــك بێـــت لـــە باســـکردنی کـــۆی سیتســـێم و ژیـــانی حیزبایـــەتی لـــە رۆژهـــەلأتی ناوەڕاســـتدا. ژیـــانی حیزبایـــەتی رۆژهـــەلأتی ناوەڕایســـتیش تـــا ئەندازەیـــەکی ئاشـــکرا جیاناکرێتـــەوە لـــەو سیســـتێمە کۆمەلأیـــەتی و ئابووری‌وعەقلیـــەی کـــە کۆمەڵگـــەکانی ئێـــرەی لێپێکهـــاتووەو پێـــی بەڕێوەدەچـــێت. کـــە ئـــەویش لـــە پلـــەی یەکەمـــدا حیـــزب هەرچـــەندە لـــە راســـتیدا دامـــەزراوەی کۆمەڵگـــەی شـــارە بـــەلأم لـــە رۆژهـــەلأتی ناوەڕاســـتدا ئەڵتـــەرنایتیڤی دامـــەزراوەی خێـــڵ و عەشـــیرەتەو لـــە ئاســـتی دووەمیشـــدا کاریگـــەری حیزبـــی شـــێواز ســـتالینی بەســـەر کـــۆی حیزبـــەکانی ئـــەم رووبـــەرە جوگرافیـــەوە ئاشـــکرایە. ئەمـــە بێجگـــە لـــە کاریگـــەری دامـــەزراوەی

ئاييني كە ئەويش رۆڵى كاريگەرى هەيە لە شێوازى پێكهاتنى حيزبو رێكخستنىو بەرنامەو چۆنێتى كاركردنيدا، بەتايبەتى لە روانگەى هەرەمى پێكهاتنو سەرچاوەى بڕيارو شێوازى ئاراستەكردنى بڕيارو ئاراستەى بڕيارەوە كە بە ئاشكرا شێوازى پێكهاتەى هەرەمى دەسەڵاتى ئاييني هەيەو لەسەر هەمان شێوازو ستراتيژ كاردەكات، كە ئەويش بالأدەستى لوتكەى هەرەمەكەو بێدەسەڵاتى بنكەى هەرەمەكەيە. هەروەك چۆنێتى پێكهاتەى لوتكەى هەرەمەكە واتە سەركردايەتى حيزبو پاشانيش سەرۆكى حيزب هەمان شێوەى پێكهاتەى لوتكەى هەرەمى دەسەڵاتى ئايينيە، چونكە هەرچۆن لە هەرەمى دەسەڵاتى ئاييندا لوتكە هەميشە زيندووەو فەرمان هەميشە فەرمانى ئەوەو نە مردنو نە كۆتاييشى نييە، بە هەمان شێوە دەسەڵاتى حيزبى رۆژهەڵاتيش هەمان شێوەيەو بڕواى بە مردنو كۆتايى نييەو دانيشى پێدا نانێت. هەروەك لە دواى مردنيش ئەو هێشتا بە رۆح زيندووەو هەژموونى خۆيى هەيە.

ئەم پێشەكيەى كە باسمان كرد بە تەواوەتى بۆ ژيانى حيزبايەتى كوردستانيش راستەو بە بێ جياوازى ئاشكرا، حيزبەكان هەمان پەيڕەو پيادە دەكەنو ئەندامانى حيزبو بنكەى حيزب نەك ناتوانن لەو پێڕەوە لابدەن بەڵكو دەبێ كاريشى پێبكەنو زۆربەرى جاريش وەكو پيرۆز سەريرى دەكەن. كێشەى ئەم شێوازە پێكهاتنە لە دەسەڵات يان تەنانەت لە فيكرى ئاينيدا، تا ئەندازەيەكى ئاشكرا ئاساييە چونكە لە ژيانى ئاييندا پيرۆز هەيەو نەمر هەيە. خودا كە لە لوتكەى ئەو هەرەمەدايە نەمرەو پيرۆزيى رەهاى هەيە، لەبەر ئەوە هەرگيز كۆتايى نييەو ئەو رۆحى بالأيەو، هەموو رۆحەكانى تر لە چاو ئەودا بچوكنو چالاكەكانيان ئەوانەن كە هەوڵدەدەن لە رێگاى تەسەوفەوە بگەن بە زاتى خوداييو لە نێو رۆحى بالأى ئەودا بتوێنەوە. بەلأم لە دامەزراوەى حيزبيدا كە دامەزراوەيەكى هاوشێوەى دامەزراوەى ئاييني نە رۆحى بالأ هەيەو نەپيرۆزييەكى سرووشتى بەبڵكو ئەوە تاكەكانى حيزبن لە بچوك كردنەوەى خۆياندا هەوڵدەدەن لوتكەى هەرەمەكە پيرۆز بكەن، بەلأم ئەو پيرۆزييە شتێكى كاتيەو نەمريشى نييە، هەربۆيە زۆربەى كات كە ئەندامانى حيزبو جەماوەريش دەگەنە ئەو بۆچوونەى كە ئەوى سەرۆك يان سكرتێرى حيزب هەروەكو ئەمان مرۆڤى ئاساييەو رەنگە لە رووى مرۆيشەوە مرۆڤێكى كەميش بێت ئيتر ئەو پيرۆزييە دەڕوخێتو ئەو كاتە دامەزراوەى حيزب دەبێتە ئەو دامەزراوە شووناس ناسراوو ئاشكرايەى كە هەموو پيرۆزييەكانى خۆى دەدۆڕێنێت، ئەوەش ئەو چركە ساتەيە كە نەك جەماوەرى دەرەوەى حيزب بەڵكو

زۆربـــەی ئەنـــدامو لایـــەنگرانی حیـــزبیش پشـــتی لێدەکـــەنو هەوڵـــدەدەن ئـــەو هەرەمـــە هەڵبوەشـــێننەوە، ئەگـــەر ســـەیری حیزبـــی بەعســـی دوای ســـەدام حســـێنو حیزبـــەکانی موبـــارەكو زەیـــن عابـــدین بکـــەین لـــە دوای شـــکاندنی لوتکـــەی هەرەمەکـــە ئەوســـا بـــە ئاشـــکرا دەبیـــنین کـــە چـــۆن لـــە حیزبـــی شـــێوە هـــەرەمی ئایینیـــدا لـــە دوای هەرەســـی لوتکـــەی هەرەمەکـــە ئـــیتر هەرەمەکـــەش هـــەرەس دەهێنێـــت. تەنانـــەت ئـــەم میکانیزمـــە لـــە حیزبـــی کوردیشـــدا بـــە ئاشـــکرا دیـــارە. پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتانی ئێـــران لـــە دوای شـــەهیدکردنی ئـــەوڕەحمانی قـــاسملۆ نـــەیتوانی جـــارێکی تـــر بـــە باشـــی هەســـتێتەوە ســـەرپێ. پـــارتی کرێکـــارانی کوردســـتان لـــە دوای دەســـتگیر کردنـــی ئۆچـــالان بـــە جۆرێـــك دووچـــاری شکســـت بـــوو کـــە ناتوانێـــت لـــە ئاســـەوارەکانی ئـــەو شکســـتە رزگـــاری بێـــت، کـــە ئەمانـــە دوو حیزبـــی گـــەورەی کـــوردی خـــاوەن پێگـــەو نفـــوزو هـــەژموون بـــوون. ئـــەوەی بـــە گـــوێرەی یـــەکێتی نیشـــتیمانی چـــدوای مـــام جـــەلال چـــاوەڕوان کـــراوە، ئەوەیـــە کـــە ئـــەو حیزبـــە ناتوانێـــت پارێزگـــاری لـــەو پێگەو هێزەی بکات کە ئێستا لەسەردەمی مام جەلالدا هەیەتی.

ئایـــا ئـــەم بۆچـــوونو تێڕوانینـــە تـــا چ ئاســـتێك بـــۆ حیزبـــەکانی باشـــووری کوردســـتان راســـتە؟ بێگومـــان ژیـــانی حیزبایـــەتی لـــەم بەشـــەی کوردســـتان لـــە حـــەفتا ســـاڵ تێپـــەڕیووە. ئایـــا دەتـــوانین ئێســـتا دامـــەزراوەی حیـــزب لێـــرە وەکـــو دامـــەزراوەی کۆمەڵگەیـــەکی پێشـــکەوتوو یـــان مـــەدەنی ســـەیر بکـــەین یـــان حیـــزب تـــاکو ئێســـتا بریتیـــە لـــە هـــەمان دامـــەزراوەی جێگـــرەوەی دامـــەزراوەی خێـــڵو عەشـــیرەتو بـــە هـــەمان پێـــڕەوو بەرنامـــەی هـــەرەمی دەســـەلاتی ئـــایینیو هـــەرەمی دەســـەلاتی خێـــڵ کادەکـــاتو ناتوانێـــت گۆڕانکـــاری لـــە خۆیـــدا بکـــات بـــە تایبـــەتی لـــە کاتێکـــدا کـــە عـــەقڵو کـــەلتووری بـــاو هـــەمان عـــەقڵو کـــەلتووری خێـــڵو عەشـــیرەتەو هـــەمان پێـــڕەوەی بـــەڕێوەبردنی هـــەرەمی دەســـەلاتی ئـــایینیو خێـــڵ بنـــەمای بـــەڕێوەبردنن. ئەگـــەر لـــە ســـادەترین ئاســـتدا ســـەیر بکـــەین ئـــەوە دەبیـــنین ســـەرجەم حیزبـــەکانی ئـــەم بەشـــەی کوردســـتان لـــە درووســـتبوونیانەوە تـــاکو ئێســـتا هـــیچ حیزبێکیـــان نـــەیانتوانیووە سەرۆك یان سکرتێری خۆیان بگۆڕن.

پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان لـــە ســـاڵی 1946 ەوە کـــە دامـــەزراوە تـــاکو کـــۆچ کردنـــی، بـــارزانی ســـەرۆکی ئـــەو حیزبـــە بـــووە بـــۆ نزیکـــەی زیـــاتر لـــە 30ســـاڵ، لـــەو کاتەشـــەوە تـــاکو ئێســـتا زیـــاتر لـــە 30 ســـاڵە کـــاك مەســـعود ســـەرۆکی ئـــەم حیزبەیـــە. یـــەکێتی نیشـــتیمانی کـــە 35ســـاڵ بەســـەر دامەزراندنیـــدا تێدەپـــەڕێت لـــە ســـەرەتاوە تـــاکو ئێســـتا مـــام جـــەلال ســـکرتێریتی، تەنانـــەت حیزبـــە بچـــوکەکانیش لـــە سۆشیالیســـتو زەحمـــەتکێشو تەنانـــەت

هەندێ لە حیزبە ئیسلامیەکانیش سەرۆکو سکرتێرو ئەمیریان تا مردن لە شوێنی خۆیانن‌و تا لە ژیاندابن کەس ناتوانێت شوێنیان بگرێتەوە. هەر لێرەشەوە گومان دەکەوێتە سەر مەسەلەی دیموکراسی‌و ئازادی لە ژیانی حیزبایەتی کوردیدا چونکە ئەگەر دامەزراوەی حیزب خۆی بڕوای بە ئالوگۆڕی دەسەڵات لە ناو دامەزراوەکەی خۆیدا نەبێت چۆن دەتوانێت بۆ دەرەوەی خۆی دیموکراسی بێت‌و بڕوای بە ئالوگۆڕکردنی دەسەلات دەبێت؟

ئەوە ئاشکرایە شتێك هەیە بە ناوی کاریزماو هەروەك هۆبز باسی دەکات درووستبوونی کاریزما پەیوەندی بە هەندێ بنەمای گەوهەرییەوە هەیە لەو کەسێتەدا کە ئەو توانایەی پێدەبەخشێت کە مەرج نییە کەسێکی دەوڵەمەند یان خاوەن نفوزی خێڵ‌و عەشیرەت بێت یان قۆزو بالأبەرزو چاو شین بێت یان ... نەخێر بەڵکو هەندێ بنەما لەو بوارەدا دەو ر دەبینن کە پەیوەندیان بە کەسێتی ئەو کەسەوە هەیە. لە نموونەی غاندی یان جواهیر لال نەهرۆ یان ماندیلا کە بێجگە لە هەندێ بنەمای کەسێتی هیچ هۆکارێکی تر نادۆزرێتەوە بۆ بوونیان بە کاریزما. هەر ئەوەش هۆکارە بۆ ئەوەی ئەم کەسە کاریزمییانە ئەوەندە پلەو پایەیان بەلاوە گرنگ نەبووبێت، بەلأم لە مردنی کەسی کاریزمیدا زۆرجار شکستی گەورە بۆ دوای خۆی بەجێدەهێڵێت چونکە کەس ناتوانێت بە ئاسانی شوێنی ئەو بگرێتەوە. تاکو ئێستا ئەم بۆچوونە لای حیزبی کوردی بالأدەستە کە کەس شوێنی سەرۆك یان سکرتێر ناگرێتەوە، بەلأم ئێمە نموونەی ئاشکرامان لەبەردەستدایە کە مەرج نییە وابێت . بارزانی وەکو سەرۆکێکی دیارو خاوەن جۆرێك لە کاریزما لە بارودۆخێکی ناهەمواری کوردو حیزبەکەشیدا کۆچی دوایی کرد، بەلأم لە دوای ئەو حیزبەکەی دووچاری قەیرانی سەرۆکایەتی نەبوو. بەڵکو سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی بۆ پارتی هەروەك درێژکراوەی هەمان سەرۆکایەتی بارزانی دەڕوات. ئەمەش ئەو راستیە دەردەخات کە مێژوو ناوەستێت، راستە تاکە کەس هەندێ جار دەوری کاریگەری دەبێت لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت بە تەواوبوونی تاکەکان مێژوو رابووەستێت یان کۆتایی بێت. بە تایبەتی لە کۆمەڵگەیەکدا کە هەرەمی دەسەڵات‌و حیزبایەتی هاوشێوەی هەرەمی دەسەلأتی ئایینی‌و هەرەمی خێڵ‌و عەشیرەت نەبێت.

ئەوەی لە دامەزراوە حیزبییەکانی کوردستاندا دەبینرێت ئەوەیە کە هەموو هێزو توانای حیزب لە کەسێتی سەرۆك یان سکرتێردا کۆکراوەتەوەو هەرچۆن جەماوەر لە کۆمەڵگەی

ئێمەدا پێکهاتەیەکی پاسیڤکراوە بە هەمان شێوە نەک هەر ئەندامانی خوارەوەی حیزب بەڵکو حیزب وەکو دامەزراوەیەک هەموو تواناو ئامادەبوونی لە کەسێتی سەرۆک یان سکرتێردا کۆدەکرێتەوە کە ئەوەش دەبێتە هۆی پیرۆزی بەخشین بە سەرۆک یان سکرتێرو لە هەمان کاتیشدا هەموو ئیرادەی ئەندامانی حیزب لە بەرامبەر ئیرادەو دەسەڵاتی رەهای سەرۆک یان سکرتێردا هیچ نییە، هەر ئەمەشە وایکردووە کە ئێمە بەو چاوە بڕوانین هەر یەکە لەم حیزبانە بریتین لە سەرۆک یان سکرتێرەکەیان، خۆ ئەگەر سەرۆک یان سکرتێر کۆچی کرد ئیتر حیزب نامێنێت. ئێستا رەنگە ئەو حیزبەی لە کوردستاندا گەورەترین مەترسی لەم رووەوە لەسەر بێت یەکێتی نیشتیمانی بێت کە چەند رۆژێکی تر یادی دامەزراندنیەتی. هۆی مەترسیەکەش ئەوەیە تەمەنی سکرتێر هەڵکشاوەو باری تەندروستیشی لەبەردەم مەترسیدایەو سکرتێریش بە جۆرێک کاری کردووە کە رێگانەدات لە نێو سەرکردایەتیەکەیدا جێگرەوەی هەبێت. دیارە کێشەی حیزبی کوردی هەر ئەوە نییە کە سەرۆک پیر دەبێت یان کۆچی دوایی دەکات، بەڵکو کێشەی لەوە سەختتر ئەوەیە کە ئایا کام عەقڵ و کام نەوە لە ناو حیزبدا باڵادەستە؟

ئەوەی ئاشکرایە سەرجەمی حیزبەکانی کوردستان لە قەیرانێکی خنکێنەردان کە ئەویش ئەو قەیرانەیە کە ململانێی نەوەی کۆن و نەوەی نوێ بەرهەمی دەهێنێت. دیارە مەبەستمان لەم دەربڕینەش تەمەنی بایۆلۆجی نییە بەڵکو مەبەستمان لە کۆن و نوێ عەقڵە، واتە قسە لە بارەی ململانێی ئەو دوو عەقڵەوە دەکەین. کە دەشتوانین بە گوێرەی حیزبی کوردی بە عەقڵی شاخ و عەقڵی شار ناوی ببەین، دیسان مەرج نییە ئەوەی خەباتی پێشمەرگایەتی کردبێت هەڵگری عەقڵی شاخ بێت و ئەوەشی کە لە شار ژیاوەو ئێستا لە ئاستی بەرپرسیارێتیدایە هەڵگری عەقڵی شار بێت. بە درێژایی مێژووی یەکێتی نیشتیمانی کێشە ئەوە بووە هەمیشە عەقڵی نوێ هەستی بەوە کردووە کە گوێی لێناگیرێت و بەردەوام ئەو عەقڵە کە لە گەوهەرو ماهیەتدا پڕۆژەی گۆڕانکاری و نوێبوونەوەو هاوچەرخی بوون هەڵدەگرێت لە لایەن عەقڵی کۆن و ترادیشناڵو خۆپارێزەوە بەربەرەکانێ دەکرێت، بە تایبەتیش عەقڵی کۆن و خۆپارێز کە خۆی هەڵواسیووە بە سکرتێری گشتی و بە باش و خراپی سکرتێری گشتی دەڵێت باش و لە پاداشتی ئەوەشدا کۆمەڵێ ئیمتیازاتی وەرگرتووەو سکرتێری گشتی بە تەزکیە دەیانکاتەوە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ئەوانیش دەزانن ئەوە سکرتێری گشتیە کە ئەوانی گەیاندۆتە ئەو پلەو پایەیە لەبەرئەوە هەرگیز حەزناکەن عەقڵی نوێ

سەربکەوێت، چونکە یەکەم کاری عەقڵی نویٚ وەلاوەنانی هەڵگرانی عەقڵی کۆنە. بۆیە ئێستا ئەگەر سەرکردایەتی تەقلیدی یەکێتی پاشەکشەیان بکردایەو هەڵگرانی دیدو عەقڵی نویٚ ببوونایەتە خاوەنی بڕیار ئەوە ئەگەری ئەوە هەبوو کە یەکێتی بتوانێت خۆی زیندوو بکاتەوە. بەلاٚم بەردەوامبوونی بالاٚدەستی ئەو عەقڵیەتەی کە ئێستا لە ناو یەکێتیدا بالاٚدەستە بە بڕوای من مژدەبەخش نییە. کەواتە دەتوانم بڵێم راستە یەکێتی قەیرانی سەرۆکایەتی هەیە لە دوای مام جەلال، بەلاٚم کێشە سەرەکیەکە ئەوەیە کە تاکو ئێستا عەقڵی گۆڕانکاریخوازو عەقڵێك کە بتوانێت ئایندە بۆ یەکێتی مسۆگەر بکات عەقڵێکی ناکاراو پەراوێزییە.

بەهەرحاڵ ئەوە هەر یەکێتی نییە کە عەقڵی کۆن و خۆپاریز بەڕێوەی دەبات و عەقڵی نویٚ و گۆڕانخوازیش لە پەراوێزدایە. بە بۆچوونی من لەو رووەوە بارودۆخی پارتی و گۆڕانیش هیچ لە یەکێتی باشتر نییە. بۆ نموونە ماوەی چەند ساڵێکە باسی ئاراستەیەکی نویٚ و گۆڕانخواز دەکرێت لە ناو پارتیداو ئەوەشی ئاشکرایە نێچیرڤان بارزانی سەرکردایەتی ئەو شەپۆلە دەکات بەلاٚم وەك دەبینرێت ئەو دەنگەش لە ناو پارتیدا دەنگێکی کزەو رۆژ بە رۆژیش کپتر دەبێت، هۆکەشی ئەوەیە کە عەقڵی تەقلیدی و خۆپاریزی ناو پارتی بە جۆرێك بالاٚدەستە کە دیدوبۆچوونی گۆڕانکارییان لە قاڵب داوەو رووبەرێکی ئەوتۆیان نەهێشتۆتەوە کە ئەو دەنگەی دوو ساڵ پێش ئێستا لە ناو پارتیدا بۆ گۆڕانکاری دەبیسترا ئێستا ببیسترێت نەخێر ئەو دەنگە ئێستا لەلایەن کەسەوە نابیسترێت، چونکە ئەو عەقڵیەتە تراديشناڵ و کۆنەپارێزەی کە بەرژەوەندییەکانی لەوەدایە پارتی بە شێوەی پێشتری بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەو نەکەوێتە مەترسیەوە هەموو کۆششێك دەکات بۆ ئەوەی دەنگی گۆڕانخوازو عەقڵی نوێی ناو پارتی کپ بکات.

بە هەمان شێوە بزووتنەوەی گۆڕانیش بە ئاشکرا دیارە کە لە رووی بنیادی عەقڵی و جیهانبینییەوە هاوشێوەی یەکێتی و پارتییە. ئەو عەقڵە تراديشناڵە کۆنپارێزەی کە لە ناو یەکێتییەوە هاتۆتە دەرەوەو تا لە ناویەکێتیشدا بووە نە بڕوای بە عەقڵی نویٚ و نە بەوەی نوێش هەبووە، ئێستا ئەویش بە هەمان شێوە هەموو هەوڵێك دەدات بۆ ئەوەی پارێزگاری لە پێگەی خۆی لەسەر حیسابی خواست و ویستەکانی ئەو نەوە گەنجە خوێن گەرمە بکات کە لە ریزەکانی بزووتنەوەکەدایەو تموحی گۆڕانکاری ریشەیی هەیە. بێگومان ئەگەر تاکوتەرا گەنجیش پێگەیەکیان هەبێت لە نێو بزووتنەوەی گۆڕاندا

کە هەست بکرێت بایەخیان پێدەدرێت ، ئەوە ئەو تاکە گەنجانەن کە بە عەقڵی سەرکردایەتیە تەقلیدیەکەی گۆڕان دەڕۆن بەڕێوەو بە چاوی ئەوان دەبینن و بە مێشکی ئەوان بیر دەکەنەوە، هەمان شێوەی ئەو سوپا گەورەیەی گەنج و لاوی نێو ریزەکانی یەکێتی و پارتی کە لە بری ئەوەی هەڵگری دروشمی نوێخوازی و گۆڕانکاری بن لە نەوە کۆنەکە زیاتر خۆپارێزو عەقڵی کۆن پارێزن و لە بری حیزب تەنیا ئینتیمایان بۆ کەسی سەرکردە هەیە. ئەو لاوانەی لە ریزەکانی حیزبی کوردیدا بە لای سەرکردایەتیە تەقلیدیەکەوە پەسەندن ئەوانەن کە پێیان وایە لە دوای سەرکردایەتی تاڵەبانی و بارزانی و نەوشیروان ئیتر مێژوو دەوەستێت. بێگومان زۆرێکی قەیرانی حیزبایەتی کوردستان لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. واتە ئەوە بووەتە روانینێکی ئاشکرا کە لە دوای مردنی سەرۆك یان سکرتێری گشتی زۆرینەی حیزبەکانی کوردستان بوونێکی ئەوتۆیان نامێنێت شایانی باس بێت. هەرچەندە بە بۆچوونی من پارتی ئەو تاکە حیزبەیە لە کوردستاندا ئەو کێشەیەی نییە چونکە هەرچۆن لە دوای کۆچی دوای بارزانی دووچاری قەیرانی سەرۆکایەتی نەهات لە قۆناغەکانی داهاتووشدا ئەگەری ئەوە زۆر کەمە پارتی دووچاری قەیرانی سەرۆکایەتی بێت، بەڵام لەپاڵ ئەوەدا پارتی بەدەست قەیرانی خنکێنەری عەقڵی خۆپارێزو دژە نوێبوونەوەو دژە گۆڕانکارییەوە دەناڵێنێت کە ئەوەش هیچی کەمتر نییە لەو قەیرانی سەرۆکایەتیەی کە یەکێتی لە دوای مام جەلال دووچاری دەبێت و گۆڕانیش لە دوای کاك نەوشیروان رووبەڕووی دەبێتەوە. کەواتە ئەوەی کێشەی سەرەکی حیزبی کوردییە یەکەم بالادەستبوونی ئەو عەقڵیەتە تەقلیدییەیە کە پێی وایە مێژوو لەودا کۆتایی دێت، واتە بەم شێوازەی ئێستایەوە حیزبی کوردی توانای خۆ نوێکردنەوەو هاوچەرخبوونی نییە کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت قۆناغی مێژووی ئەم جۆرە حیزبە بەسەرچووە. دووەمیش کێشەی شێوازی پێکهاتەی هەرەم ئاسای ئەم دامەزراوانەیە کە لە هەرەس هێنانی لوتکەی هەرەمەکەدا ئیتر ئەگەری رووخاندنی هەرەمەکە زۆر نزیکە چونکە رۆحی هەرەمەکە لە لوتکەکەیدا کۆبووەتەوە، هەرەسی لوتکە مانای مردنی رۆحی هەرەمەکەو ئەوەش سەرەتایە بۆ رووخاندنی یان هەرەسهێنانی هەرەمەکە.

9- وەهمی دایەلۆكی نێوان مەلاو رۆشنبیر:

پیادەكردنی چەمكی یەكتر قبوڵكردنو لێبوردەییو پێكەوەژیان، یان دایەلۆك تەنیا وەكو چەند زاراوەیەكی بێگیان دەمێننەوە ئەگەر لەسەر زەمینەی واقیع لە گوفتارەوە نەكرێن بە كردار. بێگومان بە كردار كردنی ئەم چەمكانەش راستەخۆ پەیوەندیان بە بنەماكانی دیموكراسیەوە هەیە. خاڵی سەرەتاش لە سیستێمی دیموكراسیدا بریتیە لە ئاڵوگۆڕكردنی دەسەلأت لە رێگای سندوقەكانی دەنگدانەوە، هەڵبەت گەیشتنی كۆمەڵگە بەوەی كە ئاڵوگۆڕی دەسەلأتی تێدا بكرێت لە رێگای سندوقەكانی دەنگدانەوە بەندە بە جۆرو سرووشتی كەلتوورو عەقڵی سیاسی ئامادەو باڵادەست لەو كۆمەڵگایەدا. كە مەبەست لەم قسەیەش ئەوەیە ئایا كەلتوورو عەقڵی باڵادەست لەو كۆمەڵگایەدا تا چ ئاستێك بە راستی بڕوای بە بوونی جیاوازیو دایەلۆكو یەكتر قبوڵكردن هەیە لەسەر بنەمای ئەو جیاوازییانەو كاریش دەكات بۆ بە كردار كردنی یەكتر قبوڵكردن لەسەر بنەمای داننان بە بوونو بە رەوایەتی جیاوازیدا.

دیارە گومانمان لەوە نییە كەلتووری رۆژهەلأتی بە گشتیو كەلتووری ئایینیش بە تایبەتی لەو بارەیدا كە لە كۆمەڵگە جیاوازەكانی رۆژهەلأتی ناوەڕاستدا باڵادەستە رووبەرێكی لەرادەبەر تەسكی هەیە بۆ داننان بە جیاوازیو قبوڵكردنی جیاوازیو ئەوی جیاوازداو، لەم كەلتوورەدا تاكو ئێستا رووبەری دایەلۆك لە ئاستی نەبوودایە كە ئەمەش مانای رەتكردنەوەی هەموو جۆرە گوێ گرتنێكە. هەڵبەت ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە نییە كە گەوهەری ئایین بە گشتیو ئایینی ئیسلامیش بە تایبەتی وەكو پەیامێكی ئاسمانیو لەسەر بنەمای قورئانو فەرموودە چەند ئایەتو چەند فەرموودە هەن كە باسی بوونی جیاوازیو یەكتر قبوڵكردنو لێبووردەیی دەكەن. ئەمە سەرباری بڕوابوونمان بەوەی كە لە رووی كۆمەڵایەتیەوە پەیامی ئیسلام پەراوێزێكی فراوانی هەیە بۆ عەدالەتی كۆمەڵایەتیو یەكسانیو راستگۆییو دەست پاكیو دەروون پاكیو پاكژبوونەوەی رۆحو دڵو دەروون، بەلأم ئایا لە ئەزموونی دەسەلأتداریدا هەر لە دوای پێغەمبەرەوە تاكو ئێستا تا چەندێ دەسەلأتی دەوڵەتی ئیسلامی لە دەسەلأتی ئەمەویو عەباسیو عوسمانیو سەفەویو قاجاریو دوای ئەوانیش لە كۆی ئەو سیستێمو دەوڵەتانەی كە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تاكو ئەمڕۆ كە خۆیان بە دەوڵەتی ئیسلامی دەزانن چەندیان پەیڕەوی سادەترین بنەماكانی پەیامی ئیسلام دەكەن، بە

تایبەتی لە رووی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی و ماف و ئەرکەوە؟ بە مانایەکی تر بە گشتی ئەو سیستێمە سیاسیانەی کە بە ناوی سیستێمی ئیسلامی یان دەوڵەتی ئیسلامیەوە لە مێژوودا درووست بوون نموونەیەکی نەك باش بەڵکو نموونەیەکی پەسەندیشیان لە سیستێمی دیموکراتی پێشکەش نەکردووە بەڵکو بە گشتی لەسەرەتاوە تاکو ئێستا سیستێمی تیۆکراتی ستەمکارو تۆتالیتار بوون و سیستێمی دەسەلاتی تاکە کەس یان تاکە بنەماڵەو دەستەو گروپ بوون و هەمیشەش گەل پاسیڤ کراوەو چەوسێندراوەتەوەو مافی خوراوەو لە سادەترین بنەماکانی ئازادی بێبەش کراوە. ئەم سیاسەتە تاکو ئێستاش لە جوگرافیای دەسەلاتی دەوڵەتانی ئیسلامیدا بەردەوامە، ئەگەرچی سیستێمی فەرمانڕەوای ئەو دەوڵەتانە ئیسلامی بێت یان بە درۆ عەلمانی بێت هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. هۆکاری ئەمەش راستەخۆ لە پاڵ دوورکەوتنەوە لە بنەماکانی ئیسلام بۆ چاکسازی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی بریتیە لە کەلتووری باوو بالادەستی ئەم کۆمەڵگایانەوە.

ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری کوردستان بکەین ئەوا دەشێ لەسەر چەند خاڵێك رابووەستین کە پەیوەندییان بە شێوازی دەسەلاتداری کوردی و رۆڵی ئایین و مامۆستای ئایینیەوە هەیە لە کوردستاندا. کە دەشێ لێرەدا بپرسین ئایا ئەو دەسەلاتەی لە کوردستاندا هەیە دەسەلاتێکی ئایینیە یان عەلمانییە؟ ئایا دەسەلاتی کوردی روانینێکی ئاشکرای هەیە بۆ پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەت؟ ئایا ئەو عەقڵەی کوردستان بەڕێوەدەبات عەلمانییە یان ئایینیە یان عەقڵێکە ناتوانێت لە جیاوازی نێوان ئەم دوو چەمکە تێبگات و بە باشی رێکیان بخات؟

بێگومان ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە ناتوانرێت تەسەوری کۆمەڵگەیەك بکرێت بە بێ ئایین یان کۆمەڵگەیەك کە رووبەری رۆحی بریتی بێت لە بۆشایی. هەر لەم روانگەیەشەوە دەبێ ئەوە ئاشکرا بێت کاتێ باسی رێکخستنی نێوان ئایین و دەسەلاتی بەڕێوەبردن و سیاسی دەکرێت لە کوردستاندا مەبەست ئەوە نییە کە داوای ئەوە بکرێت کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەك بێت لە دەرەوەی ئایین، بەڵکو لە راستیدا مەبەست لەم قسەیە ئەوەیە کە ئەوە بزانرێت ئایین تا کوێ و تا چ ئاستێك مافی هەیە دەسەلاتی خۆی بسەپێنێت بەسەر کۆی تاکەکانی کۆمەڵگەداو سیاسەت و دەسەلاتیش تا کوێ و تا چ ئاستێك بۆیان هەیە خۆیان لە پەیوەندی تاکە کەس و خوای خۆی هەڵقورتێنن، لە کاتێکدا ئایین بریتیە لە پەیوەندی نێوان تاکە کەسی بڕوادارو خوای خۆی؟

دیاره لەو بارودۆخەی لە کوردستاندا هاتووەتە ئاراوە مەسەلەی هارمۆنیاو باری هێمنی چەندین ساڵەی نێوان ئایین و کۆمەڵگە بەرەو جۆرێك لە ئاڵۆزی دەڕوات کە ئەویش لە ئاستی یەکەمدا پەیوەندی هەیە بە دەرکەوتنی حیزب و ئاراستە ئیسلامیەکانەوە، واتە ئیسلامی سیاسی کە حەقی ئەوەی بە خۆی داوە لە درشت و وردی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی بکۆڵێتەوە. هۆکاری بەهێزبوونی ئیسلامی سیاسی و حیزبە ئیسلامیەکانیش لە کوردستاندا وای لە یەکێتی و پارتی کردووە بۆ ئیحتیواکردنی بەشێك لە مەلاکانی کوردستان بە درۆ موغازەلەی پیاوانی ئایینی بکەن و پارەو پولیان بەسەردا ببەخشنەوەو دەستەمۆیان بکەن. هەندێ مەلاش سەرباری وەرگرتنی پارەو پول و راگەیاندنی ئەوەی کە سەرۆکی ئەم حیزبەیان یان ئەو حیزبەیان وەلی ئەمریانە، بە کەیفی خۆیان سوکایەتی بە بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردی بکەن و خۆیان بە بەدیلی یاساو دامەزراوەی دادوەری بزانن و مینبەری مزگەوت بۆ بانگەشەی حیزبی و بۆ فتوادان و بۆ وروژاندنی کۆمەڵایەتی و تەنانەت بۆ سوکایەتی کردن بە رۆشنبیران و هونەرمەندان و نووسەران بەکار بهێنن. لە کاتێکدا لە زۆربەی ولاتانی ئیسلامیدا گوتاری ناو مزگەوت نابێت لە دەرەوە ببیسترێت واتە قەدەغەیە بڵندگۆی مزگەوت بهێنرێتە دەرەوەو دەنگی مەلای مزگەوت هەموو گەڕەك و کۆڵانەکانی شار بگرێتەوە چونکە ئەگەر بڕوامان بە رێزگرتنی ئەوی تر هەبێت دەبێ باش لەوە تێبگەین کە بۆمان نییە بە دەنگ و بیروبۆچوون و قسەی خۆمان هیچ کەسێکی تر بێزار بکەین. لە ولاتێکی وەکو تورکیادا کە زۆرینەی ئیسلامیەکان بە نموونەی بالای دەزانن بە تایبەتی لەو کاتەوە کە نەجمەدین ئەربەکان و دوای ئەویش عەبدوڵا گویل و ئەردۆگان دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، نەك هەر نابێت دەنگی گوتاری مەلای مزگەوت بێتە دەرەوەی مزگەوتەکەی بەڵکو نابێت مەلا لە دەرەوەی مزگەوت بەرگی مەلایەتیش بپۆشێت، کەچی لە سنووری دەسەڵاتی کوردستاندا مامۆستای ئایینی خۆی بە بەدیلی حکومەت و یاساو دەستوورو عورف و کۆمەڵگە دەزانێت و بەخۆیی رەوا دەبینێت کە لە هەموو شتێکدا کە پەیوەندی بە جەماوەرو نوخبەی رۆشنبیرو نووسەرو هونەرمەندو تەنانەت مامۆستای قوتابخانەشەوە هەبێت بڵندگۆی مزگەوت بەکار بهێنێت، بەڵام بۆ تاکە جارێکیش هیچ مەلایەکی دیاری کوردستانمان نەبینی بڵندگۆکەی مزگەوت بەکار بهێنێت بۆ باسی گەندەڵی و دزی و بەدڕەوشتی بەرپرسێك. یان بۆ ئەو هەموو کارە نادرووستانەی کە دەسەڵات دەیانکات لە دزینی سامانی گەل و بە فیڕۆدانی خوێنی هەزاران لاوی ئەم

ولأتــه لــه شــەڕی نــاوخۆدا، یــان باســی ئــەو ناعەدالەتیــەی کــه ســەرتاپای جەســتەی کۆمەڵگــەی کــوردی گرتۆتــەوە لــه ئــەنجامی سیاســەتی خــراپ بــەڕێوەبردنی دەســەلأتدارانی کوردســتاندا، یــان نــەمان بیســت جارێــك یــەکێك لــه مــەلا دیارەکــانی کوردســتان بڵنــدگۆی مزگەوتەکــەی بــەکار بهێنێــت بــۆ ڕەخنــەگرتن لــه دەســەلأتی کــوردیو پێــی بڵێــت ئەگــەر بەڕاســتی ئێــوە دڵتــان بــەم میللەتــه دەســووتێتو تۆزێــك لــه خــودا دەترســنو ویــژدانتان هەیــه ناکرێــت بــەوجۆرە گاڵتــه بەســەروەتو ســامانیان بکــەنو بــه دەیــان هــەزار کــەس لــه کوردســتاندا برســیو بێکــار بــنو ئێــوەش وەکــو قەیســەرەکانی رووس بــژین. لــه کاتێکــدا ئەگــەر مــەلای کوردســتان بەراســتی مــەلابن ئــەوا دەبــێ وەکــو مــەولانا خالیــدی نەقشــبەندیو دەیــان مــەلای بــەڕێزی تــری ئــەم نەتەوەیــه بوونایــه کــه هــەرگیز لــه پێنــاوی مەکســەبو مەنســەبی دنیایــدا وەکــو زۆرینــەی مــەلاکانی ئێســتا نــەبوون، کــه ببنــه شــوێن کــەوتووی بەرپرســانێك کــه خــواو نیشــتیمانو نەتــەوەیان خــۆش ناوێــت. بــەڵێ ئــەوە راســته ئیســلام لــه کوردســتاندا لــه پاشەکشــەیەکی خێرادایــه ئــەویش لــه پلــەی یەکەمــدا مــەلاکانی کوردســتان لێــی بەرپرســیارن بــه تایبــەتی هــەموو ئــەو مەلایانــەی کــه حیــزبین چ یــەکێتی بــن یــان پــارتی بــن یــان یــەکگرتوو یــان کۆمــەڵ یــان بزووتنــەوە، ســەد جــار زانــابن، شەخســیەتی مــەلایان نییــەو کــادیری حیــزبن، حیــزبیش کــار بــۆ ئــەم دنیــا دەکــات واتــه مــەلای حیزبــی هــیچ جیــاوازیی نییــه لەگــەڵ هــەر کەســێکی تــری حیزبیــدا هــەر بۆیــه دەســەلأتی کــوردی هەڵــه دەکــات کــه رێــزی مــەلای حیزبــی وەکــو مــەلاو رابــەری ئــایین بگرێــت. لــه کاتێکــدا دڵنیــام مــەلا راســتەقینەکانی کوردســتان ئەوانــەی کــه بەراســتی شــایانی ئــەوەن کــه پێیــان بگوترێــت رابــەری ئــایین، ئەوانــەن کــه بەراســتی ئــەرکی خۆیــان وەکــو رابــەرو رێنیشــاندەری راســتو راســتگۆ نیشــان دەدەن. بــەلأم مــەلای حیزبــی ســەر بەهــەر حیزبێــك بێــت دانــی بــەوەدا نــاوە کــه ئایــدیۆلۆجیای ئــەو حیزبــەی کــه ئــەم ئەندامــه لێــی پیرۆزتــرە لــه گەوهــەری ئیســلام. ئەمــەش شووناســی مەلایــەتی بــوون دەخاتــه بــەردەم پرســیارەوە. هــەر بۆیــه مــن ســوورم لەســەر ئــەوەی بــەڕێزترین مــەلای حیزبــی لــه کوردســتاندا بــریتین لــه مــەلا عەبــدولأی حەســەن زادەو مــەلا ئەحمــەدی بــانی خــێلأنو مــەلا موحەمــەدی مــەلا قــادرو مــەلا بــەختیارو ئەمــەش لەبــەر یــەك هــۆی ســادە ئــەویش ئەوەیــه کــه ئــەم چــوار مــەلا حیزبیــه بــه درێــژایی ژیانیــان لــه خەباتــدا بــوون بــۆ میللەتەکــەیان بــەلأم بەگشــتی زۆرینــەی مــەلای حیزبــی جبــه لەبــەر بەســەدیان هــەنگاوێك لــه مــاڵی خۆیــان لــه پێنــاوی کــوردو کوردســتاندا دوور نەکەوتوونەتــەوەو ئــەو بڵندگۆیــەی مزگەوتــەکان کــه ئێســتا بــۆ تــەکفیرکردنی نووســەرو ئــەدیبو رۆژنامــەنووسو

هونەرمەنـــد بـــەکاری دەهێـــنن لـــە ســـەردەمی بەعســـدا زۆربـــەیان بـــۆ پیاهەڵـــدان بـــە بـــەعس و بـــۆ دوعـــاکردن بـــۆ ســـەلامەتی ســـەدام حســـێن بـــەکاریان دەهێنـــا، مـــەلاش هـــەبوو لـــە بڵنـــدگۆی مزگەوتـــەوە باســـی ئـــەوەی دەکـــرد بـــە پێـــی بنـــەماکانی ئیســـلام ئـــەنفال حەقـــە. لـــە کاتێکـــدا کـــە زۆرێـــك لـــە مـــەلایان بـــەمجۆرە رەفتاریـــان دەکـــرد، مـــەلای وەکـــو شـــێخ کـــەمالی شـــێخ نـــووری شـــێخ باباعـــەلی تـــەکێی و مـــەلای گـــەناوی ئیمـــامی مزگـــەوتی عومـــەری کـــوڕی خـــەتاب لـــە هـــەولێر کـــە دواتـــر دەســـتێکی رەش لـــە مزگەوتەکـــەی خۆیـــدا بـــە تـــەور شـــەهدیان کـــرد بـــە ئاشـــکرا لـــە گوتـــاری رۆژی هـــەینی لـــە گەرمـــەی ئەنفالـــدا دژی پرۆســـەی بـــەدناوی ئـــەنفال گوتاریـــان دەدا.

هاوکـــات زۆرینـــەی هـــەرە زۆری نووســـەران و هونەرمەنـــدانی کـــورد یـــان بـــە کـــردەوە لـــە ســـەنگەری بەرگریـــدا بـــوون یـــان بـــە نووســـین و بابەتـــەکانیان، بـــە گـــۆرانی و ســـروود و شـــانۆگەریی و بـــە تـــابلۆو پەیکـــەرو تەنانـــەت بـــە کاریکارتێرەکانیـــان و بـــە هەڵوێســـتی رەقـــی وەکـــو بـــەردیان لـــە نـــاوەوە دژی رژێـــم بـــوون و هـــەرگیز لەبـــەردەم رژێمـــدا چـــۆکیان دانـــەدا، ژمـــارەی شـــەهیدانی نووســـەران وهونەرمەنـــدان لـــە ســـەنگەری خـــەبات و لـــە زیندانـــەکانی فاشـــیزمدا راســـتی ئـــەم بۆچـــوونەمان دەســـەلمێنن. بـــەڵام ئـــەوەی مایـــەی پرســـیارە ســـەرکردایەتی کـــوردی هەرچـــۆن رێـــزی لـــە هـــەموو ئـــەو موستەشـــارانە گـــرت کـــە کوردســـتانیان ئـــەنفال کـــرد و پێشـــمەرگە خەباتگێڕکانیشـــیان پشـــت گـــوێ خســـت، بـــە هـــەمان شـــێوە دەســـتیان گرتـــووە بـــە مـــەلای حیزبـــی کوردســـتانەوەو موغازەلـــەیان دەکـــەن هەرچـــۆن دەســـتیان گرتـــووە بـــە ژمارەیـــەکی کـــەم لـــە نووســـەران و هونەرمەندانیشـــەوە واتـــە شـــاعیران و نووســـەران و هونەرمەنـــدانی دەربـــار. لـــە پـــاڵ ئـــەوەدا بەشـــێك لـــە نووســـەران و رۆژنامـــە نووســـان و هونەرمەنـــدان کەوتوونەتـــە بـــەر شـــاڵاوی شـــکاتی بەرپرســـی حیزبـــی و حکـــومی و مـــەلا حیزبی و مەلای موچەخۆری پارتی و یەکێتی.

لـــە راســـتیدا قســـەکردنی مـــەلا بـــە ئـــارەزووی خـــۆی لـــە مینبـــەری مزگەوتـــەوەو تـــەکفیر کردنـــی خـــەڵك و تاوانبـــارکردنی خـــەڵك و فتـــوادان و بـــەکارهێنانی مزگـــەوت بـــۆ کـــاری حیزبـــی، پێنانـــە لـــە دەســـەڵاتی دادوەری لـــە کوردســـتانداو ســـوکایەتی کردنـــە بـــەو دامـــەزراوە گرنگـــە کـــە بـــە بـــێ دروســـتکردنی کەســـێتیەکی بـــەهێز بـــۆ ئـــەم دامەزراوەیـــە ناشـــێت باســـی ســـەروەری یاســـا لـــە کوردستاندا بکرێت.

بێگومـــان ئـــەم شـــێوە ئیشـــکردنەی مـــەلا لـــە کوردســـتاندا زەمینـــەی پێکـــەوە ژیـــان بـــەرەو مەترســـی دەبـــات و ســـەر ئـــەنجامیش ئەگـــەر بارودۆخەکـــە بـــەو جـــۆرە بـــەردەوام بێـــت کوردســـتان بـــەرەو ئاژاوەیـــەکی ســـەخت و ترســـناکی نـــاوخۆ دەچـــێت و ئـــەو دەمـــەش چارەســـەر کردنـــی

**کێشەکان زۆر زەحمەت دەبێت. نزیکبوونەوەی مەلاکان لە سەرکردایەتی سیاسی کوردی زیاتر لە پێناوی بەدەستهێنانی مەکسەبس مادیدایە، ئەگینا بەدەگمەن ئەو مەلایانە تیایاندایە بڕوای بە کوردو کوردستان هەبێت. بۆ بێدەنگ کردنی ئەو مەلایانەی کە لەهەمووان زیاتر قسە دەکەن پێشنیار دەکەم وەکو مەلا بەشیرو مەلا عوزێر بیانکەن بە ئەندامی پەرلەمانو بەرپرسو موچەی باشیان بدەنێ بۆ ئەوەی زمانیان ببەستن هەمان شێوەی ئەو دوو مەلایەی کە بەشێکی کوردستانیان بۆ حیزبە ئیسلامیەکان رێکخستو ئێستا زمان لە دەمیاندا نەماوە، ئەوانی تریش ئەگەر بکرێن بە خاوەنی موچەی مۆڵ ئیتر کەڕو لاڵیش دەبن. بەڵی چارەسەر کردنی کێشەی نێوان مەلاو رۆشنبیران لە سەر بنەمای دیالۆك وەهمە چونکە مەلای کوردستان بڕوای بە دایەلۆك نییە، بەڵکو تاکە رێگا بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە بڕیاری سیاسیە کە ئەو مافە لە مەلا بسەنێتەوە بە میزاجی خۆیو بە پێی بەرژەوەندی خۆیو حیزبەکەی خاڵك تەکفیر بکاتو سوکایەتی بە خەڵك بکات.**

**10- خۆپیشاندان: دەنگی جەماوەر یان ...؟**

**ئەگەر هەوڵبدەین بە شێوەیکی بابەتی سەیری ئەو رووداوانە بکەین کە لەم چەند رۆژەی رابوردوودا بەشێکی دیاری سنووری دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی گرتەوە ئەوە پێویستمان بەوەیە لە چەند گۆشەنیگایەکەوە بڕوانینە هۆکارە دیارو نادیارەکانی ئەو هەڵایسانەو زیاتر تەقاندنەوەیان.**

**پاشخانی مێژوویی رووداوەکان:**

ئێمــه دەزانــین کــه ئــەو خۆپسشــاندانانەی کــه ســەریان هەڵــدا بــه پلــەی یەکــەم بێــزاری جەماوەرە لە

شــێوازی کــارکردنی حکومــەت‌و ســەرکردایەتی یــەکێتی‌و پــارتی، هەرچــەندە دەشــێ باســی ئــەوەش بکــەین کــه پاڵنــەرێکی تــریش هەیــه کــه بــه ویســتی خــۆی جــەماوەر دەجوڵێنێــت ئــەویش ئــەو پاڵنــەرە مێژووییەیــه کــه لــه ســەرتای ســەرهەڵدانی بزووتنــەی چــەکداری لــه ئــەم بەشــەی کوردســتانەوە کاردەکــات کــه ئــەویش بریتییــه لــه پێکــەوە نــەگونجانی ئــەو نوخبــه سیاســیەی کــه جڵــەوی کاروبارەکانیــان لــەم مێــژووە درێــژەدا لــه دەســتدا بــووە‌و بــه ئەنــدازەی ئــەوەی لــه دژایــەتی کردنــی رژێمــی داگیرکــەردا بــوون ئەوەنــدەش ســەرقاڵی دوژمنایــەتی کردنــی یــەکتری بــوون، لــەو پێناوەشــدا نــاکۆکی‌و درزبــردن‌و جیابوونــەوەو شــەڕی نــاوخۆ روویــداوە‌و سووتەمەنیەکەشــی هــەزاران کــوڕی ئــەم میللەتــه بــووە ، لــەوەش خــراپتر ئەوەیــه مەســەلەی ئــەم ناکۆکیــه شەخســی‌و پێکــەوە نەگونجاندنــه بووەتــه جۆرێــك لــه کــەلتوور لــه عــەقڵی کوردیــداو بــەردەوام کێشــەو ئــاژاوە بەرهــەم دەهێنێتــەوە. بێگومــان رووبــەری تەقینــەوەی کێشــەکان هــەتا ئــەم هێزانــه لــه شــاخ بــوون رووبــەرێکی تەســکتر بــوو قوربانیــانی ململانێکــانیش زیــاتر کــادیرو لایەنــه نگرانی لایەنــه ناکۆکــەکان بــوون، بــەڵام لــه دوای راپەڕینــەوە لەبەرئــەوەی ئێســتا جوگرافیــای ململانێکــان گواســتراوەتەوە بــۆ شــار، رووبەرەکــەی فــراوانترە چ لــه رووی بەشــداربووانی نــاکۆکی‌و ململانێکانــەوە چ لــه رووی ئــەو زەرەرو زیانانــەی کــه لێــی دەکەوێتــەوە چ لــەرووی کاریگــەری نێگــەتیفی ئــەم رووداوانــەوە لەسەر کۆی گشتی کێشەی کورد.

زەمینەی یەکەمی کێشەکان:

ئــەوە ئاشــکرایه یەکــەمین زەمینــەی ســەرهەڵدانی ململانــێ‌و کێشــه فیکــری‌و سیاســیەکان لەســەروەختی میرنشــینی بابانــەوە بــه تایبــەتی لــەو کاتــەوە کــه پایتــەخت گواســتراوەتەوە بــۆ ســلێمانی، لــەم بەشــەی کوردســتاندا ســلێمانی زەمینــەی هــەموو ئــەو ململانێیانــه بــووە. شــاعیرانی بابــان هــاتن ئینقیلابێکیــان بەســەر شــێوازی شــیعری گۆرانیــدا کــردو پــەنایان بــرد بــۆ بــەکارهێنانی کێشــەکانی فەراهیــدی‌و شــێوازی شــیعری گــۆرانی (هــەورامی)یان بــەلاوەنا کــه شــێوازێکی رەســەنی کوردییــەو بــه کێشــی پەنجەیــەو ئــەو کێشــانەش کێشــی گاتاکــانی ئــاینی زەردەشــتیه کــه ئــەویش بــه ئــاینی کــۆنی کــورد دەناســرێت. بێگومــان شــاعیرانی بابــان بــه تایبــەتی نــالی بــه جۆرێــك لــه داهێنــانی بــاڵای خــۆی تــوانی رووی ئینقیلابەکــەی بســڕێتەوە‌و وەکــو یــەکێك لــه رابــەر هــەرە دیارەکــانی شــیعری کلاســیکی کــوردی ســەیر

بكرێــت. ئەمــەش بۆخــۆی دیاردەیەكــە جێگــای ســەرنجی قوڵــە، تــۆ كودەتــا بكــەیت بەســەر بەشــێك لــە بنــەما ســەرەكیەكانی كــەلتووری خۆتــداو بــە كــەلتووری ئــەوانی دیكــە جێگــای بگریتــەوەو بــەجۆرێكیش ئــەو كــارە بكــەیت ناوەنــدی كــەلتووریو رۆشــنبیری نەتەوەكــەی خۆت پەی بەوە نەبەن كە تۆ چیت كردووەو سەرسامیش بن پێت.

ســنووری میرنشــینی بابــان زەمینــەی دەركەوتنــەوەو نــویێ بوونــەوەی هــەردوو رێبــازی بــە ناوبــانگی تەســەوفی ئیســلامی واتــە قــادریو نەقشــبەندی بــووە. كــۆی ململانێكــانی ئــەم دوو رێبــازەش لــە جوگرافیــای ئــەم شــارەدا بــووەو تــاوەكو ئێســتاش كاریگــەری ئــەو ململانێیــە هــەر مــاوەو لــە كۆنەســتی هــەموو قــادریو نەقشــبەندییەكاندا ئامــادەبوونی هەیــە. پاڵپشــتی كردنــی دەســەڵاتی بابــان لــە شــێخ مــارفی نــۆدیێ بــە دژی مــەولانا خالیــدی جــاف مكایــەڵی تــاكو ئێســتاش وەكــو جۆرێــك لــە ناهــەقیو غــەدر لــە رووبــەری ئــەم جوگرافیایــەدا ســەیر دەكرێــت بــە تایبــەتی لــە لای شــوێنكەوتوانی مــەولاناو، بــە تایبــەتی لــەو روانگەیەشــەوە كــە مــەولانا وەكــو رابــەری هــەژارانو جــەماوەر ســەیر كــراوەو شــێخ مــارفیش وەكــو پیــاوی دەســەڵات. بــەردەوام لــەم شــارەدا ئــەو رووداوە لــە زیهــنی خەڵكــدا زینــدوو دەبێتــەوە كــە دەســەڵاتی ئــەم شــارە بــەردەوام لایــەنگری ئەوانەیــە كــە لــە دەســەڵاتەوە نــزیكن. بــۆ ئێســتاش وەهــا راڤــە دەكرێت كە دەسەڵات لە سەنگەرێكدایەو جەماوەریش لەسەنگەرێكی تردایە.

لــە مێــژووی كــورددا یەكــەمین دەســەڵاتێك كــە مــۆركی نەتــەوەیی پێــوە بووبێــت دەســەڵاتدارییەكەی شــێخ مــەحموودی حەفیــدزادە بــووە كــە لــە ســلێمانی دامــەزراوەو هــەم لەگــەڵ نــەیارانی كــورددا لــە ململانێــی ســەختدا بــووە، هــەم لــە ناوخۆشــدا بــە تایبــەتی دەركــەوتنی نوخبەیــەك لــە رۆشــنبیرانی نــاڕازی لــە دەســەڵاتدارییەكەی شــێخ مــەحمود دیاردەیــەكی ئاشــكرای ئــەو قۆناغــە بــووە كــە ســەرئەنجام تــیرۆرو هەڕەشەیشــی تێكــەوتووەو ســەرباری جۆرێــك لــە شــانازی كــردن بــە شــێخ مــەحمودو دەســەڵاتدارییەكەیەوە بــەلاَم تــاكو ئێســتاش نــەك تــەنیا لــە لایــەن نوخبــەی رۆشــنبیرەوە بــەڵكو خــەڵكی ئاســایش بــەردەوام رەخنــە لــە شــێخ مــەحمود دەگــرنو زۆربــەی كــاتیش بــەراوردی دەســەڵاتی ئێســتای كــوردی لــە خراپیــدا بــە دەســەڵاتدارییەكەی شــێخ مــەحمود دەكــەنو ئــەو رســتە بــاوەش دەڵێنــەوە كــە شــێخ مــەحمودیش هــەر هــەمان شــێوەی ئەمانــەی ئێســتای كــرد بۆیــە هیچــی بــە هــیچ نــەكرد. بەهــەرحاڵ لەســەردەمی شــیخ مــەحموددا ئــەم شــارە رۆژنامــەی لێدەرچــووەو ســەرەتای شــیعری نــوێی كــوردیو چــیرۆكی كــوردیش لــەم ســنوورەدا دەســتی پێكــردووەو چــەندین جــاریش رووبــەرووی هێرشــی گوللــەی دامودەزگــا داپڵۆســێنەرەكان بووەتــەوە وەكــو

خۆپیشاندانی بەردەرکی سەراو گوللەبارن کردنی جەماوەرو خۆپیشاندانی ساتەوەختی کۆچی دوایی شێخ مەحمودو دیسان گوللەبارنکردنی خەڵك‌و کوشت‌و بڕی سەردەمی زەعیم سدیق‌و گوللەبارنکردنی دەستە دەستەی لاوەکانی شار لە سالآنی هەشتاکانداو لە پاڵ هەموو ئەمانەشدا سەرنەوی نەکردن‌و دەستەمۆنەبوون لە خاسێتە دیارەکانی ئەم شارەیەو ئەوەش یەکێکە لەو کێشانەی کە دەسەلآتی کوردی چ دەسەلآتی حیزبی بێت یان حکومی لەم راستیە تێنەگەیشتووەو نایشیەوێت تێبگات، هەر ئەوەش هۆکاری هەموو تەقینەوەکانە لە سلێمانییدا.

لە سالآنی شەستەکاندا بە رابەرایەتی برایم ئەحمەد بزووتنەوەی کوردی بوو بە دووبەشەوەو هەمووش دەیزانین یەکێك لە ئەو پاساوانەی کە کاتی خۆی برایم ئەحمەدو مەکتەبی سیاسی بۆ رەوایەتی دان بەو دابەشبوونە دەیان هێنایەوە بالآدەستبوونی لە رادەبەدەری دەسەلآتی بارزانی بوو بەسەر بزووتنەوەکەدا بە جۆرێك کە مەکتەبی سیاسی هەستیان کردووە کە سەرۆك هیچ حسابێك بۆ ئەوان ناکات. بەهەرحاڵ دەرئەنجامی ئەو دابەشبوونە زیانی گەورەی بە کوردو بزووتنەوەکەی‌و ئەم شارەش گەیاند کە لە راستیشدا دەبێ ئەو هەڵوێستە وەها لێکبدرێتەوە کە نوخبەی رۆشنبیری سیاسی نەیتوانی تاسەر لەگەڵ سەرکردایەتی بارزانییدا هەڵبکات، راستە باسی هۆکاری دەرەکی‌و دەوری عیسا پەژمان دەکرێت بەلآم من پێم وایە هەمیشە هۆکارە ناوخۆییەکان لە هۆکارە دەرەکیەکان بەهێزترن.

یەکێتی نیشتیمانی کە زەمینەی سەرەکی دروستبوون‌و سەرهەڵدان‌و سەرکردایەتی‌و قاعیدەشی لە ئاستی یەکەمدا ئەم شارە بووە، بە هەمان شێوەی سەردەمی بارزانی‌و مەکتەبی سیاسی، ئەمجارەیان جێگری سکرتێری یەکێتی هەمان ئەو هەنگاوەی هەڵهێنا کە کاتی خۆی سکرتێری پارتی‌و بە یارمەتی سکرتێری ئێستای یەکێتی‌و کەسانی تر هەڵیهێنا. ئەو دەمە بارزانی لە دوای دابەشبوون توانی پارتی بە زیندوویی بهێڵێتەوەو سەرکردایەتی نوێی بۆ دروستبکات‌و ئاراستەی جیابووەوەشی ناچارکرد دوو هەنگاو بنێن کە هەردووکیان هەڵە بوون یەکمان رۆیشتن بۆ ئێران‌و دووەمیش گەڕانەوە بۆ باوەشی رژێم‌و بەشداریکردنیان لە دژایەتی کردنی شۆڕشی کورددا. بەلآم جیابوونەوەی جێگری سکرتێری یەکێتی لە حیزبەکەی لە دوو رووەوە جیاوازە لە دابەشبوونی برایم ئەحمەدو تاڵەبانی‌و ئەوانی تر. کە یەکەمیان ئەوەیە ئەم بە هێزێکی مەعنەوی گەورەوە جیابووەوەو داوای چاکسازی ریشەیی دەکردو ئەوەش لایەنگری زۆری هەبوو، هەروەك

نـــەك شـــوێن و پێگـــەی خـــۆیی لـــەم شـــارەدا بەجێنەهێشـــت بـــەڵكو تـــوانی لـــە كـــورتترین مـــاوەدا پێگـــەی جـــەماوەری خـــۆی زۆر لـــەو حیزبـــە زیـــاترو بـــەهێزتر بكـــات كـــە لێـــی جیـــابووەوەو ســـەرئەنجام لـــە هەڵبژاردنـــدا تـــوانی بـــە ئاســـانی پـــێش یـــەكێتی بكـــەوێت. دووەم لـــە كاتێكـــدا لایـــەنی جیـــابووەوە لـــە بـــارزانی ســـەنگەری گـــەلی چـــۆڵ كـــردو چـــووە ریـــزی دوژمـــن بـــەڵام جێگـــری ســـكرتێری یـــەكێتی كـــە جیـــابووەوە لـــە نـــاو ســـلێمانیدا پێگـــەی جـــەماوەری خـــۆی بـــە جۆرێـــك بـــەهێز كـــرد كـــە بـــە ئاشـــكرا ئێســـتا هێـــزی یەكەمـــەو لـــە راستیشـــدا نوخبەیـــەكی دیـــار لـــەو رۆشـــنبیرانە كـــە راســـتەخۆ یـــان ناڕاســـتەخۆ مـــەیلی سیاســـەت كردنیـــان هەیـــە ئەگـــەر كـــار لەگـــەڵ ئـــەم بزووتنەوەیـــەش نەكـــەن ئـــەوا لایـــەنگرو هـــەوادارن بـــۆی، خـــاڵێكی لـــەوەش گـــرنگتر ئەوەیـــە كـــە ئـــەم لـــە نـــاو حیزبێكـــی چـــەكدارەوە بـــە بـــێ چـــەك هاتـــە دەرەوەو جـــارێكی تـــریش چـــەكی هەڵنەگرتـــەوە كـــە ئەمـــەش روویـــەكی ســـەردەمیانەی داوە بـــە بزووتنەوەكـــەی. بـــەڵام گـــرفتی ســـەرەكی یـــەكێتی و پـــارتی ئەوەیـــە نـــاتوانن دان بـــەم واقیعـــەدا بنـــێن و تـــاكو ئێســـتاش ئـــەم دوو حیزبـــەی كـــە بـــە حیزبـــی ســـەرەكی یـــان دەســـەڵات دەناســـرێن هەرچـــۆن ســـەیری هەنـــدێ حیزبـــی وەكـــو سۆشیالیســـت و زەحمەتكێشـــان و حیزبـــی شـــیوعی و بزووتنـــەوەی دیموكراتخـــوازان دەكـــەن بەهـــەمان شـــێوە ســـەیری بزووتنـــەوەی گـــۆڕان دەكـــەن كـــە ئـــەوەش روانینێكـــی ناواقیعیـــەو جۆرێكـــە لـــە فەرامۆشـــكردنی واقیعێـــك كـــە هەیـــە. بـــەلای منـــەوە مایـــەی پرســـیارە تـــۆ بزووتنەوەیـــەك بـــە بچـــووك بزانیـــت كـــە لەیەكـــەم بەشـــداریكردنی لـــە هەڵبژاردنـــدا توانیـــوێتی چـــواریەكی كورســـیەكانی پەرلـــەمانی كوردســـتان بەدەســـت بهێنێـــت. ئەمـــەش دەمانگێڕێتـــەوە بـــۆ ئـــەو تێڕوانینـــە نادرووســـتەی كـــە یـــەكێتی و پـــارتی هەیانـــە بـــۆ هێزەكـــانی دەرەوەی خۆیـــان و هـــەر ئەمـــەش یەكێكـــە لـــە هۆكارەكـــانی ئـــاڵۆزبوونی بارودۆخەكـــە. بـــەڵێ هەرچـــۆن كـــاتی خـــۆی بـــارزانی گـــوێی بـــە دەنگـــی مەكتـــەبی سیاســـی نـــەدەدا بـــە هـــەمان شـــێوە ئێســـتا یـــەكێتی و پـــارتی گـــوێ بـــە دەنگـــی بزووتنەوەیـــەك نـــادەن كـــە پێگەیـــەكی جـــەماوەری بـــەرفراوان و هێزێكـــی جـــەماوەری بـــەرفراوانی هەیـــە. ئەمـــەش هـــەمان شـــێوەی ئـــەو هەڵوێســـتەی دەســـەڵاتی كوردییـــە كـــە دەنگـــی جـــەماوەرو داواكارییـــەكانی خـــەڵك بـــە هێنـــد ناگرێت و فەرامۆشیان دەكات.

هۆكارەكانی خۆپیشاندان:

هۆكـــاری ســـەرهەڵدانی خۆپیشـــاندان، بـــە پلـــەی یەكـــەم گوێنـــەدانی دەســـەڵاتە بـــە داواكارییـــەكانی خـــەڵك و بەتـــەواویش هەســـتكردنی جـــەماوەری ئـــەم شـــارە بـــە پشتگوێخســـتنیان و لـــە هـــەمان كاتیشـــدا هەســـت كردنیـــان بـــەوەی كـــە حكومـــەت بـــەردەوام

بەڵێنیان پێدەدات و ویستەکانیان جێبەجێ ناکات، ئەمە سەربارى ئەوەى کە متمانەى بەشێکى جەماوەرى ئەم شارە لە بنەڕەتەوە بە سیاسەتى یەکێتى و پارتى هەرەسى هێناوەو هەست دەکەن ئەم دوو حیزبەو حکومەتى هەرێمیش ئەهلیەتى ئەوەیان نەماوە کە بتوانن هەنگاوى جیدى بەرەو چاکسازى بنێن چونکە ئەوەندە بەڵینیان پێدراوەو هیچیشى وەکو پێویست جێبەجێنەکراوە بێئومێدبوون لە دەسەڵات. بێگومان لەم رووەشەوە خەڵك لەسەر حەقە چونکە سەربارى ئەو هەموو گەندەڵى و بێ سەروبەرییەى کە دەکرێت تاکو ئێستا هیچ هەوڵێکى دیار بۆ چاکسازى نەدراوەو هەندێ جاریش کە بەرپرسان باسى ئەوە دەکەن دەبێ هەموو شتێ بە پێى بەڵگە بێت ئەوەندەى تر جەماوەر بێزار دەکەن چونکە جەماوەر ئەو جۆرە قسەیە وەکو جۆرێك لەگاڵتە پێکردن سەیر دەکات، لە کاتێکدا رووبەرى گەندەڵى لە هەموو ئاستەکاندا ئەوەندە فراوان بووە پێویستى نە بەسەلماندن هەیە نە بەبەڵگە بۆهێنانەوە.

بەهەرحاڵ ئەوەى ئێستا لە سلێمانى روودەدات لە ئاستى یەکەمدا دەرئەنجامى بێزارى خەڵکە لە شێوازى بەڕێوەبردنى وڵات و بەتەنگەوە نەهاتنى حکومەت و سەرکردایەتى یەکێتى و پارتى وەکو پێویست و جێبەجێ نەکردنى ئەو هەموو بەڵێنەى کە بەردەوام بە خەڵکى دەدەن. ئێستا ئەو بۆچوونە لە لاى جەماوەر جێگیرە کە دەسەڵاتى کوردى هەموو بایەخێکى بە بەرپرس و کادیرە پێشکەوتووەکانى خۆیەتى و جەماوەر بە گشتى بە بنکەى فراوانى حیزبەکانى دەسەڵات خۆیشیانەوە پشت گوێ خراوە. جیاوازییەکى گەورە لە ئاستى ژیانى بەرپرسان و خەڵکدا درووست بووە، سادەترین بنەماى عەدالەتى کۆمەڵایەتى بوونى نییە، ئەوەى کە پێى دەگوترێت چەمکى هاووڵاتى بوون، جەماوەر هەستى پێناکات، خزمەتگوزارییەکان لە ئاستى ولاتێکدا نین کە خاوەنى داهاتێکى گەورەى وەکو کوردستان بێت. تاکو ئێستا خەڵك بە گومانە لە چۆنێتى خەرجکردنى بودجەى کوردستان و لە داهاتى نەوت و گومرگەکان دەڕوانێت و، دەسەڵات نەیتوانیووە بە کردەوە ئەو بۆچوونە لەلاى جەماوەر درووست بکات کە بوودجەو داهاتەکان بە رێکى خەرج دەکرێن. جەماوەر حەقى خۆیەتى گومان لە دەسەڵاتى کوردى بکات کە بەسەدان کەسى بە وەزیرو وەکیل وەزیرو راوێژکارو بەڕێوەبەرى گشتى و پلەى تایبەت و ئەفسەرى پلەبەرز خانەنشین کردبێت و بە دەیان هەزار کوڕوکچى گەنجیش خوێندنیان تەواو کردبێت و بێکار بن. ئەوەى خەڵك لە پێناویدا خۆپیشاندان دەکات نەبوونى

پــەراوێزی ئــازادی نییــە بــە تــەنیا، بــەڵكو بــەڵكو لەگــەڵ تەســكبوونەوەی تــەواوەتی پــەراوێزی ئازادیدا، نان و كارو ئازادییە پێكەوە.

دەســەڵاتی كــوردی حیســاب بــۆ داخوازییــەكانی جــەماوەر نــەكات، لــە بــری ئــەوەی گــوێ لــە داخوازییــەكانی جــەماوەر بگرێــت، كۆبوونــەوەی سیاســی لەگــەڵ ســەركردایەتی حیزبەكانــدا دەكــات، بــەبێ ئــەوەی بــیر لــەوە بكاتــەوە ئــەوەی لەســەر شــەقامەكانی ســلێمانی و دەوروبــەری خۆپیشــاندان دەكــات ئــەوە دەنگــی جــەماوەرە نــەك دەنگــی حیزبــەكان، بــە پێچــەوانەوە هــیچ كــام لــە حیزبــەكانی كوردســتان لــەو ئاســتەدا نــین كــە بــبن بــە خــاوەنی هــەموو دەنگــی شــەقام هــەر بۆیــە كۆبوونــەوەی ئــەوان و بریــاری ئــەوان ناتوانێــت شــەقام بێــدەنگ بكــات. بــەڵكو بــە پێچــەوانەوە تاكــە شــتێك كــە دەتوانێــت شــەقامی ســلێمانی بــە تایبــەتی و كوردســتان بــە گشــتی هێــور بكاتــەوە، چارەســەركردنی كێشــەكانی خەڵكــە لەگــەڵ چاكســازییەكی ریشــەیی لــە دامودەزگاكــانی حكومەتــداو دوورخســتنەوەی دەســتی حیــزب لــە حكومــەت. ئەگــەر یــەكێتی و پــارتی بــە جیــدی بــە دوای چارەســەركردنی ریشــەییدا دەگــەڕێن ئــەوا دەبــێ لــە بازنــەی ســەركردایەتی خۆیانــەوە بــەرەو ئۆرگانــەكانی خــوارترو پاشــانیش بــەرو حكومــەت لــە ئاســتی ئەنجومــەنی وەزیرانــەوە بــەرەو دامــەزراوەكانی خــوارتر دەســتبكەن بــە چاكســازی و پاكســازی و دڵنیــام لــە پرۆســەیەكی لــەو جۆرەشــدا هــەم ئیرادەیــەكی پــۆڵاین پێویســتە هــەم بوێرییــەكی لەرادەبــەدەر پێویســتە كــە گومــان دەكــەم لــەوەی ئیســتا یــەكێتی و پــارتی ئــەو ئیرادەیــان هــەبێت بــۆ چاكســازی چــونكە لــە پلــەی یەكەمــدا لێــدانی زۆرێــك لــە بەرژەوەندییــەكانی خۆیــانی دەوێــت وەكــو حیــزب و وەكــو تاكــە كەســیش بــە هــەزاران خــەڵكی خــاوەن بەرژەوەنــدی و خــاوەن نفــوز لــە نێــو هــەردوو خیزبــدا شــایانی ئــەوەن دەیــان جــار داداگــایی بكــرێن لــە پــایی ئــەو پۆخڵەواتــە سیاســی و ئیــداری و دارایــی و ئەخلاقیانــەی كــە كردوویانـــەو ئێســـتا بوونەتـــە هـــۆی بیـــزاری جـــەماوەر لـــە دەســـەڵاتی حیـــزب و حكومەتەكەشیان.

پێشبینیەكان:

ئەگــەر یــەكێتی و پــارتی بــە جیــدی چاكســازی و پاكســازی نەكــەن، ئــەوا پێموایــە شــەپۆلی نــاڕەزایی خــەڵك ســەرئەنجام رووبــەڕووی كێشــەی گــەورەتریان دەكاتــەوە، چــونكە ئــەو جــەماوەرە گەنجــەی ئێســتا نــە بــڕوای بــەو رابــردووە هەیــە كــە ئــەمان شــانازی پێوەدەكــەن، نــە بــڕوای بــەو خەباتــە هەیــە كــە ئــەمان كردوویانــە، نــە بــڕوای بــە بــوونی كاریزمــاو ســەركردەو خــەبات و تێكۆشــانی رابــردوو هەیــە، بــەڵكو ئێســتاو ئاینــدەی دەوێــت ئــەوەش تــەنیا

جەماوەری کوردستان نییە کە بەوجۆرە بیردەکاتەوە بەڵکو ئەوە مۆدێلی سەردەمەو دەرئەنجامەکانی جیهانگیریو ویستەکانی نەوەی فەیس بووكو تۆیتەرە. بۆ سەرکردایەتی کوردی باشە لەم راستیە تێبگەنو بە پێی خواستەکانی شەقام کاربکەن، ئەگینا لە ئایندەی نزیکدا ئاراستەی نارەزاییەکانی خەڵك لە داواکاری چاکسازیو ریفۆرمو پاکسازییەوە دەبێ بە داواکاری نامانەوێن، بەجێی بهێڵن، وەکو ئەو دەنگە بەرزەی ئێستا لە ولاّتانی عەرەبیو ناوچەکەدا دەبیسترێتو رۆژانە سیستەمە تۆتالیتارەکانی ناوچەکە وەکو گەڵای داری پایز هەڵدەوەرن. دەبێ ئەو راستیە بزانین کە جەماوەر هەر جەماوەرەو سەرئەنجام دەگاتە ئەو بۆچوونەی کە دەسەلاّتیش هەر دەسەلاّتە ئەگەر دەسەلاّتی گەل نەبێتو دەستەیەك لەسەرەوە بۆخۆیان بە ئارەزووی خۆیان بەڕێوەی ببەنو جەماوەریش لە زۆرینەی پێداویستیە گرنگەکانی ژیانو تەنانەت لە کاریش بێبەش بێت. بۆیە ئەگەر دەسەلاّتی کوردی بە ئومێدی مانەوەیە ئەوا دەبێ داواکارییەکانی جەماوەر جێبەجێ بکات نەك بە گێرەشێوێنو دەستی دەرەکی تاوانباریان بکات چونکە ئەم قسانە هیچ بەرهەم ناهێنن و زیاتر رقی جەماوەر هەڵدەسێننو توندو تیژتری دەکەن.

بەڵێ راستە ئێستا سلێمانی وەکو شارێکی زیندوو زەمینەی بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزاییە بەلاّم سەرئەنجام کوردستان یەك کوردستانەو یەك سیستێمی ئیداریو سیاسی بەڕێوەی دەبات کە تاکو ئێستا نەیتوانیووە لە ئاستی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خەڵکدا بێت هەر بۆیە خەڵك دەنگی ناڕەزایی بەرزدەکاتەوە. ئەو دەنگەش دەنگی شەقامە واتە دەنگی خەڵك، لە پێناوی چاکسازیو پاکسازیو دادگایی کردنی خراپەکارانو گەندەڵکاراندا بەرز دەکرێتەوەو داوای دابین کردنی ژیانو کار بۆ هەمووان دەکات.

### 11- بڕیاردانی چارەنووس:

بڕیـــــــاردانی چــــــــارەنووس ( Self-determination ) زاراوەیەکـــــــــە مێـــــــژووی دەرکـــــــــەوتنی لـــــەبیری فەلســـــەفیدا دەگەڕێتـــــەوە بـــــۆ ســــــەدەی هـــــەژدە. ســــــەرەتا ئــــــەم زاراوەیــــــە پێوەســـــتبوو بــــە ئــــــازادیو پەرەســـــــەندنی ویســـــــتەکانی تاکەکەســـــــەوە. دواتــــــریش پێوەســــــتکراوە بــــــەو دەســــــتەو گرووپــــــە جۆراوجۆرانـــــــەوە کەویســــــــتی هاوبەشـــــــیان هــــــەبووە. بــــــەلاّم لەســــــەروبەندی جــــــەنگی یەکـــــەمی جیهانیـــــدا ئــــــەم زاراوەیـــــە مانــــــای سیاســــــیو ئیـــــداری زیــــــاتری لــــــەخۆ گرتـــــووەو پێوەســــت کــــراوە بــــەمافی نەتەوەکانــــەوە. ڕاگەیاندنـــــە چـــــوارده خاڵیەکــــەی وێڵســـــن لــــە دوای جـــــەنگی یەکـــــەم بـــــۆ دیـــــاریکردنی چارەنووســــــی گـــــەلانی ژێـــــر ســــــایەی دەســــــەلاّتی ئیمپراتۆرەکــــــانی عوسمـــــــانیو ئـــــەڵمانیو ، هاوکــــات بلاّوبوونــــەوەی تێزەکــــانی لیـــــنین دەربـــــارەی مـــــافی نەتـــــەوەکان لـــــەبڕیاردانی چارەنووســــــیاندا، ئــــــەم چــــــەمکەی زیــــــاتر ناســــــاندو کردیــــــە چــــــەمکێکی بــــــاوی نــــــاو دنیــــــای سیاســــــەت، بەتایبــــــەتی بــــــۆ ئــــــەو نەتەوانــــــەی کــــــە ژێردەســــــتەو کۆڵــــــۆنی کراوبــــــوون. دیــــــارە ئــــــەم چــــــەمکە لەســــــاڵی 1960دا وەکــــــو ڕێســــــایەك خرایــــــە چوارچــــــێوەی ڕێســــــاو ڕاگەیاندنــــــەکانی نەتــــەوە یەکگرتووەکانـــــەوە، کــــــە مەبەســــــت لێـــــی پێـــــدانی ســـــەربەخۆییە بـــــەو وڵاتو گەلانــــەی کـــــە داگیرکراون.

لــــە نــــاوەڕۆکی ئــــەم چــــەمکە سیاســــیە فەلســــەفیە ئیدارییــــەدا ئــــەوە تێدەگــــەین، هــــەموو نەتــــەوەو وڵاتێکــــی داگیرکــــراوو بندەســــت مــــافی ڕەوای خۆیــــەتی بڕیــــاری چارەنووســــی خــــۆی بــــدات بــــەوەی کــــە دەیــــەوێت لــــە دەوڵــــەتی داگیرکــــەری وڵاتەکــــەی جیابێتــــەوە یــــان لــــە چوارچــــێوەی یاســــاو ڕێســــای ئــــەو وڵاتــــەدا بمێنێتــــەوە. ئەگــــەر لــــەم ڕوانگەیــــەوە ســــەیری نەتــــەوەی کــــورد بکــــەین دەبــــوو لــــە هەڵوەشــــاندنەوەی دەوڵــــەتی عوسمانیــــدا بــــەپێی ڕاگەیاندنەکــــەی چەرچــــڵ و دواتــــریش بــــە پێــــی ڕێکەوتنامــــەی ســــیڤەر مــــافی بڕیــــاردانی چارەنووســــی خــــۆیی پێبدرایــــە، بــــەلاّم وەك دەزانــــین نــــەك ئــــەو مافــــەی پێنــــەدرا بــــەڵکو ســــەرباری دابەشــــکردنی پێشــــتری وڵاتەکــــەی لــــە نێــــوان ئیمپراتــــۆرێتی عوسمــــانیو فارســــیدا، بەشــــی ژێرســــایەی عوسمانیــــەکان جــــارێکی تــــریش دابەشــــکرا، ئــــەوەش لــــە دەرەوەی ئــــەو بنــــەما ئەخلاقیانــــە بــــوو کــــە چــــەمکی بڕیــــاردانی چــــارنووس نەخشــــەی دانــــابوو. دیــــارە بــــەریتانیاو دەوڵــــەتانی تــــری بڕیاربەدەســــت

لـــەپێناوی بەرژەوەنـــدی خۆیانـــدا چارەنووســـی کوردیـــان لـــەو کاتـــەوە تـــا ئێســـتا کـــە ســـەدەیەکە رووبەرووی پاکتاوی رەگەزی کردۆتەوە.

مـــــافی بڕیـــــاردانی چـــــارەنووس چ بـــــۆ تاکـــــە کـــــەس و چ بـــــۆ نەتـــــەوەو گـــــەلانیش مـــــافێکی سرووشـــتیەو ئـــەو مافـــە دەبـــێ بـــۆ هـــەمووان وەکـــو یـــەك هـــەبێت و شـــتێك نییـــە کەســـێك، یـــان ولآت و دەوڵـــەتێك بیبەخشـــێت هـــەتا بـــۆ هەنـــدێك هـــەبێت و ئـــەوانی تـــریش لێـــی بێبـــەش بـــن وەکـــو کـــورد. وەکـــو گوتمـــان مـــادەم کـــورد نەتەوەیـــە وەکـــو هـــەموو نەتـــەوەکانی تـــری ســـەر گـــۆی زەوی مـــافی رەوای خۆیـــەتی بڕیـــاردانی چارەنووســـی بەدەســـتی خـــۆی بێـــت و خـــۆی بڕیـــاری ئاینـــدەی خـــۆی بـــدات، کـــە گومـــانی تێدانییـــە ئەگـــەر کـــورد ئـــەو مافـــەی هـــەبێت ئـــەوە نایـــەوێت لەگـــەڵ هـــیچ کـــام لـــە داگیرکـــەرانی کوردســـتاندا بـــژی، هۆکەشـــی ئەوەیـــە کـــە داگیرکـــەرانی کوردســـتان چ وەکـــو دەوڵـــەت و چ وەکـــو ناســـیونالیزمی نەتـــەوەکانی ئـــەو دەوڵەتانـــە هـــەرگیز وەکـــو مـــرۆڤ مامەڵـــەی کوردیـــان نـــەکردووە، بـــەواتا کـــورد وەکـــو نەتـــەوە جیابوونـــەوەو دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ هەڵدەبژێرێت.

یـــەکێك لـــەو خالآنـــەی کـــە مـــن لـــە نووســـینەکانمدا پێـــوەی خـــەریك بـــووم ئەوەیـــە بۆچـــی پـــرۆژەی ســـەربەخۆیی و دروســـتکردنی دەوڵـــەت نەبووەتـــە خـــاڵی ســـەرەکی گوتـــاری ناســـیونالیزمی کـــوردی، لـــەو ئاقارەشـــدا گـــەلێك هۆکـــاری نـــاوخۆیی پێوەســـت بـــە پەرەســـەندنی ناسرووشـــتی کۆمەلآیـــەتی کۆمەڵگـــەی کـــوردیم دیـــاریکردووەو هۆکارەکـــانی دابەشـــکردن و داگیرکـــردن و هۆکـــاری سیاســـەتی نامرۆڤانـــەی دەرەوەشـــم بـــە رێگـــر دانـــاوە لەبـــەردەم گەیشـــتنی کـــورد بـــە ئاســـتی بەرزکردنـــەوەی درووشمـــی بڕیـــاردانی مـــافی چـــارەنووس و بـــوونی بـــە خـــاوەنی پـــرۆژەی دەوڵـــەت. دیـــارە هەوڵـــدان بـــۆ بەرزکردنـــەوەی ئـــەم درووشمـــە لەئێســـتادا بایـــەخێکی گرنگـــی هەیـــەو ســـەرباری رووە سیاســـیەکەی دەلالـــەتی ئـــەوەش هەڵـــدەگرێت کـــە کۆمەڵگـــەی کـــوردی لـــە رەوتـــی بـــەرەو پێشەوەچـــوونی خۆیـــدا بـــەو ئاراســـتەیە دەجوڵێـــت کـــە بکەوێتـــە ســـەر هێـــڵ و ئاراســـتەی دروســـتی خـــۆی و هـــەنگاو بـــەرەو ســـەربەخۆیی و دروســـتکردنی دەوڵـــەت بنێـــت. دیـــارە ئـــەوەش کـــارێکی هـــەروا ئاســـان نییـــە بـــەلآم دەبـــێ دڵنیـــابین مێـــژوو راناوەســـتێت هەرچـــۆن دەســـەڵاتی حکومـــەتی هـــەرێم لـــەدوای راپـــەڕین بـــوو بـــە دیفـــاکتۆ، بەدڵنیاییـــەوە ئەگـــەر کـــورد ئامادەباشـــی و زەمینەســـازی بکـــات و بـــوێری بڕیـــاردانی هـــەبێت ئـــەوا بڕیـــاردانی چـــارەنووس بـــۆ ســـەربەخۆیی و دروســـتکردنی دەوڵـــەتی ســـەربەخۆش لـــە ئاینـــدەی نزیکـــدا دەبێـــت بـــە دیفـــاکتۆو، ناسیونالیســـتی عـــەرەب و تـــورك و فارســـیش نـــاتوانن بـــۆ هەتاهەتایـــە رێگری لە سەربەخۆی کوردستان بکەن.

## 12- نوخبەی رۆشنبیری کورد لە نێوان وەهم و واقیعدا

نوخبە بریتییە لەو دەستە گوڵبژێرەی کە لەسەر بنەمای توانا و لێهاتوویی و ئاستی هوشیاری لە کۆی کۆمەڵگە جیاواز دەبێت و بەو قەوارە بچوکەیەوە کە هەیەتی دەتوانێت هەژموونی هەبێت بەسەر کۆمەڵگەوەو دەسەڵاتی بەسەردا بکات کە ئەویش دەشێ نوخبەی سیاسی، رۆشنبیری، ئابوری و... بێت.بێگومان ئەوەی لێرەدا مەبەستی قسەکردنی ئێمەیە ئەو دەستەیەیە کە بە نوخبەی رۆشنبیر ناوزەن دەکرێت. ئایا شتێك هەیە بە ناوی نوخبەی رۆشنبیری کوردی؟ ئەگەر هەیە کامەیە شوێن و پێگەی؟ ئایا ئەو شێوەی کاری پێدەکات شێوەی کاری نوخبەی رۆشنبیرە؟ ئایا هەژموون و دەسەڵاتی ئەم نوخبەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا چییەو هەیە؟ ئایا جۆری پێوەندی ئەم نوخبەیە لەگەڵ نوخبەی سیاسی و دەسەڵاتدا شێوازی ئەوتۆیە کە توانیبێتی بوونی خۆی وەکو نوخبە بسەپێنێت و بپارێزێت؟

بێگومان بە پێی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیش هاوشێوەی کۆمەڵگەکانی تر نوخبەی لە هەموو ئاستەکاندا تیادا بەرهەم دێت بەڵام دەشێ سرووشتی نوخبەی ئێمە جیاواز بێت. دیارترین نوخبە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا نوخبەی سیاسییە ئەو نوخبەیەی کە بە تایبەتی لە دەوروبەری راپەرینەکانی شێخ مەحمودەوە شانبەشانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد هاتووەو هەوڵیداوە جێگەو پێگەی خۆیی هەبێت و هەم لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا کەسێتیەکی بۆ پەیدا بووە هەم بەشێك لەو نوخبە رۆشنبیرە تێکەڵاوی سیاسەت بووەو بەشێکی دیاری چووەتە ریزی نوخبە سیاسیەکەوە هەر ئەوەش وایکردووە جۆرێك لە رۆمانسیەتی رۆشنبیر بە گشتی و ئەدەیب بە تایبەتی بچێتە ناو عەقڵ و هەڵوێستی نوخبەی سیاسیەوەو سەرئەنجام ئەوەش کاریگەری نێگەتیفی هەبێت لەسەر کەسێتی نوخبەی سیاسی کوردی و وای لێبکات زۆرجار شاعیرانە بیر لەسیاسەت بکاتەوە.

ئەگەر لەسەر دەمی شێخ مەحمودەوە سەیر بکەین جۆرێك لە ئاڵۆزی و دوڕدۆنگی لە نێوان نوخبەی سیاسی و نوخبەی رۆشنبیردا هەبووە، پەیوەندی رەفیق حیلیمی و مستەفا پاشای یامولکی و پیرەمێردو جەمال عیرفان.. لەگەڵ شێخ مەحمووددا کە پەیوەندی باش نەبووە، راست و درووست نیشاندەری هەڵوێستی نوخبەی رۆشنبیرە

بەرامبەر بە نوخبەی سیاسیو تەنانەت دەسەڵاتیش. هەروەك لەبەرامبەریشدا هەڵوێستی دەسەڵات بالاوازیش بووبێت بەرامبەر بە رۆشنبیر نیشان دەدات و بە ئاشكرا دیارە هەر لەو سەرەتایەوە دەسەڵاتی كوردی خۆشی لە چارەی رۆشنبیری خاوەن راوبۆچوون نەهاتووە.

ئەگەر سەیری قۆناغەكانی دواتر بكەین نوخبەی رۆشنبیری كوردی زیاتر لە نوخبە سیاسییەكە نزیك بووەتەوەو هەوڵیداوە تێكەڵاوی ئەو نوخبەیە ببێت و تەنانەت تمووحی ئەوەشی هەبووە كە خۆی ببێتە جێگرەوەی نوخبە سیاسییەكە. كاتێ لە نێو پارتیدا ئەو نوخبەی رۆشنبیرەی كە تێكەڵاوی سیاسەت بوون و گەیشتنە مەكتەبی سیاسی پارتی دەیانوویست ئەو هەژموون و دەسەڵاتەی كە وەكو رۆشنبیر هەیانبوو بەسەر سەركردایەتی یان نوخبە سیاسییەكەی سەركردایەتی پارتی و خودی بارزانیشدا بیسەپێنن، بەڵام دیارە لەو یارییەدا هەمیشە نوخبەی سیاسی دەبێتە براوەو نوخبە رۆشنبیرەكە با بارگاویش بووبێت بە سیاسەت بەڵام لەو یاریەدا ناتوانێت سەركەوتن بەدەست بهێنێت.

كاتێ نوخبەیەك لە رۆشنبیرانی كورد كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستانیان درووستكرد، بە ئاشكرا دیارە كە چۆن كەوتوونەتە ژێر كاریگەری خەیاڵی رۆمانسیانەی خۆیانەوە بۆ رابەرایەتی كردنی شۆڕو بۆ رەتكردنەوەی سەركردایەتی تەقلیدی تاكەكەسە دیارو خاوەن پێگە جەماوەرییەكان لە كوردستاندا. بەڵام ئەم نوخبە رۆشنبیرە رۆمانسییە لەبەر ئەوەی دەسەڵات و نفوزی ئەمان لە كۆمەڵدا لاوازەو ئەو ئامادەبوونەی نییە ناچار دەبێت خۆی بداتەوە دەستی دەسەڵاتی كەسێكی دیاری نوخبە سیاسیەكەی كە مام جەلالە.

لە دوای راپەڕین نوخبەی رۆشنبیری كوردی نوخبەیەكی دابەشبووی لاوازی بێشووناس بوو، نەیتوانی وەكو نوخبەیەكی سەربەخۆی خاوەن كەسایەتی شانبەشانی نوخبەی سیاسی خۆی رابگرێت و هەژموون و دەسەڵاتی خۆیی هەبێت و لەو رێگایەشەوە كاریگەری و قورسی هەبێت لەبەرامبەر نوخبەی سیاسیدا كە ئەوەش بۆ نوخبەی سیاسیو بۆ مەسەلەی كوردیش بە گشتی سوودبەخش دەبوو. ئێستا خەمی ئێمە ئەوەیە لە كاتێكدا كە نوخبەی كۆمەڵگاكانی تر دەورو كاریگەرییان هەیە لە سەر عەقڵ و هوشیاری و هەڵوێستی بەشەكانی تری كۆمەڵگە، كەچی نوخبەی رۆشنبیری ئێمە پێكهاتەیەكی دابەشبووی پاشكۆی حیزب و شوێنكەوتووی بەرژەوەندییە مادییەكانی خۆیەتی

بـــەلاّم ئەگـــەر داببـــەزین بـــۆ ســـەرزەمینەی واقیعـــی کۆمەڵگـــەی کـــوردەواری‌و لـــە روانگـــەی تێگەیشـــتن‌و روانـــینی تاکەکـــەس‌و تەنانـــەت کۆمـــەڵ بەگشـــتیەوە ســـەیر بکـــەین ئـــەوا بـــە ئاشـــکرا بۆمـــان دەردەکـــەوێت کـــە ئـــەم زاراوەیـــە بـــوون‌و ئامـــادەبوونێکی ئاشـــکراو لەبەرچـــاوی هەیـــە. دیـــارە کەوتنـــە ژێـــر کاریگـــەری وەهـــم یەکێکـــە لـــە خاســـیّتەکانی ئـــەو کۆمەڵگەیانـــەی کـــە لـــە بـــری ئـــەوەی کۆمەڵگـــەی کـــارو رووداودرووســـتکردن بـــن کۆمەڵگـــەی خـــەیاڵ‌و تێڕامـــانن، بـــەلاّم تێڕمـــانێکی بێبەرهـــەم نـــەك تێڕامانێـــك کـــە ببێتـــە بەرهـــەمهێنی بیرکردنـــەوەو بەرنامـــەی کـــار بـــەڵکو مەبەســـت تێرامانێکـــە کـــە مـــرۆڤ دەکاتـــە کەســـی بەســـەرخۆدا شـــکاوەو ســـەرئەنجام کەسێتێکی نەرجسی بەرهەم دێنێت بەلاّم نەرجسیەتێکی ناکارا.

رەنگـــە زیـــاتر دەرکـــەوتن‌و ئاشـــکرابوونی ئـــەم ئاراســـتەیە لـــە کۆمەڵگـــەی کوردیـــدا مێژوویـــەکی زۆر کـــۆنی نـــەبێت، چـــونکە لـــە مێـــژووی زانـــراوی کـــوردا چ مێـــژووی زارەکـــی بێـــت یـــان نووســـراو کـــورد وەکـــو پێکهاتەیـــەکی ئەزمونگـــەر دەرکـــەوتووە بـــەلاّم لەگـــەڵ دەرکـــەوتنی نوخبـــە لـــە کوردســـتاندا زیـــاتر جۆرێـــك لـــە وەهمگـــەرایی لەگـــەڵ نوخبـــەدا لـــە دایکبـــووەو تاکـــەکانی نوخبـــە بـــە زۆری کەوتوونەتـــە ژێرکاریگـــەری وەهمـــەوەو هەریەکـــە بـــەجۆرێك خـــۆیی لێبـــووە بـــە پاڵـــەوان. رەنگـــە بـــۆ یەکـــەمجار ئـــەو ئالودەبوونـــە بـــە وەهـــم تاکـــە خوێنـــدەوارەکانی ئێمـــەی گرتبێتـــەوە کـــە مـــەلاکانی کـــوردەواری بـــوون بـــەجۆرێك هەنـــدێکیان بازنەیـــەکی وەهمییـــان بـــەدەوری خۆیانـــدا کێشـــاوەو قـــەوارەی خۆیانیـــان هێنـــدە گـــەورە هاتووتـــە پـــێش چـــاو کـــە هەرچـــۆن نوخبـــە لـــە کۆمەڵگـــە ئاســـاییەکاندا دەکەوێتـــە ئاســـتی ســـەرەوەی کۆمەڵگـــەوەو لـــە ئـــەنجامی ئـــەو توانایەیـــدا کـــە هەیـــەتی هـــەژموونی بەســـەر کۆمەڵگـــەدا دەبێـــت ئـــەمانیش لـــە رێگـــەی ئـــەو وەهمـــەوە وەهـــا ســـەیری خۆیانیـــان کـــردووە کـــە لەســـەرووی هـــەموو کۆمەڵگەوەن.

لـــە دوای جـــەنگی یەکـــەمی جیهـــانی، دەرکـــەوتنی تاکـــە خوێنـــدەوارەکان لـــە شـــێوەی نوخبەیـــەکی لاوازدا بینـــراوە، بـــەلاّم لـــە روانگـــەی خۆیانـــەوە بـــەهێزو بـــە هـــەژموون بـــوون، ئـــەویش لـــە ئـــەنجامی ئـــەو وەهمـــەی کـــە تێیکـــەوتوون کـــە وای بۆچـــوون دەبـــێ هـــەموو کۆمەڵگـــە ملکەچـــی ئـــەوان بێـــت رەنگـــە بەهەڵـــەدا نەچـــووبین ئەگـــەر هەڵوێســـتی رەفیـــق حیلمـــی‌و مســـتەفا پاشـــای یـــامولکی‌و پیرەمێـــردو تەنانـــەت جـــەمال عیرفـــانیش لەبەرامبـــەر شـــێخ مـــەحمووددا لـــەم روانگەیـــەوە لێکبدەینـــەوە. زۆرێـــك لـــەو تاکەکەســـانەی نوخبـــەی خوێنـــدەوار لـــە دوای جـــەنگی دووەم دەرکـــەوتوون لـــە ئـــەنجامی ئـــەو وەهمـــەدا وای بۆچـــوون کـــە ئـــەمان رابەرایـــەتی کۆمەڵگـــەو ســـەرکردایەتی بزووتنـــەوە نەتەوایەتیەکەشـــی دەکـــەن. نوخبـــە خوێندەوارەکـــەی

ناو مەکتەبی سیاسی پارتی ئەو وەهمە وایلێکردن کە بڕیاری لابردنی بارزانی لەسەرۆکی حیزب بدەن، بەلاَم لەبەر ئەوەی ئەوان بەوەهم دەژیان لەوە تێنەگەیشتن کە واقیع شتێکی ترەو مەلا مستەفای بارزانی ئەو پیاوە واقیعیەیە کە بوونی لەواقیعدا هەیە نەك لە وەهمدا. ئەو نوخبە سیاسی و رۆشنبیرە کە کاژیکیان درووستکردو تا سەرئێسقان ئالودەبوون بە وەهم و بە خەیاڵ لە کورتترین ماوەدا دەوڵەتی کوردستانیان درووست دەکرد، وەختێ خۆیان بینیووە یان لە دوای بارزانییەوە دەڕۆیشتن یان خۆپاریزو ناکارا مانەوە لە نێو کۆمەڵگەدا. ئەو نوخبەی کە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانیان درووست کردو دژی سەرکردە تەقلیدیە واقیعیەکان بوون، کاتێ خۆیان بینیووە لە ژێر حوکمی عەساکەی مام جەلالدا هەڵدەسووڕان.

زۆرێك لە تاكو دەستە رۆشنبیرەکانی ئێمە کە خۆیان وەکو نوخبە پێناسە دەکەن، لەبەر ئەوەی زۆربەیان لە واقیعدا ئەوە نین کە خۆیان وانیشان دەدەن، یان دەبنە شاعیرو نووسەری حیزب، یان پەرلەمانتاری حیزب یان راوێژکاری حیزبو بەرپرسو بازنەیەکی وەهمیش بەدەوری خۆیاندا دەکێشن و لەبەرامبەر جەماوەری ئاساییدا خۆیان بەرزو گەورە نیشان دەدەن و لەئاستی ئەوی حیزبو بەرپرسیدا لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیاندا لاوازو بێقسەن، هەرچەندە بۆ شاردنەوەی رووی راستی خۆیان زۆرجار تەمسیل دەکەن. ئەم نوخبەیە تیایاندایە ئاستی وەهمگەراییەکەی گەیشتۆتە ئاستێك هەر پایزی لێهات یان بەرو سووید بچن یان لە خەیاڵی خۆیاندا وەهمی ئەوە بیانگرێت کە دەشێ ئەم پایزە بکەونە ریزی پاڵیوراوەکانی خەلاَتی نۆبلەوە. بەهەرحاڵ ئێستا بە ئاشکرا دیارە بۆچی نوخبە لە کوردستاندا خاوەنی کەسێتی و شووناسی نوخبە نییەو ناتوانێت رۆڵی نوخبە ببینێت وەکو ئەو رۆڵەی کە نوخبەی کۆمەڵگە ئاساییەکان دەیبینن. بێگومان هۆی سەرەکی لاوازی ئاستی تێگەیشتن و لاوازی پەیبردن و لاوازی کەسێتیە کە کەسێتی نوخبەی رۆشنبیری کوردی بەوشێوە لاوازە بەرجەستە کردووە.

13- خەمی زمانی ستاندەر

یەکێك لە پایە سەرەکیەکانی نەتەوە زمانە، ئەمە بێجگە لەوەی زمان وەکو چۆمسکی پێناسەی دەکات بریتیە لە ئامرازی پەیوەندیکردن. دیارە پەیوەندیکردنیش یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی کۆمەڵایەتی بوون. هەندێ رایان وایە زمان بریتیە لە شووناس و هەندێکی تریش دەڵێن زمان بریتیە لە بوون و هی تریش هەن دەڵێن زمان لە وشە پێکهاتووە وشەش بریتیە لە فیکر. دیارە هەموو زمانێکی ناوچەیش بە فیکرو مەعریفەی ناوچەیی بارگاوی دەکرێت و بەوپێیەش گوتارێکی ناوچەیی بەرهەم دەهێنێت نەك گوتارێکی نەتەوەیی. جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە شووناسی کوردی و رێنیسانسی کوردیش بەبێ زمانی کوردی مانایەکیان نابێت. ئایا زمانی کوردی بەم شێوەیەی ئێستای کە لە جیاتی زمانێکی ستاندەری خاوەن شووناس، بریتییە لە چەند دیالێکتێکی ناوچەیی لە توانایدایە ببێتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی کورد وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو نیشان بدات و پێشکەش بکات؟

زۆرێك لە زمانەکانی دنیا وەکو زمانی کوردی دیالکێت و نیمچە دیالێکتیشیان هەیە بەلاّم زمانێکیش هەیە پێی دەگوترێت زمانی ستاندەر واتە ئەو زمانە فەرمیەی کەپێی دەخوێندرێت و کاروباری حکومەت و دەوڵەتی پێبەڕێوەدەبرێت و گۆڤارو رۆژنامەو کتێبی پێچاپ دەکرێت و رادیۆو تەلەفیزۆن قسەی پێدەکەن. بێگومان ئەو زمانە ستانداره بۆ نەتەوەیەکی وەکو عەرەب ئاییني ئیسلام درووستی کردووە، لەلای گەلانی تریش درووستبوونی بازاڕی هاوبەش و بازرگانی ناوخۆو درووستبوونی دەوڵەت درووستی کردووە، هەندێ جاریش بڕیاری سیاسی سەپاندوویەتی ئەوەش لە پێناوی بەرژەوەنی باڵای نەتەوایەتی و نیشتیماندا. چونکە بەرژەوەندی نەتەوایەتی لەپێش حەزوو ئارەزوو بەرژەوەندی تایبەتی و نەرجسیەتی تاکەکەس و گروپەکانەوە.

زمانی ستاندەری کوردی تا ئێستا درووست نەبووە، هۆکارەکەشی بریتیە لە درووستنەبوونی بازاڕی هاوبەش و بازرگانی ناوخۆو دەوڵەتی نەتەوەیی هەتا دیالێکتی ئەو دەڤەرە بکات بە زمانی فەرمی کە دەبێتە پایتەخی دەوڵەتەکە وەکو لە زۆر شوێنی دنیا روویداوە. بێگومان زمانی ستاندەر بەو پینەوپەڕۆیە درووست نابێت کە هەندێ کەس و دەزگای بەناو ئەکادیمی دەیانەوێت بە تێکەڵاوکردنی زاراوەی جۆراوجۆری دیالێکتەکان درووستی بکەن. ئەوەش عەیبێکی گەورەیە کە لە سێ پارێزگای کوردستاندا دوو پرۆگرامی خوێندن هەبێت و هیچ لایەکمان رازی نەبین بە دیالتیکەکەیتر بخوێنین و هەریەکەشمان شێلگیرانە داکۆکی لە دیالێکتی خۆمان بکەین بەبێ ئەوەی

هێمنانە بیر لەوە بکەینەوە کەچی لە بەرژەوەندی نەتەوەیمانەو کام دیالێکت بەلایەنی کەمەوە لەم بەشەی کوردستاندا بۆ ئەوە دەشێت بکرێتە زمانی فەرمی ئەم ئیدارە کوردیە.

بێگومان لە هیچ بەشێکی دنیادا ژمارەی قسەکەر بە دیالێکتێك نەکراوەتە بنەماو پێوانە بۆ ئەوەی کام دیالێکت بکرێتە زمانی ستاندەر بەڵکو ئاستی ئیشکردن بەو دیالێکتە لە بوارە جیاوازەکاندا دەکرێتە بنەما ئەگەر زمانی ستاندەر بەشێوە سروشتیەکەی دروست نەبوو. دیارە خەمی ئێمە ئەوەیە تازە ناگەڕێینەوە بۆ دواوە تا بەسروشتی زمانی ستاندەری کوردی دروست ببێت بۆیە ئێستا تەنیا بە بڕیاری سیاسی ئەوە دەکرێت و ئەرکی سەرکردایەتی کوردیە کە لە بڕیاردانێکی لەوجۆرە دوو دڵ نەبێت چونکە هەتا کورد لەم بەشەدا بە دوو دیالێکت بخوێنێت و کاروباری ئیداری بە دوو دیالکتیك بەڕێوە بچێت مانای وایە ئێمە خۆمان لە ڕێگای پەروەردەوە کار بۆ ئەوە دەکەین کە لە کۆنەستی کۆمەڵایەتی کوردی ئەم بەشەدا ئەوە بچەسپێنین جیاوازی لە نێوان کرمانجی سەرو کرمانجی خوارووودا دەبێ بمێنێتەوە، دیارە ئەوەش پێچەوانەی بنەماکانی نەتەوەیی بوونەو پێچەوانەی پرۆژەی ناسیونالیزمەو ناکۆکە لەگەڵ ویستی ئایندەیی ئێمەدا کە دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردییە.

## 14- خەمی شووناس

کاتێ کەسێك دەبێت بە خاوەنی کارتێك کە پێی دەگوترێت شووناس، وێنەو ناووشوێن و ساڵی لە دایکبوونی لەسەرە ئەو کەسە هەست دەکات بوونی هەیە. مانای شووناس ئەو هەستکردنەیە بە بوون، ئەمە لەسەر ئاستی تاکەکەس، کەواتە لەسەر ئاستی نەتەوەو کۆمەڵگا ناسنامە چی دەگەیەنێت؟ ناسنامە لەدوو ڕووەوە سەیر دەکرێت و هەریەکەشیان بەپێی ڕوانینی خۆی پێناسەی دەکات. یەکەمیان لە تێڕوانینی میتافیزیکیانەوە کەسێتی نەتەوەو گەل و کەلتوورە جیاوازەکان لەسەر بنەمای جەوهەر یان پێکهاتەیەکی دەروونی-عەقڵی جێگیر دیاری دەکرێن و لەوێوە شووناس پێکدێت.

لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەدا، ڕووانینێکی تر هەیە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە سەیری شووناسی نەتەوەیی دەکات و پێی وایە شووناسی نەتەوەیی مانای ڕێگاو چۆنێتی بیرکردنەوەو هەستکردن و ڕەفتارکردنی هاوشێوەو باڵادەستە لە ژیانی کۆمەڵایەتی هەر

کۆمەڵگاو نەتەوەیەکدا کە هیچ کام لەم رەگەزانەش راوەستاو جێگیرو بێ چووڵە نین بەڵکو لەگەڵ جوڵەو گۆڕانکارییە گرنگو ریشەییەکانی مێژووی ئەو نەتەوەیەدا دەگۆڕێنو تایبەتمەندییەکانی هەر نەتەوەو گەلێکیش لەم روانگەیەوە دەرئەنجامی هۆکارە مێژووییە داینامیکییەکانی وەکو تێکەڵاوبوونی کەلتووریو ململانێ کۆمەلأیەتیو سیاسیو ئایدیۆلۆجیەکانو ئەو کارو داهێنانو سەرجەم بارودۆخانەن کە ئەو پێکهاتەیەی پێدا تێدەپەڕێت. کەواتە شووناسی نەتەوەیی بریتییە لە کۆمەڵێك خاسێتو دیاردەو تایبەتمەندی پەیوەست بەو نەتەوەیە کە دەشێ بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەو پێکهاتەیە لە پێکهاتەکانی تر جیابکەنەوەو بیناسێنن. لە روانینی کلاسیکانەوە بۆ بەدەستهێنانی شووناسی نەتەوەیی جوگرافیاو زمانی هاوبەشو هاورەگەزی... بنەما سەرەکیەکانن، بەلأم ئێستا ئەو رەگەزانە کە وەکو رەگەزی خاو بۆ بەدەستهێنانی شووناسی نەتەوەیی سەیر دەکرێن بەس نین، بەڵکو سەلماندنی جیاوازیو تایبەتمەندی لەسەر بنەمای ئامادەبوونو خۆسەلماندن لە نێو ئەوانی تردا پێوانەی سەرەکین بۆ بوونی ناسنامەی نەتەوەیی.

کاتێ من هەست بکەم بوونو ناسنامەم هەیە ئەوا لە رێگای بوونی ناسنامەوە دەڵێم: ئەمە منم ئەوەش تۆیت ئەوەش فلأن کەسە، مانای وایە تایبەتمەندی هەریەکەمان لە سیماو رەفتارو خوێندەواریو ئامادەبوونمان لە نێو کۆمەڵگادا ئەو ناسنامەمان پێدەبەخشێت کە هەم بوونی تاکی تیادا بەرجەستە دەبێتو هەم ئینتیماش بەرهەم دەهێنێت چونکە کاتێ تاکەکەس دەبێتە خاوەنی ناسنامە لەوە تێدەگات کە ئەم رەگەزێکە بۆ پێکهێنانی ناسنامەیەکی مەزنتر کە ناسنامەی نەتەوەیە. کورد وەکو نەتەوە یەکێك لە خەمە سەرەکیەکانی خەمی نەبوونی ناسنامەیە واتە خەمی نەتوانینی ئەوەیە لە رووی ئەوانی تردا بڵێت ئەمە منم ، مەبەست لە ناسنامە ئەوەیە خاسێتو تایبەتمەندییە دیارو جیاوازەکان بین بە هۆکار بۆ ئەوەی لە رێگایانەوە کورد خۆی بۆ دەرەوەی خۆی نمایش بکاتو لەو نمایش کردنەشدا کەسێتی مەعنەوییو مادی ئەو وەکو کەسێتی نەتەوەیی لەسەر پێی خۆیی راوەستێتو لە ریزی ژمارەکاندا ئەمیش بووبێتە ژمارەیەكو ئامادەببوونی هەبێت. کەلتوورو زمانو دابو نەریتو مێژوو ئەدەبو ئەفسانەو گۆرانیو مۆسیقاو ئایینو تەقسی کۆمەلأیەتیو بیرکردنەوەو رووبەری خەیاڵو.. هەموو لەو رەگەزانەن هەریەکە دەورێك دەبینێت لە بەدەستهێنانی ناسنامەی نەتەوەیدا، بەلأم کاتێ کارکردنی ئەم رەگەزانە هەستپێکراو دەبێت کە پێکەوە

کاربکـــەن بـــۆ بەرهـــەمهێنانی جوڵـــەی رۆحـــی گشـــتی کۆمـــەڵگا بـــە ئاراســـتەی بڵنـــدبوون کـــە ئـــەویش تـــەنیا لـــە کاتێکـــدا پێناســـەی هەیـــە کـــە مەســـەلەی دروو ســـتکردنی دەوڵـــەت بکـــات بـــە ئـــەمری واقیـــع واتـــە دەوڵـــەتێك کـــە رۆحـــی گشـــتی کۆمـــەڵگا یـــان نەتـــەوە بەرهـــەمهێن و درووســـتکەری بێـــت. هـــەر لێرەشـــەوە بـــە ئاشـــکرا دەردەکـــەوێت کـــە ناســـنامەی نەتـــەوەیی تەنیا لە دروو سبوونی دەوڵەتدا بەدەست دێت.

## 15- رەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی:

ئاشـــکرایە ئـــەو کۆمەڵگـــەی مرۆڤایەتیـــەی کـــە ئێســـتا دەیبیـــنین بەرهـــەمی جوڵـــەی نـــاوخۆیی و پەرەســـەندنی هەمەلایەنـــەی خـــودی مرۆڤایەتیـــە. ئەگـــەر بگەڕێینـــەوە بـــۆ رابـــردووی دوور ئـــەوا بـــەجۆرێك باســـی ســـەرەتای کۆمەڵایـــەتیبوونی مـــرۆڤ دەکرێـــت کـــە رەنگـــە لـــە ئێســـتادا تەســـەورکردنی واقیعیانـــەی ئـــەو قۆناغـــە گـــران و لـــە هـــەمان کاتـــدا تەمومـــژاوی بێـــت. بەهـــەرحاڵ شـــێوەی دیـــارو تـــا ئەندازەیـــەك پێناســـەکراوی ئـــەو پێکهاتەیـــەی کـــە بـــە کۆمەڵگـــە نـــاوبراوە لـــە کۆمەڵگـــەی ســـەرەتاییەوە دەســـت پێـــدەکات کـــە دەشـــێ لـــەو چوارچـــێوەیەدا باســـی کۆمۆنـــەی ســـەرەتایی و قۆنـــاغی کۆیلایـــەتی و.. بکرێـــت. بـــە پێـــی دیـــالیکتیکی مێـــژووی کۆمەڵگـــە بـــەپێی شـــێوازی پەرەســـەندنی بەرهـــەمهێنان و هۆیـــەکانی بەرهـــەمهێنان لـــە جوڵەیـــەکی هێواشـــدا گۆڕانکـــاری بەســـەردا هـــاتووەو لـــە هـــەناوی هـــەر قۆناغێکـــدا گۆڕهەڵگـــەنی ئـــەو قۆناغـــە لـــە دایکبـــووەو رابەرایـــەتی قۆنـــاغی دواتـــری کـــردووە. ئـــەم گۆڕانکارییـــەش بەشـــێوەیەکی هەمەلایەنـــەو لـــە جوڵەیـــەکی خـــاودا روویـــداوە. هـــەروەك لـــە روانگـــەی هەنـــدێ کۆمەڵناســـی وەکـــو ئـــیبن خەلدوونیشـــەوە کـــە کۆمەڵایـــەتیبوون لـــە پلـــەی یەکەمـــدا بـــەهۆی هۆکارەکـــانی خـــوێن و دەمـــارەوە بـــووە، ئـــەویش جوڵەیـــەکی هێواشـــی هـــەبووەو ســـەباری دەرکـــەوتنی پێکهاتـــەو دامـــەزراوەی نـــوێی کۆمەڵایـــەتی بـــەڵام ئـــەو جوڵـــە هێواشـــە وایکـــردووە ئـــەو پێکهاتانـــەی کـــە خـــوێن و دەمـــار بنـــەمای پێکـــەوە بەســـتنیان بـــووە لـــە کۆمەڵگـــە جـــۆراو جۆرەکانـــدا بوونیـــان بـــەردەوام بێـــت. هـــەروەکو چـــەندین هۆکـــاری تایبـــەتیش وەکـــو بزوێنـــەری مێـــژوو دیـــاری کـــراون وەکـــو ئـــابووری و فاکتـــەری خـــوێن و دەمـــارو رۆح و رۆمانسیەتی سرووشت و..تاد.

بەلاّم ئەوەی جێگای سەرنجەو سەرباری بڕوابوون بە بوونو جیاوازی مۆتیقەکانی بزوێنەری مێژوو، جۆرێك لە کۆدەنگی سەبارەت بە رەوتی پەرەسەندنی کۆمەلاّیەتی هەبووە ئەویش لەوەدا کۆبووەتەوە کە کۆمەڵگە بەپێی کارلێكو جوڵەو پێکەوە کارکردنی کۆی رەگەزە مادیو مەعنەوییەکانی خودی خۆی دەجوڵێتو پەرەسەندنی خۆی دەکات کە ئەویش ملکەچی یاسا خۆییو بابەتییەکانی پەیوەستە بە بوونو پێکهاتەی خودی ئەو کۆمەڵگەیە، کە ئەویش هەمیشە جوڵەیەکی هێواشو سرووشتی هەیە بەپێی سرووشتی تایبەتی ئەو کۆمەڵگایە.

کەواتە ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێت کە پەرەسەندنی کۆمەلاّیەتیو رەوتی مێژوو لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بەپێی سرووشتی پێکهاتەو کارلێکە ناوخۆییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەڕوات، ئەوا ناتوانین بڕوا بەوە بکەین کە رۆڵی تاکە کەسو تەنانەت دەستەو گرووپیش گرنگییەکی ئەوتۆیان دەبێت، ناشێت تەسەوری ئەوە بکرێت تاك بە تەنیا، یان دەستەو گروپ بتوانن گۆڕانی گەورە لە سرووشتو لە جوڵەی کۆمەڵگەدا درووستبکەن. بێگومان رەنگە لە شێوەی جۆرێك لە جوڵەیەکی میکانیکیدا هەوڵبدرێت کۆمەڵگە بەرەو گۆڕان ببرێتو بەبێ ئەوەی کە پێداویستیە کۆمەلاّیەتیو بنیادییەکانی ئەو گۆڕانە بوونیان هەبێتو کۆمەڵگە رەوتی مێژووی خۆیی بڕیبێت، هەوڵبدرێت ماوەی ئەو قۆناغە مێژووییە کورتتر بکرێتەوەو جوڵەی پەرەسەندنی کۆمەڵگە خێرا بکرێتو گۆشەجوڵەی بەرەو پێشەوەچوون کە بەسرووشتی گۆشەیەکی زۆر تیژەو لە چەند پلەیەکی زۆر کەم زیاتر نییە، بکرێتە گۆشەیەکی وەستاو، یان کراوە، ئەوا مانای وایە لە دەرەوەڕاو بە هێزێکی میکانیکی هەوڵی گۆڕانکاری کۆمەڵگە دەدرێت کە ئەوەش لەگەڵ سرووشتی پەرەسەندنی کۆمەلاّیەتیدا ناگونجێتو سەرئەنجام دەبێتە هۆی تێکدانی هارمۆنیای کۆمەلاّیەتیو دەشێ جۆرێك لە پشێوییو فەوزای کۆمەلاّیەتی بەرهەم بهێنێت. هەر ئەم هۆکارەیە لە زۆرێك لە کۆمەڵگە رۆژهەلاّتیەکاندا لە بری بەرهەمهێنانی گۆڕانێکی هێواشو سرووشتی کە بەرهەمی گۆڕانکاری ریشەیی بێت لە ژێرخانی کۆمەلاّیەتیدا ، لە سەرخاندا بانگەشە بۆ گۆڕانکاری دەکرێت کە ئەوەش بە پێچەوانەی سرووشتی کۆمەڵگەوە دەبینرێتو لە نێوان خوازیارانی ئەو جوڵەو گۆڕانەو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا جۆرێك لە دیواری لێك تێنەگەیشتن درووست دەبێت کە لە روانگەی کۆمەڵگەوە خوازیارانو داکۆکیکەرانی هەر گۆڕانێکی لەو جۆرە وەکو شوێنکەوتنی جۆرێ لە وەهم سەیر دەکرێن. هەر بۆیە دەبێ بزانین نە پەرەسەندنی کۆمەلاّیەتیو نە

گۆڕانی کۆمەڵایەتیش بە گۆشەی وەستاو یان کراوە ناجوڵێن و نارۆن، بەڵکو ڕەوتێکی هێواشیان هەیە کە مۆتیڤەکەی لە نێو بنیادی کۆمەڵایەتی خۆیدایەو ئەویش پرۆسەیەکی هەمەلایەنەو گشتگرەو سەرتاپای جەستەی کۆمەڵگە دەگرێتەوە.

## 16- کوردو ئایین

ڕەنگە کۆکردنەوەی ئەم دوو زارەوەیە جێگای سەرنج بێت و بیر لەوە بکرێتەوە دەبێ چ پەیوەندییەك لە نێوانیاندا هەبێت. دەشێ لە ڕوانینی کەسێکی نەتەوەیی عەلمانیەوە ئایین هیچ پەیوەندییەکی بە نەتەوەو نەتەوایەتییەوە نەبێت، هەروەك دەشێ کەسێکی ئاینیش وای ببینێت ئایین دنیایەکی سەربەخۆیەو بریتییە لە پەیوەندی نێوان کەسی بڕوادارو خوداو پەیوەندی بە نەتەوەو ڕەگەزو ڕەنگەوە نییە. بەڵام لە ڕاستیدا پەیوەندی نێوان ئەم دوو چەکە زۆر قوڵە. ئایین یەکێکە لە پایەکانی ڕێنیسانسی نەتەوەیی و ناسیونالیزمیش، هەروەك ناشێت تەسەوری بوونی کۆمەڵگایەك بکرێت بەبێ بوونی ئایین. یان ڕووبەری ڕۆحی لەو کۆمەڵگایەدا یەکسان بێت بەسفر بەتایبەتی کە ئایین لە پانتاییەکدا کاردەکات کە پانتایی سایکۆلۆجیای کۆمەڵایەتی ئایینی ڕۆحیەو هەروا ئاسان نییە ئەو پانتاییە بسڕێتەوە. هەروەك ئاشکرایە ترسناکترین کارێك کە بکرێت بۆ شێواندنی بنیادی پێکهێنەرانەی هەر کۆمەڵگایەك ئەوەیە لە ئایینی خۆیی جیابکەیتەوەو پانتای ڕۆحیی ئەو کۆمەڵگایە بە چۆڵی بەجێبهێڵرێت، یان بە ئایینێکی تر پڕبکرێتەوە کە ئەویش بەئاسانی جێگای ئایینی یەکەم ناگرێتەوە.

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان کورد لەپێش هاتنی ئیسلامدا هەڵگری پەیامی ئایینی زەردەشتی بووەو ئەو ئایینەش پەیوەندی بەهێزی بە ژیانەوە هەبووە، کە لەسەر سیانەی بیرکردنەوەو گفتارو کرداری باش بیناکراوە. دوورخستنەوەی کورد لە مێژوودا لەو ئایینە بۆشاییەکی ڕۆحی کۆمەڵایەتی سایکۆلۆجی بۆ کورد درووست کردووەو تەنانەت دواتریش بووەتە ئیسلام، ئەو بۆشاییە بەشێوەیەکی سرووشتی پڕنەکراوەتەوە چونکە بەشێکی کورد ئیسلامی زۆر بە توندڕەوانە وەرگرتووەو بوونی نەتەوەیی خۆیی لە نێو بوونی ئیسلامدا تواندۆتەوە، بەشێکی تریشی کە بە ناچاری بووەتە ئیسلام

لەلایەك نەیتوانیووە پەیامی ئایینەكە وەكو خۆی وەربگرێت لەلایەكی تریشەوە نەیتوانیوە بگەڕێتەوە بۆ ئایینی پێشتری خۆی و ئەوەش لە بارێكی شلۆقدا هێشتوویەتیەوە.

بەم شێوەیە هیچ كام لەم دوو ئاراستە نەیانتوانیووە جێگەوپێگەی خۆیان وەكو كورد لەناو ئیسلامدا بكەنەوەو بپارێزن. لایەنی یەكەمیان لە عەرەب توندتر پەیوەستبوون بە ئایینەكەوەو شتێك نەماوە لەبیرو هەستی ئەواندا بەناوی كورد وەكو نەتەوە، دووەمیشیان نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی بۆچوون پەی بەوەببەن كە دەتوانرێت سوود لە بنەماكانی ئیسلام لە عەدالەتی كۆمەڵایەتی و لە لێبوردەیی و لە پاراستنی رەوشت و دەست پاكی و عیزەتی نەفس و بڵندبوونی رۆح وەربگیرێت لە پێناوی دروستكردنەوەی كەسێتی لە مێژوودا تێكشكاوی كوردیدا. لە كاتێكدا دەزانین دراوسێكانی ئێمە لە فارس و توورك بەسوود وەرگرتن لە بنەماكانی ئیسلام نەك هەرتوانیویانە كەسێتی نەتەوەیی خۆیان دروست بكەنەوە بەڵكو ئیسلامیان كردۆتە یەكێك لە پایەكانی دروستبوونی ناسیونالیزمی خۆیشیان.

خەمی ئێمە ئەوەیە هەرچۆن لە مێژوودا نەمان توانیووە سوود لە ئایینی ئیسلام وەربگرین و بیكەین بە یەكێك لە پایەكانی دروستكردنەوەی كەسێتی نەتەوەیمان و رێنیسانسی كوردی و ناسیونالیزمی كوردی، ئێستاش ئایینی ئیسلام لە كوردستاندا ناتوانێت ئەو دەورە ببینێت چونكە زۆرینەی خەڵك پەیامەكەیان وەكو پەیوەندی نێوان كەسی بڕوادارو خودای خۆی وەرگرتووە و كەمینەش بریتین لە حیزب و رێكخراوە ئیسلامیەكان كە گوتاری ئیسلامی ئەوان نەك لە كوردستاندا بەڵكو لەسەر ئاستی جیهان گوتارێكی سیاسی ئایینی لە گەوهەردا رووتكراوەیە لە مەسەلەی نەتەوایەتی و سنوور و رەنگ و رەگەز ناناسێت و وادەڕوانێت هەموو جێگایەك مڵكی خودایەو نزیكترین كەسیش لە خوداوە ئەوەیە كە سەر بە حیزب و ئاراستەكەی ئەو بێت نەك ئەو كەسە بێت كە خوداپەرستی ئاستی نزیكی لە خوداوە دیاری بكات.

## 17- كوردو فرە ئایینی

لە وتاری پێشوومان‌دا باسی ئەوەمان كرد كە ناتوانرێت تەسەوری بوونی كۆمەڵگەیەك بكرێت بەبێ بوونی ئایین، هەر لەو روانگەیەشەوە دەبینین كۆمەڵگەی كوردی نەك هەر لە دەرەوەی ئایین نییە بەڵكو زیاتر لە ئایینێك و زیاتر لە ئایینزایەك و زیاتر لە رێبازێكی

تەسەوف لە کوردستاندا هەن. وەکو ئاشکراشە ئایین لە بنەڕەتدا هۆکارێکە بۆ کۆکردنەوەی خەڵك و لێکتر نزیك کردنەوەو ڕێکخستنیان ئەوەش لایەنی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی و ئیداریش دەکرێتەوە. کەواتە لە ڕوویەکی ترەوە ئایین دەوری دیاری دەبێت لە کۆمەڵایەتیبووندا بەو مانایەی کە مرۆڤ بوویەکی کۆمەڵایەتیەو بوون و ئامادەبوونیشی هەرچەندە توانـاو لێهاتوویی تاکەکەسیش دەوری تێدا ببینێت بەڵام لە دەرەوەی کۆمەڵگەو لە دەرەوەی کردەی کۆمەڵایەتی بووندا بایەخێکی ئەوتۆی نابێت.

ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا ئایین لە کوردستاندا توانیویێتی ڕۆڵی کاریگەری خۆی بۆ یەکبوون و یەکگرتن ببینێت یان بە پێچەوانەوە هۆکاری پەرتبوون و دابەشبوون بووە؟ لە کوردستاندا جگە لە ئایینی ئیسلام کە ئایینی زۆرینەی خەڵکە ئایینەکانی یەزیدی کاکایی و مەسیحی و پێشتریش ئایینی جولەکەو پاشماوەی زەردەشتی هەیەو ئاینزاکانی سوونەو شیعەو ڕێبازە جۆراوجۆرەکانی تەسەوف و ئاراستەی تری وەك حەقەش هەن کە هەریەك لەمانەش بڕواداران و شوێنکەوتووانی خۆیان هەیە. ڕاستە باسی ئەوە دەکرێت کە لە کوردستاندا پێکەوە ژیانی ئایینەکان و لێبووردەیی لە نێوانیاندا هەبووە، بەڵام ئایین لە کوردستاندا نەیتوانیووە ڕۆڵی کاریگەر ببینێت لە کۆکردنەوەی هەموو کورددا وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو لەو بارەشدا هێزێکی ئایینی نەتەوەیی ئەوتۆ دروست بکات کە پانتایی ڕۆحی و مادی یان دنیایی تێکڕای مرۆڤی کورد پێکەوە کۆبکاتەوەو ئایین لە پێناوی دنیا و بیناکردن و بەدەستهێنانی شووناسی نەتەوەیدا بخاتە کارو جوڵە. بەواتا کورد نەیتوانیووە دین و دنیا پێکەوە کۆبکاتەوە.

لە ڕاستیدا هەروەك دایڤد ئەیدمسۆن دەڵێت ڕەنگە کورد ئەو تاکە نەتەوەبن کە ئیسلامبوونیان دەخەنە پێش کوردبوونیانەوە، ڕەنگە لە جێی خۆیدا بێت کە بڵێین کورد بە گشتی شووناسی ئایینیان دەخەنە پێش شووناسی نەتەوەییانەوەو ئەوەش وای لێکردوون نەتوانن ئایین بخەنە خزمەتی مەسەلەی نەتەوایەتیانەوە. هەڵگرانی هەر کام لە پەیامە ئایینیەکانی کوردستان بگریت، بە ئاشکرا دیارە پەیوەستبوونە ئایینیەکەی دەکەوێتە پێش بوونە نەتەوەییەکەیەوە لە کاتێکدا ئایین وەرگیراوە بەڵام کوردبوون بەشێکە لە ئەسڵی بوون. لای کورد ئایین نەك نەیتوانیووە ڕووبەری ڕۆحی و ڕۆحی گشتی کۆمەڵگەی کوردی تەسامی پێبکات و ئەو ڕایەڵە ڕۆحیەش هەموو نەتەوە یەکبخات، بەڵکو هۆکارێکیش بووە بۆ دابەشبوون و لێکترازاندنی کورد. ئەو ڕایەڵەی کە لە نێوان مسوڵمان و مەسیحی و یەزیدی و کاکایی و پێشتریش جولەکەدا هەبووە نە

ئەوساو نە ئێستاش لە رایەڵی بەهێزی یەك ئیتنیك ناچێت واتە لە كاتێكدا كە ئایین لای جولەكە گەلی درووست كردووە، ئایین لای كورد گەلی دابەشكردووە.
ئەو رایەڵەی لەنێوان كوردی سوونەو كوردی شیعەدا هەیە زۆر لەو رایەڵە لاوازترە كە لەنێوان كوردی شیعەو عەرەب یان فارس یان توركمانی شیعەدا هەیە. بێگومان هەموومان دەزانین كە تەنانەت تەسەوفیش لە كوردستاندا هۆكاری ململانێ‌و ناكۆكی بووە. كەواتە لێرەوە دەتوانین بڵێین ئایین كە لە بنەڕەتدا دەبێ رووبەری رۆحی‌و تەنانەت نەستیش بگرێتەوەو لە بڵنبووندا نەك هەر چین‌و توێژەكانی نەتەوەیەك یان كۆمەڵگەیەك یەكبخات بەڵكو دەبێ كۆی مرۆڤایەتی بكاتە یەكەیەكی یەكگرتوو بەلاَم لە كوردستاندا هۆكاری دابەشبوون‌و لێكترازان‌و ناكۆكی‌و ململانێ‌و هەندێ جار ئاژاوەش بووە. واتە ئایین لە بری بەرهەمهێنانی یەكگرتن بووەتە هۆكاری دابەشبوون‌و لاوازی یەكێتی نەتەوەیی كورد كە ئەوەش خاڵێكە دەبێ لە سنووری كەسێتی كوردیدا لە هۆكارەكانی بگەڕێین..

## 18- رێنیسانسی نەتەوەیی

زاراوەی رێنیسان بە مانای زیندووبوونەوە، رابوونەوە دێت‌و. وەكو بزووتنەوەش بەو بزووتنەوە هونەری‌و ئەدەبی‌و فیكریە دەوترێت كە لە سەدەی چواردەو پانزەو شانزە لە ئیتالیا‌و هەندێ ولاَتانی ئەورپا سەری هەڵدا، ئەویش بەپشتبەستن بە گەڕانەوە بۆ هونەرو ئەدەب‌و فیكرو كەلتووری گریكی‌و رۆمانی كۆن. بێگومان سەرباری بارێكی گشتی لە رێنیسانسدا هەر نەتەوەو كۆمەڵگەیەكیش رێنیسانسی تایبەتی خۆیی هەیە چونكە پایەكانی رێنیسانس بەگشتی لەنێو بوون‌و مێژوو رابردوو شارستانێتی ئەو نەتەوەو كۆمەڵگایەدان‌و ئەوەش وادەكات سارباری رووە گشتی‌و گەردوونیەكەی رێنیسانس دیسان تایبەتمەندی نەتەوەیشی هەبێت، ئەوەش وامان لێدەكات دەستەواژەی رێنیسانسی نەتەوەیی بۆ بەكاربهێنین. كە مەبەست لەمەش بریتیە لە

رابوونـــەوەو بوژانـــەوەی نەتـــەوەیی لـــە هـــەموو ئاســـتەکانی ژیـــانی نەتـــەوەو کۆمەڵـــدا، ئـــەویش بەپشتبەســـتن بـــە پایـــەکانی رابـــردوو لەگـــەڵ عـــەقڵ و روانـــینی مـــۆدێرن بـــۆ چـــۆنێتی کارپێکردنی ئەو پایانەو بەکارخستنیان لە پێناوی بیناکردنی ئێستاو داهاتوودا.

لێـــرەدا دەمانـــەوێت بپرســـین: ئایـــا رێنیسانســـی نەتـــەوەیی کـــوردی ئەگـــەری ئـــەوەی هەیـــە وەکـــو پرۆژەیـــەکی گشـــتگرو هەمەلایـــەن هـــەموو جەســـتەی نەتـــەوەی کـــورد بگرێتـــەوەو گۆڕانکـــاری ســـەرتاپایی بەســـەر ئـــەم نەتەوەیـــەدا بهێنێـــت و لـــە ئێســـتای پـــەراوێزیی و دواکـــەوتوویی و داگیرکـــراوی و دابەشـــکراوی و لـــە کۆمـــەڵگای ســـەرەتایی و پـــێش قۆنـــاغی کۆمـــەڵگای نووســـینەوە بیگوازێتـــەوە بـــۆ کۆمەڵگەیـــەکی خـــاوەن شووناســـی ئـــازادی پێشـــکەوتووی ئامـــادە لـــە هـــەموو رووەکـــەوە؟ دیـــارە ئـــەوە گومـــانی تێـــدا نییـــەو، لـــە راستیشـــدا بـــەبێ بـــوونی پـــرۆژەی رێنیسانســـی نەتـــەوەیی کـــوردی ناشـــێت تەســـەوری گۆڕانکـــاری ریشـــەیی لـــە بـــوونی ئـــەم نەتەوەیـــەدا بکـــەین و هـــەر گۆڕانکارییـــەکیش رووبـــدات تـــەنیا رووکەش دەگرێتەوەو لە بواری سیاسەتی رۆژانەدا دەبێت.

بێگومـــان جێبـــەجیکردنی پـــرۆژەی رێنیسانســـی نەتـــەوەیی کـــوردی لـــە ئاســـتی یەکەمـــدا پێویســـتی بـــە گەڕانەوەیـــە بـــۆ نێـــو رابـــردووی ئـــەم نەتـــەوەو ســـوودوەرگرتن لەســـەرجەم ئـــەو تـــوخم و رەگەزانـــەی کـــە بـــوون و رەســـەنایەتی ئـــەم نەتەوەیـــە دەســـەلمێنن، وەکـــو زمـــان و ئـــایین و داب و نـــەریت و کەلـــەپوورو گـــۆرانی و مۆســـیقاو ئـــەدەب و فۆلکلـــۆرو ئەفســـانەو تەقســـی کۆمەڵایـــەتی و رووبـــەری هەســـت و نەســـت و هێماکـــانی رابـــردوو خـــاك و جـــوانی سروشـــتی نیشـــتیمان، ئـــەویش بەمەبەســـتی دروستکردنەوەی رایـــەڵێکی بـــەهێز لـــەنێوان ئێســـتاو رابـــردوداو بـــۆ دروســـتکردنەوەو بەهێزکردنـــەوەی ئینتیمـــا لـــەلای تـــاکی کـــوردی بـــەو رابـــردووەو بەمەبەســـتی هەســـت بـــەخۆکردنی لـــە ئێســـتادا کـــە ئـــەوەش وەهـــای لێبکـــات لـــە حاڵـــەتی هەســـت بـــە شکســـتکردن و بەپـــەراوێزبوونی بەردەوامییـــەوە بیگوازێتـــەوە بـــۆ حاڵـــەتی هەســـت بـــەخۆکردنی و وای لێبکـــات بتوانێـــت لەســـەر پێـــی خـــۆی رابووەســـتێت و بـــەخۆی بڵێـــت: ئەمـــە مـــنم، ئـــەوە رابردوومـــە کـــە ئامـــادەبوونم هـــەبووە تیایـــدا، مـــادەم رابـــردووم هـــەبووە کەواتـــە دەبـــێ ئێســـتایەکی بـــاش و ئایندەیـــەکی باشـــترم هـــەبێت. بێگومـــان پرۆژەیـــەکی لـــەم جـــۆرەش کـــە ئەمـــە پایـــەو رەگەزەکانیـــەتی پێویســـتی بـــە بکـــەری بـــەئاگاو خـــاوەن پـــرۆژەو بڕوابـــوو بـــە ئاینـــدە هەیـــە، واتـــە بکـــەرێك هـــەم ئاگـــاداری بایـــەخی ئـــەم پایـــە گرنگـــە نەتەوەییانـــە بێـــت و ئاگـــای لـــە رەوت و بەرەوپێشەوەچـــوونی فیکـــرو عقـــڵ و تـــەکنۆلۆجیای جیهـــان هـــەبێت و هـــــەم بزانێـــــت چـــۆن بـــە لێکترپێوەنـــدکردنی رەســـەنایەتی کـــوردی و عـــەقڵی مـــۆدێرن و

بەرهەمـــەکانی رۆشـــنگەریو مۆدێرنێتـــەو ئـــەزموونی گـــەلانی پێشـــکەوتوو کاردەکـــات بـــۆ بەرهـــەمهێنانی عـــەقڵی مـــۆدێرن لـــە لای مرۆڤـــی کـــورد. راســـتە بکـــەری جێبەجێکـــەری پـــرۆژەی رێنیسانســـی نەتـــەوەیی لـــە نوخبـــەی کۆمەڵگـــە پێکـــدێت، بـــەلاٌم ســـەرئەنجام ئـــەم بکـــەرە هـــەموو نەتـــەوە کۆدەکاتـــەوەو کۆبوونـــەوەی چـــینو توێـــژە کۆمەلاٌیەتیـــە جیاوازەکـــانو ئـــایینو مەزهـــەبو فیکـــرو ئایـــدیۆلۆجیاو حیـــزبو پێکهاتـــەو کۆمەڵـــە جیاوازەکـــانیش یەکـــدەخاتو هـــەموویان یەکپێـــدەگرێت بـــۆ جێبـــەجێکردنی پـــرۆژەی رێنیسانســـی نەتـــەوەیی. بـــە گـــوێرەی کـــورد بـــەئاکام گەیشـــتنی پـــرۆژەی رێنیسانســـی نەتـــەوەیی مانـــای گەیشـــتنی نەتـــەوە بـــەو ئاســـتەی کـــە رزگـــاری نیشـــتیمانیو ســـەربەخۆیو دروستـــتکردنی دەوڵـــەتی کـــوردی لـــە خەونەوە دەکات بە واقیع.

## 19- سەقامگیری:

یـــەکێك لـــە مەرجـــە ســـەرەکیەکانی عیمـــران ســـەقامگیریو نیشـــتەجێبوونە. چـــەمکی عیمـــران چـــەمکێکی خەلدوونیـــە، ئاشکراشـــە ئـــیبن خەلـــدوون لەســـەردەمێکدا ژیـــاوە کۆمەڵگـــەی عـــەرەبی لـــەپێناوی ژیانـــدا لـــە کـــۆچو گـــەڕانی بەردەوامـــدا بووە.لـــە بـــارێکی وەهاشـــدا نـــەیتوانیووە شـــتێکی ئـــەوتۆ بینـــا بکـــات، تەنانـــەت ئـــەو شـــتە سادانەشـــی کـــە بینایـــان کـــردووە هـــەرخۆیان لـــە کـــاتی کۆچـــدا تێکیـــان داون، ئاگـــەر لـــە شـــوێنیکدا بینایـــەکی ســـادەیان بینیبێـــت کـــە دەواریـــان تێـــدا هەڵـــداوە ئـــەو بینایـــەیان رووخانـــدووە، بـــەردەکانیان کـــردووە بـــە ئـــاگردانو دارەکانیـــان کـــردووە بـــە کۆمـــانجو لـــە هەڵـــدانی دەوارەکانیانـــدا بـــەکاریان هێنـــاون. ژیـــانی بـــەدو کـــە کـــۆچو گواســـتنەوەی بـــەردەوام بـــووە کـــەمتر ئـــارامیو ئاسایشـــی تێـــدابووە، ئاشـــکرایە عیمـــران لـــە بـــارودۆخی پـــڕ لـــە ئـــارامیو هێمنیـــداو، لـــە پاراســـتنی گیـــانی مـــرۆڤو ســـەروەتو ســـامانیاندا بینادەکرێـــتو پەرەدەســـەنێتو بـــە کـــارو پیشەســـازیو دروستـــتکردن گەشـــەدەکات کـــە هـــەموو ئەمانـــەش تـــەنیا لـــە نیشـــتەجێ بـــوونو لـــە ســـەقامگیریدا پەرەدەسێنن.

بـــارودۆخی کۆمەڵگـــەی کـــوردی لـــە مێـــژوودا نـــەك لـــە بـــارودۆخی کۆمەڵگـــەی عـــەرەبی باشـــتر نـــەبووە بـــەڵکو خـــراپتریش بـــووە، کۆمەڵگـــەی کـــوردی تـــا مێژوویـــەکی درەنـــگ ســـەرگەرمی گـــەرمیانو کوێســـتان بـــووەو رێژەیـــەکی کـــەمی کۆمـــەڵ نیشـــتەجێ بـــووەو زۆرینـــەی لـــە

کۆچ وبــاری بەردەوامـــدا بـــووەو ئـــەوەش وایکـــردووە بـــە ڕێژەیـــەکی زۆر کـــەم بینـــا بکـــات و نیشـــتەجێ ببێـــت و بنـــەمای عیمـــران دابنێـــت. هـــەروەك لـــەو ژیانـــەدا خـــواردن و پۆشـــاکی خـــەڵك ســـادە بـــووە، بـــەڵام ڕەنگیـــان جـــوان و جەســـتەیان ڕێـــك و ڕەوتاریـــان پەســـەندو ڕۆحیـــان خـــاوێن و بیریـــان تیـــژبووە، بـــەجۆرێك کـــە نزیـــك بـــوون لـــە ســـادەیی ئـــەو منداڵـــەی تـــازە لـــە دایـــك دەبێـــت کـــە هـــیچ ناشـــیرینی و گونـــاهو تـــاوانێکی پێـــوە نییـــە. تـــا ئـــەو کاتـــەی وایـــان لێهـــاتووە هەنـــدێ جـــار لـــە پێنـــاوی ژیـــانی ســـادەیاندا لەســـەر ئـــاوو لـــەوەڕگا دژی یـــەکتر وەســـتاون. بـــەلاّم ئـــەو بـــارە هـــەتا هـــەتایی نـــەبوو، ســـەرئەنجام کـــوردیش نیشـــتەجێ بـــوو، بـــەلاّم ئاشـــکرایە پێکهاتـــەی خێڵایـــەتی پـــەرتبووی کـــورد بـــۆ مـــاوەی درێژخایـــەن ماوەتـــەوەو نـــەیتوانیووە فیدراســـیۆنی خێڵایـــەتی پێکبهێنێـــت کـــە دەوڵـــەتی خێڵایـــەتی کـــوردی لێدرووســـت ببێـــت، ســـەقامگیریەکی ئەوتۆشـــی دەســـتەبەرنەکردووە زەمینـــە بـــۆ عیمـــران خـــۆش بکـــات کـــە مەبەســـت لـــە عیمـــران هـــەم عیمرانـــی بیناســـازی و ئاوەدانکردنەوەیـــە هـــەم عیمرانـــی مرۆییـــە بـــەو مانایـــەی کـــە مەبەســـت بینـــاکردنی مرۆڤـــی کـــوردە بـــەجۆرێك کـــە لەســـەر پێـــی خـــۆی ڕابوەســـتێت و عیمرانـــی مـــادی و شارســـتانی بکـــات. هەرچـــەندە ئـــیبن خەلـــدوون پێـــی وایـــە: عیمـــران بـــەبێ دەوڵـــەت و مـــەلیك شـــتێکی چـــاوەڕوان نـــەکراوەو دەوڵـــەتیش بـــەبێ عیمـــران تەســـەور نـــەکراوە( مقدمـــە،ج3 ل883). دیـــارە عیمـــرانیش بـــەبێ ســـەقامگیری بەدینایـــەت.

ئایا ئێستا کۆمەڵگەی کوردی لەکوێی عیمران و سەقامگیری و دەوڵەتدایە؟

بێگومـــان خـــەمی ئێمـــە خـــەمی ئـــەم ســـێ چـــەمکەیە. ئـــەوە ئاشـــکرایە تـــاکو ئێســـتا ســـەقامگیری لـــە کۆمەڵگـــەی کوردیـــدا بـــەو ئەنـــدازە نییـــە عیمرانـــی بەشـــێوەیەکی درووســـت لەســـەر بینابکرێـــت، عیمـــرانیش پێویســـتی بـــە دەوڵەتـــە، درووســـتکردنی دەوڵـــەتیش پێویســـتی بـــە کەســـێتی بینـــاکراوە، واتـــە کەســـێتی عیمرانکـــراو. تـــاکو ئێســـتا دەوڵـــەت بـــوونی نییـــە، ئـــەو کەســـێتە عیمرانییـــەش کـــە دەوڵـــەت بینابکـــات تـــاکو ئێســـتا لـــەڕووی کـــردارەوە غائیبـــە، ســـەقامگیریش لـــە کوردســـتاندا تـــەنیا ســـەقامگیری سیاســـی و ئەمنیـــە، بـــەلاّم ســـەقامگیری بـــەو چـــەمکەی ئێمـــە مەبەســـتمانە مەودایـــەکی فـــراوانتری هەیـــەو بریتییـــە لـــە ســـەقامگیری دەروونـــی و ئـــابووری و کۆمەڵایـــەتی و ئاکـــاری کـــە ئەمانـــەش لـــە ئێســـتادا بـــە بـــوونی دیموکراســـی و ئـــازادی و عەدالـــەتی کۆمەڵایـــەتی و مـــاف هـــاوولاّتی بـــوون و یـــەکتر قبـــوڵکردن و داننـــان بـــە جیاوازیەکانـــدا لەلایـــەن هەموانـــەوە بـــەدی دێـــت. کەواتـــە ئێســـتا خـــەمی ســـەرەکی ئێمەیـــە خـــەمی ســـەقامگیرییەکی گشـــتگرە کـــە ڕووبـــەرێك بـــۆ فـــەوزاو ئـــاژەوەو پشـــێوی نەهێڵێتـــەوەو زەمینـــە خـــۆش بکـــات بـــۆ بەجێگەیانـــدنی پـــرۆژەی عیمرانـــی کـــوردی کـــە

ئەوپرۆژیەش هاوکات عیمرانی مرۆیی و بنیادی و بیناکردنی دەوڵەتی کوردی لە خۆی دەگرێت.

## 20- تەنیا یەکبوون زەمانەتە بۆ سەرکەوتنی کورد !

ئاشکرایە کورد هەمیشە قوربانی دەستی ناکۆکی ناوخۆو دابەشبوونی ریزەکانییەتی. لە رابردوودا ململانێی نێوان خێڵ و عەشیرەتەکان و پاشتریش ململانێ و ناکۆکی نێوان میرنشینەکان رێگاخۆشکەربوون بۆ ئەوەی داگیرکەران و نەیارانی کورد بە ئاسانی دەسەلآت بەسەر کورددا بکەن و بەئارەزووی خۆیان بەکاری بهێنن و مافەکانی زەوت بکەن. بەهەمان شێوە لە مێژووی نوێشدا ململانێ و ناکۆکی نێوان حیزب و رێکخراوو بیرو ئایدیۆلۆجیا جیاوازەکان مایەی دابەشبوون و پەرتبوون بووە.
لەم بەشەی کوردستاندا هەر لەسەردەمی راپەرینەکانی شێخ مەحمودەوە خەباتێکی زۆر کراوە لە پێناوی مافەرەواکاندا، بەلآم بەردەوام ناکۆکی ناوخۆ بووەتە هۆی لاوازکردنی کوردو سەرئەنجام دوژمنی داگیرکەر توانیویەتی سوود لەو ناکۆکیانە وەربگرێت و زیاتر یەکێتی نەتەوەیی کورد تێکبشکێنێت. ناکۆکی زۆرێك لە خێڵ و عەشیرەتەکانی کورد لەگەڵ شێخ مەحموودداو، ناکۆکی و ململانێی نێوان مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی بارزانی لە شۆڕشی ئەیلولداو، ناکۆکی و شەڕی ناوخۆی نێوان حیزب و لایەنەکان لە شۆڕشی نوێداو درێژە کێشانی ئەو ناکۆکیانە تا کۆتای سەدەی رابردوو کاریگەری هێجگار نێگەتیفیان لەسەر خودی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو لەسەر کۆنەستی کۆمەلآیەتی مرۆڤی کورد هەبووەو هەمیشە گەڕانەوەی ئێمە بۆ ئەو یادەوەرییە تالآنە ئەوەمان بەیاد دێنێتەوە کە ئێمە نەتەوەیەکین بە زەحمەت دەتوانین پێکەوە بژین و جیاوازییەکان قبولڵ بکەین ئەوەش وایکردووە هەمیشە یەکێتی نەتەوەیمان لاواز بێت.
ئاشکرایە لاوازی یەکێتی نەتەوەیی ئێمە پێوەندی بەلاوازی ناسیونالیزمی کوردیەوە هەیە، چونکە ئەگەر ناسیونالیزمی کوردی لە بارێکی پێگەیشتوو بەهێزی ئەوتۆدا بوایە کە ببیوایەتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری ئەوا هەموو ئەو بەربەست و دیوارانەی دەڕوخاند کە رێگرن لەبەردەم یەکێتی نەتەوەییدا. دیارە تەنیا یەکێتی نەتەوەیی کوردی زەمانەتی ئەوە دەکات کە کورد چەندێ لە مافە نەتەوەییەکانی خۆی بەدەست دەهێنێت

واتــە چــەندێ یــەکێتی نەتــەوەیی بــەهێز بێــت و چــەندێ کــورد یــەکگرتوو بێــت، بــەو ئەندازەیــە لــە بەدەســتهێنانی داوا ڕەواکــانی نزیــك دەبێتــەوە. کــورد بــە یــەکگرتوویی ڕاپــەڕینی ســاڵی 1991 ی کــرد کــە تــوانی ســەرکەوتنی گــەورە بەدەســت بهێنێــت. کــورد لــە دوای ڕوخانــدنی بــەعس بەیــەکگرتووی چــووە بەغــدا تــوانی پارێزگــاری لــە مانــەوەی حکومــەتی هــەرێمی کوردســتان بکــات و لــە بــاری دیفــاکتۆوە بیگۆڕێــت بــۆ دامەزراوەیــەك کــە دەســتووری نــوێی عێراقــی دانــی پێــدا بنێــت. کــورد بەگشــتی و یــەکێتی و پــارتیش لەهــەر مەســەلەیەکدا کــە پێوەنــدی بــە عێراقــەوە هــەبووبێت ئەگــەر یــەکگرتووبووبن ئــەوا توانیوویانــە ئــەو مەســەلە بــە قــازانجی کــورد کۆتــایی پێبهێــنن، باشــترین نموونــەش یــەکگرتوویی و پێــداگری ئــەمجارەی کــورد بــوو لەســەر پۆســتی ســەرۆك کۆمــار وەکــو حــەقێکی نەتــەوەی خۆمــان لــە کاتێکــدا کــە ئێمــە یــەکێکین لــە دوو نەتــەوە ســەرەکیەکەی عێــراق. بێگومــان دەبــێ ئــەو ڕاســتیە دەرك پێبکــەین کــە دەشــێ جیــاوازی و ململانێکانمــان لــە ســنووری حکومــەتی هەرێمــدا ببێتــە مایــەی پێشــکەوتن و پەرەســەندنی بنــەماکانی دەســەڵاتداری و فراوانکردنــی پــەراوێزی ئــازادی و زەمینــە ئامــادەکردن بــۆ عەدالــەتی کۆمەڵایــەتی و چــەمکی هــاووڵاتیبوون، بــەڵام هــەر نــاکۆکی و دابەشــبوونێك لــە دەرەوەی ســنووری هــەرێم دەبێتــە هــۆی لاوازی و لەدەســتدانی مافــەکانمان، بۆیــە لــە ڕوانگــەی بەرژەوەنــدی نەتەوایەتیــەوە دەبــێ بــۆ پێــداگرتن لەســەر داواکارییــە نەتەوەییــەکانمان هەمیشــە لەبەرامبــەر ئــەوانی تــردا بــە تایبــەتی لــەم بارودۆخــەی عێراقــدا یــەکگرتوو بــین چــونکە ئاســتی یــەکگرتوویی هێــزە کوردییــەکان، بــە تایبــەتیش یــەکێتی و پــارتی زەمانــەتی بەدەســتهێنانی زیــاترین ڕێــژەی شــیاوی مافــە نەتەوەییــەکانمان دەکات.

## 21- کەسێتی کوردی

کەســێتی چــییە؟ کەســێتی بریتیــە لــە بــوونی "کەســی" یــان شوناســی کەســێتی یــان خــودی خــاوەن بــوون و شــووناس یــان کــۆی خاســێتە جیاکــەرەوە تاکەکەســیەکان یــان بەرجەســتەکردنی کــۆی ئــەو خاســێتە فیکــری و ڕەفتــاری هوشــیاری و کۆمەڵایەتیانــەی کــە تاکــە کــەس یــان پێکهاتەیــەك والێدەکــەن بوویــەکی دیــارو جیــاوازو ناســراوی هــەبێت لــەنێو

ئەوانیترداو بتوانێت ئامادەبوونی خۆی بسەلمێنێت. کەسێتی تاکەکەس لە مێژوودا دەکەوێتە پێش کەسێتی نەتەوایەتیەوە هەرچەندە لە بنەڕەتدا کەسێتی نەتەوەیی پەیوەندییەکی راستەخۆی بە کەسێتی تاکەکەسەوە هەیەو ئەگەر تاکەکەس نەبێتە کەسێکی خاوەن کەسێتی ئەوا ناشێت کەسێتی نەتەوەیی پێکبێت.

ئەوە ئاشکرایە هەر رەگەزو پێکهاتەیەکی ئیتنیکی یان کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵایەتیبوونیدا بەجۆرێك بنیادی کەسێتی تاکەکانی دەنێت و کۆی ئەو بنیادەش وەکو کەسێتیەکی فراوانترو گشتگرتر دەردەکەوێت کە کەسێتی نەتەوەیی یان رەگەزیە، هەرچەندە بۆ ئەو قۆناغە مەسەلەی نەتەوایەتی بوونی نەبووە بەو مانایەی کە دواتر وەکو بەرهەمی مۆدێرنێتە دەرکەوتووە. ئێمە نازانین کەسێتی کوردی لەسەرەتادا چۆن بووە بەڵام گومانمان لەوە نییە لە رابردوویەکی دووردا لە ئەنجامی داگیرکردن و سەرکوتکردن و تێکشکاندنی ئایین و کەلتوورو کەلەپوورو زمان و داب و نەریتی ئەم نەتەوەیەدا لەلایەن داگیرکەرانەوە ئەم کەسێتیە تێکشکێنراوە و بوویەکی لاوازی نائامادەو پەراوێزی لێدەرچووە کە هەمیشەو تاکو ئێستاش لەبەرامبەر کەسێتی ئەوانی داگیرکەری وڵاتەکەیدا لە بارێکی لاوازدایەو هەمیشە هەست بە بچووکی خۆی دەکات و ئەوانی تریش لە ئاستێکی بەرزتردا دەبینێت. ئەم کەسێتیە بە درێژایی مێژوو هەلی ئەوەی بۆ رێنەکەوتووە کە ئەو کەسێتە تێکشکاوەی خۆی بینابکاتەوەو ئامادەبوونی خۆی لەنێو گەل و پێکهاتەکانی تردا بسەلمێنێت. دیارە خۆسەلماندیش بەبێ بنەماو ئامادەبوون لە زۆر بواری جۆراوجۆردا بەدینایەت کە سەرەکی ترینی ئەو بنەمایانەش گواستنەوەی ئەم کەسێتەیەیە لەباری بەرکار بوونیەوە بۆ باری بە بکەربوون واتە لە بارێکەوە کە کاری لەسەر دەکرێت و مامەڵەی پێوە دەکرێت و لەدەرەوەی خۆی بڕیاری بۆ دەدرێت بۆ بارێك کە خۆی کاربکات و لەسەر جوگرافیای خاوەنی هەموو بڕیارێکی پەیوەست بەخۆی بێت و خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات.

خەمی ئێمە ئەوەیە ئەم کەسێتیە لە جوڵەیەکی زۆر خاودایەو، بەجۆرێك کۆنەستی کۆمەڵایەتی لەلایەن ئەوانی داگیرکەرو تێکشکێنەری کەسێتیەکەیەوە داگیرکراوە بەئاسانی ناگەڕێتەوە بۆ ئەسڵی خۆیو لە پلەی یەکەمدا وای لێبێت بە کوردی بیربکاتەوەو هەست بکات و بڕوانێت و جیاواز لەوانی داگیرکەرو تێکشکێنەری کەسێتیەکەی هەنگاو بنێت و هەوڵبدات تایبەتمەنییەکانی خۆی لە هەموو ئاستەکاندا جیابکاتەوەو بگاتە ئاستێك لە هەژموونی ترس لەوانی داگیرکەر رزگاری ببێت و بتوانێت

بڵێت ئەمە منم هاوشانی ئێوەمو لەسەر قاچی خۆم راوەستاومو منیش وەکو هەموو ئەوانیتر دەبێ خاوەنی تێکڕای مافە سرووشتیەکانی خۆم بمو دەبێ خۆم بکەری سەرجوگرافیا ی خۆم بم. ئەمەش مانای گەیشتنی کەسێتی کوردییە لەسەر ئاستی تاکەکەس و لەسەر ئاستی نەتەوایەتیش بەو ئاستەی کە بوونی خۆی دەسەلمێنێتو ئامادەدەبێت بۆ بە جێگەیاندنی پرۆژەی رێنیسانسی نەتەوەیی کوردی کە ئەو پرۆژەیە تەنیا کاتێك بەدی دێت کە کەسێتی کوردی لە باری تێکشکاندن دەرباز ببێتو بتوانێت لەسەر جوگرافیای خۆی ببێتە بکەری رووداو درووستکەر، مەبەست لەمەش خۆسەلماندنو خۆبیناکردنەوەو دەسەڵاتکردنە بەسەر هەموو جوگرافیای مادیو مەعنەوی نەتەوەداو بیناکردنی کەسێتیەکی کەلتووریو سیاسیو ئیداریو ئابووری لەسەرپێی خۆڕاوەستاوەو لەسەرووی هەمووشیانەوە بەرهەمهێنانی شارستانیو بەشداریکردنە لە بیناکردنی شارستانێتی مرۆڤایەتیدا بەو مانایەی کە کورد کاتێك دەبێتە کەسێتیەکی خاوەن شووناس کە لەسەر ئاستی ناوخۆو لەسەرئاستی مرۆڤایەتیش بوونی خۆی بەشێوەیەکی شارستانیانە بسەلمێنێت.

22 –لە رووداوەستان !

چەمکی لە رووداوەستان(Challenge ) لە کۆمەڵناسیدا بە مانای خۆڕاگریو خۆبەدەستەوە نەدانو بەرەنگاری کردن دێتو ئەم زاراوەیە بە هەمان ماناش گواستراوەتەوە بۆ ناو کایەی سیاسی. ئەم زاراوەیە رەهەندی سایکۆلۆجیشی هەیەو خاسێتی کەسێتیەکی پتەوو لەسەر پێی خۆڕاوەستاوە کە متمانە بەخۆبوون بنەمای بوونو درووستبوونێتی.

لێرەدا لە رووبەرێکی فراوانتردا لە چەمکی لە رووداوەستان دەدوێین ئەویش رووبەری جوگرافیاو بوونو مێژووی کوردەو دەمانەوێت تیشکێك بخەینە سەر هەڵوێستی کورد لە رابردووەوە بۆ ئێستا کە نزیکەی سەدەیەکی تەواوە لە خەباتدایە بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی. ئایا سەرباری خۆڕاگریو بەرەنگاربوونەوە کورد هەڵوێستی لەرووداوەستانی گەیشتۆتە ئاستی تێپەڕاندن بەو مانایەی رووبەری داواکارییەکانی

خۆیی بەجێهێشتبێتو لە سنووری بوونو ڕەوایەتی ئەوانی تردا واتە ئەوانی داگیرکەری ولاّتەکەی کاری کردبێتو جولاّ بێت؟ یان کورد هەمیشە بەجۆرێك هەڵوێستی نواندووە نەك نەگەیشتۆتە سەرسنووری داواکارییە ڕەواکانی خۆی بەڵکو لە نیشتیمانەکەی خۆیشیدا زۆرجار نەیتوانیووە وەکو پێویست داواکانی بەرز بکاتەوە، بەڵکو بە دەنگی نزمو بەشێوەیەك کە بەئاشکرا دەنگی نەبیستراوە باسی لە داواکانی خۆی کردووەو کاتێکیش کە ڕووبەڕووی ئەوی داگیرکەر بووەتەوە سەرباری بوێریو ئازایەتیو بەرەنگاربوونەوە لە مەیدانی خەباتو ململانێی پێشمەرگانەدا، کەچی لەگفتوگۆدا کەمتر ئەو لە ڕووداوەستانەی پێوە دیاربووە، دیارە ئەوەش پێوەندی بەکەسێتی لاوازی نەتەوەیی ئێمەوە هەیە کە کەسێتیەکی تێکشکاوە لە مێژووداو تاکو ئێستاش هەلی ئەوەی بۆ نەڕەخساوە لە پرۆژەیەکی ڕێنیسانسی هەمە لایەنەو گشتگری نەتەوەیدا کەسێتی خۆی درووست بکاتەوەو وەکو بوویەکی خاوەن شووناس لەسەر پێی خۆی ڕابووەستێت، کە لەڕووداوەستانیش بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە خاسێتی کەسێتیەکی خاوەن شووناسە.

بێگومان سەرباری دڕندەیی داگیرکەرە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، مانەوەی دۆخی کوردستان بە داگیرکراوی پێوەندی بە لاوازی گیانی لەڕووداوەستانو تەحەداوە هەیە لەبوونی کەسێتی کورددا. ئەوە ئاشکرایە کورد لەهیچ قۆناغێکی ژیانیدا چاوی لەوە نەبووە پێبخاتە سەرخاکی ئەوانی ترو پێ لە ماف کەسانی تر بنێتو، کاتێکیش داوای مافە داگیرکراوەکانی خۆیی کردووە، لایەنی هەرە کەمی مافەکانی خۆیی داوا کردووە، بۆ نموونە بەپێی هەموو یاسا ئاسمانی زەوینیەکان کورد وەکو نەتەوەیەك ماف ڕەوای خۆیەتی داوای سەربەخۆییو درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی بکات، بەلاّم وەکو د ەبینین بەدرێژایی مێژووی خۆی کورد نەك ئەو داوایەی بەجۆرێك بەرز نەکردۆتەوەو کە داگیرکەرانی کوردستانی لەدەمی کوردەوە بیبیستن بەڵکو بە شەرمەوەو بە لاوازیش هەندێ داوای زۆر سادەی بەرزکردۆتەوە کە زۆربەی کاتیش ئامادەبووە لەسەر ئەو داوا کەمانەش سەوداگەری بکات. ئەمەش سەرباری هەڵوێستی پتەوی کورد لە خەباتی چەکداریدا، ڕوویەکی لاوازی کەسێتی کوردی نیشانداوە لەبەردەم داگیرکەرانی کوردستانداو ئەوەی دەرخستووە کە کورد توانای لە ڕووداوەستانو تەحەداکردنی لەبەرامبەر ئەوانی تردا لاوازە. ڕەنگە تاکە هەڵوێستێکی دیار کە بەشێك

لــــه بنــــەماكانی تەحـــــەدای تێـــدا بووبێـــت هەڵوێســـتی بـــارزانی بووبێـــت كـــە ئامادەنـــەبوو سەوداگەری لەسەر كەركوك بكات.

دیـــارە ئـــەمجارەش لـــە درووســـتكردنی حكومـــەتی عێراقیـــدا كـــورد بـــۆ یەكـــەمجار تـــوانی جۆرێـــك لـــە تەحـــەدا بكـــات، بەرهـــەمی ئـــەو تەحەدایـــەش ناچـــاربوونی لایەنـــەكانی تـــری عێراقـــی بـــوو بـــۆ رازیبـــوون بەبەشـــێك لـــە داواكـــانی كـــورد بەتایبـــەتی بـــۆ دەســـتبەرداربوون لـــە پۆســـتی ســـەرۆك كۆمـــار بـــۆ كـــورد. ئەمـــەش ئـــەوەمان بـــۆ دەردەخـــات كـــورد چـــەندێ خـــۆی رابگرێـــت و چەندێ تەحەدا بكات، بەو ئەندازەیەش دەستكەوتی زیاتر بەدەست دەهێنێت.

خـــەمی ئێمـــە لاوازی گیـــانی لەروداوەســـتان و تەحەداكردنـــە لـــە بـــوونی كەســـێتی كوردیـــدا كـــە ئـــەوەش وایلێكـــردووە زۆربـــەی كـــات دەســـتبەرداری داواكارییـــە رەواكـــانی خـــۆی بێـــت. كەواتـــە چـــۆن لـــە كۆمەڵگـــەی كوردیـــدا كاربكرێـــت بـــۆ ئـــەوەی كەســـێتی كـــوردی بـــە جۆرێـــك بینـــا بكرێتـــەوە كـــە چـــەكدار بێـــت بـــە گیـــانی لەرووداوەســـتان و ملنـــەدان بـــۆ ئـــەوەی بگاتـــە ئاســـتێك نەتوانرێت پاشەكشەی لە داوا رەواكانی پێبكرێت؟!

### 23- نەبوونی عەقڵی دامەزراوەیی

ئـــەوە ئاشـــكرایە یـــەكێكیك لـــەو بنەمایانـــەی كۆمەڵگـــەی لەســـەر پێناســـە دەكرێـــت ئاراســـتەی پێوەندییەكانـــە واتـــە ئایـــا ئاراســـتەی پێوەندییـــەكان شـــاوڵیە یـــان ئاســـۆییە. بەگشـــتی ئـــەو كۆمەڵگەیانـــەی كـــە ئاراســـتەی پێوەندییـــەكان تیایانـــدا شـــاوڵیە كۆمەڵگـــەی تـــاك رەهەنـــدن و رووبـــەری دیموكراســـی تیایانـــدا زۆر تەســـەكە چـــونكە ئاراســـتەی فـــەرمان لـــە لوتكـــەوە بـــەرەو خـــوارەوە دەكشـــێت و لوتكـــەش بریتیـــە لـــە كەمینـــە، یـــان تاكەكـــەس، بنكـــەش بریتیـــە لـــە گـــەل، یـــان جـــەماوەر. ئـــەم شـــێوازەی پێوەنـــدی و فـــەرمان شـــێوازی هـــەرەمی دەســـەڵاتی دیـــنی یـــان دامـــەزراوەی خێڵایـــەتی یـــان دامـــەزراوەی حیزبـــی شـــێوە ســـتالینی هەیـــە كـــە فـــەزای گشـــتی لـــەم جـــۆرە دامەزراوانـــەدا فـــەزای بڕیـــاری تاكەكـــەس و تاكـــە عەقڵـــە، ئـــەوەش لەگـــەڵ چـــەمكی

دامەزراوەییدا بە لۆجیکی سەردەمی دیموکراسی ناکۆکە. لەبەرامبەر ئەم شێوە پێوەندییەدا، پێوەندیەکی تر هەیە ئەویش پێوەندی ئاراستە ئاسۆییە ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە هاوئاستن و جۆرێک لە یەکسانی لە نێوانیاندا هەیەو تەنیا ئاستی توانای تاکەکەسی جۆرێک لە جیاوازی درووست دەکات. هەرچەندە بەپێ زۆرێک لە بۆچوونەکان ناتوانرێت تەسەوری کۆمەڵگەیەک بکرێت هەموو ئەندامەکانی لەیەک ئاستدابن و بەو پێیەش شتێک نەمابێت بەناوی دەسەلاّت و جیاوازی. بۆچوونێکی لەم جۆرە لەسەر زەمینەی واقیع بە ئاسانی جێگای نابێتەوەو زیاتر لە بۆچوونی نێو شاری خەیاڵی یان شاری هەرە تەواوی فارابی و یۆتۆپیای تۆماس مۆر دەچێت. بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا پیادەکردنی زیاترین ئاستی دیموکراسی لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا سەرباری کۆتایی نەهاتنی دەسەلاّت بووەتە هۆی ئەوەی تا ئەندازەیەک پێوەندییەکان ئاراستەیەکی ئاسۆییان هەبێت بەتایبەتیش کاتێ دیموکراسی و ئازادی بە یاسا رێکبخرێن و لە حاڵەتی فەوزاو جۆرێک لە بەرەلاّی دەربازبکرێن.

بێگومان بەئاشکرا دەبینرێت پێکهاتەی کۆمەڵگە رۆژهەلاّتییەکان بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردی وەکو کۆمەڵگەیەکی پاسیڤکراو بەتایبەتی شێوە پێکهاتەی خێڵیان هەیە کە ئەویش لە شێوەی هەرەمدایە، لەم دامەزراوەشدا پێوەندییەکان ئاراستەی شاوولیان هەیە. واتە تاکەکەس خاوەنی بڕیار دەبێت یان لە باشترین باردا ژمارەیەکی دیاریکراو کە لە لوتکەی ئەو دامەزراوە هەرەمییەدان سرووشتی پەیوەندی و جوڵەو چالاکی و تەنانەت ژیانی ناو هەرەمەکەش رێکدەخەن. ئەمەش لەراستیدا رێگرە لەبەردەم درووستبوونی عەقڵی دامەزراوەیدا کە عەقڵێکە تەنیا لە سایەی بوونی پەیوەندی ئاسۆیدا بەرهەم دێت، مەبەست لەم قسەیەش ئەوەیە کە زیاترین ژمارەی شیاو یان هەموو کۆمەڵگە بەشدارە لە بەرهەمهێنانی ئەو عەقڵەدا، واتە عەقڵی دامەزراوەیی بریتییە لە کۆی عەقڵی سەرجەمی تاکەکانی کۆمەڵگە کە لە کۆمەڵگەی پێوەندی سرووشت ئاسۆیدا بە ئەندازەی ژمارەی تاکەکان عەقڵ بەرهەم دێت.

خەمی ئێمە ئەوەیە کە پێوەندییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا تاکو ئێستا پەیوەندی شاوولێن و بەو پێیەش عەقڵی دامەزراوەیی بەرهەم نەهاتووە. هەر ئەوەش وایکردووە کاتێ هەر دامەزراوەیەک لە کوردستاندا پێکدێت تەنیا عەقڵی کەسی یەکەمی ئەو دامەزراوە بەرنامەدانەرو رێکخەرو جوڵێنەرو بەڕێوەبەری ئەو دامەزراوەیەو لەگەڵ گۆڕینی کەسی یەکەمدا بە گشتی بەرنامەو چۆنێتی بەڕێوەبردنی ئەو دامەزراوەش

دەگۆڕێــت. بــۆ نموونــە کــاتێ وەزیرێــك شــوێنی وەزیرێکــی تــر دەگرێتــەوە بەرنامــەو ســتراتیژو پێــڕەوی کــاری ئــەو وەزارەتــەش دەگۆڕێــت، ئەمــەش نــەبوونی عــەقڵی دامــەزراوەیی لــە کۆمــەڵگای ئێمــەدا نیشــان دەدات. دیــارە کــاتێ عــەقڵی دامــەزراوەی بــوونی نــەبێت مانــای وایــە هەمیشــە لــە گــۆڕینی تاکــە کەســی لوتکــەی دامەزراوەکانــدا دەگەڕێینــەوە بــۆ خــاڵی ســەرەتا لــە کاتێکــدا ئەگــەر عــەقڵی دامــەزراوەیی بالادەســت بێــت بەرنامــەو شــێوازی کــارکردنی دامــەزراوەکان بــە گــۆڕینی تاکەکســی لوتکــەی دامــەزراوەکان نــاگۆڕێن. واتــە جۆرێــك لــە عــەقڵی دامــەزراوەیی بــۆ بــەڕێوەبردنی ئــەو دامــەزراوە ئامــادەبوونی دەبێــت کــە ئــەوەش یەکێکــە لــە هۆکارەکــانی ســەرکەوتن و بنــەمای ســەقامگیری و درووســتکردنی جۆرێك لە هارمۆنیا لە کۆمەڵگەدا.

## 24–هەست بە کەمیکردنی نەتەوەیی

هەســت بــە کــەمی کــردن زاراوەیــەکی دەروونزانییــە کــە زیــاتر وەکــو گرێــی هەســت بەکــەمی کــردن دێــت The Complex of Inferiority . لــە رووی دەروونزانیــەوە مەبەســت کەســێتیەکە لەبەرامبــەر ئــەوانی تــردا هەســت بــە لاوازیــی دەکــات و هەمیشــە خــۆی بەکــەمتر دەزانێــت. ئــەم حاڵەتــە وەکــو جۆرێــك لــە نەخۆشــی دەروونــی ســەیر دەکرێــت. ئەگــەر ئــەم چــەمکە بگوازینــەوە بــۆ ســەر ئاســتی کۆمەڵگــەو لــەو روانگەیــەوە ســەیری بکــەین، ئایــا کەســێتی کۆمەڵایــەتی کــوردی لــە چ ئاســتێکدایە؟ ئایــا وەکــو کەســێتی نەتــەوەیی گرێــی هەســت بەکــەمی کردنــی هەیــە؟ ئەگــەر هەیــەتی هۆکارەکــەی چــییە؟ چــۆن دەتوانرێــت کەسێتی کوردی لەو باری هەست بە کەمی کردنە دەرباز بکرێت؟

بێگومــان کەســێتی نەتــەوەیی یــان کۆمەڵایــەتی هــەر کۆمەڵگەیــەك بەرهــەمی کــۆی کەســێتی تاکەکانیــەتی کــە ئــەو کەســێتیەش لەســەر دوو بنــەما بینــا دەکرێــت: یەکــەمیان کەســێتی خێزانییــە واتــە یەکــەم خانــەی کۆمەڵایــەتی کــە تاکــە کەســی تێــدا پــەروەردە دەبێــت. دووەم ژینگــەی کۆمەڵایــەتی ئــەویش دەرەوەی خێزانــە بــە هــەموو پانتاییــە کۆمەڵایــەتی و مێــژوویی و کــەلتووری رەوتــاری و عــەقڵی و ئــاییینی و نەریتیەکانیــەوە کــە دەوری کاریگــەریان هەیــە لەســەر پــەروەردەکردنی تــاك. دیــارە کاریگــەری ئــەو ژینگەیــەش کاتێــك

کاریگەرییەکی پۆزەتیف دەبێت کە ژینگەکە خۆی درووست و لەبار بێت. درووستی ژینگەی کۆمەڵایەتیش بەندە بە بوونی کەسێتی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و کەلتوورییەوەو لەسەروی هەموو ئەمانەشەوە مەبەست بوونی ژیانگەیەکە کە تاکەکەس تیایدا بتوانێت ببێت بە خاوەنی شووناسی تاکەکەسی خۆی کە مەبەست لەمەش ئەوەیە تاکە کەس بوونێکی سەربەخۆی ئەوتۆی هەبێت، بتوانێت لەسەر پێی خۆی رابووەستێت و خاوەنی عەقڵی تاکەکەسی خۆیی و روانین و بینین و لێکدانەوەو بڕیاری خۆی بێت.

بەردەوام لەناوەندی کەلتووری و سیاسی خۆماندا ئەوەمان بەربای گوێ دەکەوێت کە کەسێتی کوردی کەسێتیەکی بەهێزو تەواوەو، کوردناسانیش بەگشتی باسی هەندێ خاسێتی باشی ئەو کەسێتیە دەکەن وەکو ئازایەتی و نەبەزین و خۆڕاگری، بەڵام ئایا لە رووی راستیەوە کەسێتی کوردی لەو ئاستەدایە توانیبێتی لەبەرامبەر ئەوانی تردا بوونی خۆی بسەلمێنێت و ئامادەبوونی هەبێت؟ رەنگە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیار ناخۆش بێت بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کوردی کەسێتیەکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی لاوازی هەیەو ناتوانێت لەبەرامبەر ئەوانی تردا بە رێکی لەسەر پێی خۆی رابووەستێت. بە ئاشکرا دیارە نەك هەست بە بوونی حۆی ناکات بەڵکو لاوازیش دەردەکەوێت. دیارە هۆکاری ئەم شکست و هەست بە کەمی کردنە لە مێژووی کورددایەو دەگەڕێتەوە بۆ تێکشکاندنی ئەو کەسێتیە لەلایەن ئەوانی ترەوەو گەیاندنی بەئاستێك کە ببێتە پاشکۆی ئەوانی ترو رۆیشتنی کاتی دووردرێژیش بەسەر ئەو بارەدا لەرووی دەروونیەوە کوردی لەگەڵ ئەو باری شکست و ژێردەستەیی و پاشکریەتیەدا راهێناوەو ئەوەی لە کۆنەستی کوردیدا درووست کردووە کە هەمیشە ئەم وەکو کەسی ژمارە دوو وایەو پێویستی بەوەیە کەسێکی تر بەڕێوەی ببات و بڕیاری بۆ بدات بە تایبەتیش پرۆسەی بەردەوامی داگیرکردنی کوردستان رێگربووە لەبەردەم درووستکردنەوەی ئەو کەسێتیەدا کە سەرئەنجام کەسێتی کوردی گەیاندووەتە بارێك هەمیشە لەبەرامبەر ئەوانی تردا هەست بە جۆرێك لە کەمی بکات. لە ئێستای عێراقدا بەئاشکرا دەبینین ئەگەر کورد لە هەر پلەو پایەیەکدا بێت چ وەکو نەتەوەو چ وەکو تاکەکەسیش ئەوەی پێوە دیارە کە کەسێتی یەکەم نییەو هەروەکو پاشکۆ دەردەکەوێت.

بێگومان کەسێتی کوردی تەنیا لە رێنیسانسی هەمە لایەنەی کوردیدا دەتوانێت خۆی درووست بکاتەوەو بگاتە ئاستێك لەسەر پێی خۆی رابووەستێت و هەست بەبوونی خۆی بکات ئەوەش تەنیا بە قسە نابێت بەڵکو پرۆسەیەکی هەمە لایەنەی بیناکرنەوەی

کەسێتی کوردییە کە ئەویش بە گەڕانەوە بۆ ناو بوونی راستەقینەی خۆی و سوودوەرگرتن لە هەموو پایەکانی رابردووی و کارکردنی جیدی لە ئێستاداو سوودوەرگرتن لە بیرو مەعریفەو بەرهەمەکانی مۆدێرنێتە دەبێت. کە رزگاربوون لە گرێی هەست بەکەمی کردن تەنیا بە پرۆژەیەکی هەمەلایەنەی لەو جۆرە دەبێت کە کەسێتی کوردی بگەیەنێتە ئاستێك بڵێت: ئەمە منم لەسەر پێی خۆم راوەستاوم و خاوەنی بوونی خۆمم و بەرهەم دەهێنم و بەشداری دەکەم لە بیناکردنی شارستانێتی مرۆڤایەتیدا؟

## 25- خەمی بوون

زاراوەی خەم لێرەدا بەو مانایە بەکار دەهێنرێت کە گۆرانی شاعیر لە دێڕە شیعرێکی بە ناوبانگیدا لە سەرەمەرگی هیوای کوڕیدا بەکاری هێناوە. بەڵام لێرەدا خەم رووبەرێکی فراوانتر دەگرێتەوە کە بریتیە لە خەمەکانی ئێمە وەکو کورد.

خەمی سەرەکی ئێمە خەمی بوونە، مەبەستمان لەم قسەیەش ئەوەیە ئێمە وەکو پێکهاتەیەکی ئیتنیکی کە لە رووی ژمارەوە هاوشانی زۆرێك لەو نەتەوانەین کەنەك هەر کێشەی بوونیان نییە بەڵکو بووەیەکی هێند بە هێزیشیان هەیە لە زۆر قۆناغ و وێستگەی مێژوودا نەك هەر لە رووی کەلتووری و عەقڵیەوە پێش زۆرینەی گەل و نەتەوەکانی جیهان کەوتوون بەڵکو لە رووی سیاسی و سەربازی و ئابووری و ئیداریشەوە توانیوویانە دەسەڵات بەسەر زۆر بەشی تری جیهاندا بکەن. هەڵبەت وەکو نەتەوە ئەمە هەرگیز خواست و ویستی کورد نییە کە دەسەڵات بەسەر خەڵکی تردا بکات، بەڵام ئێمە کێشەیەکی چارەنووسسازمان هەیە ئەویش کێشەی بوونە واتە ئەم جەستە گەورەیەی کە ناوی جەستەی کوردییە تاکو ئێستا جەستەیەکی پێناسەکراو نییە لە رووی سیاسی و کەلتووری و عەقڵی و ئیداریی و ئامادەبوونەوە، واتە ئەم جەستەیە نەبووەتە جەستەیەکی خاوەن شووناس، شووناس بەو مانایەی کە لە رووی دەرەوەی خۆیدا توانای خۆنمایش کردنی هەبێت و بوونی خۆی رابگەیەنێت، واتە دەنگی هەبێت و ئەو دەنگەش لە لایەن ئەوانی ترەوە ببیسترێت، مەبەست لە بیستنیش ئەوەیە قورسی و هێزی دەنگەکە گوێی ئەوانی تر ناچار بکات بۆ گوێ لیگرتن و بیستنی

نەك سۆزو بەزەیی هۆكار بن بۆ ئەوەی گوێیان بكرێتەوە تا هاوارو ناڵینو كڕوزانەوەكانی ئێمە ببیستن. بێگومان كەی دەنگی راستەقینەی جەستەی كوردیی گەیشتە ئاستی بە دەنگ بوونو ئەوانی تری ناچاركرد گوێی لێبگرن ئەوە جەستەی كوردی گەیشتۆتە ئاستی خۆنمایش كردن كە ئەوەش گوزارشت كردنە لە بوونو شووناس. بەڵام رەنگە پرسیارێك لای هەموومان سەرهەڵبدات: باشە كەی كورد دەبێتە خاوەنی دەنگ، دەنگێك كە ئەوانی تر ببیستن یان ناچاری گوێ لێگرتنی بن؟

بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە راستەخۆ بەندە بە خودی كورد خۆیەوە كە ئەویش لە ئاستی یەكەمدا لەو چركەساتەوە دەست پێدەكات كە كورد بە بێترس چوارچێوەی مافەكانی خۆی ئاشكرا بكاتو رایبگەیەنێت كە هەموو یاسا ئاسمانیو زەوینییەكان هەمان ئەو مافانە بە كورد رەوادەبینن كە بە ئەوانی تریان رابینیوە، بۆیە مافی خۆمانە پێ لەسەر ئەو داوایانەمان دابگرینو سووریش بین لەسەر ئەوەی كە ئەگەر ئەمڕۆش لەبەر كۆمەڵی هۆكار نەتوانین بگەین بە ئامانجەكانمان ئەوە مانای وانییە كە دەستبەرداری داواكانمان بووین، نەخێر بە پێچەوانەوە دەبێ بەئاشكرا رایبگەیەنین كە ئەوە ئێمەین لە بەر هەر هۆیەك بێت بەرزكردنەوەی داواكانمان لەبەر بەرژەوەندی ئەوانی تر دواخستووە بەڵام دەبێ ئەوانی تریش تێبگەن كە ئەو دواخستنە بۆ هەتا نییەو ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی كە دەبێ دەنگی خۆمان هەبێت، بۆ ئەوەی دەنگی خۆمان هەبێت دەبێ ببین بە خاوەنی بوونو شووناسی خۆمان، بوونو شووناسیش بە بێ سەربەخۆییو دروستكردنی دەوڵەت نایەتە دی، تاكە رێگاش بۆ ئەوەی كورد پێ لەسەر داواكانی دابگرێت یەكگرتنو یەكبوونیەتی، واتە گەیشتن بە ئاستی بوونو گەیشتن بە ئاستی دەنگ بەبێ یەكگرتنو یەكبوون نابێت.

## 26-كەسێتی كوردی لە سایەی داگیركردندا

**سەرەتا:**

بێگومـــان ئـــەوە ئاشـــكرایە كـــە مێـــژووی كـــۆنی كـــورد مێژوویـــەكی تەمومژاوییـــەو ئەوەشـــی لـــە بـــارەی مێـــژووی ئـــەم نەتەوەیـــەوە نووســـراوەتەوە ئەوەیـــە كـــە دەمـــاو دەم دەگێڕدرێتـــەوەو زیـــاتر شـــێوەی حیكایـــەت و بەســـەرهاتی گـــوێ ئـــاگردانی وەرگرتـــووە. ئەوەشـــی كـــە ســـەبارەت بـــە مێـــژووی نـــوێی ئـــەم كۆمەڵگەیـــە نووســـراوە بریتیـــە لـــە مێـــژووی سیاســـی. مێـــژووی كۆمەلأیـــەتی كـــە بەشـــێكی هـــەرە گـــرنگ و پـــڕ بایەخـــە لـــە مێـــژووی نەتـــەوەو كۆمەڵگەكانـــدا لـــە كـــەلتووری ئێســـتاو رابـــردووی ئێمـــەدا رووبـــەرێكی ســـڕاوەیەو تـــاكو ئێســـتا جگـــە لـــە هەنـــدێ بۆچـــوون كـــە ئـــەویش ســـەلماندنی زۆر ئاســـان نییـــە نـــازانین مێـــژووی پەرەســـەندنی كۆمەولأیـــەتی كۆمەڵگـــەی كـــوردی لـــە ســـەرەتای پێكهـــاتنی ئـــەم كۆمەڵگەیـــەوە چـــۆن بـــووەو بـــە چ قۆناغێكـــدا تێپـــەڕیووە، ئەگـــەر بتـــوانین وەكـــو كۆمەڵگـــە باســـی كـــوردەواری بكـــەین بـــە تایبـــەتی بـــۆ رابردوویـــەكی دوور. ئەوەشـــی لـــەبارەی مێـــژووی كۆمەڵگـــەی كوردیـــەوە نووســـراوە لـــە ئـــەنجامی توێژینـــەوەو لێكۆڵینـــەوەی وردی ئـــەم كۆمەڵگەیـــە خۆیـــەوە نەنووســـراوە بـــەڵكو زیـــاتر لـــە رێگـــای هاوشـــێوەكردنی كۆمەڵگـــەی كوردییـــەوە بـــە كۆمەڵگـــەكانی تـــر لێكۆڵینـــەوەی ئـــەم كۆمەڵگەیـــە كـــراوەو وەكـــو وێنەیـــەكی تـــری هەنـــدێ لـــە كۆمەڵگـــە گەشـــە ئاســـاییەكان قســـەی لەســـەر كـــراوە. بـــۆ نموونـــە ئەگـــەر ســـەیری دوو كتێـــب بكـــەین كـــە یـــەكێكیان نووســـینی مێژوونووســـی نـــاوداری كـــورد دكتـــۆر كـــەمال مەزهـــەرە كـــە كتـــێبی (چـــینی كرێكـــاری عێـــراق)ەو، ئەویتریشـــیان كتـــێبی (لـــەبارەی دەرەبەگایەتیـــەوە لـــە كوردســـتان)دا كـــە هـــەر ئـــەو مێژوونووســـە بـــەڕێزو خۆشەویســـتەی ئێمـــە وەریگێـــراوەو پـــەراوێزی بـــۆ نووســـیووە. ئەگـــەر هەركـــەس بـــە وردی ئـــەو دوو كتێبـــە بخوێنێتـــەوە وادەزانێـــت كۆمەڵگـــەی كـــوردی و لـــەو بەشـــەی كتـــێبی چـــینی كرێكـــاریش كـــە پەیوەنـــدی بـــە كوردســـتانەوە هەیـــە، كوردســـتان هاوشـــێوەی رووســـیای ســـاتەوەختی شۆڕشـــی بەلشـــەفیكە. مەبەســـتم رووی لێكچـــوونە لـــە نووســـینەوەی دوو مێـــژووی جیـــاوازدا كـــە ئـــەوەش بەرهـــەمی ئـــەو هاوشـــێوەكردنەیە كـــە لەســـەرەوە باســـم كـــردو لـــە كتـــێبی ( ســـتراتیژو كەســـێتی نەتـــەوەی كـــورد) یشـــدا كـــە ســـاڵی 1998 چـــاپ بـــووە بـــە درێـــژیی لـــە بابـــەتی نووســـینەوەی مێـــژووی كورد بە هاوشێوەكردن لەگەڵ مێژووی كۆمەڵگەكانی تردا دواوم.

ئێســـتا كـــەس نازانێـــت ئایـــا بەراســـتی كۆمـــەڵگای كـــوردەواری قۆنـــاغی ژیـــانی كۆیلایـــەتی هـــەبووە یـــان نـــا؟ ئەگـــەر هـــەیبووە چـــۆنی بـــەرێ كـــردووە. ئـــەی داخـــۆ قۆنـــاغی فیودیـــالی قۆنـــاغێكی سرووشـــتی بـــووەو، ئـــەم كۆمەڵگەیـــە وەكـــو كۆمەڵگـــە ئاســـاییەكان ئـــەو قۆناغـــەی بڕیـــووەو لـــەو قۆناغەشـــدا ئـــابووری فیودیـــالی و پەیوەنـــدی بەرهـــەمهێنانی فیودیـــالی

درووســـت بـــووە. بێگومـــان ئەگـــەر قۆنـــاغی پەیوەندیـــە کۆمەڵایـــەتی و ئابورییـــەکانی فیودیـــالی لــــە کۆمەڵگــــەی کوردیــــدا پێکبهاتایــــە ئــــەوا دەشــــیا سیســــتەمی سیاســــی فیودیــــالیش پێکبهاتایە کە ئەویش لە دەوڵەتی فیودیالی یان خێڵایەتیدا خۆی دەبینێتەوە.

بێگومـــان ئـــەو مێـــژووە تەمومژاویـــەو، لـــە رووی راستیشـــەوە ئەگـــەر تەنانـــەت لـــە ئێستاشـــدا ســـەیر بکـــەین کۆمەڵگـــەی کـــوردی بریتیـــە لـــە تێکـــەڵاوێك لـــە دەرهاوێشـــتەی هـــەموو قۆناغـــەکان پێکـــەوەو بـــە گشـــتیش لـــە رووی پەرەســـەندنی کـــەلتووری و عـــەقڵی و لـــە رووی بنیـــادی کۆمەڵایەتیـــەوەو لـــە رووی دامـــەزراوە کۆمەڵایەتیەکانـــەوە کۆمەڵگـــەی کـــوردی هێشـــتا وەکـــو کۆمەڵگەیـــەکی ســـەرەتایی یـــان کۆمەڵگـــەی پـــێش نووســـین دەردەکـــەوێت کـــە بەرهەمـــەکانی مۆدێرنێتـــە کـــۆنترۆڵی کـــردووە بـــە بـــێ بـــوونی زەمینـــەو عـــەقڵێکی ئامـــادە بـــۆ کـــارکردن بـــەو بەرهەمانـــەو بـــوونی دیـــدێکی ئاشـــکرا بـــۆ چـــۆنێتی وەرگـــرتن و مامەڵـــە لەگـــەڵ کـــردن و کـــار پێکردنیـــان. نـــەبوونی ئـــەو دیدەیـــەش وای کـــردووە کـــە ســـەرباری لاوازی شووناســـی نەتـــەوەیی ئـــەم کۆمەڵگەیـــەو ســـەرباری لاوازی شووناســـی تاکـــە کـــەس لـــەم کۆمەڵگەیـــەدا فشـــاری بەرهەمـــەکانی مۆدێرنێتـــە ئەوەنـــدەی تـــر ئەگـــەری درووســـتبوونی هـــەر ســـەرەتا یـــان زەمینەیـــەکی گۆڕانکـــاری لـــە گەوهـــەرو ماهیـــەتی ئـــەم کۆمەڵگەیـــەدا لـــەبارببات کـــە دەتـــوانین بڵـــێین دەشـــێ کاریکـــەری نێگـــەتیفی مۆدێرنێتـــە لەبـــەر لاوازی بنیـــادی کۆمەڵایـــەتی و کەســـێتی کـــوردی کـــەمتر نـــەبێت لـــە کاریگەرییـــە نێگەتیفـــەکانی داگیرکـــردن و دابەشـــکردنی کوردســـتان کـــە لـــە ئاســـتی یەکەمـــدا لـــە هـــەردوو قۆناغەکـــەدا تـــاکی کـــوردی وەکـــو بوویـــەکی ناکاریگـــەری بـــەڕێوەبراو یـــان باشـــتر بڵـــێین وەکـــو بـــەرکارێك دەردەکـــەوێت کـــە تـــەنیا کـــاری لەســـەر دەکرێـــت و ئـــەو هـــیچ بەشـــدارییەکی نییـــە تەنانـــەت لـــە بڕیـــاردانی چارەنووســـی خۆیشـــیدا، ئەمـــەش نـــەك لەســـەر ئاســـتی سیاســـی و گشـــتی بـــەڵکو تەنانـــەت لەســـەر ئاســـتی تاکـــە کەســـیش. راســـتە داگیرکـــردن زیـــانی گـــەورەی لـــە بـــوونی نەتـــەوەیی کـــوردو تەنانـــەت لـــە بوونیشـــی وەکـــو کۆمەڵگـــە داوە، بـــەڵام بـــە بۆچـــوونی مـــن کـــورد وەکـــو پێکهاتەیـــەکی ئیتنیکـــی لـــە گەوهـــەری خۆیـــدا گـــرفتی ئەنتۆلۆجیانـــەی هەیـــە، کـــە مەبەســـت لـــەم قســـەیەش بـــوونی گرفت و کێشەو ناتەواوی و ئاڵۆزییە لە گەوهەرو ماهیەتی ئەم پێکهاتەیەدا.

ئـــەوەی دەشـــێ خوێنـــەری بـــەڕێز بیپرســـێت دەشـــێ پرســـیار بێـــت لـــەبارەی کاریگەرییـــە نێگەتیفـــەکانی تـــری پرۆســـەی داگیرکردنـــی دوورو درێـــژی کوردســـتانەوە لەســـەر تـــاکی کـــوردی. دیـــارە لـــە خۆیـــدا پرۆســـەی داگیرکـــردن چ داگیرکردنـــی ســـەربازی یـــان ئـــابووری یـــان سیاســـی یـــان کـــەلتووری و عـــەقڵی بێـــت هـــەموویان لەیـــەك خاڵـــدا کۆدەبنـــەوەو هاوئامـــانج

دەبن ئەویش ئەوەیە کە کۆمەڵگەی داگیرکراو چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگەو چ لەسەر ئاستی تاکە کەسی لە جوغزێکی داخراوو لە فەزایەکی دوور لە ئازادیدا بمێنێتەوە بۆ ئەوەی رۆحی کۆمەڵایەتی و رۆحی تاکە کەسیش بەسەرکوتکراوی بمێنێتەوەو نەگاتە ئەو ئاستەی کە گوزارشت لە خۆی بکات و بە ئاراستەی بڵندبوون بجوڵێت کە ئەوەش ئاراستەیەکە بۆ خۆناسین و خۆ دەربڕین کە ئەویش سەرئەنجام بەرەو ئازادی رۆحی کۆمەڵگەو بۆ گوزارشت کردنی راستەقینە لە خۆی دەچێت کە لەو سەروبەندەشدا بەرو دەربازبوون لە فەزای داگیرکردن هەنگاو دەنێت و دەیەوێت بوونی خۆی رابگەیەنێت کە ئەویش تەنیاو بەس تەنیا لە ئازادیدا دەبێت. بێگومان کاریگەری نێگەتیفی داگیرکردن بە هەموو جۆرەکانیەوە و لە هەموو ئاستەکانیدا لە پلەی یەکەمدا ئەوە بووە کە رێگا نەدات ئەو زەمینەیە بۆ گوزارشت لەخۆکۆکردنی رۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی درووست ببێت. لە بارێکی وەهاشدا کەسێتی کوردی چ لەسەر ئاستی کۆمەڵ بە گشتی و چ لەسەر ئاستی تاکەکەس بە تایبەتی لەباری زیندانیەکی هەمیشەیدا ماوەتەوە. بێگومان کەسێتی زیندانیش کە هیچ ئازادییەکی نییە ناتوانێت گوزارشت لە خۆی بکات و لە ئەنجامی سەرکوتکردنی بەردەوامی حەزو ئارەزووەکانیدا لەسەر ئاستی تاکە کەسی دەبێتە کەسێکی بەسەرخۆدا شکاوەو سەرئەنجام لە کۆبوونەوەی کۆی ئەم حاڵەتەی تاکەکان کۆمەڵ بەگشتی لە بارێکی بەسەرخۆدا شکاوەدا دەردەکەوێت و کەسێتیەکی کۆمەڵایەتی تێکشکاو بەرهەم دێت کە نەتوانێت لەسەرپێی خۆی رابووەستێت و هەمیشەش لەبەردەمی ئەوانی تردا لاوازبێت. ئەمەش بە ئاشکرا ئەو بارەیە کە کەسێتی کوردی تێدا دەژی.

کاریگەری تری نێگەتیفی داگیرکردن ئەوەیە کە کەسێتی مرۆڤی کوردی کردووەتە کەسێتیەکی لاوازی ئەوتۆ کە هەمیشە لەبەرامبەر ئەوانی تردا هەست بە بچووکی و کەمی خۆی دەکات. ئەم بارە سایکۆلۆجیە کۆمەڵایەتیە وای کردووە کە کورد لە هەر بەشێکی کوردستاندا لە رووی کۆنەستی کۆمەڵایەتیەوە خۆی بەکەمتر بزانێت لە نەتەوەی سەردەستی وڵاتەکەی. بۆ نموونە لە عێراقدا ئەو بارە وایکردووە کە نەك هەر هاووڵاتی ئاسایی بەڵکو تەنانەت سەرکردایەتی سیاسی کوردی لە ئێستادا ئەگەرچی لەبەرزترین پلەی ئەم دەوڵەتەشدا بن کەچی لەبەرامبەر ئەوی عەرەبدا هەست بە کەمی کردنیان پێوە دیار بێت.

خـــاڵێکی تـــری کاریگـــەری نێگـــەتیفی داگیرکـــردن رووە ئابوورییەکەیـــەتی کـــە لـــە درێـــژەی مێـــژوودا داگیرکردنـــی راســـتەوخۆی ئـــابووری کوردســـتان یـــان داگیرکردنـــی ناراســـتەخۆی کـــە مەبەســـتمان لەمـــەیان لەبەرپۆیشـــتنی ئـــابووری کوردســـتانە بـــەهۆی نـــەبوونی دەســـەڵاتێکی سیاســـی ئیـــداری ئابووریـــەوە لـــە کوردســـتانداو بـــوونی دەســـەڵاتی بـــەهێزی سیاســـی ئیـــداری لـــە دەوروبـــەری کوردســـتاندا وایکـــردووە ئـــابووری کوردســـتان بـــەلای خۆیـــدا کـــێش بکـــات و نەیـــەڵێت ســـامان و دارایـــی یـــان (مـــاڵ و کـــالاو دراو) لـــە کوردســـتاندا بمێنێتـــەوە کـــە ئـــەوە ئاشـــکرایە ئـــابووری بزوێنـــەری ســـەرەکی مێـــژووە. بـــێ بـــوونی ئـــابووری کۆمەڵگـــە ناتوانێـــت نـــە ژیـــانی خـــۆی رێکبخـــات نەبـــەرەوتێکی سرووشـــتی، پەرەســـەندنی کۆمەڵایـــەتی خـــۆی بـــەرێ بکـــات، نـــە قۆناغـــەکانی پەرەســـەندنی کۆمەڵایـــەتی بـــەرێکی و بەسرووشـــتی بـــڕۆن نـــە لەســـەر ئاســـتی تاکـــە کەســـیش تـــاکی خـــاوەن شـــووناس و خـــاوەن ئـــیرادە درووســـت ببێـــت چـــونکە بـــێ بـــوونی ئـــابووری ســـەربەخۆ ناشـــێت تەســـەوری کۆمەڵگەیـــەکی جـــێگیرو ئاســـایی بکـــەین. دیـــارە ئەگـــەر ئەمـــە بـــارودۆخی ئـــابووری کۆمەڵگەیـــەك بێـــت، ئـــەوا نـــاتوانین تەســـەوری ئـــەوەی لێبکـــەین کـــە هـــەموو جومگـــەکانی تـــری ژیـــانی کۆمەڵایـــەتی و سیاســـی و فیکـــری و کـــەلتووری و عەقڵی کە پەیوەندیان بە ئابوورییەوە هەیە لە بارێکی سرووشتی و درووستدا بن.

بێگومـــان لـــە رووی کـــەلتووری و عەقڵیـــەوە داگیرکردنـــی کوردســـتان بـــۆ مـــاوەی دوورو درێـــژو دابەشـــکردنی و لکانـــدنی هەربەشـــێکی بـــە دەوڵەتێکـــەوە کـــە خـــاوەنی کـــەلتووری جیـــاوازە لـــە کـــەلتووری کـــوردی، کەســـێتی کـــوردی ســـەرباری تێکشـــکاندن، پارچـــە پارچـــە کـــردووە بـــە جۆرێـــك هـــەر بەشـــەی ئـــالودە بـــووە بـــە کـــەلتووری نەتـــەوەی سەردەســـت و ئـــەوەش وایکـــردووە لـــە کۆنەســـتی کوردیـــدا وابەســـتەبوونی ئاراســـتە پێچـــەوانە هـــەبێت بـــۆ نموونـــە کـــوردی لکێنـــدراو بـــە عێـــراق و ســـوریای عەرەبیـــەوە کەوتوونەتـــە ژێـــر کاریگـــەری کـــەلتووری عـــەرەبی و ئیســـلامیەوە ، کـــوردی لکێنـــدراو بـــە ئێرانـــەوە کەوتوونەتـــە ژێـــر کاریگـــەری کـــەلتووری فارســـیەوەو کـــوردی لکێنـــدراو بـــە تورکیـــاوە کەوتوونەتـــە ژێـــر کاریگـــەری کـــەلتووری تورکیـــەوە بـــە جۆرێـــك لـــە رووی کۆنەســـتی کۆمەڵایەتیـــەوە پەیوەســـتبوونی کـــوردی لکێنـــدراو بـــە عێراقـــەوە بـــۆ بەغـــداو بـــۆ کـــەلتووری عـــەرەبی بـــەهێزترە لـــە پەیوەســـتبوون بـــۆ ســـابلاخ و قامیشـــلۆو دەرســـیم، هـــەروەك کـــوردی لکێنـــدراو بـــە ئێرانـــەوە پەیوەســـتبوونی بـــۆ تـــاران و کـــەلتووری فارســـی زیـــاترە لـــە پەیوەســـتبوونی بـــە ســـلێمانی و دیاربـــەکرو بۆتانـــەوە، دیـــارە پەیوەســـتبوونی کـــوردی بـــاکوریش بـــە ئەنقـــەرەو ئەســـتەمبوڵ و کـــەلتووری تورکیـــەوە بـــەهێزترە لـــە پەیوەســـتبوونی بـــە کۆیـــەو ســـنەو زاخـــۆوە. هـــەروەك پەیوەســـتبوونی هەریەکـــە

له كوردى سۆرانى و بادينيش له سنوورى كوردستانى لكێندراو به عێراقەوه بۆ زمانى عەرەبى و كەلتوورى عەرەبى زياتره له پەيوەستبوونى هەريەكەيان بەوى تريانەوه. ئەمەش له كوردستاندا ناسيوناليزمێكى لاوازو لۆجيك خێڵەكى پێكهێناوه هەرچەنده ئێمه دەزانين كه ناسيوناليزم بەرهەمى مۆدێرنێتەيه. كەواته كاريگەرى نێگەتيفى داگيركردن و دابەشكردن لەسەر كەسێتى كوردى و تەنانەت لەسەر ناسيوناليزمى كوردى لەم روانگەيەوه كاريگەرييەكى هێجگار نێگەتيفەو هەر ئەوه نييه كه وڵات داگير كرابێت و سامان و داهاتەكەى تاڵان كرابێت بەڵكو گەوهەرو ماهيەتى تاكى كورديشى وێران كردووەو زەمينەى رێنيسانس و رابوونەوەى بەجۆرێك لەباربردووه به ئاسانى ئەو زەمينەيه دروست ناكرێتەوه. دياره ئەوەش سەرئەنجام زيانى گەورەى له كەسێتى ئايندەيى كوردى و له پرۆژەى ئايندەى كوردو له بيناكردنەوەى كەسێتى كوردى و رێنيسانسى هەمه لايەنەى كوردى داوه.

ئايا كورد نەگەيشتووەته ئاستى بەدەستهێنانى سەربەخۆى‌و دروستكردنى دەوڵەتى سەربەخۆى خۆى؟

له راستيدا وەڵامدانەوەى ئەم پرسياره له خۆيدا هەروا ئاسان نييه هەروەك به بێ باسكردنى بارى كۆمەڵايەتى كوردى و ئاخاوتنكردنى ئەو هۆكارانەى كه نەيانهێشتووه دەوڵەتى كوردى وەكو بەرهەمى پەرەسەندنى كۆمەڵايەتى دروست ببێت رەنگه جۆرێك له رووكەشى و بێبنەمايى نيشان بدات بۆيه پێمباشه بۆ وەڵامدانەوەى ئەم پرسياره هەندێ له كۆمەڵگاى كوردى و راستى و ناراستى ئەو بۆچوونه بدوێين. سەرەتا دەبێ بزانين مرۆڤ به گشتى له دروستبوونيدا هاوشێوەيه، تەنانەت ئەوەى كه جياوازى له رەنگ و پێستيشيدا دروست كردووه ژينگەيه. مەبەستمان لەم قسەيەش ئەوەيه بوونى هەر پێكهاتەيەكى ئيتنيكى ، ئايينى ، كۆمەڵايەتى پەيوەسته بەو ژينگەيەوه كه تێيدا دەژى كه دياره هۆكارى دەركيش كاريگەرى لەسەرى دەبێت بەڵام به پلەى دووەم.

مەسەلەى كارى هاوبەش پەيوەندى به ئاستى كۆمەڵايەتى بوونى هەر پێكهاتەيەكەوه هەيه. مرۆڤ به غەريزه بوونەوەرێكى كۆمەڵايەتيەو ستەمه بتوانێت به تەنيا بژى. كۆمەڵايەتى بوونى كورديش له سەرەتاى دەركەوتنيەوه وەكو كۆمەڵگاكانى ترى مرۆڤايەتى دەستى پێكردووه. بەڵام كۆمەڵێ هۆكار هەن كه دەشێ دەورى لەبەرچاويان بينيبێت له شێواندنى سرووشتى كۆمەڵايەتى بوونى كورداو هەر بەوپێيەش كاريگەرى نێگەتيفيان هەبووه له سەر شێوازى پەرەسەندنى ئەم كۆمەڵگايه له هەموو ئاستەكاندا

کە ئەوەش وایکردووە کاری هاوبەش لەم کۆمەڵگایەدا لە سنووری هەموو نەتەوەدا نەبوو بێت بەڵکو کۆمەڵگاکە خۆی وەکو چەندین پێکهاتەی ناوچەیی بچووک بچووک دەرکەوتووەو کاری هاوبەشیش تەنیا لە سنووری ئەو پێکهاتە ناوچەییانەدا بووە بەتایبەتی لەو کاتەوە کە قۆناغی نیشتەجێ بوون و دەستپێکردنی کشتوکاڵ دەستی پێکردووە. بێگومان یەکەم هۆکاری سەرەکی ئەو دابەشبوونەش تۆپۆگرافیای ناجۆرو ئاڵۆزی کوردستان بووە. تۆپۆگرافیایەکی هەڵتۆقیو لە ناوەندەوەو دارماوو شۆڕبووەوە بەسەر دەورو بەرداو ریزبوونی چیاکانی کوردستان لە شێوەی پەڕەی کتێبدا یەك بەدوای یەکداو بوونی دەشتی تەسك و کانیاو کارێز لە نێوانی چیاکان و لە نێو دۆڵ و شێوەکاندا کە هەریەکەیان زەوییەکی زۆر کەمی لە دەوربووە کە بەشی ژیانی چەند خێزانێك زیاتری نەکردووەو ئەوەش لە نیشتەجێ بووندا بووە بە هۆی دابەشبوونی سەرجەم خێڵ و عەشیرەتەکان بۆ یەکەی زۆر بچووکتر کە لە سنووری چەند بنەماڵیەك تێپەڕی نەکردووە کە ئەویش پەیوەندی بەهێزی خوێن و دەمار پێکەوەی بەستوون و هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لە سنووری خۆیاندا بووەو کاری هاوبەشیشیان هەر لەو سنوورەدا بووە بە جۆرێك تەنانەت لەسەر ئاستی هەمان خێڵیش پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کاری هاوبەش بوونی نەبووە. لە کاتێکدا لە کۆمەڵگا خێڵایەتییە ئاساییەکاندا لە بەر ئەوەی کە خێڵ وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ دەرکەوتووە توانیویەتی رایەڵەی کاری هاوبەش لەگەڵ خێڵەکانی تردا ببەستێت و سەرئەنجام فیدراسیۆنی خێڵایەتی دروست بکات کە دواتر دەوڵەتی خێڵی لێدروست بووە بەڵام خێڵی کوردی نەیتوانیوە ئەو پەیوەندی و رایەڵەیە بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ خێڵەکانی تردا دروست بکات چونکە لە بنەڕەتدا لە سنووری پێکهاتە ناوخۆییەکانی خودی هەر خێڵێکدا بوونی رایەڵەو پەیوەندی و کاری هاوبەش لاواز بووە ئیتر چۆن بتوانێت وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو پەیوەندی بۆ کاری هاوبەش و بۆ دروستکردنی فیدراسیۆن لەگەڵ خێڵ و عەشیرەتەکانی تردا دروست بکات. ئەمە ئەگەر سەیری رابردوو بکەین واتە قۆناغی ژیانی خێڵایەتی، لە قۆناغەشدا کە بە قۆناغی دەرکەوتنی چینی بۆرژوا ناو دەبرێت بە زاراوەی مارکسیزم یان بە قۆناغی پیشەسازی و مۆدێرنێتە بە دەربڕینێکی تر کە ناسیونالیزم بەرهەمی ئەم قۆناغەیەو دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیش بەرهەمی ناسیونالیزمە کە ئەویش ئەو قۆناغەیە کە پێی دەوترێت قۆناغی دروستبوونی نەتەوە. بە گوێرەی کوردستان لەبەر ئەو هۆکارانەی لەسەرەوە باسمان کردن و لەسەروی

هەمووشـــیانەوە مەســـەلەی داگیرکـــردن و دابەشـــکردن و بـــاری تۆپۆگرافیـــای کوردســـتان و دروســتبوونی بۆچــوونێکی باڵادەســت لــە کوردســتاندا کــە قایلبوونــە بــە ژیــانێکی ســادەو رازیبــوون بــەوەی کــە بتوانێــت ئەوەنــدەی بەرهــەم هــەبێت کــە بــژی واتــە چــەمکی بەشــی خــۆکردن وایکــردووە کــە لــە کوردســتاندا ســەرمایە یــان ئــابووری کۆنەبێتــەوە هــەتا دەوری هــەبێت لــە دروســتکردنی بــازاڕی هاوبەشــدا بێگومــان هــەر ئــەوەش وایکــردووە کــە شــار بــە مانــای شــار لــە کوردســتاندا دروســت نــەبێت، کــە شــار لــە راســتیدا مانــای پیشــە ســازی و بازرگــانی کەلــە هەردووکیانــدا کــاری هاوبــەش دروســت دەبێــت و بــەو پێیــەش بەرژەوەنــدی گــەورە دروســت دەبێــت کــە پێویســتی بــە جۆرێــك لەیــەکبوون هەیــە بــۆ پارێزگــاری لێکردنــی کــە ئــەو یەکبوونــەش چارەنووســی هــەموو چــین و توێــژە کۆمەڵایەتیــەکان پێکــەوە دەبەســتێت و ئــەوەی کــە لــە چــەمکی کۆمەڵناســیدا پێــی دەگوترێــت( یــەکبوون) بەرهــەم دێــت کــە ئەگــەری ئــەوە زۆر لاوازە لــە هــیچ کۆمەڵگایەکــدا بــەبێ بــوونی ئــەو یەکبوونــە دەوڵــەت دروســت ببێــت. بێگومــان لــەم روانگەیەوەیــە کــە لاوازی کــاری هاوبــەش و لاوازی یــەکبوون و یەکگرتن دەوری کاریگەریان بینیووە لە دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردیدا.

ئایــا سرووشــتی کەســێتی کــوردی چ رۆڵێکــی هــەبووە لــە مانــەوەی کــورددا لــە دەرەوەی مێــژوو؟ بێگومــان بــۆ وەڵامدنــەوەی پرســیارێکی لــەم جــۆرە پێویســتمان بــە ئاخــاوتنی راســتەخۆیە لەســەر حــودی تــاکی کــوردی لەســەر زەمینــەی واقیــع. تــاکی کــورد بەرهــەمی ئــەو واقیعــە ئــابووری و سیاســی و کۆمەڵایــەتی و مێــژوویی و کەلتوورییەیــە کــە تیایــدا پــەروەردە بــووە. کــە ئــەویش واقیعێکــی دواکــەوتووە لــەرووی خوێندەوارییــەوە دواکــەوتووە لــە رووی ئابووریــەوە، نــاجۆرە لــە رووی کۆمەڵایەتیــەوەو ســەرکوتکراوو کەســێتی تێکشــکێندراوە لــەژێر کاریگــەری پرۆســە یــەك لــە دوای یەکــەکانی داگــیر کردنــدا. هــەموو ئەمانــەش پێکــەوە دەوریــان بینیــووە لــە تێکشــکاندنی کەســێتی کوردیــدا لــە مێــژوودا. ئــەو کەســێتە تێکشــکاوە پێویســتی بــە بیناکردنــەوە هەیــە کــە بێگومــان ئــەوەش پێویســتی بــە پرۆســەیەکی گشــتگرو هەمەلایەنــەی رێنیسانســی هەیــە بــۆ ئــەوەی لــە گەوهــەرەوە بــە پــرۆژە کەســێتی کــوردی بینــا بکرێتــەوە چــونکە وەکــو دەیــزانین کەســێتی کــوردی لــە ئــەنجامی پرۆســەکانی داگیرکردنــدا دووچــاری تێکشــکاندن بــووەو کەســێتی تێکشــکاویش ئەگــەر نــەتوانێت وەکــو بزووتنــەوەی یەهودیــەت تەســامی بــەو هەســتی تێکچــکاندن و بــەو بــاری کەســێتیە تێکشــکاوەی خــۆی بکــات ئــەوە هەمیشــە لــە بــارێکی هەســت بــە دوونیــەت کــردن و خــۆ بەبچــووك بینینــدا دەبێــت لەبــەردەم ئــەوانی تــرداو لــە لایــەکی تریشــەوە ئــەم کەســێتیە لــە

بری هەوڵدان بۆ تەسامی پێکردنی ئەو حاڵەتی تێکشکاندنەو بەرزکردنەوەی کەسێتی خۆی بۆ ئاستێکی بەرز کە بتوانێت بەراستی بکەر بێت، وای لێدەکات هەمیشە وەکو قوربانی سەیری خۆی بکات و خۆی بە جێگای بەزەیی بزانێت و هەمیشە چاوەڕوانی بەزەیی ئەوانی تر بێت. ئەمەش باری ئاسایی کەسێتی کوردییە بە کەسە سیاسی و سەرکردەکانیشیەوە کە زۆربەی کات وەها دەردەکەون کە لەبەردەی ئەوانی تردا بپاڕێنەوەو تەنانەت لە داواکردنی مافە ڕەواکانی خۆیشیاندا ناتوانن وەکو خاوەن ماف داوابکەن و پێدابگرن بەڵکو لە شێوەی جۆرێک لە پاڕانەوەو کڕوزاندنەوەدا لە بەرامبەر ئەوی ماف خۆریدا دەردەکەون.یان باشتر بڵێین کەسێتی کوردی بە گشتی بەم حاڵەتەوە دەردەکەوێت.

ئایا تاکی کوردی لە پێناوی خۆدرووستکردنەوەدا ئامادەی کارکردنە؟ ئایا دەتوانێت ببێتە بکەری رووداو درووستکەر لەسەر زەمینەی واقیع؟

سەرەتا با لەسەر قسەیەکی ئۆج ئالان رابوەستین کە دەڵێت تاکی کوردی ئامادەی کارکردن نییە. پاشان با لە خۆمان بپرسین ئایا ئەو قسەیە تا چ ئاستێك لە راستیەوە نزیکە؟ بۆ ئەو مەبەستە باسەیری کۆمەڵگای کوردی بکەیەن و بزانین ئایا ئامادەیی کارکردنی تێدایە یان نا؟ بێگومان بێ هیچ دوو دڵیەك من دەڵێم بەڵێ؟ ئایا کۆمەڵگای کوردی ئامایی تێدایە بۆ قوربانی دان؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارەشیان هەر بەڵێیە. با سەیری ئەوە بکەین ئایا لە بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدولای نەهرییەوە تاکو ئێستا بە ژمارە چەند کورد گیانیان بەخت کردووە لە پێناوی گەل و نیشتیمانەکەیاندا. ئایا ئەو بزووتنەوانە لە پێناوی ئازادی کوردو کوردستاندا بەرپانەبوون؟ ئایا بۆ ئەوە سەریان هەڵنەداوە کە کورد لەسەر نیشتیمانی خۆی بە ئازادی و شەرەفمەندانە بژی؟ ئایا بەهای ئازادی کەم بەهایە کە مرۆڤی کورد ئەو هەموو خەباتەی لە پێناودا کردووە؟ کەواتە دەبێ بەها گەورەکان چین؟ ئایا ئەو بەهایانە چین کە دەکەونە پێش ئازادی و سەربەستیەوە؟

بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی ئاپۆوە، من وای دەبینم کۆمەڵگای کوردی ئامادەییەکی تەواوی هەیە بۆ قوربانیدان و ئەوە بەڵگە نەویستیشە کە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی لە خۆبووردووە. بەڵام ئایا ئەوانەی کە ئەم کۆمەڵگایە ئاراستە دەکەن و بەڕێوەی دەبەن ئەوانە کێن؟ ئایا ئەوانە دەزانن بەها گەورەکان چین هەتا کۆمەڵگا لەو

پێناوەدا ئاراستە بکەن؟ تۆ بیر لەوە بکەرەوە کە لە ماوەی سەدەی رابردوودا تاکو ئێستا لە سەرجەمی پارچەکانی کوردستاندا بە سەدان هەزار کوڕی گەنج و خوێن گەرم دەستبەرداری ژیانی ئاسایی خۆیان بوون و چەکی شەرەفیان کردۆتە شان لە پێناوی ئازادی نەتەوەو نیشتیمانەکەیانداو بە هەزارانیان خوێنی خۆیان بەخشیووەو بە هەزاران کوڕی گەنجی خوێن گەرمی ئەم نەتەوەیە لە زیندانەکانی داگیرکەرانی کوردستاندا یان لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدا گیانیان بەخت کردووە یان لە سێدارە دراون یان گوللەباران کراون. ئایا هەموو ئەمانە بەڵگەی ئاشکرای ئامادەیی ئەم کۆمەڵگایە نین بۆ قوربانیدان.

دیارە لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی وەکو کۆمەڵگای کوردیشدا هێشتا ئەو کەلتوورەش ماوەو بالادەستە کە لە ناوخۆی کوردستانیشدا کەسانێکی کەم لەسەر شتی کەم بەها کێشە درووست بکەن و خۆیشیان بدەن بە کوشت یان خەڵك بکوژن لەسەر مەسەلەی زەوی و زارو لەسەر کێشە کۆمەلایەتی و خێزانییەکان و لەسەر ئەوەی کە پێی دەوترێت مەسەلەی شەرەف بەلام ئەم شتە بچووکانەو رێژەی ئەو کەسانەی لەم شتە بێبەهایانەدا لە کۆمەڵگای کوردیدا دەڕۆن لە چاو ئاستی قوربانی دانی رۆڵەکانی ئەم کۆمەڵگایەدا لە پێناوی بەها بالاکاندا زۆر کەمە.

خۆ ئەگەر ئەوانەش لە کوردستاندا حیساب بکەین کە خوێنیان بە فیڕۆ رۆیشتووە لەشەڕی ناوخۆو لە شەڕی براکوژیدا، ئەوە دەبێ بزانین کۆمەڵگاو گەل بەگشتی لەوە بێبەرییەو ئەوەی بەرپرسە لە بە فیڕۆدانی تواناو خوێنی هەزارەها کوڕی کورددا ئەوە کۆمەڵگا نییە بەڵکو ئەوە ئەو نوخبە سیاسی و سەرکردەیەی کوردستانە کە لە راستیدا ئەوانن نازانن ئامانجی گەورەو بەهای گەورە چییە هەتا رۆڵەکانی ئەم نەتەوەو کۆمەڵگایە لەو پێناوەدا ئاراستە بکەن و ئەگەر کۆمەڵگای کوردی پێویستی بە قوربانیدان بوو ئەوا رۆڵەکانی لە پێناوی ئەو پێویستیەدا قوربانی بدەن کە ئەویش بریتییە لە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.

ئەگەر ئاپۆ مەبەستی لە بەهای بچووکیش ئۆتۆنۆمی و فیدرالی بێت لە بری دەوڵەت ئەوە قسەیەکی راستەو ئەو هەموو قوربانییەی کورد داوییەتی دەبوا لە پێناوی رزگارکردنی هەموو کوردستان و درووستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ یەکگرتووی کوردستاندا بوایە. بە تایبەتی ئاپۆ لە کاتێکدا کتێبی پرسی کەسێتی نووسیووە کە هێشتا خۆی تووشی شکست نەبوو بوو، ئومێدی سەربەخۆیی هەبوو بە مەرجێك خۆی سەرۆکی هەموو کوردستان بێت. بێگومان ئەوەشی کە خەباتی کوردی لە پێناوی

ئۆتۆنۆمی و فیدراڵ و تەنانەت مافی کەلتووریشدا ئاراستە کردووە ئەوە کۆمەڵگا نییە بەڵکو ئەو نوخبە سیاسییەن کە سەرکردایەتی بزووتنەوەکانی کوردیان کردووەو چۆن ئارەزوویان بووە بەو شێوەیە کاریان کردووەو خودی ئەو بەرنامانەش هەڵقولاوی رۆح و ویژدانی کۆمەڵگای کوردی نەبوون بە قەد ئەوەی کە لە دەرەوە هێنراوە یان فەرزکراوە.

جێگای خۆیەتی بپرسین ئایا کەسێتی کوردی چۆن بینادەکرێتەوە؟ من پێشتر لە نووسینەکانمدا و بە تایبەتیش لە هەردوو کتێبی (کەسێتی کوردی و کاریگەری کەلتووری ئەوان لەسەر کورد)دا هەرچۆن بە درێژی لەسەر شێوازی تێکشکاندنی کەسێتی کوردی ئاخاوتنم کردووە بەهەمان شێوە لەوەش دواوم کە بیناکردنەوەی کەسێتی کوردی چ وەکو تاکەکەس و چ وەکو کەسێتی نەتەوەیی بە بێ پرۆژەیەکی رێنیسانسی گشتگر ناگاتە ئەنجام کە مەبەست لە پرۆژەی رێنیسانسی گشتگریش بە کارخستنی هەموو پایەو رووبەرو جومگەو ئاستە جۆراوجۆرە مرۆیی و مادیی و مەعنەوییەکانی کۆمەڵگای کوردیە بە مەبەستی تەسامی پێکردنیان و گەیاندنی کۆمەڵگا بە ئاستێك کە هەست بکات دەتوانێت لەسەر قاچی خۆی رابووەستێت و هەنگاوی بەرەو پێشەوە بنێت و بگاتە ئاستێك وەکو کەسێتیەکی خاوەن شووناس خۆی بڕیاری خۆی بدات.

بێگومان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی لەم جۆرە کۆمەڵگای کوردی پێویستی بەوەیە چ تواناو وزەی جۆراو جۆرە لە توانای تاکە کەس و گروپ و رێکخراوو حیزب و راگەیاندن و ئایین و داب و نەریت و کەلتوور و ئابووری و پیرۆزییەکانی رابردوو تەنانەت بە جوانی سرووشتی کوردستانیشەوە بخاتە جوڵە بە مەبەستی دروستکردنی گیانی هەستبەخۆ کردن و هەست بە ئینتیماکردن لە لای تاکی کوردی تا بگاتە ئەو ئاستەی کە هەست بکات ئەم لە کەسی تر کەمتر نییەو دەتوانێت کاربکات و بجوڵێت خۆیی و وڵاتی خۆی بینا بکاتەوەو خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات و ببێتە خاوەنی شوناسی راستەقینەی خۆی و بکەری راستەقینەو رووداودرووستکەر لەسەر جوگرافیای وڵاتی خۆی و شارستانێت بەرهەم بهێنێت و بگاتە ئاستێك بەشداری هەبێت لە بیناکردنی شارستانێتی مرۆڤایەتیدا.

ئایـــا ئێمـــە چـــۆن بـــیر دەکەینـــەوە؟ ئایـــا پرۆســـەی پـــەروەردەی ئێمـــە دەتوانێـــت نـــەوەکان بـــە جۆرێـــك پـــەروەدە بکـــات بیربکەنـــەوە؟ ئایـــا زمـــانی خوێنـــدنی ئێمـــە دەبێتـــە هۆکارێـــك بـــۆ ئـــەوەی رامـــان بهێنێـــت لـــە چوارچـــێوەی بـــوونی نەتـــەوەیی خۆمانـــدا بـــیر بکەینـــەوە؟ ئێمـــە زۆرجـــار گوێمـــان لـــە هەنـــدێ دەربـــڕینی وەکـــوو بـــیری رۆژئـــاوا یـــان بـــیری عـــەرەبی و هـــی تـــریش دەبێـــت بـــەلاّم رەنگـــە تـــاکو ئێســـتا دەربـــڕینی بـــیری کـــوردی یـــان بیرکردنـــەوەی کوردیانـــە دەربڕینێکـــی نامۆ بێت.

بێگومـــان پێوەندییـــەکی بـــەهێز هەیـــە لـــەنێوان زمـــان و بـــیردا کـــە ئەمـــەش بـــەرەو ئـــەو بۆچـــوونەمان دەبـــات کاتێـــك کەســـێك بـــە زمانێـــك دەخوێنێـــت و دەنووســـێت ئەگـــەر ئـــەو زمانـــە ســـیاقێکی تایبـــەت بـــە خـــۆیی هـــەبێت بـــەو مانایـــەی کـــە گەیشـــتبێتە ئاســـتێك شووناســـی تایبـــەتی خـــۆیی هـــەبێت ئـــەوا بـــە شـــێوەیەکی سرووشـــتی ئـــەو کەســـەی بـــەو زمانـــە دەخوێنێـــت و دەنووســـێت شـــێوازی بیرکردنەوەشـــی لـــە ســـیاقی ئـــەو بیرکردنەوەیـــەدا دەبێـــت کـــە شووناســـی ئـــەو زمانـــە پێـــوەی پێوەســـتە. هـــەر لێـــرەوە رۆڵـــی لەبەرچـــاوی خوێنـــدن بـــە زمـــانی دایـــك یـــان زمـــانی نەتـــەوە دێتـــە ئـــاراوە لـــە پـــەروەردەکردنی راســـتەوخۆی نەوەکانـــدا هـــەر لەوێشـــەوە لـــە رێگـــای زمـــان و لـــە ســـیاقی زمـــانی نەتەوەییـــدا بـــە هـــەموو بنیادەکانیـــەوە ئامـــادەکردنی نـــەوەکان بـــۆ بیرکردنـــەوە لـــە ســـیاقی ئـــەو زمانـــەدا دێتـــە ئـــاراوە کـــە زمـــانی نەتەوەییە.

لـــە راســـتیدا یـــەکێك لـــە بنـــەما ســـەرەکیەکانی فەلســـەفەی پـــەروەدە زمـــانی نەتەوەییـــە کـــە ئـــەویش بریتیـــە لـــە ئامـــادەکردنی نـــەوەکان لـــە رێگـــای پەروەردەیـــەکی هاوچـــەرخانەوە بـــە زمـــانی نەتـــەوەیی و لـــە ئاســـتێکی قوڵتریشـــدا راهاتنیـــان بـــە شـــێوەیەکی سرووشـــتی بـــۆ بیرکردنـــەوە لـــە چوارچـــێوەی سیســـتێمی ســـیمانتیکی ئـــەو زمانـــەدا کـــە دەبـــێ سیســـتێمێك بێـــت بـــۆ بەرهـــەمهێنانی جیهانبینیـــەك کـــە لەســـەر دوو پایـــە وەســـتابێت زانســـت و هاوچـــەرخیبوون لـــە لایـــەك و نەتـــەوەیی و نیشـــتیمانی بـــوون لـــە لایـــەکی تـــرەوە. کـــە ئەمـــەی دووەمیـــان بـــەبێ هـــیچ زۆرکـــاری و خۆمانـــدوو کردنێـــك بەرهـــەم دێـــت بەمـــەرجێك ئـــەو زمانـــەی کـــە پێـــی دەخوێنیـــدرێت زمـــانی نەتـــەوەیی بێـــت بـــە هـــەموو ســـیاقەکانیەوە. هـــەر لێـــرەوە مەســـەلەی خۆناســـین و هەســـت بـــە خـــۆکردن و گـــەڕان بـــەدوای شووناســـدا بـــە شـــێوەیەکی سرووشـــتی لـــە کۆنەســـتی منـــداڵی نەتـــەوەدا لـــە رێگـــای پـــەروەردەوە دەبێتـــە بەشـــێك لـــە خـــودی پرۆســـەی پـــەروەردەو فەلســـەفەی پـــەروەردەش تـــەنیا لـــەم رێگایـــەوە شووناســـی

نەتـــەوەییبوون یـــان نیشـــتیمانیبوون وەردەگرێـــت نـــەك لـــە ڕێگـــای گواســـتنەوەی فەلســـەفەی پەروەردەی نەتەوەکانی ترەوە.

خـــەمی پـــەروەردەیی ئێمـــە ئەوەیـــە تـــاکو ئێســـتا شـــتێك نییـــە بـــە نـــاوی فەلســـەفەی پـــەروەردەی کـــوردیو لـــەوەش ترسـناکتر ئەوەیـــە لـــە ڕێگـــای ئـــەو زمانـــەی کـــە ئێســـتا لـــە کوردســـتاندا پێـــی دەخوێنـــدرێت ناتوانرێـــت باســـی شـــتێك بکرێـــت بـــەناوی فەلســـەفەی پـــەروەردەی کـــوردی چـــونکە ئـــەو زمانـــەی ئێســـتا پێـــی دەخوێنـــدرێت ســـەرباری بـــەکارهێنانی دوو دایـــەلێکت، ئەوەشـــی کـــە کـــراوە بـــە کـــوردی بـــە داخـــەوە لـــە ڕووی زاراوەو ڕستەســـازیو ڕێزمانـــەوە بـــە گشـــتی لاوازەو لـــە ســـەرووی هـــەموو ئەمانەشـــەوە لـــە ڕووی ســـیاقی زمانیـــەوە کـــوردی نییـــە، ئەمـــەش نـــەك منـــداڵی کـــورد بـــۆ ئـــەوە پـــەروەردە ناکـــات کـــە بـــە کـــوردی بـــیر بکاتـــەوە بـــەڵکو ئـــەو زمانـــە شـــێواوە کـــە توانـــای ئـــەوەی نییـــە بـــە باشـــی ئەرکـــە زمانیـــەکی خـــۆی جێبـــەجێ بکـــات لـــە گواســـتنەوەی مانـــاو دەلالاتـــدا بـــۆ قوتـــابیو تەنانـــەت بـــۆ مامۆســـتاش دەبێتـــە هـــۆی شـــێواندنو فـــەوزا لـــە کۆنەســـتی منـــداڵو لاوی کـــورددا و ئـــەنجامی ئـــەوەش نەوەیـــەك بەرهـــەم دێـــت کـــە هـــەم ئینتیمـــای بـــۆ زانســـتو زانیـــاری لاواز بێـــت هـــەم ئینتیمـــای نەتـــەوەییو نیشـــتیمانی لاواز بێـــت کـــە بـــە ئاشـــکرا ئێســـتا دەرئـــەنجامی ئـــەم پرۆســـەیە دەبینرێـــت. ئێســـتا هەســـت دەکرێـــت خوێنـــدنی ئێمـــە ناتوانێـــت بـــەم زمانـــە لاوازو شـــەکەتەوە قوتـــابی بخاتـــە ســـەر ڕێگـــای هـــیچ جـــۆرە بیرکردنەوەیـــەك نـــە بیرکردنـــەوەی زانســـتیانەو نـــە بیرکردنـــەوەی نەتەوەییانـــە، هـــەروەك لـــە ڕووی زانســـتیەوە ناتوانرێـــت بـــەو زمانـــە لاوازە نەوەیـــەکی زانســـت پـــەروەر پـــەروەردە بکرێـــت. کەواتـــە ئێمـــە ئەگـــەر بـــە فریـــای پرۆســـەی پـــەروەردە نەکـــەوین لەبـــەردەم مەترســـیەکی گەرەداین کە هەڕەشە لە ئایندەمان دەکات.

:

28- کارەکانی سەرۆکی هەرێم لەبەردەم چەند سەرنجێکدا

ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم بە تایبەتی دوای ئەوەی لەرێگای دەنگدانی خەڵکەوە هەڵبژێردرا خەریکە دەبێتە چوار ساڵ. ئێستا دەپرسین ئایا لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا سەرۆکی هەرێم توانیوویەتی وەکو سەرۆکی هەرێم دەور ببینێت؟ ئایا لە نێوان سەرۆکی پارتی و سەرۆکی هەرێمدا کامیان دیارتر بووە لە هەڵسوکەوت و شێوازی کارکردنی سەرۆکی هەرێمدا؟ ئایا توانیوویەتی ئەو تێڕوانینە لە لای جەماوەری خەڵکی کوردستان درووست بکات کە ئەو سەرۆکی هەمووانە بە بێ جیاوازی؟ ئایا هەست و تێڕوانینی زۆرینەی خەڵك لەو ناوچانەدا کەجێ نفوزی پارتی نییە بۆ سەرۆکی هەرێم و تەنانەت سەرۆکی حکومەتیش چۆنە؟

ئەوە ئاشکرایە کە یەکێك لە پێگە لاوازەکانی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێمیش ئەوەیە کە تاکو ئێستا ئەم دامەزراوانە نەبوونەتە دامەزراوەی نیشتیمانی خاوەن شووناس لەو روانگەیەوە کە هاووڵاتی هەست بکات دامەزراوەی هەمووانن. هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی عەقلی دامەزراوەیی و شێوازی بەڕێوەبردنی دامەزراوەیی لە کوردستاندا. دیارە بەشێك لەوەش پەیوەندی بە ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و هوشیاری خەڵکەوە هەیە، بەڵام هیچ پاساوێك بۆ ئەوە نییە کە تۆ پاشی بیست و دوو ساڵی دەسەڵاتداریتی نەتتوانیبێت سەرەتایەکی باش بۆ بە دامەزراوەیی کردنی دامودەزگاکانی وڵاتەکەت دابنێیت بە تایبەتی لە وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەکو کوردستاندا کە ئەگەر فەرمانڕەواییەکی باش و سیستێمێکی سیاسی و ئیداری باشی هەبێت لە هیچ روویەکی پەیوەست بە ژیانی خەڵکەوە کەموکورتی نابێت.

ئێمە دەمانەوێت لەسەر دوو ئاست سەیری ماوەی چوار ساڵی رابردووی کارەکانی سەرۆکی هەرێم بکەین کە ئەوانیش ئاستی دەرەوەو ئاستی ناوخۆیە. ئەگەرچی لە راستیدا لەبەر نەبوونی دەستوور تاکو ئێستا سنووری دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم دیاری نەکراوەو کۆبوونەوەی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەت و زۆرینەی پۆستە هەستیارەکانی تریش لە دەستی پارتی دیموکراتی کوردستاندا وایکردووە کە سەرۆکی هەرێم چۆن دەڕوانێتە پایەی حیزبی خۆی لە ناو پارتیدا وەکو کەسی یەکەم، بەهەمان شێوە بڕوانێتە پایەی سەرۆکایەتی هەرێم چونکە وەکو گوتمان پۆستە حەساسەکانی حکومەتیش هەر لە دەستی هەمان ئەو کادیرانەی پارتیدایە کە لە حیزبدا دیارن، بۆیە ئاسایی سەرۆکی هەرێم هەر بە پێوانەو تێڕوانینی حیزبی لەو

رووەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات کە ئەوەش لە نێو شێوازی کارکردنی سەرۆکی هەرێمدا رەنگی داوەتەوەو هەست دەکرێت جیاوازی نییە لە نێوان دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمو سەرۆکایەتی پارتیدا. ئەمەش لەسەر ئاستی دەرەوە وایکردووە کە پەیوەندیو چاکییەکانی سەرۆکی هەرێم زیاتر وەکو چالاکیو سەردانو پەیوەندی سەرۆکی پارتی دەربکەون بە تایبەتیش لە زۆرینەی سەفەرەکانی سەرۆکی هەرێمدا دەستەیەك لە کادیرانی دیاری پارتی هاوسەفەرین کە تەنیا چەند جارێکی کەم نەبێت لەم دواییەدا جێگری سەرۆکی حکومەتو وەزیری ئاوەدانکردنەوەی لەگەڵ خۆی بردووە کە ئەم دووانەیان یەکێتین. هەروەك لە لایەکی تریشەوە کاریگەریو بەرهەمی ئەو سەردانو پەیوەندییانە ئەوەندەی بۆ پارتی وەکو حیزب باس دەکرێن ئەوەندە بۆ هەرێم باس ناکرێنو کاریگەرییەکانیشی دیارنین. کەواتە لەم رووەوە بە ئاشکرا دیارە سەرۆکی هەرێم لەسەر ئاستی دەرەوەو پەیوەندییەکانی دەرەوەیدا سەنگی کارکردنی زیاتر حیزبیانە بووە نەك هەرێمیانە.

لەسەر ئاستی ناوەوەی عێراق وەکو دەزانین ئەو حکومەتەی کە ئێستا مالیکی سەرۆکایەتی دەکات لەسەر خوانی سەرۆکی هەرێم پێکهات. بەڵام لە کورتترین ماوەدا پەیوەندی نێوان ئەو حکومەتەو هەرێم گەیشتە خراپترین ئاستی کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کورد بە گشتی لەو رووەوە لاواز بووەو بە تایبەتی سەرۆکی هەرێمیش بۆ پێکهێنانی ئەو حکومەتە مەرجی نەبووە کە بە لایەنی کەمەوە مالیکی مولزەم بکات بۆ جێبەجێکردنی بەندو خاڵەکانی ئەوەی کە ناویان ناوە رێکەوتننامەی هەولێر ئەگەر لە راستیدا بەندوخاڵگەلێك هەبووبێت لەسەری رێککەوتبن. بەدوای ئەوەشدا کە بارودۆخی هەرێمو بەغدا بەرەو خراپتر چوو، سەرۆکی هەرێم نەیتوانی هەوڵی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە بدات بەڵکو بە پێچەوانەوە گوتارە توندەکانی زیاتر لایەنی بەرامبەری تووڕە کرد بە تایبەتی جۆری ئەو هەڕەشە کردنانەی کە ئەگەر مەبەستی کورد مانەوە بێت لە چوارچێوەی عێراقدا لەبری هەڕەشە دەبوا سەرۆکی هەرێم بە هێمنانەترو بە زمانی لۆجیكو تەنانەت بە ئامادەبوونی ناوبەناوی لە بەغداو دانیشتنو کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەتی بەغداو دامەزراوەکانیدا هەڵیبدایە پەیوەندییەکان پتەوترو هێمنانەتر بێتو کێشەکان بە گفتوگۆو لێکتێگەیشتن چارەسەر بکرانایە. خۆ ئەگەر بەڕاستیش هەرێم بە نیازی جیابوونەیە لە عێراق دیسان پێویستبوو سەرۆکی هەرێم بە هێمنیو لە رێگای دیالۆگو دانووسان لەگەڵ کۆی لایەنەکانی عێراقدا

هەوڵیبدایـــە دەنـــگ و لایـــەنگری و تەنانـــەت یارمـــەتیش بـــۆ پرۆســـەیەکی لـــەو جـــۆرە دەســـتەبەر بکـــات واتـــە ئامـــانجێکی لـــەو جـــۆرە یـــان تەنانـــەت مانـــەوە لـــە عێراقـــدا پێویســـتی بـــە کـــاری هـــێمن و لێـــدوانی هـــێمن و دوور لـــە هەڵچـــوون و کاریگـــەری ســـۆزو عاتیفـــە هەیـــە. شـــێوازی توونـــدی وتـــاردانی ســـەرۆکی هـــەرێم بەرامبـــەر بـــە مـــالیکی بـــووە هـــۆی ئـــەوەی کـــە وەهـــا لێکبدرێتەوە ئەم دوو کەسە کێشەو ناکۆکی شەخسییان هەیە.

لەســـەر ئاســـتی نـــاوخۆی کوردســـتان شـــێوازی کـــارکردنی ســـەرۆکی هـــەرێم زیـــاتر شـــێوازی کـــارکردنی حیزبـــی بـــووە. هـــەر لـــە ســـەرەتای ســـوێندخواردنی ســـەرۆکی هەرێمـــەوە کـــە باســـی ئـــەوە دەکـــرا جیگرێـــك بـــۆ خـــۆی دابنێـــت بـــەڵام تـــا نزیکـــەی کۆتـــایی هـــاتنی دەســـەڵاتی یـــەکێتی لـــە ســـەرۆکایەتی کردنـــی حکومەتـــدا ســـەرۆکی هـــەرێم جێگـــری بـــۆ خـــۆی دانـــەنا، ئەگەرچـــی پۆســـتی جێگـــری ســـەرۆکیش بێجگـــە لـــە کۆمـــەڵی مەکســـەبی مـــادی لـــە هـــەردوو خولەکـــەدا دەورو کاریگەرییـــەکی ئـــەوتۆی نـــەبووە. بـــەڵام ئایـــا بۆچـــی ســـەرۆکی هـــەرێم ئـــەو مـــاوە دوورو درێـــژە جێگـــری بـــۆ خـــۆی دانـــەنا؟ ئایـــا ئەمـــەش هـــەر بـــۆ ئـــەوە نـــەبووە کـــە خـــۆی تـــاك لایەنانـــە کارەکـــان ئـــەنجام بـــدات؟ ئەگـــەر ئەمـــەش بـــەو جـــۆرە لێکبدرێتـــەوە ئایـــا دیســـان ئـــەوە نابێتـــە ئاماژەیەك بۆ ویستی کۆنترۆڵکردنی هەموو دەسەڵاتەکان؟

لەســـەر ئاســـتی پێشـــمەرگە ســـەرۆکی هـــەرێم ســـەرۆکی هێـــزە چـــەکدارەکانی کوردســـتانە کەواتـــە بەرپرســـیار دەبێـــت لـــە دروستـــکردنی ســـووپایەکی نیشـــتیمانی کـــە ئینتیمـــای ئـــەو ســـووپایە بـــۆ نیشـــتیمان و نەتـــەوە بێـــت. بـــەڵام وەکـــو دیـــارە تـــاکو ئێســـتا نـــەك ئـــەو ســـووپایە درووســـت نـــەکراوە بـــەڵکو هێزەکـــانی یـــەکێتی و پـــارتی لـــە نێـــو وەزارەتـــی پێشمەرگەشـــدا نـــەبوون بەیـــەك هێـــز، بـــەڵکو بـــە ئاشـــکرا دیـــارە کـــە دوو هێـــزی جیـــاواز لـــە نێـــو وەزارەتـــی پێشـــمەرگەدا هەیـــە. هـــەروەك لـــە کوردســـتاندا تـــاکو ئێســـتا دوو کۆلێـــژی ســـەربازی هەیـــە کـــە یـــەکێك هـــی پارتیـــەو ئـــەویتریان یـــەکێتی کـــە ئـــەرکی ســـەرۆکی هـــەرێم بـــوو ئـــەو دوو دامـــەزراوە گرنگـــە بکـــات بـــە دامـــەزراوەی نیشـــتیمانی. بـــەڵام هەرچـــۆن ســـوپای یـــەکگرتووی کوردســـتانی درووســـت نـــەکردووە، کۆلێـــژی ســـەربازی یـــەکێتی و پارتیشـــی وەکـــو خـــۆی هێشـــتووەتەوە. ســـەرباری ئـــەوەش لـــە کـــۆی چـــالاکیە پێشـــمەرگەیی و ســـەربازییەکانی ســـنووری پارتیـــدا ســـەرۆکی هـــەرێم بـــەردەوام بەرپرســـان یـــان ئەفســـەرانی پـــارتی کردووتـــە نوێنـــەری خـــۆی و بـــۆ تاکـــە جـــارێکیش نـــەمانبینیووە لـــە موناســـەبەیەکی کۆلێـــژی ســـەربازی و خـــولێ چـــالاکییە پێشـــمەرگەییەکانی ســـنووری پارتیـــدا وەزیـــری پێشـــمەرگە نـــەك نوێنـــەری ســـەرۆکی هێـــزە

چەکدارەکانی هەرێم بێت، بەڵکو ئامادەش بێت. ئایا ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە لەو رووبەرەشدا سەرۆکی هەرێم وەکو سەرۆکی پارتی کاریکردووە؟

لە رووی ئیدارییەوە، ئەگەر بە وردی سەیر بکەین لەو رووبەرە فراوانەی کە جێگانفوزی پارتی نییە، نە سەرۆکایەتی هەرێم و نە سەرۆکی حکومەتیش هیچ ئامادەبوونێکیان نییە. بۆ نموونە لە رووبەرێکی فراوانی وەکو گەرمیاندا کە گەورەترین قوربانی دراوە لە ئەنفال و شەهیدبوون. تاکو ئێستا سەرۆکی هەرێم نەك بە فیعلی نەچووەتە ئەو ناوچەیەو وەکو پێویست لە نزیکەوە گوێی ئازارەکانی کەس و کاری قوربانیان نەگرتووە بەڵکو نەیتوانیووە ئەو ئینتیباعە لەلای ئەو رووبەرە فراوانەی هاوولاّتیان درووست بکات کە ئەمان هاوولاّتی ولاّتێکن سەرۆکێکیان هەیە ئاگای لە ئازارەکانیانە. نەك هەرئەوە بەڵکو بۆ شارێکی وەکو سلێمانی کە لەسەردەمی داگیرکەردا قەلاّی خۆڕاگری و بەرخورد ان بووە، لە ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێمدا تەنیا چەند جارێك بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتی هاتووەتە ئەم شارە کە ئەو هاتنانەش وەکو سەرۆکی پارتی هاتووەو تاکە جارێکیش لەگەڵ خەڵکی شار کۆنەبووەتەوە تا وەکو سەرۆك گوێی لە راوبۆچوون و رەخنەو پێشنیاری جەماوەری ئەم شارە بێت وەکو بەشێکی هەرە زیندووی ئەو هەرێمەی کە بەڕێزیان سەرۆکین.

لە رووی هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی دەستی حیزب و هەژموونی حیزب بەسەر حکومەتەوە، سەرۆکی هەرێم نەیتوانیووە دەورێکی ئەوتۆ ببینێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەرچۆن لە عەقڵیەتی سەرکردایەتی حیزبە کوردییەکاندا تەنیا ئەو بەشەی کۆمەڵگە ئامادەبوونی هەیە کە حیزبین بەهەمان شێوە سەرۆکی هەرێمیش لە کوردستاندا تەنیا حیزبیەکان دەبینێت و لە ناوحیزبیەکانیشدا تەنیا پارتییەکان و بە هۆی رێکەوتنی ستراتیژیەوە بەشێك لەو یەکێتیانەی کە بەلایەوە مەقبوولن. لەو رووەشەوە دەتوانین سەیری دامودەزگاکانی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و دامەزراوەی دادوەری و وەزارەتەکان و دامودەزگا رۆشنبیری و رۆژنامەنووسی و فەرهەنگییەکان و ئەوانی تریش بکەین. بزانین چۆن سیاسەتی دابەشکردنی مەنسەب و مەکسەب لە نێوان پارتی و یەکێتیدا دابەشی کردوون و رووبەرێکی فراوانی کۆمەڵگەش کە لە دەرەوەی ئەو دوو حیزبەیە فڕێدراوەتە دەرەوەی بەرپرسیارێتی. بۆ نموونە لە وەزارەتێکی وەکو پەروەردەدا کە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا لەو دامەزراوەوە دەست پێدەکات. لە هەرێمی کوردستان ئەم دامەزراوەیە لە لوتکەی هەرەمەکەوە تا ئاستی

یاریدەدەری بەڕێوەبەری باخچەی ساوایانیش لەسەر بنەمای حیزبی دادەنرێن و هەموو ئەو کارانەش لە لق و مەڵبەندەکاندا ئەنجام دەدرێن و سەرۆکی هەرێم نەك هەر چارەسەری ئەو کێشەیەی نەکردووە کە بەو هۆیەوە سەدان کەسی بێتوانا بەرپرسیارێتی دامەزراوەکانی پەروەردەیان گرتۆتە دەست، کە ئەوەش رۆڵی نێگەتیفی هەیە لە پرۆسەی پەروەردەدا، بەڵکو من هەست دەکەم سەرۆکی هەورێم ئەسڵەن ئاگای لە دامەزراوەیەکی وەها گرنگ نییە.

ئایا لە رووی چارەسەرکردنی گەندەڵی و بیرۆکراتیەتی بێمانایەوە، سەرۆکی هەرێم توانیویێتی چی بکات؟ ئێمە بەردەوام گوێمان لەوە بووە کە سەرۆکی هەرێم باسی ئەوەی کردووە کە گەندەڵی و بیرۆکراتیەت هەیە لە دامودەزگاکانی دەسەڵاتی خۆماڵی کوردیدا، بەڵام بەردەوامیش ئەو پاساوەی هێناوەتەوە کە گەندەڵی دیاردەیەکی جیهانییەو کوردستانیشی گرتۆتەوە. ئەم دەربڕینەی دوواییان مانای سەیرکردنی ئەو دیاردە ترسناکانەیە بە ئاسایی. لەم رووەشەوە دەبینین نەك هەر لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی سەرۆکی هەرێمدا بەڵکو لە درووستبوونی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە نە بەرپرسێکی دیار لەسەر گەندەڵی لێپرسینەوەی لەگەڵ کراوە نە دراوەتە دادگا. لەم رووەشەوە هیچ جێ پەنجەیەکی سەرۆکی هەرێم لە چارەسەرکردنی دیاردەی گەندەڵی و بیرۆکراتیەتی بێمانادا نابینرێت.

یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە مایەی نیگەرانی رووبەرێکی فراوانە لە خەڵکی کوردستان مەسەلەی هەستکردنیانە بە نەبوونی شەفافیەت لە بواری دارایی و پیشەسازی نەوت و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەرەوەداو تەنانەت بە فیڕۆچوونی بڕێکی زۆر لە داهاتی کوردستان لە خانەنشینکردنی رووبەرێکی بەرفراوان لە خەڵك بە پلەی بەرزی ئەوتۆ کە ئەسڵەن زۆرینەی ئەو کەسانە لە ژیانی وەزیفی یان سەربازی یان پێشمەرگایەتیدا هەرگیز مومارەسەی ئەو کارانەیان نەکردووە کە پێی خانەنشین بوون. ئەمە بێجگە لە ناڕوونی موچەی زۆرینەی بەرپرسان لە بەڕێز سەرۆکی هەرێمەوە بۆ پلەکانی خوراتر لە کاتێکدا ئەگەر هەرکەس بیەوێت بە کلیکێك دەزانێت موچەی سەرۆکی ئەمەریکاو سەرۆك وەزیرانی ئینگلتەراو ژاپۆن چەندە. دیارە هۆی ئەم شاردنەوەش بووەتە زەمینە خۆشکردن بۆ گومانکردنی جەماوەر لە هەموو شتێك و ئەوەش بووەتە هۆی لاوازکردنی ئینتیمای تاکی کوردی لەم هەرێمەدا.

یەکێك لەو دیاردە لەبەرچاوانەی کە لە کوردستاندا دەبینرێت، گۆڕینی کۆمەڵگەی کوردییە لە کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێنەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی بەکارهێنەر کە ئەمەش لە رووی کۆمەڵایەتییەوە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی لاوازکردنی کەسێتی تاك لە کۆمەڵگەداو زەمینەخۆشکردنە بۆ تێکشکشکاندنی چونکە بەشداری تاکەکەس لە بەرهەمهێناندا ئاستی ئامادەبوونی کۆمەڵایەتی ئەو تاکە کەسە دیاری دەکات. هۆکاری ئەم دیاردەیەش لە هەریمدا دەگەڕێتەوە بۆ مونافەسەی نێوان یەکێتی و پارتی لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا بۆ کڕینی وەلائی خەڵك بۆ حیزبەکانیان لە بری ئەوەی زەمینەخۆشبکەن بۆ بەهێزکردنی وەلائی نەتەوەیی و نیشتیمانی لەلای تاکی کوردی. دەسەڵاتی کوردی رووبەرێکی هێجگار فراوانی خەڵکی کوردستانی کردووە بە موچەخۆری بێبەرهەمو لەو رووەشەوە بەشێکی زۆر لە داهاتی کوردستان دابەش دەکرێت. لە کاتێکدا دەشیا لەبری ئەو بە موچەخۆرکردنەی خەڵکی کوردستان، دەسەڵاتی کوردی لە د وو بواردا بە جیدی کاری بکردایە یەکەمیان بواری پیشەسازی کە دەشیا حکومەت دەیان کارگەو کارخانەی بەرهەمهێنی درووستبکردایەو هێزی کاری کوردستانی بخستایەتە گەڕ. لەبارێکی وەهادا هەم دەیتوانی بەشێکی زۆری پێداویستییەکانی ناوخۆ بەرهەم بهێنێت، هەم هێزی کاری کوردی بەشداری بەرهەمهێنانی بکردایە، هەم ئەو هەموو پارەیەی کە بۆ کڕینی پێداویستییەکان دەچێتە دەرەوە لە کوردستاندا بمایەتەوە. بواری دووەم پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ کە دەشیا پێداویستیە نوێیەکانی کشتوکاڵو ئاودێریو ئاژەڵداری لە کوردستاندا بۆ گوندنشینان ئامادەبکرایەو یارمەتی بدرانایە بۆ ئەوەی بتوانن بواری کشتوکاڵ پەرەپێبدەنو بەوەش پێداویستییەکانی ناوخۆ پڕبکەنەوە کە بەوەش لەلایەك جوتیاری کوردستان پەیوەستبوونی بە خاکەوە زیندوو دەبووەوە، لەلایەکی تر بەرهەمی دەهێناو هەروەك رێگا لە چوونەدەرەوەی پارەی کوردستانیش بۆ کڕینی بەرهەمەکانی کشتوکاڵ دەگیرا. رەنگە ئەمانەی باسمانکردن زۆرینەی کاری حکومەت بێت بەڵام ئایا سەرۆکی هەرێم لەم روانەوە چ بڕیار یان پێشنیارێکی بۆ حکومەت هەبووە؟ بێگومان ئەوەی هەست دەکرێت ئەوەیە کە سەرۆکی هەرێم پەیوەندییەکی ئەوتۆی بەم جومگە هەستیارانەی ئیدارەی کوردیو بەڕێوەبردنی کوردستانەوە نەبووە. ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم کارانە لە هیچ ئاستێکدا لە سەلاحیاتی سەرۆکی هەرێمدا نین؟ ئەگەر ئەم کارانە لە سەلاحیاتی سەرۆکی هەرێمدا نین کەواتە پۆستی سەرۆکی هەرێم پۆستێکی تەشریفاتیە

هـــەمان شـــێوەی پۆســـتی ســـەرۆك كۆمـــاری عێـــراق. كەواتـــە بۆچـــی دەزگاكـــانی راگەیانـــدن‌و ئۆپۆزســـیۆن‌و خـــەڵكی وەكـــو ئێمـــەش ئـــەم هـــەموو بەرپرســـیارێتییە دەخەینـــە ئەســـتۆی ســـەرۆكی هـــەرێم؟ ئـــەی كەواتـــە بۆچـــی بـــەردەوام باســـی ئـــەوە دەكرێـــت كـــە ســـەلاحیاتەكانی ســـــەرۆكی هـــــەرێم هێجگـــــار زۆرن‌و دەگوترێـــــت سیســـــتێمی فـــــەرمانڕەوایی سیســـــتێمی ســـەرۆكایەتییە. گوایـــە ئـــەوەش بووەتـــە هـــۆی لاوازكردنـــی دامـــەزراوەكانی تـــری وەكـــو پەرلـــەمان‌و حكومـــەت‌و دســـەڵاتی دادوەری؟ ئەگـــەر ســـەرۆكی هـــەرێمیش ئـــەم ســـەلاحیاتانەی هەیـــە ئـــەی بۆچـــی لـــەم هـــەموو بـــوارەدا هـــەنگاوی جیـــدی هەڵنـــەهێناوەو هەوڵینـــەداوە چارەســـەری ئـــەم هـــەموو كەمووكورتیانـــە بكـــات؟ كەواتـــە ئـــەم پرســـیارانە پێویســـتیان بـــە وەڵامدانـــەوە هەیـــە. ئەگـــەر وەڵامـــی پرســـیاری یەكـــەم راســـتەو پۆســـتی ســـەرۆكی هـــەرێم پۆســـتێكی تەشـــریفاتییە، مانـــای وایـــە ئێمـــە هـــەموومان غـــەدر لەســـەرۆكی هـــەرێم دەكـــەین كـــە داوای كۆمـــەڵی كـــارو بڕیـــاری لێدەكـــەین یـــان پێـــی دەڵـــێین دەســـەڵاتەكانت بـــەرفراوانن. ئەگـــەر وەڵـــامی پرســـیاری دووەمـــیش راســـتە كـــە ســـەرۆك ئـــەو هـــەموو ســـەلاحیاتانەی هەیـــە، كەواتـــە بۆچـــی ســـەلاحیاتەكانی خـــۆی بـــۆ چاكســـازی‌و بـــۆ دامەزراندنـــی سیســـتێمێكی بـــاش ناخاتـــە كـــار. ئەگـــەر ئـــەو هـــەموو ســـەلاحیاتانەی هەیـــەو بـــەكاریان ناهێنێـــت، ئـــەوە بەرپرســـیارە لـــە چاوپۆشـــیكردن لـــەو هـــەموو گەنـــدەڵی‌و كەمووكورتییانـــەی كـــە هـــەرێمی كوردســـتانیان گرتۆتەوە.

سلێمانی 1-6-2013

29- کەسێتی کوردی لە نێوان خۆنمایشکردن و پاشەکشەدا.

لەم وتارەدا هەوڵدەدەین لە بارەی ئەو پەیوەندییەوە بدوێین کە لە نێوان کەسێتی کوردی و خۆپیشاندانەکانی ئێستای کوردستاندا هەیە. بێگومان یەکێك لەو بابەتانەی کە تاکو ئێستا من لە زۆرینەی نووسینەکانمدا لەسەری راوەستاوم و چەند جارێك لەسەرم نووسیووە کەسێتی کوردی و چۆنێتی تێکشکاندنی ئەو کەسێتیەیە، لەگەڵ باسکردنی رێگاو پرۆژەی بیناکردنەوەی ئەو کەسێتیە. لێرەشدا هەوڵدەدەم لە چوارچێوەی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کوردستاندا سەیری کەسێتی کوردی بکەم و لەوەش بدوێم ئایا ناڕەزایی دەربڕین و پاشانیش خۆپیشاندانی خەڵکی کوردستان چ پەیوەندییەکی بە کەسێتی کوردییەوە هەیە؟ ئایا دەشێ وەکو سەرەتای پرۆژەی بیناکردنەوەی کەسێتی نەتەوەیی کوردی سەیری خۆپیشاندانەکان بکرێت؟

ئەوە ئاشکرایە کەسێتی کوردی لە مێژوودا لە چەند قۆناغێکی دیاریکراودا تێکشکێنراوە کە یەکەمیان شکستپێهێنانی ئاییینی زەردەشتی و دەوڵەتی میدە، ئەگەرچی ئەم دوو دامەزراوە پەیوەست بە کورد گەوهەرێکی ئەفسانە ئامێزیان هەیە. قۆناغی دووەم تێکشکاندنی کەسێتی کوردی بووە لە پرۆسەی فەتحی ئیسلامیدا. قۆناغی سێیەمی تێکشکاندنی کەسێتی کوردیە لە دابەشکردنی کوردستان لە نێوان فارس و تورکداو لە روخاندن و لە ناوبردنی دەسەڵاتە ناوچەییەکانی کوردا بووە واتە لە روخاندنی میرنشینەکاندا. قۆناغی چوارەم لە دووبارە دابەشکردنی کوردستاندا بووە لە سەرەوەختی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی و لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقی عەرەبییەوە، کە لوتکەی ئەم پرۆسەیەش لە ئەنفال و وێرانکردنی بەشێکی گەورەی کوردستان و لە جینۆسایدکردنی کورددا گەیشتۆتە ئەنجام کە دیارە لە سەرجەمی قۆناغەکاندا لەگەڵ تێکشکاندنی کەسێتی کوردیدا تێکشکاندن و کۆلۆنیالیکرنی کەلتووریش ئەنجام دراوە. ئەمە سەرەڕایی هەوڵدانی ئەوانی بکەری تێکشکێنەری کەسێتی کوردی بۆ رووخاندنی سەرجەمی پایەکانی بوونی نەتەوەیی کوردو بنەماکانی بیناکرنی کەسێتی نەتەوەیی کورد، ئەویش بۆ ئەوەی ئەگەری بیناکردنەوەی ئەم کەسێتیە بڕوخێنن و بۆ هەمیشە لە باری تیکشکاندندا بمێنێتەوە. بێگومان بیناکردنەوەی کەسێتی تێکشکاوی کوردی لە پرۆژەیەکی نەتەوەییدا دەگاتە ئەنجام کە ئەویش پرۆژەی رێنیسانسی نەتەوەیی کوردەو سەرجەم خاسێت و رەگەزە

مـــادیو مەعنەوییـــەکانی کۆمەڵگـــەی کـــوردی بـــە رەگـــەزی مرۆیـــی خۆیشـــەیەوە پایـــەکانی ئـــەو ڕێنیسانســـە نەتەوەییـــەن. دیـــارە کـــورد هـــەلی ئـــەوەی بـــۆ ڕێنەکـــەوتووە وەکـــو کۆمەڵگەیـــەکی سرووشـــتیو ئاســـایی بـــە هـــەمان ئـــەو شـــێوەی کـــە ئـــەوروپا ڕێنیسانســـی کـــرد کـــە ســـەرەتاکەی لـــە ئیتالیـــاوە ســـەری هەڵـــدا لـــە کۆمەڵگـــەی کوردیشـــدا ئـــەو پرۆژەیـــە دەســـت پێبکـــاتو بگاتـــە ئـــەنجام. هـــەر ئـــەم هۆکـــارە وایکـــردووە کـــە کـــورد لـــە بـــری پـــرۆژەی ڕێنیسانســـی نەتـــەوەیی ناچـــاری خـــەباتکردن بێـــت لـــە پێنـــاوی نیشـــتیمانە کۆڵـــۆنی کراوەکەیـــداو خـــەبات بکـــات بـــۆ بەدەســـتهێنانی شـــوناس لەســـەر جوگرافیـــای خـــۆی، کـــە بێکومـــان شووناســـیش بـــە بـــێ کەســـێتی نەتـــەوەیی مانـــای نابێـــت. کەواتـــە بـــە ئاشـــکرا دەتـــوانین بڵـــێین لـــە کۆمەڵگـــەی کوردیـــدا لـــە داوی لـــە نێوچـــوونی دەســـەڵاتە ناوچـــەییەکانەوە کـــە لـــە فەرهـــەنگی سیاســـیدا پێیـــان دەگوترێـــت میرنشـــین، خـــەباتی نەتـــەوەییو نیشـــتیمانی ســـەری هەڵـــداوەو ئـــەوەش بووەتـــە ئەڵتـــەرنایتڤی ڕێنیسانســـی نەتـــەوەیی بـــەڵام نـــەیتوانیووە بینـــای کەســـێتی تێکشـــکاوی کوردی بکاتەوە.

کـــۆی ڕاپەڕینـــەکانی کـــورد هـــەر لەســـەردەمی بەدرخانیەکانـــەوە تـــا ڕاپـــەڕینی جـــەماوەری خـــەڵکی کوردســـتان لـــە ســـاڵی 1991دا لـــە پێنـــاوی بیناکردنـــەوەی کەســـێتی نەتـــەوەیی کوردیـــدا بـــووە، ئەگەرچـــی ئـــەوە وەکـــو بەرنامـــەو دروشمـــیش نەدرکێنـــدرابێت. واتـــە کـــاتێ باســـی ئـــازادی دەکـــەین دەزانـــین لـــە پێنـــاوی ئازادیـــدا ئـــەو ڕاپەڕینانـــە بـــەرپابوونو ئـــەوەش ئاشـــکرایە تـــەنیا لـــە ئازادیـــدا مـــرۆڤ چ وەکـــو تـــاکو چ وەکـــو کۆمـــەڵ یـــان نەتـــەوە دەتوانێـــت ببێتـــە کەســـێتیەکی خـــاوەن شـــووناس. ســـەرجەمی ڕاپەڕینـــەکانیش بێجگـــە لـــە دوا ڕاپـــەڕین هەریەکـــەیان بـــە جۆرێـــك شکســـتیان هێنـــاوەو لـــە دوای خۆیانـــەوە کەســـێتی کوردیـــان بـــە ئاســـتێکی زیـــاتر لـــە تێکشـــکاندنەوە بەجێهێشـــتووە. هـــەر بـــۆ نموونـــە لـــە شکســـتی بزووتنـــەوەکانی شـــێخ عوبەیـــدوڵای نـــەهریو شـــێخ ســـەعیدی پـــیرانو شـــێخ مـــەحمودی بـــەرزنجیو قـــازی محەمـــەددا جـــەماوەر تووشـــی بێئومێـــدی بـــووەو ماوەیـــەکی خایانـــدووە تـــا جـــارێکی تـــر کەوتووەتـــەوە جوڵـــە. ئەمـــەش مانـــای ئەوەیـــە ئـــەو گیـــانی ســـەرهەڵدانو کۆشـــشو خەباتـــەی کـــە لـــە پێنـــاوی خۆدرووســـتکردنەوەدا پەیـــدابووە لـــە شکســـتدا هەرەســـی هێنـــاوەو کەســـێتی تێکشـــکاوی کـــوردی جـــارێکی تـــر گەڕاوەتـــەوە بـــاری چەقبەســـتوویيو بێئومێـــدی پێشـــتری. لـــە شکســـتی بزووتنـــەی چـــەکداری کـــوردی ســـاڵی1975دا کـــورد بـــە جۆرێـــك لـــە بێئومیـــدیو ملکەچـــیەوە، کەســـێتی وروژاوو خەباتکـــەر لـــە پێنـــاوی خـــۆ درووســـتکردنەوەدا بـــە تێکشـــکاوی بـــەجێهێڵراو وەکـــو جۆرێـــك لـــە قوربـــانی هاتـــەوە بـــەردەم جـــەلادە

تێکشـــکێنەرەکەی. ئـــەوەش ڕێگاخۆشـــکەربوو بـــۆ ئـــەوەی بـــەعس بتوانێـــت ژمارەیـــەکی زۆر لـــە خـــەڵك ڕکێـــف بکـــات و بینکـــات بـــە بەعســـی کـــە ئـــەوەش لوتکـــەی تێکشـــکاندنی کەســـێتی نەتەوایەتیـــە کـــە ئەنـــدامانی نەتـــەوەی بندەســـت بچـــنەپاڵ داگیرکـــەری نیشـــتیمانەکەیان.
هـــەروەك لـــە شکســـتی بـــەرەی کوردســـتانیدا لـــە ســـاڵی 1988دا نـــەك هـــەر خـــەڵك بـــەڵکو بەشـــێکی هـــەرە زۆری پێشـــمەرگەو ئەنـــدامانی حیزبـــەکانی ئـــەو کاتـــە خۆیـــان دایـــە دەســـتی ڕژێمـــەوەو بەشـــێکی زۆریشـــیان بوونـــە جـــاش و هێـــزی ســـەربە ڕژێـــم. هەرچـــەندە ئێســـتا بـــۆ فریـــودانی جـــەماوەر حیزبـــەکانیان باســـی ئـــەوە دەکـــەن کـــە گوایـــە ئـــەوە بـــە تاکتیـــك ناردونیانەتـــەوە. بـــەڵام لـــە ڕاســـتیدا بزووتنـــەوەی کـــوردی لـــەو کاتـــەدا شـــتێکی ئـــەوتۆی لێنـــەمابووەو بەشـــی زۆری بەرپرســـانیش چـــاوەڕوانی ئـــەوە بـــوون کـــە لـــە ئێـــران و ســـوریاوە بگەنـــە ئـــەوروپا. واتـــە کەســـێتی کـــوردی لـــەو کاتەشـــدا بـــە جۆرێـــك تێکشـــکابوو کـــە نـــەك هـــەر حیـــزب بـــەڵکو نیشـــتیمان و نەتـــەوەش لای ئـــەو بـــوونێکی ئـــەوتۆی نـــەمابوو کـــە چـــیتر ئامادەبێـــت خـــۆیی لـــە پێنـــاودا بـــەخت بکـــات، بـــەڵکو ئامـــانجی ســـەرەکی لای زۆرینـــە ئـــەوە بـــوو کە چۆن خۆی دەرباز بکات.
لـــە ڕاپـــەڕینی بـــەهاری 1991دا کـــە لـــە ئـــەنجامی هەڵـــەی ســـەدام حســـێن لـــە داگیرکردنـــی کوێتـــدا ڕوویـــدا، کەســـێتی کـــوردی تـــوانی بـــە جۆرێـــك گوزارشـــت لـــە خـــۆی بکـــات و هـــەوڵی خۆنوانـــدو خۆنمایشـــکردنی داو ســـەرئەنجامیش لـــە ماوەیـــەکی کورتـــدا ڕۆحـــی گشـــتی وروژاو بـــە جۆرێـــك یـــەکیگرت کـــە تـــوانی لـــە مـــاوەی نزیکـــەی مانگێکـــدا گوزارشـــتی ڕاســـتەقینە لـــە بـــوونی خـــۆی بکـــات و هەســـت بـــەوە بکـــات کـــە جۆرێـــك لـــە ئـــازادی بەدەســـتهێناوە کـــە تیایـــدا ڕۆحـــی گشـــتی کۆمەڵگـــەی بـــەرەو بڵنـــدبوون دەبـــرد کـــە ئـــەوەش زەمینەخۆشـــکەر بـــوو بـــۆ ئـــەوەی کەســـێتی کـــوردی هەســـت بـــەوە بکـــات زەمینـــەی خۆدروســـتکردنەوەی بـــۆ فەراهـــەم بـــووە. ڕاســـتە لـــە پشـــتی ڕاپەڕینـــەوە هـــیچ پـــڕۆژەو بەرنامەیـــەك نـــەبوو بـــەڵکو کاردانەوەیـــەکی ئاســـایی بـــووە بـــۆ زەبروزەگـــی دەوڵـــەت و بـــۆ دۆزینـــەوەی ڕێگایـــەك بـــۆ خۆدەربـــازکردن لـــەو بارودۆخـــەی کـــە مێژوویـــەکی دوورو درێـــژ بـــوو کەســـێتی کـــوردی تیـــادا تێکشـــکێنرابوو. کـــورد وەکـــو نەتـــەوەش تـــا ئەوپـــەڕی ڕادە پاســـیڤ کرابـــوو. بـــەڵام حیزبـــی کـــوردی کـــە کـــۆنترۆڵی بارودۆخەکـــەی کـــرد بـــڕوای بـــە هـــیچ پڕۆژەیـــەکی ڕێنیسانســـی نەتـــەوەیی نـــەبوو بـــەڵکو ئاســـۆی بینینیشـــی لـــەوە تەســـکتر بـــووە بتوانێـــت بـــیر لـــە پـــڕۆژەی بیناکردنـــەوەی کەســـێتی کـــوردی یـــان شـــتی لـــەوجۆرە بکاتـــەوە. هـــەر لـــە بنەڕەتیشـــدا ئـــەو لـــە ئـــەنجامی کاردانـــەوەدا بـــۆ سیاســـەتی توونددوتیـــژی داگیرکـــەرانی کوردســـتان درووســـتبووەو خـــاوەنی بەرنامـــەو

پرۆژەیەکی ئاشکرای نەتەوەیی نەبووەو نییە. ئەمە سەرباری ئەوەی بە هەمان عەقڵی شاخەوە کاروباری شاری گرتە دەست کە لەلایەك ئەمیش دیسان کەسێتی کوردی پاسیڤکردەوە، لە لایەکی تریشەوە هەموو گرێکانی سەردەمی شاخ لە شاردا وایلێکرد بە غەریزەیەکی ئاژەڵانەوە کاربکات و هیچ سنوورێك نەناسێت و شەرعیەتی پێشمەرگایەتی بکاتە پرینسیپ بۆ کوشتنی عەقڵی شارو کەلتووری شارو بۆ دەستگرتن بەسەر هەموو جومگە زیندووەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری سیاسی و ئەخلاقیداو وەکو خودای سەر زەوی رەفتاربکات. کە گەیشتنی دەسەڵاتی کوردی بەم قەیرانە خنکێنەرەی کە ئێستا تێیکەوتووەو دەربازبوونیشی هەروا ئاسان نییە بەرهەمی ئەو شێوازەی هاتنیەتی کە لە ئێستادا بە جۆرێك پێوەی ئالودەبووە ئەگەری پاشەکشەکردنی یان چاکسازی یان گۆیگرتن لە داواکانی خەڵکی ئەگەرێکی زۆر لاوازە. لەم شێوازی هاتن و بە دەستگرتنەی دەسەڵات لە لایەن حیزبی کوردییەوە جەماوەر یان خەڵك پەراوێزخراو پاسیڤ کرا کە ئەمەش رۆحی وروژاوو هەڵچووی کەسێتی کوردی بۆ خۆدرووستکردنەوە، دووچاری بێ هیوایی و دووبارە شکست کردەوەو نوخبەی سیاسیش کە تەنیا لە چەمکی هێزو لە شەرعیەتی لولەی تفەنگدا کەسێتی کوردی و ئێستاو ئایندەی ئەو کەسێتە دەبینن شەرعیەتیان بە بوونی خۆیان تەنیا لەسەر جوگرافیای رزگارکراوی کوردستان داو جەماوەریشیان کردە بوویەکی پاسیڤکراوو دەنگ نەبیستراو ئەویش لە ئەنجامی شێوازی کارکردنیاندا کە بووە بەربەست لە رێگای بیناکردنەوەی کەسێتی مەعنەوی نەتەوەیی کورددا.

جەماوەری خەڵکی کوردستان هەر لە سەرەتای دەسەڵاتداری یەکێتی و پارتییەوە لە ساڵی نەوەدو دووەوە بەردەوام بێزاری خۆیی دەربڕیووە بەڵام زۆربەی کات ئەو ناڕەزایی دەربڕینە نەبووەتە دەنگ هەرچەندە هەندێ جار لە خۆپیشاندانداندا گوزارشتی لە خۆی کردووە. سەرهەڵدانی ناڕەزایی جەماوەری کوردستان بەرامبەر بە دەسەڵاتی کوردی دەشێ وەها سەیری بکرێت کە سەرەتای هەستکردنی جەماوەری کوردە بەوەی کە دەبێ ببێتە کەسێتیەکی خاوەن دەنگ و ماف کە ئەمەش سەرەتایەکی گرنگە بۆ کارکردنی جەماوەری کوردی ئەگەر ئەو خۆپیشاندانانە کۆی جەماوەری کوردستان بگرێتەوەو درووستکەرو جوڵێنەریش خودی جەماوەر خۆی بێت بەدەر لەوەی ئۆپۆزسیۆن و نوخبەی سیاسی چی دەکات، ئەوا دەشێ وەکو سەرەتایەك بۆ درووستکردنەوەی کەسێتی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی کوردی سەیر بکرێت لەو روانگەیەوە

کە جەماوەر بگاتە ئەو ئاستەی کە دەنگی هەبێت واتە دەنگێك کە مانای هەبێت و ببیسترێت بەوە دادەنرێت کە سەرەتایەکە بۆ خۆنمایش کردنی کەسێتی کوردی. بێگومان کاتێ ئەم کەسێتیە ئەگاتە ئەو ئاستەی تێگەیشتن کە هەست بکات دەسەلاتی کوردی خۆی لەو جیاکردۆتەوەو رەوایی بە خۆی داوەو یاری بە ماف و چارەنووس و داهات و کەرامەتی نەتەوەیی و ئینسانی ئەم دەکات، ئەوە سەرەتایەکە بۆ درووستبوونی کەسێتیەك کە بەرەو ئەوە بچێت ببێت بە خاوەنی دەنگ، هەرچەندە دەسەلاتی کوردی لەبەر لاوازی کەسێتی خۆی چ وەکو تاکە کەسی سیاسی و چ وەکو حیزبی شمولی و جێگرەوەی خێڵ و چ وەکو دەسەلاتێکی برسی و چاوچنۆکی نادەربەست بە هەموو بەها نەتەوەیی و ئەخلاقی و ئینسانیەکان لە هەوڵی پاسیڤکردنی جەماوەردا بووەو لە کارەکانیشیدا وادەردەکەوێت کە ئەسڵەن هەر بڕوایشی بە جەماوەر نەبووەو نییەو هەموو هەوڵێکیشی خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی لە بری هەوڵدان بۆ بنیادنانی پرۆژەی رێنیسانسی نەتەوەیی و کۆمەلایەتی کوردی کە کەسێتی کوردی تیادا بینا بکرێتەوە، لە ئاگاییەوە بێت یان لە نائاگاییەوە زۆربەی کات بە جۆرێك کار دەکات کە کەسێتی کوردی لە باری تێکشکاویدا بمێنێتەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی وەکو پێکهاتەیەکی بێئاگاو وەکو ئەمەو پێش بژیو ئەویش چۆنی دەوێت و چۆن ئارەزوو دەکات بەوجۆرە رەفتار بکات و ولات بەڕێوەببات.

بەهەرحاڵ بێزاری جەماوەر لە دەسەلاتی کوردی کە مەبەستمان دەسەلاتی پارتی و یەکێتی یان روونتر بڵێین دەسەلاتی هەردوو ئەڵقەی داخراوی سەرکردایەتی ئەم دوو حیزبەیە لەگەڵ ئەو ئەڵقە داخراوانەدا کە بەرژەوەندی خۆیان لە دەوری ئەو دوو سەرکردایەتیە کۆی کردوونەتەوە. لە هەڵبژاردنی هاوینی 2009دا جەماوەرێکی زۆری لە دەوری بزووتنەوەی گۆڕان کۆکردەوە. لە هەمان کاتدا درووستبوونی ئۆپۆزسیۆن تەلیسمی ترسی لەلای جەماوەری خەڵکی کوردستان شکاند. بۆیە هەرچەندە پێشتر ناوبەناو خۆپیشاندان روویدەدا بەلام نەیدەتوانی درێژە بە خۆی بدات، بەلام ئەمجارەیان خۆپیشاندانی لاوانی سلێمانی و گەرمیان لە شێوازێکی تردایە. ئەم خۆپیشاندانانە دەرئەنجامی بێزارییەکانی نەوەی نوێیە لە ئیدارەی گەندەڵی ئەو عەقڵیەتە بالادەست و تەقلیدیەی کە ناتوانێت لە ئازارو خواستەکانی نەوەی نوێ تێبگات. هەرچەندە ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کە ئەم خۆپیشاندانەی ئێستاش بتوانێت بۆ ماوەی دوورو درێژ بەرەو

بەخۆی بدات و بەردەوام بێت لەبەر نەبوونی پرۆژەو لاوازی خودی بکەرەکەی کە ئەو بکەرەش بەرهەمی ئەو واقیعە باوەیە کە هەیە.

لەم خۆ پیشاندانانەدا رۆحی گشتی کۆمەڵگە بە بۆچوونی هیگڵیانە وروژاوەو لە خۆپیشانداندا گوزارشت لە خۆی دەکات وەکو دەشزانین کاتێ رۆحی گشتی دەگاتە ئاستی بڵندبوون و گوزارشت کردن لە خۆی ئەوە مانای ئامادەبوونی زەمینەی کۆمەڵایەتییە بۆ درووستبوونی کەسێتی خاوەن شووناس چ کەسێتی تاك بێت یان کەسێتی نەتەوەیی، کەواتە لەم خۆپیشاندانانەدا کەسێتی تێکشکاوی کوردی کە لاوان هەڵگری پرۆژەی درووستکردنەوەین، لە سەرکەوتنیاندا لە کاری جیدی و بە دانانی پرۆژەی هەمەلایەن دەتوانن هەنگاوی گرنگ بەرەو بیناکردنەوەی ئەو کەسێتە بنێن چونکە کەسێتیەك درووست دەبێت کە لەسەر پێی خۆی رابووەستێت و بتوانێت بە دەسەڵاتی وڵاتەکەی خۆی بڵێت ئیتر تۆ ناتوانێت بە پێی ویستی خۆت و بێ گوێگرتن لە من وڵات بەڕێوەببەیت، تۆیەك کە هەڵگری کەلتووری شاخ و چەك و شەرعیەتی شۆڕشگێڕی شاخیت، ئەگەر خۆت نوێ نەکەیتەوەو دەنگی من نەبیستیت ناتوانیت ببیتە خاوەنی ئاییندە. منی لاو، منی نەوەی نوێ، نەوەی فەیسبووك و تۆتەر، بەدەستی رووت و بە گیرفانی بەتاڵەوە، بە مێشکی پڕ لە هیواو بە رۆحی خاوێنمەوە، بە هەستی ئاییندەخوازی و بە گیانی بیناکردنی ئاییندەیەکەوە کە تیایدا عەدالەتی کۆمەڵایەتی باڵادەست بێت و منی هاووڵاتی بە راستی شووناسی هاووڵاتیم هەبێت لە ماف و ئەرکدا کاردەکەم، کە ئەوەش ئەو چرکەساتەیە کەسێتی تێکشکاوی کوردی تیایدا دەگاتە خاڵێك کە لێیەوە هەنگاوی بەرەو بیناکردنەوەی ئەو کەسێتە دەنێت. کاتێ ئەو جەماوەرەی لاوان کە بەو جۆرە دەنگیان بەرزدەکەنەوە، نەوەیەکن ترس ناناسن، تەنیا ئاییندە دەبینن. بەڵێ ئەم نەوەیە هەڵگری پرۆژەی رێنیسانسی کۆمەڵایەتی و بیناکردنەوەی کەسێتی تێکشکاوی نەتەوەیی کوردییە دەبێت بەڵام کاتێك خۆی پڕچەك بکات بە زانست و زانین، بە کارو چالاکی، بە لێکدانەوەو دووربینی.

ئەگەر خۆپیشاندان ببێتە پرۆژەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراوی نەتەوەیی کە سەرتاپای جەستەی کۆمەڵگەی کوردی بگرێتەوەو خۆپیشاندان بێت بۆ بیناکردنی پرۆژەی نەتەوەیی و نیشتیمانی، ئەوا دەتوانێت رۆڵی کاریگەری هەبێت بۆ خستنە سەر رێگای ئەو پرۆژەیە. خۆ ئەگەر خۆپیشاندانەکان هەر لە سنووری جوگرافیای سلێمانیدا مانەوەو لەم شێوە خۆڕسکی و بێبەرنامەییەوە نەبووە شتێکی رێکخراوو خاوەن

بەرنامەو، نەبوو بە پرۆژەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە ژێرخانی کۆمەڵایەتی ئێمەداو لە عەقڵی دەستەجەمی ئێمەدا کاری نەکردو خۆی لە کۆمەڵێ درووشمی عاتیفیانەدا سنووردارکردو مایکی ئامادە کرد بۆ ئەوەی کە کۆمەڵە کەسانێك کە هەریەکە ئامانجێکی خۆیی هەیە بێن گوتار بدەن ئەوە ئایندەیەکی گەش چاوەڕوانی ئەم خۆپیشاندانانە ناکات. بۆیە ئەگەر شێوازی خۆپیشاندانەکان بەم جۆرەی ئێستای بمێنێتەوە کە عاتیفەی خودی جەماوەرو تەموح و ویستی ئۆپۆزسیۆن و ئامانجی تایبەتی هەندێ نووسەرو رۆشنبیر کۆنترۆڵی بکات و بەڕێوەی ببات ئەوا لەبەردەم مەترسی شکست یان پاشە کشەدا دەبێت. دیارە هەر شکستێکیش بەسەر خۆپیشاندانی لاوانی کوردستاندا بێت ئەوە شکستێکی ترسناکە لە پرۆژەی بیناکردنەوەی ئایندەی کوردیدا چونکە دەبێ ئەو راستیە بگوترێت کە ئایندە هی لاوان و نەوەی نوێیە. شکستیان لە ئێستادا دەبێتە هۆی بێهیوابوونیان لە ئایندە، بەوەش ئەگەری بیناکردنەوەی کەسێتیەك کە بتوانێت لەسەر پێی خۆی راوەستێت و دەنگی هەبێت دەکەوێتە بەردەم مەترسیەوە.

بێگومان دەسەڵاتی کوردی بەوەی کە گوێ بە داخوازییەکانی جەماوەری لاوانی خۆپیشاندەر نەدات هەر ئەوە نییە کە بێباکی خۆی لە داواکانی جەماوەر نیشان دەدات، بەڵکو بە گوێنەگرتن و بە فشاردانان بۆ کۆتایی هێنان بە خۆپیشاندانەکان زیان لە ئایندەی ئەم نەتەوەیە دەدات چونکە تێکشکاندنی لاوان لە ئێستادا بە جۆرێکی تر مانای کوشتنی سبەینێیەکە کە بزووتنەی کوردی پێش ئەوەی بگاتە کورسی دەسەڵاتی هەرێم خەباتی دوورو درێژی لە پێناودا کردووە، هەر بۆیە گوێنەگرتنی دەسەڵات لە خواستەکانی جەماوەر بە گشتی و نەوەی نوێ بە تایبەتی مانای وایە دەسەڵات ئەو ئایندەیە دەکوژێت کە پێشتر خۆی خەباتی لە پێناودا کردووە. ئەگەر دەسەڵاتی کوردی گوێی لە داواکانی جەماوەر نەگرت مانای وایە ئەم دەسەڵاتە دەیەوێت کەسێتی کوردی نەگاتە ئاستی خۆدرووستکردنەوەو نەبێت بە خاوەنی شووناس و نەتوانێت لەسەر پێی خۆی رابووەستێت. بێگومان نەك هەر ئازادی ئینسانی کورد لە بیناکردنەوەی کەسێتی کوردیدا بەدی دێت بەڵکو گەیشتنی کوردیش بە مافە نەتەوەییەکانی تەنیا لە جێبەجێکردنی پرۆژەی بیناکردنەوەی کەسێتی تێکشکاوی کوردیدا دەگاتە ئەنجام کە تەنیا لاوانی ئەمڕۆ دەتوانن دانەرو جێبەجێکەری ئەو پرۆژەیە بن، بۆیە ئەگەر دەسەڵاتی کوردی بڕوای بە ئاییندەی نەتەوەکەمان هەبێت دەبێ بە جۆرێك کار بکات کە

ڕێگاخۆشــکەر بێــت بــۆ بــە دەســتهێنانی ئــەو ئایندەیــە کــە تیایــدا کــورد ببێتــە خــاوەن شوناســی ڕاســتەقینەی خــۆی کــە ئــەویش ناشــێت لــە دەرەوەی بیناکردنــەوەی کەســێتی تێکشکاوی کوردی بگاتە ئەنجام.

### 30- کوردستان لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا!

لــە مــاوەی چــەند هەفتــەی ڕابــردوودا شــەپۆلی ڕاپــەڕین و خۆپیشــاندان لــە تونســەوە دەســتی پێکــردو لــە ماوەیــەکی کورتــدا تــوانی یــەکێك لــە قــەڵاکانی دیکتاتۆریــەت بڕوخێنێــت، هــەر بــەدوای ئــەوەدا بــە شــنەی شــەماڵی ڕابوونــەوەی ڕۆحــی ســەرکوتکراوی خــەڵك، خۆپیشــاندانی بــەربڵاوی جــەماوەری بەرامبــەر بــە یــەکێکی تــر لــە قــەڵا ســەختەکانی تۆتالیتــاریزم لــە ناوچــەکەدا دەســتی پێکــرد کــە ئــەویش ڕاپــەڕینی خــەڵکی میســرە. ئەمــە جگــە لــەو شــەپۆلی ناڕەزاییانــەی کــە لــە ئــوردون و یەمــەن و کوەیــت و بــەحرەین و ســوریاو ئێــرانیش بەردەوامــە. هۆکارەکــانی ئــەو خۆپیشــاندان و ڕاپەڕینانــە ئاشــکرایە کــە بریتیــە لــە هــەژاری و نــەداری و برســێتی و نــەبوونی هــیچ جــۆرە ئازادییــەك و درێــژەدانی دیکتاتۆرەکــان بــە دەســەڵاتی تاکڕەوانــەی خۆیــان. ئەمــە بێجگــە لــە هەوڵــدانیان بــۆ ســەرکوتکردنی بــەردەوامی جــەماوەرو بێبەشــکردنیان لــە ســەرەتاییترین مافــەکانیان. ئەمــەش ئــەوەمان بــۆ دەردەخــات کــە بارودۆخێــك هاتۆتــە ئــاراوە کــە گــەلان نــاتوانن لــەوە زیــاتر دان بەخۆیانــدا بگــرن. هەربۆیــە هــەوڵی خۆیــان دەخەنــە کــار بــۆ کۆتــایی هێنــان بــە دەســەڵاتی ڕژێمــە ســەرکوتکەرو ناعادیلــەکانی وڵاتــەکانیان، ئــەویش بــە ئومێــدی ئــەوەی بتــوانن سیســتێمێکی نــوێی سیاســی درووســت بکــەن کــە بــڕوای بــە ئــاڵوگۆڕکردنی دەســەڵات هــەبێت لــە ڕێگــای ســندوقەکانی دەنگدانــەوەو کــار بکــات بــۆ درووســتکردنی کۆمەڵگــەی ئــازادو دیمــوکرات کــە تاکەکــەس بتوانێــت لــە ســایەی ئــەو سیســتێمە سیاســیە نوێیــەدا بــە کەرامەتــەوەو وەکــو مــرۆڤ بژی و مومارەسەی ئازادییەکانی خۆی بکات.

بەهەرحاڵ ئەوەی مایەی پرسیارە ئەوەیە ئایا ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی راپەڕینەکانی وڵاتانی ناوچەکە لە کوردستان بوونیان هەیە یان نا؟ لە کاتێکدا کوردستانیش وەکو بەشێك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمان سیستێمی عەقڵیو ئیداریو کەلتووریو کۆمەڵایەتی هەیە؟ ئایا دەشێ ئەو شەپۆلی راپەڕینانە بەرامبەر بە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان رووبدات؟ ئایا ئەگەر شتێکی لەو جۆرە رووبدات وەڵامدانەوەی دەسەڵاتی کوردی بەرامبەر بە خەڵکی راپەڕیوو چۆن دەبێت؟ ئایا دامەزراوەکانی پۆلیس چاودێری خۆپیشاندانەکان دەکەن، یان دەزگاکانی پاراستنو زانیاری و دژە تیرۆر؟ ئایا چەکدارە تایبەتەکانی بەرپرسان چ دەورێکیان دەبێت؟ ئایا هێزی پێشمەرگە لە کوێدا رادەوەستێت؟ ئایا وەکو ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی ئەوسای خۆی هەر لەسەنگەری بەرگری کردن لە خەڵكو جەماوەری نەتەوەکەیدا دەبێت، یان بە فەرمانی ئەو بەرپرسانە دەجوڵێت کە ئێستا وەکو هەر بەرپرسێکی تری رۆژهەڵاتی تەنیا بیر لە پاراستنی دەسەڵاتەکەیان دەکەنەوەو تا ئەندازەیەکی ئاشکرا لە گیانی شۆڕشگێری رووتکراونەتەوەو نەشبوونەتە خەڵکی مەدەنی؟

ئەگەر بە وردی سەیری بارودۆخی کوردستانو ئاستی جیاوازی ژیانی بەشێك لە بەرپرسانو زۆرینەی خەڵکی کوردستان بکەین ئەوا هەست دەکەین کە ناعەدالەتی کۆمەڵایەتیو کەندەڵیو بە فیڕۆدانی سامانی مادیو مەعنەوی گەلو کارکردن بە چەمکی بۆ ئەوەی بمێنمەوە دەبێ پێگەی دارایی خۆم بەهێز بکەمو نەبوونی شەفافیەت بە ئەندازەیەکی خراپ کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی کوردی کردووە. لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە قسەی زۆرو بێبنەما لە بارەی دیموکراسیو ئازادیو عەدالەتی کۆمەڵایەتیو مافەوە گوێی جەماوەری پڕکردووە، لە سەر هەمان ئەو شێوازەی کە بەردەوام رژێمە تۆتالیتارەکان لە دەزگاکانی راگەیاندنیانەوە باسی دەکەن. هەموو ئەم هۆکارانە درەنگ یان زوو دەبنە هۆی زیاتر بێزاربوونی جەماوەرو، وای لێدەکەن کە دژی دەسەڵاتی کوردی راپەڕین بەرپابکات، بە تایبەتیش دژی دوو حیزبە سەرەکیەکەی کوردستانو نوخبەی سەرکردایەتی سیاسی کوردی. واتە لێرەدا دەتوانین بڵێین لە رووی گەندەڵیو یاریکردنی دەسەڵات بە داهاتی گەلو دەستگرتنی ئەو نوخبە سیاسیەی کە نیو سەدەیە لە کوردستاندا ئامادەبوونی هەیە، بە ئاشکرا هاوشێوەی دەسەڵاتە عەرەبییەکانی ناوچەکەیە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە رۆژ بە رۆژ رووبەری

ئازادی تەسکتر دەبێتەوەو دەسەڵاتیش بە هیچ شێوەیەك گوێ لە دەنگو داواکارییەکانی هاووڵاتی یان جەماوەر ناگرێت. بێگومان هەر ئەم هۆکارانەبوون کە وایانکرد گەلی تونسی سەرۆك کۆمار لە وڵات دەربکاتو ئێستاش گەلی میسر بۆ گۆڕینی رژێمی موبارەك خرۆشاوە.

راستە کوردستان لە هەندێ رووەوە جیاوازە لە میسرو تونس، بەڵام جەماوەر گوێ لەو جیاوازییە ناگرێت چونکە پێداویستیەکانی ژیان زۆر لەوە بەهێزترن کە رێگا بە جەماوەر بدات بەو جۆرە بیربکاتەوە کە کوردستان جیاوازە لە وڵاتانی تر. لە کاتێکدا ئەگەر جیاوازی لە چاوی ئێمەوە ئەوە بێت کە تاکو ئێستا کوردستان نەبووەتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی، دەبێ ئەوەش بڵێین ئەی بۆچی بۆ بەرپرسەکانی زەمینەیەکی لەبارە تا هەمان شێوەی بەرپرسی سیستێمە شمولیەکان چیان دەوێتو چۆنیان دەوێت وابکەن؟ هەر بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە کە کوردستانیش شەپۆلی ناڕەزایی و خۆپیشاندانی جەماوەریی بیگرێتەوە. بانگەشەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ هەڵوەشاندنەوەی حکومەتو پەرلەمان، هەرچەندە لە کاتێکی گونجاودا نەبوو بەڵام لە هەمان کاتدا زەنگێکی وریاکردنەوەبوو بۆ دەسەڵاتی کوردی کە ئەویش مادەم وەکو رژێمەکانی ناوچەکە بە گەندەڵی و بیرۆکراتیەتێکی بێ مانا و دەسەڵاتکردنی حیزب بەسەر حکومەتدا ئالودەیە، ئەگەری ئەوەی هەیە کە ئەو شەپۆلی ناڕەزاییە ئێرەش بگرێتەوە، بە تایبەتی لە کاتێکدا نەوەی نوێ واتە نەوەی ئینتەرنێتو فەیس بووك لە ئێستادا دەژیو خەمی ئەمڕۆو ئایندەی خۆیەتی، ناتوانێت گوێڕایەڵی ئەو نوخبە سیاسیە بێت کە لە پەنجا ساڵی رابردوودا بە ئارەزووی خۆی جەماوەری بەکارهێناوە، چ لە خەباتی دژی دوژمنداو چ لە شەڕی ناوخۆو لە پێناوی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانیدا. بەڵێ کوردستان بەشێکە لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئەوەی لە هەر جێگایەکی ئەم ناوچەیەدا رووبدات دەشێ لە ماوەیەکی کورتدا کوردستانیش بگرێتەوە. خۆ ئەگەر ناڕەزاییەکان لە کوردستان نەشبێتە هۆی هەرەسی سیستێمی سیاسی بەڵام دەبێ دەسەڵات تێبگات ئەوە زەنگی وریاکردنەوەیە بۆی و ئەگەر خۆی نەگۆڕێت سەرئەنجام جەماوەر دەیگۆڕێت.

بێگومان لە بارێکی وەهاشدا دەشێ کوردستان دوچاری ئاڵۆزیو پشێویی بێت. هەڵبەت ئەوەی بەرپرسیارە لە رووداني هەر ئاژاوەو پشێوییەك کە لە کوردستاندا رووبدات، دەسەڵاتی کوردییە. دیارە نازانرێت ئاکامی ئەو پشێویو ئاژاوەیە چۆن

دەبێت و مەترسی ئەوەشی هەیە کە ببێتە هۆی تێکچوونی باروودۆخی کوردستان و سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لە نێوان خەڵك و دەسەڵاتدا و ئەوەش ببێتە هۆی ئەوەی کە دەسەلاتی خۆبەخۆی کوردی رووبەڕی شکست ببێتەوە. دیارە ئەوەش یەکەمین مەترسیە کە دەشێ تیایدا کورد ئەم هەلەی بۆ بڕەودان بە حوکمڕانێتی خۆماڵی خۆیی لە دەست بچێت.

## 31- تاکە کەس و مێژوو

رۆڵی تاکەکەس چیە لە مێژوودا؟ ئایا لە کام کۆمەڵگەیانەدا رۆڵی تاکەکەس چ بایەخێکی هەیە؟ ئایا ئەو کۆمەڵگەیانەی کە تاکەکەس رۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت کۆمەڵگەی ئاسایین یان جۆرێك لە ناسرووشتی یان کەم و کورتییان تێدایە؟ ئایا رۆڵی تاکەکەس لە مێژووی کورددا چی بووە و ئێستا چییە؟ ئایا سەردەمی کۆتایی هاتنی تاکەکەس بۆ درووستکردنی مێژوو کۆتایی هاتووە؟ ئایا چۆن سەیری رۆڵی تاکەکەس لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەکرێت؟ ئایا لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا پێناسەی تاك چۆن دەکرێت و چ شوێن و پێگەیەك بۆ تاکەکەسی بالاّ درووست دەکات، یان بە شێوەیەکی تر ئایا لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا رووبەرێك هەیە بۆ ئەوەی تاکەکەسی بالاّ پیادەی دەسەلاّتی خۆی بەسەر ئەوانی تردا بکات؟

دەشێ چەندین پرسیاری تری لەم جۆرە بەرز بکرێتەوە کە پەیوەستن بە بوون و رۆڵی تاکەکەسەوە لە کۆمەڵگەدا. بێگومان لە کۆمەڵگە نەریتی و پێکهاتە هەرەمییەکاندا کە بە کۆمەڵگەی داخراو ناو دەبرێن، لەبەرئەوەی سرووشتی بنیادی کۆمەڵگە خێلاّیەتیە یان باشتر بڵێین سرووشتی پێکهاتن لەو کۆمەڵگەیانەدا سرووشتێکی هەرەمی هەمان شێوازی هەرەمی ئایینیە، بۆیە رۆڵی تاکەکەس دیارو لەبەرچاو دەبێت. ئەوە ئاشکرایە لە هەرمی خێڵدا تەنیا ترۆپکی هەرەمەکە بوونی هەیە کە ئەویش شوێنی کەسی یەکەمی ناو ئەو پێکهاتەیەیە. هەڵبەت هەرەمی ئایینیش هەمان سرووشتی پێکهاتنی هەیەو هێزی بالاّی خواوەند لە لوتکەی هەرەمەکەدایەو لە دوای ئەو هێزە بالاّیەش پێغەمبەران دێن وەکو نوێتەری خواوەند لەسەر زەوی. هەڵبەت لەم دوو هەرەمە هاوشێوەیەدا رۆڵی تاکەکەس گرنگ و دیارە. ئەم دوو هەرەمەش کەوەکو هەرەمی پێکهاتنی دامەزراوەکانی قۆناغێکی دیاری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی سەیر دەکرێن کە قۆناغی دەسەلاّتی خێڵ یان دەسەلاّتی دامەزراوەی ئایینیە، قۆناغێکە نزیك لە ژیانی قۆناغی نێو سرووشت کە ئەو قۆناغەش لە مێژووی کۆمەڵناسیدا بە قۆناغی درووستبوونی پاڵەوانە رۆمانسیەکان دەناسرێت. کە دەشێ لەم قۆناغەدا تاکەکەس رۆڵی دیار بینیبێت لە درووستکردنی جۆرێك لە مێژوودا. زۆرێك لەو ناوانەی کە ئێستا لە مێژووی رابردووی

مرۆڤایەتیدا ئێستا وەکو ناوی ئەفسانەیی سەیر دەکرێن‌و، دەشێ ئەو پاڵەوانە رۆمانسیانە بن کە لە قۆناغێکدا توانیوویانە کۆی هێزی جەماوەر لە خۆیاندا کۆبکەنەوەو جەماوەر پاسیڤ بکەن‌و خۆیان نوێنەرایەتی ئەو هێزە بکەن و لەبری خەڵك یان جەماوەر مێژووی ئەو قۆناغە بە ناوی ئەم جۆرە تاکەکەسانەوە تۆمار بکرێت. بە واتایەکی تر پاڵەوانەکانی رابردوو کە گوایە مێژوویان درووست کردووە بە گشتی ئەو کەسێتە ئەفسانەییانەن کە قەناعەت هێنان بە رۆڵی راستەقینەی ئەوان لەسەر زەمینەی واقیع تا ئەندازەیەکب ئاشکرا جێگای گومانە. هەر لێرەوە پێموایە لە رابردووشدا رۆڵی دیاری تاکەکەس لە مێژوودا لەسەر بنەمای ناهوشیاری‌و بێئ ئاگایی کۆمەڵگە درووستبووە. بە مانایەکی تر ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە تاکەکەس لە رابردوودا مێژووی درووست کردووە، ئەویش جۆرێك لە ناهەقی تێدایە بەرامبەر بە کۆمەڵگە چونکە تاکەکەسی دیاری رابردوو هەموو تواناکانی کۆمەڵگە یان جەماوەری بەکارهێناوە لە پێناوی خۆیداو ئەوەی کە بە تواناو هێزی ئەوان بەرهەم هێنراوە بە ناوی ئەوی تاکەکەسی رابەر یان سەرکردەوە تۆمار کراوە.

هۆکاری ئەوەش کە کۆی کۆمەڵگە پاسیڤ کراوەو لەسەر جەستەی پاسیڤکراوی ئەو شووناس بە تاکەکەسی بالاَ یان دیار بڕاوە کە پێگەی رابەر، سەرۆك یان پێشەوای وەرگرتووە، دیسان ناسرووشتی ئەو دامەزراوە نیشان دەدات  کۆمەڵگەیە. بە مانایەکی تر تاکەکەس لەو کۆمەڵگەیانەدا توانیوویێتی لە رابردوودا مێژوو درووووست بکات کە کۆمەڵگەیەك بوون تیایاندا خەڵك یان جەماوەر ئامادەبوونی ئەوەی نەبووە کە گوزارشت لە بوونی خۆی بکات. لە مێژووی کۆنی میسردا ناوی فیرعەونەکان دیارو زانراون بەلاَم ئایا ئەوە کێبوون کە بەردە دوو تەنی‌و سێ تەنییەکانیان بۆ بەرزایی 146 مەتر بەرز کردۆتەوە. ئایا ئەوانە کێ بوون بەردە بیست بۆ پەنجا تەنییەکانیان لە رۆژئاوای لەندەن کۆککردووەتەوەو بازنەی ( ستەون هێنج) یان لێدرووست کردوون؟ ئایا ئەوانە کێبوون کە دیواری چین‌و قەلاَی هەولێرو دیواری نەینەوایان درووستکردووە؟ ئایا تاکەکەسەکان بوون کە مێژوو بە ناوی ئەوانەوە تۆمار کراوە یان جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش بوون، ئەوانەی کە کەسانی بەهێز یان دەسەلاَتی ئەو سەردەمە وەکو کۆیلە بەکاری هێناون؟ بەهەرحاڵ مێژوو بە ناوی تاکە کەسە بەهێزەکانەوە تۆمار کراوە بەلاَم ئەو مێژووەش مێژوویەکی راستگۆ نییە. هەمووش دەزانین لە هەموو سەردەمەکاندا مێژوو دەسەلاَتداران نووسیوویانەتەوە یان لەبەرژەوەندی ئەوان نووسراوەتەوە. هەربۆیە نووسینەوەی مێژوو وەکو ئەوەی کە پێشکەش کراوە بایەخێکی ئەوتۆی نییە ئەگەر ئەو مێژووە وەکو مادەی خاو بۆ لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەوخوێندنەوە بە چاوو عەقڵی رەخنەگرانەوە لێی نەڕوانرێت.

ئایا لە مێژووی کورددا رۆڵی تاکەکەس چی بووە؟ بێگومان پێش لەوەی باس لە رۆڵی تاکەکەس لە مێژووی کورددا بکەین دەبێ بپرسین ئایا کورد خۆی وەکو نەتەوە لە مێژوودا چ ئامادەبوونێکی هەیە؟ ئایا لە مێژووی مرۆڤایەتی‌و لە شارستانێتی مرۆڤایەتیدا کورد هیچ بەشدارییەکی هەبووە کە بووبێتە هۆی ئەوەی بە لایەنی

کەمەوە شووناسێکی بۆ دەستەبەر بکات؟ هەڵبەت ئەوە واقیعێکی تاڵە کە کورد لە رابردوودا وەکو نەتەوە یان کۆمەڵگە بەشداری نەبووە لە بەرهەمهێنانی شارستانێتی مرۆڤایەتیدا هەر بەوپێیەش نەبووەتە بکەرێکی رووداو درووستکەر، بۆیە هەر شتێکیش لەرابردوودا ئێمە وەکو کورد خۆمان بۆ پڕکردنەوەی گرێی هەست بەکەمیکردنمان بە ناوی کوردەوە ناوی ببەین هیچ بۆ ئێمە بەرهەم ناهێنێت و نابێتە بەشێك لە مێژووی ئێمە. گرنگ نییە سەلاحەدینی ئەیوبی چی کردووە، یان بەشێك لە زانایانی بواری ئیسلامناسیو ئایینی ئیسلام کە بە رەگەز کورد بوون چیان کردووە چونکە ئەوەی ئەوان کردوویانە بۆ مێژووی کورد نییەو لە چوار چێوەی شارستانێتییەکدا کراوە کە شارستانێتی کورد نییە وەکو نەتەوە. لە رووی ئەو تاکەکەسانەشەوە کە لەسەر جوگرافیای کوردستان بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدەو بیستدا کە دەورێکیان بینیووە، دەورێکی سنووردارەو تەنیا لەسەر جوگرافیای ناوخۆیەو جێگەو پێگەی ئەوان وەکو تاکەکەسو کوردیش وەکو نەتەوەو کۆمەڵگە دەورو کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە لە مێژووی مرۆڤایەتیو شارستانێتی مرۆڤایەتیدا. کەواتە لێرەوە تێدەگەین کە کورد هەرچۆن بە گشتی رۆڵی نەبووە لە درووستکردنی مێژووی مرۆڤایەتیدا، تاکەکەسە دیارەکانیشی رۆڵیان لەو بوارەدا نەبووەو ئەوەش ئاشکرایە ئەو رۆڵە ناوخۆییەی کە تاکەکەسی دیار لەبەکارهێنانی توانای خەڵکدا بۆخۆیی دەستەبەر کردووە رۆڵی ناوخۆییو ناوچەییەو هەربەو پێیەش ئەو تاکەکەسانەش بوونەتە خاوەنی شووناسی ناوخۆیی. کە دەشێ لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان یان ئەو دامەزراوانەی کە تیایدا بوون لە دامەزراوەکانی خێڵو عەشیرەتو میرنشینو بزووتنەوەو راپەڕینو حیزبو تەکیو خانەقا ناوێکیان بۆ درووستبووبێت و لە سنووری دامەزراوەکەی خۆیاندا کە دامەزراوەیەکی سنووردار بووە دەسەڵاتو پێگەیەکی دیاریان بۆ بەرهەم هاتبێت.

بەڵام لە راستیدا لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا ئەوەی بایەخی هەیە رۆڵی تاکەکەسە بە تایبەتی کە چۆن تاکەکەس دەبێتە تاکێکی ئامادەو خاوەن شووناسی ئەو تۆ کە بوونی خۆی وەکو تاکەکەس بسەلمێنێت. رەنگە بە هەمان پێوانەش ئەو تاکەکەسانەی کە بنەمایەکی کەسێتی بەهێزیان هەیە بتوانن نەك لەسەر ئاستی لۆکاڵی خۆیان بسەلمێننو ببنە خاوەنی شووناسی تایبەتی خۆیان بەڵکو لەسەر ئاستی ئەو لۆکاڵێتییەوە زیاتر پەل بهاوێنو ببنە کەسێتی جیهانیو راستەخۆ یان ناراستەوخۆ بەشداری بکەن لە درووستکردنی بۆچوونێکی مرۆیی باڵادا بە جۆرێك کە مرۆڤایەتی بە ئاسانی دەنگیان ببیستێت بۆ نموونە کەسێکی وەکو نیلسۆن ماندێلا کە لە رێگای خەباتو تێکۆشانەوە لە ئاستێکی لۆکاڵیەوە بەرزبووەتەوە بۆ ئاستێکی جیهانیو شووناسێکی نێونەتەوەیی بەدەستهێناوەو وەکو هێمای ئازادیو یەکسانی دەناسرێت.

لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا تاکەکەس لەرێگای ئامادەبوونی تاکەکەسی خۆیەوە دەبێتە خاوەنی شووناسو شووناسی تاکەکەسیش لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا لە سەربنەمای توانا تایبەتییەکانی ئەو تاکە کەسە خۆی

دەستەبەر دەبێت. هەروەك لە كۆمەڵگەی مەدەنیدا كۆی پەیوەندییەكان ئاسۆین‌و مێژوو هەمووان درووستی دەكەن‌و تەنانەت ئەگەر تاكەكەسی باڵاش دەركەوت ئەوە كۆی تاكەكانی كۆمەڵگەن لە ڕێگای دەنگ پێدان‌و هەڵبژاردنەوە پێگەو جێگەیەكی باڵا بەو تاكەكەس دەدەن. واتە تاكەكەسی دیار یان باڵا لە كۆمەڵگەی مەدەنیدا لە ڕێگای خەڵكەوە دیاری دەكرێت و متمانەی دەدرێتیٚ بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی ئەوان بكات. كە ئەو تاكەكەسەش هەرگیز ناتوانێت بە تەنیا بڕیاربدات یان ڕووداو درووست بكات چونكە لە كۆمەڵگەی مەدەنیدا دەبیٚ هەمووان یان نوێنەرانی هەمووان لەو بوارانەدا بەشدار بن، هەر بەو پێیەش هەمووان واتە گەل مێژوو درووست دەكات. كە لە كۆمەڵگەی كوردیدا هەرچۆن تاكەكەس نەیتوانیووە تاكو ئێستا مێژوو درووست بكات، بە هەمان شێوە خەڵكیش نەیتوانیووە مێژوو درووست بكات. كەواتە دەتوانین بڵێن كورد نە لەڕێگای تاكەكەسەوە نە لە ڕێگای خەڵك یان گشتەوە یان جەماوەر نەگەیشتووەتە ئاستی مێژوو درووست كردن، بەڵكو ئەوەی كە هەیەو كردوویەتی ئەو مێژووە لۆكاڵیەیە كە تا ئێستا هەیەتی ئەویش مێژووی چەوساندنەوەو ژێردەستەیی‌و دابەشكردنە، واتە مێژووی كورد تاكو ئێستا بریتییە لە گێڕانەوەی تراژیدیای كوردی و تاكەكەسە دیارەكانیش بە ئەرێنی یان نەرێنی پاڵەوانەكانی ناو ئەو تراژیدیا درێژخایەنەن.

## 32- پەرلەمانی كوردستان دەنگدانەوەی حیزب

ماوەی ئەم خولەی پەرلەمانی كوردستان بەرەو كۆتایی دەچێت. بۆیە جێگای خۆیەتی پاش چوار ساڵی كاركردنی ئەم خولەی پەرلەمان ئەو پرسیارە بكەین ئایا لە ماوەی ئەم

چوار ساڵەدا پەرلەمانی کوردستان چی کردووە؟ ئایا لە ڕێگای ئەو کارانەی کە بە کردەوە کردوویەتی نەك تەنیا بە قسە توانیویێتی ببێتە پەرلەمانێك کە ناوی پەرلەمانی لێبنرێت؟ ئایا پەرلەمانیش وەکو کۆی دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگەی کوردی کراوەتە دامەزراوەیەکی حیزبی؟ ئایا ئەو گەندەڵیانەی کە جەستەی دامەزراوەکانی تری گرتۆتەوە جەستەی پەرلەمانیشی گرتووەتەوە؟ ئایا ئەگەر پەرلەمان دامەزراوەیەکی شکستخواردوو بووە هۆکارەکانی چین؟ بێتوانایی ئەندامانی پەرلەمانە یان هۆکاری تر هەن؟

ئەوە ئاشکرایە کە ئەرکی پەرلەمان لە جیهانی دیموکراسیدا بە پلەی یەکەم یاسادانانو چاودێری کردنی کارەکانی حکومەتە. لە سیستێمە شموولیو دیکتاتۆرییەکانیشدا پەرلەمان دامەزراوەیەکی کارتۆنییە بۆ شەرعیەتدان بە بڕیارو کارەکانی حکومەت کە لەو سیستێمەشدا هەموو بڕیارێکی حکومەت لە کەسی سەرۆکی حکومەتدا کۆدەبێتەوە بە تایبەتی لە سیستێمە سەرۆکایەتییەکاندا کە سەرۆکی وڵاتو سەرۆکی حکومەت زۆرجار یەکن یان ئەگەر لە دوو کەسیش پێکبێن ئەوە یەکێکیان پاشکۆی ئەویتریانە.

بۆ ئەوەی بتوانین کارەکانی پەرلەمانی کوردستان هەڵسەنگێنین پێویستە باس لەو دوو خاڵە سەرەکییە بکەین کە بریتین لە یاسادانانو چاودێری کردنی حکومەت. سەرەتا لە رووی یاسادانانەوە پەرلەمانی کوردستان لەم خولەی خۆیدا چەند یاسایەکی دەرکردووەو چەند یاسایەکی تریش کە لە دوو خولی پێشتری پەرەلەماندا دەرکراون هەمواری کردوونەتەوە. رەنگە هەندێ لەو یاسایانە یاسای باش بن یان هەر هیچ نەبێت بوونیان لە نەبوونیان باشتر بێت. هەرچەندە لەگەڵ دەرکردنی هەر یاسایەکدا بینیومانە ئەو رووبەرەی خەڵك کە ئەو یاسایە دەیانگرێتەوە ناڕەزایی خۆیانیان لەسەر ئەو یاسایە دەربڕیووە. کە ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە یاساکە بە روانینی ئەوان وەکو پێویست مافەکانی ئەوان دابین ناکات، یان ناپارێزێت. کاتێ یاسای کاری رۆژنامەنووسی دەردەچێت یان هەموار دەکرێت کۆمەڵێك ناڕەزاییو گلەییو گازەندە بە دوای خۆیدا دەهێنێت، کاتێ یاسای مافی کەسو کاری شەهیدانو ئەنفال کراوەکان دەردەچێت، کاتێ یاسای مافی کەمئەندامان دەردەچێت، کاتێ یاسای پەیوەست بە توندوتیژی دژی ژنان دەردەچێت، کاتێ یاسای ماف بەدەستهێنانی زانیاری دەردەچێت، کاتێ یاسای پەیوەست بە بەکارخستنو کاری وەزارەتەکانیو دەسەڵاتەکانی

ســـــەرۆکایەتی هـــــەرێمو ...تـــــاد دەردەچـــێت، زنجیرەیـــــەك نـــــاڕەزای دەبینرێــــت. ئایـــــا ئـــــەو ناڕەزاییانە هۆی چییە؟

بێگومـــان کـــۆی ئـــەو ناڕەزاییانـــە ئـــەوە نیشـــان دەدەن کـــە دەرچـــوونی ئـــەو یاســـایانە بـــەو شـــێوەیە یـــان هـــەمووار کردنـــەوەیان بـــەوجۆرە جێگـــای رەزامەنـــدنی ئـــەو توێـــژو پێکهاتـــە کۆمەڵایەتیانـــە نـــین کـــە یاســـاکە دەیانگرێتـــەوە. لـــە کاتێکـــدا کـــە یاســـا لـــە پێنـــاوی خواســـتو ویســـتەکانی خەڵکـــدا دەردەچـــێتو بـــە حیســـاب پەرلـــەمانیش نوێنـــەری خەڵکـــە کەواتـــە کـــاتێ خـــەڵك بـــە یاســـاکانی پەرلـــەمان نـــاڕازی بێـــت مانـــای وایـــە دیوارێـــك لـــە نێـــوان خـــەڵكو ئـــەو دامـــەزراوەدا هەیـــە کـــە بـــە دەنگـــی خـــەڵك هەڵبـــژێردراوەو گوایـــە نوێنەرایـــەتی خـــەڵك دەکـــات.

لـــەم روانگەیـــەوە دەشـــێ بـــە ئاشـــکرا بگوترێـــت پەرلـــەمانی کوردســـتان نـــە لـــەم چوارســـاڵەی رابـــردوودا‌و نـــە لـــە دوو خولەکـــەی پێشـــوودا نـــەیتوانیووە نوێنـــەری خـــەڵك بێـــت لـــە رووی دەرکردنـــی یاســـاکانو هەموارکردنـــەوەی یاســـاکانی کـــە پێشـــتر دەرچـــوون. ئەمـــە جگـــە لـــەوەی کـــە پەرلـــەمان لـــەم چـــوار ســـاڵەدا نـــەیتوانیووە ئـــەو یاســـا گرنگانـــە دەربچـــێنێت کـــە پەیوەنـــدی تـــەواویان بـــە ژیـــانی رۆژانـــەی خەڵکـــەوە هەیـــە بـــۆ نموونـــە یاســـا بـــۆ چارەســـەرکردنی بێکـــاری ، یاســـا بـــۆ چارەســـەرکردنی هـــەژاری، یاســـا بـــۆ دابینکردنـــی مـــافی کرێکـــارانو بڕینـــەوەی بیمـــەی بێکـــاری شـــایان بـــۆ هـــەموو ئەوانـــەی کـــە بێکـــارن لـــە کوردســـتاندا. یاســـا بـــۆ بـــە دەمـــەزراوەیی کردنـــی کـــۆی ئیـــدارە لـــە کوردســـتانداو جیاکردنـــەوەی حیـــزب لـــە حکومـــەتو نەهێشـــتنی هـــــەژموونی حیـــــزب بەســـــەر حکومەتـــــەوەو دانـــــانی ســـــزای دیـــــارو ســـــەخت بـــــۆ هـــــەر خۆتێهەڵقرتانـــدنێکی حیـــزب لـــە کاروبـــاری حکومـــەت. بـــۆ نموونـــە لـــە بـــواری پـــەروەردەدا کـــە مـــن لـــە بوارەکـــانی تـــر باشـــتر ئاگـــام لێیـــەتی. لـــە هـــەموو بەڕێوەبەرێتییـــەکانی ســـەربە پـــــەروەردەی گشـــــتی ســـــلێمانیدا بـــــەبێ رەزامەنـــــدی مەڵبەنـــــدو کۆمەیتـــــەکانی حیـــــزب بەڕێوەبـــەری گشـــتیش ناتوانێـــت یاریـــدەدەری قوتابخانەیـــەکی بنـــەڕەتی دابنێـــت. کـــە دڵنیـــام ئـــەم حاڵەتـــە لـــە هـــەولێرو دهـــۆك لـــە ســـلێمانیش خـــراپترەو لـــەوێ نـــەك رەزامەنـــدی لـــقو ناوچـــە بـــەڵکو ئـــەوەی پـــارتی نـــەبێت دانانرێـــت. باشـــە لـــەم رووەوە پەرلـــەمان کـــە نوێنـــەری خەڵکـــە تـــاکو ئێســـتا لـــەم چوراســـاڵەدا دەنگـــی لێـــوە نـــەهاتووە، کـــە دڵنیـــام لـــە کـــۆی دامودەزگاکـــانی تری حکومەتدا هەمان تاسو هەمان حەمامە.

پەرلـــەمان تـــاکو ئێســـتا نـــەیتوانیووە یاســـایەك دەربکـــات بـــۆ رێگـــاگرتن لـــە کۆمپانیاکـــانی حیـــزب بـــە کـــاری بەڵێندەرایـــەتی کـــردنو بازرگـــانی کـــردنو دەســـەڵات کـــردن بەســـەر بـــازاڕدا کـــە ئـــەوەش یەکێکـــە لـــە هۆکـــارە ســـەرەکییەکانی زۆرینـــەی گەندەڵیـــەکانی کوردســـتان. پەرلـــەمان

نەیتوانیووە یاسایەك دەربكات سەبارەت بە ئاوەدانكردنەوەی لادێكان و پاراستنی مافی جوتیاران، بەڵكو بە پێچەوانەوە لە سایەی دەسەڵاتی كوردیدا ئەو زەوییانەی كە پێشتر بەر یاسای چاككردنی كشتوكاڵ كەوتبوون و دابەشكرابوون بەسەر جوتیارانی بێ زەویدا، دەسەڵاتی كوردی زۆربەیانی گێڕاوەتەوە بۆ ئاغاو بەگ و شێخەكان لە پاداشتی ئەوەدا كە بەشێكی زۆریان موستەشارو پیاوی رژێم بوون و جووتیارو هەژاری گوندنیشینی كوردستانیان ئەنفال كردووەو لەگەڵ شۆفڵەكانی بەعسدا قوتابخانەو مزگەوتەكانی كوردستانیان وێران دەكردو شیش و ئاسنەكانیان دەفرۆشت و ئەو پرۆژە كەمانەی ئاو كە لە هەندێ لە گوندەكانی پێش ئەنفالدا درووستكرابوون بۆرییەكانیان دەرهێناو فرۆشتیان، كەچی دەسەڵاتی كوردی پاداشتی ئەمانەی داوەتەوە بۆ ئەو دڵسۆزییەی بۆ بەعس نواندوویانەو زەوی و زارەكانی بۆ گەڕاندوونەتەوەو جوتیاران و پاشماوەكانی ئەنفالیش بێ زەوی كراون، ئەگەر ئێستا كشتوكاڵ بكەن ئەوا لەسەر زەوی ئەو بەگ و ئاغاو شێخانە دەیكەن. پەرلەمانی كوردستان لەم رووەوە ورتەی لێوەنەهاتووە، تەنانەت جۆگەی ئاوی هەندێ لە ئاغاو بەگ و شێخەكان كۆنكرێت كراون و بناوانەكانیان بە كۆنكرێت بۆ گیراوەو ئاوی جۆگەی رەش و رووتەكەی خواری ئەوانەوە وشك كراوەو زەوییە بەراوەكانی پیشتریان بووە بە دێم و لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری پەرلەمانیش نووست و بێئاگایە.

لە رووی پەروەردەوە ئێستا بارودۆخی پەروەردە لە كوردستاندا بە شێوەیەكی هێجگار خراپ دەڕوات بەرێوەو رۆژبەرۆژ روو لە هەرەسە لە ئەنجامی پێكهاتنی ستافی وەزارەتی پەروەردە لە كەسانێك كە بێئاگان لە پەروەردەو بایەخی پەروەردەو ئەمەش وایلێكردوون بە ئارەزووی خۆیان بە بێ ئەوەی پەرلەمان ئاگای لە هیچ بێت ساڵانە دەیان بڕیار دەربكەن و بڕیاری واش هەیە پێش ئەوەی بەتەواوەتی بگاتە خوێندنگاو قوتابخانەكان فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی دەرچووە. ئایا لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمان كاری چییەو چی دەكات؟ بە بەرچاوی دنیاوە كۆمەڵێك هاووڵاتی كوێردەكرێن و پاشان چاویان دەردەهێنرێت. ئایا پەرلەمانی كوردستان توانیوێتی یاسایەك دەربكات بۆ بەرگریكردن لە مافی نەخۆش؟ ئایا زەمانی تەندرووستی هەیە لە كوردستاندا كە ئەوە پەیوەندی بە گەورەترین سامانەوە هەیە لە گەردووندا كە ئەویش مرۆڤ خۆیەتی. ئایا لیژنەی تەندرووستی چی كردووە لە پەرلەمان بە تایبەتی ئەوە ئاشكرایە كە یاسا دەبێ بە پێی پێداویستییەكانی ژیانی ئەو قۆناغە دەربچێت كە كۆمەڵگەی پێدا تێدەپەڕێت. لە

کوردستاندا کە مرۆڤ ئەوەندە بێ بەها سەیر دەکرێت کە کوێر دەکرێت، ئلیا ئەرکی پەرلەمان نییە کە یاسایەك بۆ ڕێگرتن لەو بێبەهایی کردنەی مرۆڤ دەربکات و چاودێری جێبەجێکردنیشی بکات! ئایا پەرلەمان توانیویێتی یاسایەکی گرنگ کە سەروەری خاکی کوردستان بپارێزێت دەربکات و جۆرێك لە هاوسەنگی لە پەیوەندی نێوان کوردستان و دەوڵەتانی دەوروبەریدا درووست بکات، نەك کوردستان وەکو جوگرافیایەکی بێ خاوەن بێت کە ئەوانی تر کە داگیرکەرانی بەشەکانی تری کوردستانن بە ئارەزووی خۆیان تەراتێنی پێدا بکەن. ئەوەی مایەی سەرنجە پەرلەمان ماوەی دوورو درێژ بە دەرکردنی یاسای قەدەغە کردنی جگەرەوە خەریك بوو، لەبری ئەوەی یاسایەکی روون و ئاشکرا دەربکات بۆ ڕێگاگرتن لە هەموو جۆرە تووندو تیژیەك تا دەگاتە یاسای ڕێگاگرتن لە وەرگرتنی هەر پۆستێك لە کوردستاندا لە بچووکترین بەڕێوەبەرایەتییەوە تا دەگاتە پۆستی سەرۆکی هەرێم بۆ هەموو ئەوانەی کە رۆژێ لە رۆژان بەهەر بیانوویەك بێت لولەی تفەنگیان کردۆتە هەر تاکێکی کورد، یان ئیستیغلالی دەسەڵاتی ئیداری و حیزبیان کردووە لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا. دیارە پەرلەمانی کوردستان نەك تەنیا لەم چوار ساڵەدا بەڵکو لە ماوەی بیست و یەك ساڵی رابردوودا نەیتوانیووە یاسایەکی لەو جۆرە دەربکات و بە جیدی چاودێری جێبەجێکردنی بکات. یاسایەکی تری گرنگ کە پەیوەندی زۆری بە ژیانی حیزبایەتییەوە هەیە لە کوردستاندا، پەرلەمان نەیتوانیووە یاسایەکی لەوجۆرە واتە یاسای حیزبەکان دەربکات بە جۆرێك کە سیمایەکی شارستانیانەی هەبێت بەو جۆرەی کە یاسای حیزبایەتی لە وڵاتانی دیموکراسیدا هەیەو کاری پێدەکرێت.

ئەگەر سەیری پایەی دووەمی ئەرکەکانی پەرلەمان بکەین کە بریتییە لە چاودێری کردنی حکومەت و لێپرسینەوەی ئەوا لەم رووەشەوە پەرلەمانی کوردستان نە پێشترو نە لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا نەیتوانیووە شتێك بکات کە شایانی باس بێت. هەر لە یەکەم هەنگاوی پەرلەمانەدا کە دەنگدان بوو بە حکومەتەکەی دکتۆر بەرهەم ساڵح پەرلەمان وەکو هەمان پێکهاتەی ئەو حیزبانە خۆی نمایش کرد کە پەرلەمانەکەیان پێکهێناوە. هەردوو حیزبەکەی دەسەڵات و پاشکۆکانیان بەبێ ئەوەی هیچ ناڕەزاییەکیان لەسەر کارنامەی حکومەت یان هیچ وەزیرێك هەبێت دەستی رازیبوونیان بۆ دەنگدان بەو کابینیە بەرزکردەوە. لە هەمان کاتدا ئەو سێ حیزبەی کە خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن ناساندووە بێ ئەوەی ئامادەی گوێگرتن بن لە کارنامەی حکومەت یان بێ ئەوەی

هەوڵبدەن دەنگی نارەزایی لەسەر خودی سەرۆکی حکومەتی راسپێردراو یان هەندێ لە وەزیرەکانی بەرز بکەنەوە، هۆڵی پەرلەمانیان بەجێهێشت کە ئەمەش هەمان ئەو روانینە سەرەتاییەی خێڵ و عەقڵی خێڵمان بیردەخاتەوە کە دەڵێت یان هەموویم دەوێت یان هیچم ناوێت. بەمجۆرە ئۆپۆزسیۆن وەکو سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا بێت هۆڵی پەرلەمانی بەجێهێشت کە ئەوەش بێجگە لە خۆنمایشکردنێکی بێگەوهەر یان نەبوونی توانا بۆ روو بەرووبوونەوە یان وەرگرتنی فەرمانی حیزبی لە دەرەوەی پەرلەمان هیچی تر نەبوو. لە هەمان کاتدا لیستی دەسەڵات و پاشکۆکانی بێ بیرکردنەوە لەوەی کە ئەوان ئەندامی پەرلەمان و نوێنەری خەڵکن بە فەرمانی سەرکردایەتی حیزبەکانیان بەیعەتیان بەو کابینەیە کرد. تەنانەت ئەو چەند کەسەشی لە لیستی دەسەڵاتدا کە سنگی خۆیان دەردەپەڕان گوایە سەربەخۆن وەکو ئەندامە حیزبییەکان دەستیان بەرزکردەوەو چەپڵەی سەرکەوتنیان بۆ پێکهێنانی حکومەت لێدا. هەر لێرەوە خولی سێیەمی پەرلەمان وەکو دامەزراوەیەکی لاوازی بەڕێوەچوو لەژێر سایەی سەرکردایەتی حیزبەکانیاندا دەرکەوت و لەوەشدا لیستی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن جیاوازییان نەبوو چونکە هەردوولا دەنگی سەرکردایەتی حیزبەکانیان بوون لە پەرلەماندا.

لە رووی چاودێری کردنی حکومەتەوە، پەرلەمان ناکاراو بێدەسەڵات بووە. سەبارەت بەو هەموو مەنسوبیەت و مەحسوبیەتەی هەبووەو هەیە، سەبارەت بەو هەموو تەخشان و بەخشانەی کە هەیە، سەبارەت بە ناکارایی زۆرینەی وەزارەتەکان، سەبارەت ئەو دواکەوتن و پارە بە فیڕۆدانانەی لە پرۆژەکانی ئاوەدان کردنەوەدا هەیە، سەبارەت بە خراپی کارەکانی دامەزراوەی تەندرووستی و پەروەردە، سەبارەت بە مانەوەی هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگە وەکو هێزی حیزب لە بری ئەوەی بکرێن بە هێزی نیشتیمانی، سەبارەت بە پیشە سازی نەوت و نارروونی کارکردن لەو بوارەداو نەزانینی چۆنێتی مامەڵە کردن بە داهاتی نەوتەوە، سەبارەت بە کێشەی سووتەمەنی لە هەرێمدا، سەبارەت بە گەندەڵی دارایی، هەر لە دیارنەمانی پارەو موچەی جۆراو جۆرو، کارکردنی کەسانێکی زۆر لە دامەزراوەکانی حیزبداو وەرگرتنی موچە لە دامەزراوەکانی حکومەت و خانەنشین کردنی سوپایەك لە وەزیرو وەکیل وەزیرو راوێژکاروو بەڕێوەبەری گشتی و پلەی تایبەت و پلەی بەرزی سەربازی، کە بەشێکی زۆریان رۆژێ لە رۆژان لەو پۆست و پلانەدا کاریان نەکردووە...پەرلەمان نەیتوانیووە لێیپێچینەوە بکات. بەهەرحاڵ پەرلەمانی کوردستان نەیتوانیووە لەم هەموو گەندەڵی و نادادپەروەرییانە بپرسێتەوە کە

**لە وڵاتانی دیموکراسیدا بوونی هەریەکێ لەم کێشانە بەسە بۆ ئەوەی کە پەرلەمان متمانە لە حکومەت بسەنێتەوە.**

**لێرە پەرلەمان نەك توانای ئەوەی نەبووە متمانە لە تاکە وەزیرێکیش بسەنێتەوە بەڵکو چەند جارێك پەرلەمانمان زۆر بەلاوازی لەبەرامبەر سەرۆکی حکومەت یان وەزیرەکانیدا بینیووە. لە کاتی خۆپیشاندانەکانی حەڤدەی شوباتدا کە بەشێك لە هێزەکانی دەسەڵات لولەی تفەنگیان کردە خەڵك، پەرلەمان نەك نەیتوانی حکومەت ناچاری دەست لە کارکێشانەوە بکات بەڵکو لیستی دەسەڵات بەرگری لە حکومەت دەکردو لیستی ئۆپۆزسیۆنیش لە بری ئەوەی نوێنەرایەتی دەنگی خەڵك بکات لە نێو پەرلەماندا، بەشێکی ئەندامەکانی بوون بە خەتیبی سیاسی لە مەیدانی خۆپیشاندان، واتە لە بری چاودێری و لێپرسینەوە لە حکومەت و ناچارکردنی بۆ جێبەجێکردنی داواکاری خۆپیشاندەران، پەرلەمان بوو بە دووبەرە بەرەی داکۆکیکەر لە دەسەڵات و تەنانەت لەو هێزانەشی کە خوێنی لاوانی وڵاتیان رژانە سەر شەقامەکان لەگەڵ بەرەی هاندەری خۆپیشاندەنەکان لە پێناوی مەرامی سیاسی خۆیاندا کە زیاتریش شەڕی کۆنەقینی نێوان نوخبەی سیاسی کوردی بزوێنەری کێشەکان بوو، پەرلەمانیش بووە ئامرازی بەکارهێنراو بۆ ئەو شەڕە کۆنەو گەنجانی وڵاتیش باجەکەیاندا. کە لەو رووەوە سەرۆکی حکومەت بانگهێشتی پەرلەمان کرا، بە ئاشکرا سەرۆکی حکومەت پەرلەمانی بەزاند، کاتێ سەرۆکی حکومەت کورسیەکەی دەسوڕانەوەو لە وەڵامدانەوەکانیدا چەندین رەخنەی لە پەرلەمان دەگرت بە ئاشکرا دەبینرا کە چەند پەرلەمانێکی لاوازو بێتوانایە. کە وەزیری پێشمەرگەو وەزیری ناوخۆ لەو رووەوە بانگهێشتی پەرلەمانکران زۆر بێباکانە لەوەی کە لەبەردەم لێپرسینەوەدان قسەیان دەکردو پەرلەمانیشیان قەرزاربارکرد. تەنانەت کاتێ سەرۆکی پەرلەمان مەسەلەی متمانە سەندنەوەی هێنایە پێشەوە، لە وەزیری پێشمەرگەی پرسی داخۆ رازییە ئەو مەسەلە بخرێتە بەردەم دەنگدان وەزیری پێشمەرگە بێباکانە گوتی هەرئێستا ئەوە بخاتە راپرسیەوەو ئەگەر زۆرینەی دەنگەکان پشتگیرییان نەکرد ئامادە نییە جارێکی تر بچێتەوە ناو وەزارەتەکەی، بەڵام پەرلەمان نەیتوانی متمانەی لێبسەنێتەوە. قسەی ئەو وەزیرە ئەوەی نیشاندا کە ئەو دڵنیایە ئەو پەرلەمانە ناتوانێت متمانە لەو بسەنێتەوە. کەواتە دەوری ئەم پەرلەمانە چییە لە چاودێری کردنی حکومەتدا. لە کاتێکدا لە پەرلەمانی عێراقی سەدان کەس لە لایەن لیژنەی نەزاهەو چاودێرییەوە لەسەر گەندەڵی فایلیان بۆ کراوەتەو**

چـــەندین کـــەس دراونەتـــە دادگـــاو چـــەندین کـــەس لـــە ئاســـتی بەرپرســـیارێتیدا خراونەتـــە زیندانـــەوە، کەچـــی پەرلـــەمانی کوردســـتان نـــەیتوانیووە لەســـەر پێکهێنـــانی لیژنـــەی نەزاهـــەو چـاودێری بــە جۆرێــك رێکبکــەوێت کــە ئــەو لیژنانــە وەکــو خــودی پەرلــەمان لاوازو ناکــارا لــە دایك نەبن.

لـــە لایـــەکی تـــرەوە ئـــەوە ئاشـــکرایە کـــە بەشـــێکی زۆر لـــە داهـــاتی کوردســـتان بـــۆ موچـــەی پەرلـــەمانو خانەنشـــینی پەرلـــەمان دەڕوات کـــە بەلایـــەنی کەمـــەوە چـــاوەڕوانی ئـــەوە دەکـــرا کـــە خـــولی ســـێیەمی پەرلـــەمان یاســـایەك دەربکـــات بـــۆ قەدەغـــەکردنی خانەنشـــین کردنـــی ئەنـــدامانی پەرلـــەمان، بـــەڵکو وەکـــو زۆربـــەی ولاّتـــان ئەنـــدام پەرلـــەمان دوای تـــەواوبوونی خولەکـــەی خـــۆی بگەڕایەتـــەوە ســـەر کـــاری پێشـــووی خـــۆی، بـــەلاّم نـــەك هـــەر ئـــەوە نـــەکرا بـــەڵکو لـــە نیـــوەی خولەکەشـــدا چـــەندین ئەنـــدام پەرلـــەمان خانەنشـــین بـــوون کـــە زیـــاتریش ئەوانـــە بـــوون کـــە لـــە هـــەمووان زیـــاتر باســـی گەنـــدەڵیو خراپـــی ئیـــدارەی کوردییـــان دەکـــرد، ئەمـــەش هـــەردوو لیســـتی ئۆپۆزســـیۆنو دەسەلاّتیشـــی گرتـــەوە. دیـــارە لـــە بـــری ئـــەو ئەندامـــە خانەنشـــین بووانـــە ئەنـــدامی نـــوێ دانـــران کـــە ئـــەویش لـــە رووی داراییـــەوە زیانـــە چـــونکە ئـــەم خولـــەی پەرلـــەمان کـــە 111 ئەنـــدام بـــوو ســـەرئەنجام نزیکـــەی 120 ئەنـــدام بـــۆ ســـەرەوە خانەنشـــین دەبێت.

دیـــارە ئاشـــکرایە کـــە هـــۆی لاوازی پەرلـــەمانی کوردســـتان یەکـــەم دەگەڕێتـــەوە بـــۆ لاوازیو تێکشـــکاوی کەســـێتی کـــوردی بـــە گشـــتی کـــە لـــە ئاســـتی پـــارەو بەرژەوەندییـــە تایبەتییەکانـــدا زۆر لاوازەو ئـــەوەش وای لێـــدەکات نـــەتوانێت لەســـەر پێـــی خـــۆی رابووەســـتێتو فشـــار درووســـت بکـــات. دووەم دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ئـــەوەی کـــە تـــاکو ئێســـتا پەرلـــەمانی کوردســـتان پەرلـــەمانی حیزبـــە نـــەك پەرلـــەمانی نەتـــەوە کـــە ئەمـــەش دەســـەلاّتو ئۆپۆزســـیۆن وەکـــو یـــەك تیایـــدا بەشـــدارن. لـــەوەش خـــراپتر حیـــزب لـــە بـــری ئـــەوەی کـــادیرە بـــە توانـــاو لێهاتووەکـــانی بنێرێتـــە پەرلـــەمان زیـــاتر وەهـــا ســـەیری پەرلـــەمان دەکـــات کـــە دامەزراوەیەکـــە هـــەر چـــەند ســـاڵ جارێـــك ژمارەیـــەك لـــە کادیرەکـــانی بنێرێتـــە ئـــەوێ وەکـــو پاداشـــت بـــۆ ئـــەوەی دەوڵەمەنـــد بـــبنو چـــیتر بـــۆ ژیانیـــان پێویســـتیان بـــە حیـــزب نـــەبێت. لـــەوەش خـــراپتر ئەگـــەر ســـەرژمێری هەرســـێ خولەکـــەی پەرلـــەمان بکـــەیت ئـــەوا بـــۆت دەردەکـــەوێت کـــە زیـــاترین ژمـــارەی ئەنـــدامانی پەرلـــەمان هـــەروەك حکومـــەتیش وایـــە کـــەسو کـــاری بەرپرســـانی حیزبـــیو هـــاوڕێو کەســـە نزیکـــەکانیانن کـــە زۆربـــەیان دوای ئـــەوەی لـــە کـــاری حیزبیـــدا شکســـتیان خـــواردووە ناردوونیانەتـــە پەرلـــەمان کـــە بەشـــێکی زۆر لـــە ئەنـــدامانی پەرلـــەمان بـــە تایبـــەتی کـــەسو کـــاری

بەرپرسـانو كـادیرانی شكسـتخواردوو لـە كـاری حیزبیـدا ئەگـەر حیـزب دەنگیـان بـۆ كۆنەكاتـەوە بـە هـیچ شـێوەیەك ناگەنـە پەرلـەمان هەرچـۆن لـە هەڵـژاردنی پێشـووی عێراقـدا بیذیمـان تەنانـەت ئەنـدام مەكتـەبی سیاسـی حیزبـی دەسـەڵاتیش لـە كوردسـتان ئەوەنـدەی دەنگ نـەهێنا بگاتـە پەرلـەمان. لـە كاتێكـدا كـە ئەنـدامانی ئێسـتای پەرلـەمانی كوردسـتان بـە گشـتی بـەمجۆرە چـووبنە پەرلەمانـەوە پێموایـە لـەوەی ئێسـتا زیاتریـان لێچـاوەڕوان ناكرێـت. كەواتـە دەتـوانین بڵـێین پەرلـەمانی كوردسـتان دەنگدانـەوەی مەكتـەبی سیاسـی و سـەركردایەتی حیزبـەكانیانن هەربـەو پێیـەش نوێنـەری حیزبـەكانیانن نـەك نوێنـەری گـەل هەرئەوەشـە وایكـردووە هـیچ كێشـەیەكی ئـەم وڵاتـە لـە پەرلەمانـدا چارەسـەر نـەكراوە بۆیـە پێموایـە پەرلـەمان لاوازتـرین دامەزراوەیـە لـە كوردسـتاندا كـە دوو سـیمای هەیـە یەكـەمیان لیسـتی دەسـەڵات وەكـو پاشـكۆی حكومـەت ئەركەكـەی ئەوەیـە كـە شـەرعیەت بـدات بـە سـەرجەمی كـارە كـەموكورت و ناتـەواوەكانی حكومـەت. لیسـتی ئۆپۆزسـیۆنیش لەگـەڵ رێـزم بـۆ چـەند ئەنـدامێك كـە شـایانی ئەوەیـە ئەنـدامی پەرلـەمان بـن ئـەوانیتریان هەرزەكارانـە خـەریكی دەنگبەرزكردنەوەوخۆنمایشـكردنن. ئـەم دووجـۆرە هەڵویسـتەو نـەتوانینی دەركردنـی یاسـای پێویسـت و نـەتوانینی چـاودێری كردنـی حكومـەت وایكـردووە كـە پەرلەمان ئەو قورسیەی نەبێت لە كوردستاندا كە دەبوو هەیبووایە.

33- خۆپیشاندانەكان لە نێوان ململانێی سیاسی سلێمانی و كوردستانیبووندا:

رەنگـە ئـەم ناونیشـانە مایـەی سـەرنج بێـت لـە كاتێكـدا كەسـانێكی زۆر هـەن تـاكو ئێسـتا نـاتوانن خـەڵك و داواكـانی خـەڵك لـە ئۆپۆزسـیۆن و ئامانجـەكانی ئۆپۆزسـیۆن جیـا بكەنـەوە. بۆیـە جێگـای خۆیـەتی لێـرەدا هەوڵبـدەین تیشـكێك بخەینـە سـەر ئـەم بابەتـەو لـەوەش بـدوێین كـە خـەڵك یـان جـەماوەر زۆربـەی كـات بـە بـێ ئاگایانـە لەلایـەن دەسـەڵات و ئۆپۆزسـیۆن و تەنانـەت تاكـەكانی نێـو نوخبـەی رۆشـنبیرەوە بـۆ ئامـانج و مـەرامی سیاسـی بـەكاردەهێنرێت و هـەر ئەوەنـدەش كـە مەرامەكـەی خۆیـان بـە جێهێنـا ئـیتر خـەڵكیان بـیر ناكەوێتـەوە. ئێسـتا بـا بـزانین ئـەوەی لـە بـەردەركی سـەرای سـلێمانی بەردەوامـە بـە راسـتی خۆپیشـاندانی جـەماوەرە یـان خۆپیشـاندانی ئۆپۆزسـیۆنە؟ ئایـا داواكارییـەكان چـین،

چاکسازی یان روخاندنی سیستێمی سیاسی؟ ئایا جەماوەر دەیەوێت سیستێمی سیاسی کوردستان بڕوخێنێت یان چاکسازی دەوێت؟ ئایا دەسەلأت بۆچی گوێ لە داواکاری خۆپیشاندەران ناگرێت؟ ئایا دەسەلأت بۆچی هەوڵنادات بەدەر لە ئۆپۆزسۆن گوێ لە جەماوەری خۆپیشاندەر بگرێت؟ ئایا رۆڵی ئەو نوخبە رۆشنبیرە چییەو بۆ چ ئامانجێك گوتار دەدەن؟ ئایا ئۆپۆزسیۆن هێناونی یان بەراستی داکۆکیکەری جەماوەرن یان ئەوانیش ئامانجی خۆیان هەیە؟

دیارە هیچ گومانێکی تێدا نییە کە داواکارییەکانی جەماوەر بە گشتی تاسەر ئێسقان رەوایە. بەلأم ئایا داواکارییەکانی جەماوەر ئاشکران؟ بە داخەوە ئەوەی جێگای سەرنجەو بەو ئەندازەی کە من رۆژانە سەردانی بەردەرکی سەرا دەکەم‌و گوێ لە گوتارو دروشمەکان دەگرم، داواکارییەکی ئاشکرا نابینم. هۆی ئەمەش ئاشکرایەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە جەماوەری خۆپیشاندەر خۆیان خاوەنی قسەنین‌و کەسانی تر لە بری ئەوان قسە دەکەن. ئەو کەسانەش یان لە لایەن ئۆپۆزسیۆنەوە ئاراستە دەکرێن یان تموحی تایبەتی خۆیانیان هەیەو هەریەکەش بە جۆرێك قسە دەکات کە ئەوەش زیانی گەورەی لە خودی جەماوەری خۆپیشاندەرو داوا رەواکانیان داوە. لە خۆپیشاندانەکانی میسردا نە حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکان‌و نە رۆشنبیران‌و نووسەران‌و هونەرمەندان نەبوون بە زمانحالّی جەماوەری خۆپیشاندەرو هونەرمەندان‌و رۆشنبیرانی دەسەلأتیش ئەفەرۆز کران کەچی لێرە گەندەڵترین شاعیری دەسەلأت وتارو شیعر دەخوێنێتەوەو پێی وایە ئەوە هەنگاوێك لە شورا سەختەکانی خەلأتی نوبڵ نزیکی دەکاتەوە کە خەونی پێوە دەبینێت. ئەنجا ئایا ئەوە جەماوەری خۆپیشاندەرە رێگا بە شاعیری وادەدات بە ناوی ئەوانەوە بدوێت یان ئەو لایەنە سیاسیانەن کە لە پشتەوە جەماوەر دەجولێنن؟ لە میسر سەرکردایەتی خۆپیشاندەران لە نێو خودی جەماوەرەوە دەرکەوت هەر ئەوەش هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی کە داواکارییەکانی خەڵك نەبێت بە داواکاری حیزبێکی داخراوی ئایینی وەکو ئیخوان‌و حیزبە تەقلیدییەکانی تری میسر.

ئیستا بە ئاشکرا دیارە بەشێك لە جەماوەری خۆپیشاندەر ئەو کوڕو کچە گەنجانەن کە خوێندنیان تەواو کردووەو دانەمەزراون‌و بێکارو ژیانن. بەشێکی تر ئەو کرێکارو گەنجانەی بازاڕن کە رۆژێ ئیشیان دەست دەکەوێت‌و حەفتەیەك ئیشیان نییەو بێ ژیانن. بەشێکی تر ئەو جەماوەرەن کە موچەیەکی کەم وەردەگرن‌و ژیانیان بە باشی بەڕێوەناچێت، بەشێکی تریش ئەوانەن کە بە هیوان لە رێگای فشاردانانەوە چاکسازی‌و

پاكسازی له دامودەزگاكانی حكومەتدا بكرێت و گەندەڵی له ناوببرێت و پێداویستیەكانی ژیانیان له كارەباو خزمەتگوزارییەكانی تر وەكو پێویست بۆ دابین بكرێت و سیستێمێكی نموونەی ئیداری له كوردستاندا هەبێت. كه بێگومان ئەم هەموو ئەم داوایانه هەزار جار ڕەوان، بەڵام بەداخەوە له درووشم و تارەكانی گوتاربێژەكاندا ئەم داواكارییانه نابیسترێن.

ئیسلامیەكان كه له ڕۆژی یەكەمەوە له پشتەوە ڕۆڵی دیاریان هەیە له ڕێكخستنی خۆپیشاندانەكاندا، ئامانجی تایبەتی خۆیانیان هەیە. ئەوان له ساڵانی رابردوودا گورزی گورچك بڕیان له سنووری دەسەڵاتی پارتیدا بەركەوتووە و لەو سنوورەشدا نەك ناتوانن دەنگیان هەبێت بەڵكو نووزەشیان نییە، ئەویش له لایەك له ترسی جەبەروتی پارتی و له لایەكی تریش له ترسی مەلا پارتیەكان. لێرەوە لەبەر دەركی سەراوە بەپشتی جەماوەری سلێمانی كه ئیسلامیەكان كەمترین جەماوەریان هەیە لەم شارەدا، هەوڵدەدەن تۆڵەی هەولێرو دهۆكی خۆیان لێرە له پارتی بكەنەوە. هەروەك له پێناوی ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی سیاسی خۆیاندا هەوڵدەدەن گورزی گورچكبڕ له یەكێتی نیشتیمانی بووەشێنن كه بە رابەری عەلمانیەت و بە ڕێگری سەرەكی پەرەسەندنی خۆیانی دەزانن. بەڵام پرسیارەكە ئەمەیە ئایا ئیسلامیەكان چیان بۆ خەڵكی زەحمەتكێشی كوردستان پێیە؟ ئایا تەسەوری ئەوە دەكرێت ئەوان له دەسەڵاتی ئێستای كوردی باشتر بن؟ من وەڵامی ئەم پرسیارە بە كراوەیی بەجێ دەهێڵم. بەڵام دڵنیام ئەگەر ئەوان ببەنە فەرمانڕەوای كوردستان بارودۆخەكە زۆر لەوەی ئێستا خراپتر دەبێت، ئەمە جگە لەوەی كه ئەوان تەنیا بۆ سەرف محەلی باسی كوردو مەسەلەی نەتەوەیی دەكەن ئەگینا ئەوەی بڕوایان پێی نییە مەسەلەی كوردە.

ئایا بزووتنەوەی گۆڕان چ دەورێكی هەیە لەم خۆپیشاندانانەدا؟ بێگومان گۆڕان لەبەر ئەوەی له بنەڕەتدا لەو نوخبە سیاسیە درووستبووە كه له ناو یەكێتیەوە هاتوون و ئەو نوخبەیەش وەكو نوخبەی تەقلیدی سیاسی كوردستان زیاتر لەوەی كه بڕوای بە جەماوەرو ئیرادەی جەماوەر هەبێت بڕوای بە هێزو بە توندوتیژی و بەكارهێنانی میكاڤیلیانەی جەماوەر هەیەو هەمیشەش لەلای نوخبەی سیاسی كوردی بەدەسەڵات و بە ئۆپۆزسیۆنەوە جەماوەر بوویەكی پاسیڤكراوەو تەنیاو بەس تەنیا له كاتی پێویستی و له پێناوی خواست و مەرامە سیاسیەكانی خۆیاندا جەماوەریان بیر دەكەوێتەوە. هەر ئەمەش هۆكارە بۆ ئەوەی گۆڕان لەسەرتاوە كه بڕوای بە جەماوەر

نەبوو، جەماوەری خۆپیشاندەری بەگێرەشێوێن ناوبرد، کە سەرکردایەتیەکەشی مەترسی لەسەر بوو، سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان لە شاشەکانی تەلەفیزیۆنەوە دەرکەوت لەگەڵ دوو ئەندام مەکتەب سیاسی یەکێتی کۆبووەوە کە لەهەرە نەیارەکانی ئەونو هیچیشیان خاوەنی بڕیار نین لەناو یەکێتی نیشتیمانیدا. ئەمەش لەبەردەم ئەو پرسیارەدا رامان دەگرێت ئایا سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان لە پێناوی داواکارییەکانی جەماوەری خۆپیشاندەردا کە پێش چەند رۆژێك بە گێرەشێوێن ناوی بردن لەگەڵ ئەو دوو کەسە نەیارەیدا کۆبووەوە، یان بۆ خاوکردنەوەی مەترسی سەر خۆیو سەرکردایەتیەکەی بوو؟

بەهەرحاڵ لە قۆناغی یەکەمدا گۆڕان نەیتوانی رابەرایەتی خۆپیشاندانەکانی جەماوەر بکات هۆکەشی ئەوەیە کە ئەو تموحی سیاسی هەیە نەك هەڵگری خواستەکانی جەماوەر بێت، بەڵام دواتر هەوڵیدا لە پشتەوە بەڕێوەی ببات، ئەم هەڵوێستەی گۆڕانو لایەن ئیسلامیەکان، داخوازییەکانی جەماوەری خۆپیشاندەری لە چاکسازیو کارو ژیانەوە گۆڕی بۆ داخوازی سیاسیانەو ئێستا ئەوەی لەبەر دەرکی سەرا گوێمان لێی دەبێت داواکارییەکانی ئۆپۆزسیۆنە نەك جەماوەری خۆپیشاندەر، لەوەشدا ئیسلامیەکان لە گۆڕان بەهێزترنو نوێژەکانی رۆژی هەینیش بەڵگەی ئاشکرایە. ئێستا بە ئاشکرا باسی روخاندنی سیستێمی سیاسیو شەرعیەت دۆڕاندنی حکومەتو سەرۆکی هەرێم دەکرێتو باسی ئازادیو رزگارکردنی کوردستانو لێدانی تەپڵی سەرکەوتن دەکرێت لە دەسەڵاتی شمولی کوردیو باسی ئەوە دەکرێت کە ئەو سیستێمە سیاسیەی کوردستان زەمینەی مانەوە نەماوە. بێگومان هیچ کام لەم دروشمانە دروشمی جەماوەری سادەی خۆپیشاندەر نین. دیارە من لە پێشەنگی ئەو کەسانە بووم کە پانزە ساڵە بە نووسینو بە قسە داوام لە دەسەڵاتی کوردی کردووە کە ئەگەر گوێ لە جەماوەر نەگرێتو دیواری ئەستووری نێوان خۆیو جەماوەر نەڕوخێنێت، ئەوا سەرئەنجام جەماوەر دەنگی نارەزایی بەرز دەکاتەوەو ئەو نارەزاییەش دەشێ ببێتە هۆی هەڵتەکاندنی ئەم دەسەڵاتە، بەڵام دیارە دەسەڵاتی کوردی گوێی بیستنی نییەو تاکو ئێستا لەوە تێنەگەیشتووە کە ئیرادەی جەماوەرو دەنگی جەماوەر لە هەموو ئیرادەو دەنگێك بەهێزترە. لە دوانامەشمدا بۆ بەڕێز دکتۆر بەرهەم داوام لێکردبوو لەبەر ئەوەی دنیایەك کۆسپی لەبەردەمدایە کە نایەڵن کاربکات باشتر وایە دەست لەکار بکێشێتەوە. بڕوام وایە کاتێك لە بەردەمی پەرلەمانیشدا متمانەی پەرلەمانی بەدەست

هێنایـــەوە دەســـتی لـــە کـــار بکێشـــایەتەوە بـــۆ ئـــەو گـــەورەترین ســـەرکەوتن بـــوو. ئێســـتاش پێموایـــە ئەگـــەر بـــە لـــۆجیکی عـــەقڵ کێشـــەکان لەگـــەڵ جـــەماوەر چارەســـەر نـــەکرێت ئـــەوا چـــاوەڕوانی ســـەرئەنجامێکی بـــاش بـــۆ ســـلێمانی ناکرێـــت. مـــن وای بۆدەچـــم ئێســـتا دەســـەڵات گەیشـــتۆتە ئـــەو بۆچـــوونەی کـــە ئـــەوە ئۆپۆزســـیۆنە لـــە پشـــتەوە جـــەماوەر دەجوڵێنێـــت، ئۆپۆزســـیۆنیش لـــە پەرلـــەمان نـــەیتوانی متمانـــە لەســـەرۆکی حکومـــەت وەربگرێتـــەوە بۆیـــە پێموایـــە لـــەدوای ئـــەو شکســـتەی ئۆپۆزســـیۆن لـــە نێـــو پەرلـــەمان ئـــیتر حکومـــەت ئامـــادە نابێـــت گـــوێ لـــە داواکـــانی خۆپیشـــاندەران بگرێـــت. کەواتـــە رووداوەکـــان بـــە چ ئاراســـتەیەك دەڕۆن؟ ئایـــا ئۆپۆزســـیۆن دەتوانێـــت رووبـــەری خۆپیشـــاندانەکان لـــە ســـلێمانییەوە بگوازێتـــەوە بـــۆ هـــەولێرو دهـــۆك؟ ئەگـــەر بـــوێری ئـــەوەی هـــەبێت سەرکێشـــی لـــەوجۆرە بکـــات و ســـەرکەوتن بەدەســـت بهێنێـــت ئـــەوا رەهەنـــدی خۆپیشـــاندان دەبێتـــە رەهەنـــدێکی کوردســـتانی و لـــەو ململانـــێ سیاســـیە تەســـکە دەردەچـــێت کـــە لـــە ســـنووری ســـلێمانیدا هەیـــە. بـــە تایبـــەتی هـــەولێر پایتەختـــەو ئەگـــەر پایتـــەخت نەبێتـــە بنکـــەی ســـەرەکی خۆپیشـــاندان ئـــەوە ســـەرئەنجام ئاراســـتەی خۆپیشـــاندانەکان دەگەڕێتـــەوە ســـەر ئەســـڵی مەســـەلە سیاســـیەکە کـــە ئـــەویش ململانێـــی نێـــوان ســـەرکردایەتی گـــۆڕان و یەکێتیـــە. ئەوســـاش بـــە ئاشـــکرا دەردەکـــەوێت کـــە چـــۆن خواســـتەکانی جـــەماوەر لـــە پێنـــاوی ململانێـــی سیاســـیدا بـــەکارهاتووەو لـــەبری ئـــەوەی حیـــزب و دەســـتەو گروپـــی سیاســـی لـــە خزمـــەتی جـــەماوەردا بـــن جـــەماوەر دەکرێـــت بـــە ئـــامراز لـــە پێنـــاوی ئامانجـــەکانی حیـــزب و دەســـتەو گروپـــی سیاســـیدا. ئەمـــەش دیســـان دەمگێڕێتـــەوە بـــۆ چـــەند بارەکردنـــەوەی ئـــەو رســـتەیەی کـــە لەســـەروبەندی دەرکـــەوتنی گۆڕانـــدا نووســـیم: گـــۆڕان ئەگـــەری درووســـتبوونی ئۆپۆزســـیۆنێکی سرووشـــتی لـــە هـــەناوی کۆمەڵگـــەی کوردیـــدا لـــەباربرد، ئەگـــەر خۆپیشـــاندانەکان هـــەر لـــە بـــەردەرکی ســـەرای ســـلێمانیدا بمێنێتـــەوە ئـــەوا ئـــەمجارە کۆرپـــەی لـــە دایکبـــووی جـــەماوەر لـــە پێنـــاوی ململانێـــی گەیشـــتن بـــە دەســـەڵاتی خۆیاندا بە کۆرپەیی بە خاك دەسپێرن.

وشەی راپەڕین هەڵگری مانایەکی گرنگە لە مێژووی کوردو هەموو ئەو گەل و نەتەوانەدا کە وەکو کورد دووچاری ژێردەستەیی دوورو درێژو چەوساندنەوەی بێ سنوور بوونەتەوە. راپەڕین بە گوێرەی کورد هەڵگری دوو مانای ئاشکرایە کە یەکەمیان رەتکردنەوەی پرۆسەی دوورو درێژو بەردەوامی چەوساندنەوەو ژێردەستەیی و دابەشکردنی ولات و داگیکردنییەتی. دووەمیان لە پشتی ئەو رەتکردنەوەیەوە ئامانجێك هەیە کە ئەویش بیناکردنی پرۆژەی بنیادنانەوەو خۆدرووستکردنەوەیە بۆ ئایندە. کەواتە کاتێ باسی راپەڕینی خەڵکی کوردستان دەکەین دەبێ لەم دوو روانگەیەوە لێی بڕوانین.

بە گوێرەی خاڵی یەکەمیان راپەڕین لە مێژووی کورددا لە مێژە دەستی پێکردووە چونکە لە رابردوویەکی دێرینەوە کورد لە رووی داگیرکەرانی ولاتەکەیدا راوەستاوەو هەوڵیداوە بوون و دەسەلاتی ئەوان لەسەر جوگرافیای خۆی رەت بکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش رێگای جۆراوجۆری خەباتی لەبەر گرتووە. وەکو ئاشکراشە کورد وەکو نەتەوە هەمیشە ناچار کراوە کە رێگا جۆراوجۆرەکانی راپەڕین لەبەر بگرێت چونکە راپەڕین رێگایەك بووە بۆ بەرگری لە خۆکردن و بۆ خۆپاراستن. دیارە شێوازی رەفتارو سیاسەتی دڕندانەی داگیرکەرانی کوردستان کاریگەری ئاشکرای هەبووە لەسەر سرووشتی راپەڕینەکانی کورد.

وەك دەزانین داگیرکەرە جۆراوجۆرەکانی کوردستان رێگای جۆراوجۆریان بەکارهێناوە بۆ زیاتر تێکشکاندنی کەسێتی نەتەوەیی کوردو تەنانەت سڕینەوەی شووناسی ئەم نەتەوەیە. تاکە رێگاش لەبەردەمی کورددا بۆ پارێزگاری کردن لە خۆی و لە بوون و شووناسی نەتەوەیی خۆی رێگای خۆبەدەستەوە نەدان بووە کە ئەویش لە شێوازی راپەڕینی جۆراوجۆردا بەرجەستە بووە. لە چلەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا کە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر بە کورد رۆژ لە دوای رۆژ خراپتر دەبوو، کورد بە رابەرایەتی بنەماڵەی بەدرخانییەکان دژی ئەو سیاسەتە دوژمنکارییەی تورکە عەسمانییەکان راپەڕی کە مەبەستیان سڕینەوەی شووناسی کوردی بوو. ئەو راپەڕینەش نایەکی ئاشکرا بوو بە رووی داگیرکەرانی کوردستان و سیاسەتی نامرۆڤانەیاندا بەرامبەر بە گەلی کورد. هەر بە دوای ئەوەدا کە سیاسەتی دەوڵەتی

عوسمانی لە ڕەوتی خراپی خۆی بەردەوامبوو، شێخ عوبەیدوڵای نەهری لە سەرەتای هەشتاکانی ئەو سەدەیەدا سەرکردایەتی ڕاپەڕینێکی بەربڵاوی کرد دژی دەوڵەتی داگیرکەری تورك‌و بە مەبەستی بەرگری کردن لە کوردو شووناسی کوردی. هەروەك لە گەیشتنی ئینگلیزەکان بە ناوچەکە لە سەروبەندی جەنگی یەکەمدا شێخ مەحمودی حەفیدزادە سەرکردایەتی ڕاپەڕینی کوردی لە باشووری کوردستان بە دژی سیاسەتی ئینگلیزەکان کرد. بەدوای ئەوەدا ڕاپەوڕینی شێخ سەعیدی پیران و سمکۆی شەکاك و سەید ڕەزای دەرسیم و دروستکردنی کۆماری کوردستان لە مهابادو ڕاپەڕینەکانی ساڵانی سی و چلەکانی بارزان و تا دەگاتە شۆڕی ئەیلول و شۆڕشی نوێ‌و خەباتی نەپساوەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باکور.. هەموو ئەمانە خەباتی کوردن لە پێناوی مافە ڕەواکانیدا، بەڵام ئەم ڕاپەڕینانە بە هۆی دڕندەی دوژمنانەوە تەنیا سرووشتی چەکدارانەیان هەبووە. گۆڕینی شێوازی خەبات لە ڕاپەڕینی چەکدارییەوە بۆ ڕاپەڕینی مەدەنی لە ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای سلێمانی لە سییەکانی سەدەی بیستدا وەکو قۆناغێکی نوێ لە خەباتی گەلی کورد لە پێناوی مافەکانی و ڕەتکردنەوەی سیاسەتی ناجۆری دوژمانی داگیرکەردا دادەنرێت.

خەباتی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا سەرباری خەباتی پێشمەرگایەتی لە شاخ، هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە هەنگاوێکی تری ناو، جەماوەری خەڵکی کوردستان ناو بەناو ڕێگای خۆپیشاندان و شێوازی خەباتی مەدەنیان لەبەر دەگرت. ڕاپەڕینەکانی خوێنکاران لە بەهاری ساڵی 1982 و خۆپیشاندانی جەماوەریی لەو ساڵانەدا لە شارۆچکەکانی وەکو هەڵەبجەو قەڵادزێ‌و پێنجوێن سەرتای قۆناغێکی نوێن لە خەباتی خەڵکی کوردستاندا دژی داگیرکەری وڵاتەکەیان. هەروەك خۆپیشاندانی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی سەلاحەدین و موسڵ لە بەهاری 1984 و لەسەروەختی گفتوگۆی نێوان ڕژێم و یەکێتی نیشتیمانیدا ڕووبەری خەباتی مەدەنی خەڵکی کوردستانی زیاتر بەرەو پێدا. ئێمە دەزانین کە لەو خۆپیشاندانە مەدەنیانەی کە خەڵکی کوردستان لە نێوەی یەکەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەنجامیان دەدا، هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژێم بە ئاگرو ئاسن ڕووبەڕی جەماوەری بێ چەکی کوردستان دەبوونەوە، بەڵام جەماوەر جەسوورانەو بێترس درێژەی بەو جۆرە خەباتە دەداو ئەو بۆچوون و تێڕوانینە لە لای خەڵکی کوردستان دروست بوو کە سەرباری بە گرنگ‌و پیرۆز سەیرکردنی خەباتی پێشمەرگایەتی، دەشێ کورد ڕێگای خەباتی مەدەنی لە ڕێگای خۆپیشاندانەوە

بگرێتەبەر. هەرچەندە ئەم جۆرە خەباتەیات تەنیا بۆ ئەو ولاَتانە دەبێت کە سیستێمی سیاسیو بەڕێوەبردنی دیموکراسی تێدا بێت و جەماوەر لە ڕێگای خۆپیشاندانەوە فشار بخەنە سەر حکومەت بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان کە زیاتر داواکری باشترکردنی بارودۆخی ژیانی جەماوەرە لە رووی ئابووریو بەشێك لە ئازادییەکانەوە، بەلاَم بە گوێرەی سەردەمی دەسەلاَتی رژێمی فاشی بەعسدا نەك هەر دیموکراسی لە عێراقدا نەبوو بەڵکو خودی ئەو سیستێمە سیاسییە لەسەر بنەمای کوشتنو بڕین درووست بووبوو، هەر لەبەر ئەوە بۆ پارێزگاری کردن لە خۆی هەموو توندو تیژییەکی بەکار دەهێناو ئەوەشی بە مافی رەوای خۆی دەزانی.

وەکو ئاشکرایە خەباتی چەکداری لە کوردستاندا دژی دوژمنی داگیرکەر هەتا ساڵی 1991 بەردەوام بوو واتە هەتا ئەو ساتەوەختەی کە خەباتی خەڵکی کوردستان لە ئەنجامی شکستی هێزەکانی رژێم لە جەنگی دووەمی کەنداودا شێوازێکی تری بە خۆیەوە گرت کە ئەویش شێوازی راپەڕینی بەرفراوانی جەماوەری خەڵکی کوردستان بوو. ئێستا ئێمە رووبەڕووی دوو زاراوەی تر دەبینەوە کە ئەوانیش خۆپیشاندان و راپەڕینە. خۆپیشاندان وەکو لەسەرەوەش ئاماژەمان بۆ کرد شێوازێکی هێمنە کە جەماوەر بە گشتی یان رووبەرێکی دیاریکراو لە جەماوەر لە پێناوی داواکارییەکانیدا لەبەری دەگرێت کە ئەو داواکارییانەش زیاتر خاسێتی داواکارییە پیشەیی یان نیقابییەکانیان هەیە. بەلاَم راپەڕین هەروەکو لە ناوەکەیدا دیارە ئەو پرۆسە یان ئۆپەراسیۆنەیە کە ئامانجەکەی رووخاندن یان هەڵوەشاندنەوەی سیستێمێکە بە مەبەستی دامەزراندنی سیستێم یان دەسەلاَتێکی نوی. هەر لێرەوە ئامانجەکانی راپەڕینی بەهاری 1991 ی جەماوەری خەڵکی کوردستان دەردەکەوێت. لە دوای خراپترینو سەختترین شالاَوی رژێمی داگیرکەری عێراقی بۆ سەر کوردستانو گەلی کورد کە ئامانجەکەی پاکتاوکردنی رەگەزی گەلی کورد بوو، راپەڕینی جەماوەری خەڵکی کوردستان بە دژی ئەو رژێمە سەرکوتکەرە دەستی پێکردو بۆ یەکەمجار لە لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقی عەرەبییەوە، کورد لەو راپەڕینە جەماوەرییەدا توانی نیشتیمانەکەی خۆی بە کەرکوکیشەوە رزگار بکات. ئەمەش ئەو راستییەی سەلماند نە کورد دەتوانێت دەستبەرداری بستێك لە نیشتیمانەکەی خۆی بێت، نە داگیرکەریش دەتوانێت بۆ هەتا هەتایە نیشتیمانی کورد داگیر بکات. راپەڕین کە یەکەم

چەخماخەی لە دەروازەی راپەڕینەوە دەستی پێکرد لەگەڵ کردنەوەی ئاگری نەورۆزدا دڵی تاریك و تەزیووی کەرکوکیشی رووناك و گەرم کردەوە.

ئەوەی لە راپەڕیندا بینرا یەکێتی گەلی کورد بوو بە هەموو دیدو بۆچوون و تێڕوانینە جیاوازەکانەوە کە وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو لە رووی رژێمی داگیرکەرو هێزە سەرکوتکەرەکانیدا راپەڕی و هەر ئەفسوونی ئەو یەکگرتنەش بوو کە چۆکی بە هێزەکانی رژێم دادا. یەکێکی تر لە دەرئەنجامەکانی راپەڕین زیندووبوونەوەی رۆحی مەعنەوی خەڵکی کوردستان بوو کە پاش ئەو هەموو کارەساتانەی کە داگیرکەر بەسەر وڵاتەکەیدا هێنابوو، ئەو راستیە ئاشکرا بوو کە هیچ هێزێك ناتوانێت هەرەس بە گەلی کورد بهێنێت و هەرگیز گیانی بەرگری و بەرخوردان لای ئەم نەتەوەیە هەرەس ناهێنێت. راپەڕین جارێکی تر مەعنەویاتی خەڵکی کوردستانی زیندوو کردەوەو ئەو راستیە بۆ جەماوەر دەرکەوت کە ئەگەر یەکگرتووبن ئەوا هیچ هێزێك ناتوانێت لە روویاندا بووەستێت.

ئێمە دەزانین هەرچەندە راپەڕین بۆ ماوەیەکی کورت دووچاری شکست هات بەڵام هێزی راپەڕین نەبەزیبوو. ئەگەر راپەڕینی یەکەم وەکو سەرەتای پرۆژەیەك سەیر بکەین ئەوا ئەو پرۆژەیە بەردەوام بوو تا هێزەکانی رژێم لە دوای شکستی یەکەمی راپەڕین ناچار بوون رووبەرێکی فراوان لە کوردستان چۆڵ بکەن و سەرئەنجام حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو رووبەرە جوگرافییە پێکهات. کە ئەویش بەرهەمی راپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 ی جەماوەری خەڵکی کوردستان و خەباتی نەپساوەی هێزی پێشمەرگە بوو. ئەگەر ئێمە وەکو پرۆژەیەك سەیری راپەڕین بکەین هەرچەندە لە خۆیدا خاسێتی پرۆژەی نەبوو، وەکو جۆرێك لە کاردانەوە بەرامبەر بە سیاسەتی دڕندانەی بەعس، راپەڕین روویدا بەڵام هێشتا لەو رووە راپەڕین وەکو پرۆژەیەکی ناتەواو ماوەتەوە و تەواوو کردنی ئەو پرۆژەیە بە گێڕانەوەی تەواوی ئەو بەشە فراوانەی کوردستان دەبێت کە تاکو ئێستاش لە ژێر سایەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدایە. هەنگاوی دووەمی پرۆژەی راپەڕینیش سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە لەسەر جوگرافیای کوردستان چونکە کاتێ جەماوەر لە راپەڕینێکی عەفەویدا هەموو کوردستانی رزگارکرد، مانای ئەوە بوو، بە داگیرکەری وڵاتەکەیی گووت ئەمە خاك و نیشتیمانی ئێمەیەو ئەمڕۆ یان سبەی تۆی لێدەردەکەین و

تەنیا خۆمان ماف ئەوەمان هەیە ولآتی خۆمان بەڕێوەببەین. بێگومان سەرباری ئازادکردنی هەموو کوردستان و سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ئامانجێکی تری ڕاپەڕینیش بیناکردنی سیستێمێکی فەرمانڕەواییە کە نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی کوردستان بکات و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و بیناکردنەوەی کوردستان و گواستنەوەی کۆمەڵگەی کوردی لە کۆمەڵگەیەکی بەکارهێنەرەوە بگوازێتەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن، هەتا کەسێتی کوردی ببێتە کەسێتییەکی کاراو لەسەر پێی خۆی رابوەستێت بۆ ئەوەی جارێکیتر داگیرکەرانی کوردستان نەتوانن شکست بەو کەسێتییە بهێنن چونکە پرۆژەی راپەڕین کاتێك دەبێتە پرۆژەیەکی تەواو کە کەسێتی کوردی لە باری هەست بە شکست و پاشکۆیەتی رزگار بکرێت و ببێتە کەسێتییەك هەست بە بوونی راستەقینەی خۆی بکات و لەسەر پێی خۆی رابوەستێت و لەبەردەمی کەسدا نەچەمێتەوە. هەر ئەوکاتەش مرۆڤی کورد هەست دەکات کە ئەم خاوەنی خۆی و نیشتیمانی خۆیەتی هەر ئەو کاتەش ئاستی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتیمانی لای تاك بە تاکی کورد بەهێز دەبێت کە هەست بکات لەسەر خاکی خۆی و لەسایەی دەسەلآتی خۆماڵی کوردیدا بوون و کەرامەت و ژیان و هەموو مافەکانی پارێزراوەو ئەوەش وای لێدەکات بە دڵسۆزی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات.

### 35- کام ستراتیژی کارکردن

مەبەست لە وشەی ستراتیژ هونەری نەخشە دانانە بۆ جێبەجێکردنی پلان یان پرۆژەیەك. بەزۆری ئەم زاراوەیە لە بواری سیاسەتدا بەکاردێت و زۆرینەی ولآتانی خاوەن دەوڵەت و شووناس دامەزراوەی تایبەتی خۆیانیان هەیە لە ژێر ئەم ناونیشانەداو لە زۆرێك لە ولآتانیش دامەزراوەی ستراتیژ، یان دەزگای لێکۆڵینەوەی

ستراتیژی دەوری کاریگەر دەبینێت لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیداو لەسەر بنەمای توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکانی ئەم جۆرە دەزگاو دامەزراوانە ولآت یان دەوڵەت هەندێ بڕیاری گرنگ و چارەنووس ساز دەدات. لە کوردستان راستە لە دوای راپەڕینەوە دەزگایەك بەم ناوەوە هەیە بەلاّم ئەم دەزگایە لەبری ئەوەی کە دەزگایەکی نەتەوەیی بێت بە داخەوە دەزگایەکی حیزبیەو بە پێی واقیعی رۆشنبیری سیاسی و بەئاگایی نوخبەی سیاسی و ئەکادیمیانی بواری زانستە سیاسیەکان تاکو ئێستا نەك مەسەلەی ستراتیژ نەبووەتە بابەتێك کە شووناس یان جێگای هەبێت بەڵکو ئەکادیمیەکانی بواری زانستە سیاسیەکانیش بەداخەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لەگەڵ زۆرینەی ئەو کەسانەی کە لە کوردستان لە رێگای کاری حیزبیەوە هاتوونەتە ناو بواری سیاسەت. مەبەستمان لەم قسەیەش ئەوەیە کە تاکو ئێستا سیاسەت و ستراتیژ وەکو بابەتی زانستی یان پرۆفیشن سەیرناکرێن و بکەری زانستی سیاسی و ستراتیژیش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا نەبوونەتە کەسانی پرۆفشناڵ هەتا بتوانن بابەتیانە لەو بوارانەدا کار بکەن.

بەرژەوەندییەکانی نوخبەی سیاسی یان ستراتیژی نەتەوەیی؟

ئێمە لێرەدا دەمانەوێت لە تەنیا روانگەیەکەوە سەیری ئەوبەشەی ستراتیژ بکەین کە دەشێ لەم بەشەی کوردستاندا بە ستراتیژی نەتەوەیی لە ئێستادا دابنرێت واتە نامانەوێت لەسەر ئاستی گشتی باسی ستراتیژی نەتەوەیی کورد بکەین یان لە بارەی کوردستان لە ستراتیژی دەوڵەتاندا بدوێین بەلاّم رەنگە ناراستەخۆ ناچارببین لەبارەی ستراتیژی ئەو دەوڵەتانەوە بدوێین کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوەو بارودۆخی ئێستای کوردستانی عێراق راستەوخۆ یان ناراستەخۆ کاریگەری لەسەر ئەوانیش هەیە کە دەشێ ئەو کاریگەریە سەبارەت بە کوردی بەشەکانی تری کوردستان کاریگەرییەکی پۆزەتیف بێت و بەرامبەر بەدەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانیش کاریگەرییەکی نێگەتیف بێت کە ئەم هاوکێشەیەش راستەوخۆ و ناراستەخۆ کاریگەری پێچەوانەی لەسەر ئەزموونی دەسەلاّتداری هەرێمی کوردستان هەیە.

ئەگەر ستراتیژی نەتەوەیی بریتی بێت لە دانای نەخشەی جێبەجێ کردنی پرۆژەیەك کە گوتاری ئەو پرۆژەیە بریتیە لە گوتاری نەتەوەیی کوردی و گەوهەری ئەو گوتارەش خۆی لە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیدا ببینێتەوە، ئەوا دەبێ ئێمە خۆمان لە هەندێ خەیاڵ رزگار بکەین و لە ئێستادا باس لە سنوور و رەهەندەکانی ستراتیژی نەتەوەیی

لەم بەشەی کوردستاندا بکەین و بەو پێیەش دەبێ بڕوا بەوە بهێنین کە گەوهەری ئەو گوتارەی کە رۆحی ستراتیژی نەتەوەیی کورد لەم بەشەی ئێستای کوردستاندا پێکدەهێنێت لەو سیاقەدا بەرجەستە دەکرێت کە داخۆ زیاترین دەستکەوتێك لە مافە بنەڕەتیەکانی کورد کە دەشێ لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان یان خەڵکی هەرێمی کوردستان لە رێگای خەباتی دیموکراسی و یاساییەوە بەدەستی بهێنن چیەو چۆن دەتوانن هەموو قورسی خۆیان بەکاربهێنن بۆ بەدەستهێنانی زیاترین رێژەی شیاو لە مافەکانی کورد. واتە ئێمە دڵنیاین لە بارودۆخی ئێستای عیراق و ناوچەکەشدا کورد نەوەکو نەتەوە نەوەکو ئەم بەشەی کوردستان ناتوانێت بگات بە هەموو مافە نەتەوەییەکانی کە خۆی لە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیدا دەبینێتەوە. بەڵام ئایا کارکردن بە لۆجێکی عەقڵ و بە بڕوابوون بەوەی کە مادەم بڕوامان بە خەباتی دیموکراتی و یاسایی هەیە مانای وایە دەستکەوتەکانی کورد بە شێوەی هێمن و بە دوای یەکدا جێبەجێ دەکرێن و ئەم شێوازەش لە کارکردن دەشێ لە روویەکی ترەوە شانبەشانی کاریگەری نێگەتیف لە هەمان کاتدا کاریگەی پۆزەتیفیشی هەبێت. ئەویش ئەوە بێت کە کورد هێدی هێدی ئامادە دەبێت بۆ خۆ بەڕێوەبردن و بۆ بیناکردنی عەقڵی دامەزراوەیی و بۆ بە سیستەمکردنی کوردستان لەرووی ئیداری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و عەقڵیشەوە. کەواتە ئەگەر بارودۆخی کوردستان بەمجۆرە بێت ئایا دەبێ لە قۆناغی ئێستادا سەرکردایەتی سیاسی کوردو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان چۆن کاربکات و چ ستراتیژێك پەیڕەو بکات؟

ئێمە باش دەزانین کە سیاسەتی خراپی داگیرکەرانی کوردستانی بەرامبەر بە گەلی کورد ئەوەی لە کۆنەستی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیدا بەرهەمهێناوە کە هەمیشە کورد خۆی وەکو ئۆپۆزسیۆن ببینێت. ئەوەش ئاشکرایە کە ئەو بارەی ئۆپۆزسیۆنی تێدایە لە هیچ کاتێکدا بارێکی ئەوتۆ نییە کە بەهێمنی و بە لۆژیکی عەقڵ و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندندا کاربکرێت بەڵکو بەپێچەوانەوە واقیعی ناجۆری کوردستان وایکردووە کە هەمیشە ئێمە کە لەسەنگەری ئۆپۆزسیۆندا بووین بکەوینە ژێرکاریگەری مۆتیڤی سۆزو عاتیفەو هەڵچوونەوەو هەم جوڵەو هەڵس و کەوت و تەنانەت بڕیاردانیشمان وەکو بەرهەمی ئەو توخمانەو کاردانەوە دەربکەوێت و ئەوەش وابکات کە ئێمە لەبری ستراتیژ هەمیشە کارەکانمان کاتی بێت و بچێتە سیاقی تاکتیکی ئاسایی رۆژانەوە. بەهەرحاڵ ئەگەر بارودۆخی هەست بە ئۆپۆزسیۆنکردنی کورد لە

عێراقـــدا تـــاكو راپـــەڕینی 1991 و تەنانـــەت ئەگـــەر تـــا رووخانـــدنی رژێمـــی بەعســـیش پاســـاوێكی هـــەبووبێت بـــەوەی كـــە ئێمـــە لەبـــەردەم هەڕەشـــەداین ئـــەوا دەبـــێ بـــزانین لـــە دوای روخانـــدنی بەعســـەوە هـــیچ بیـــانوو پاســـاوێك نەماوەتـــەوە بـــۆ ئـــەوەی كـــە ئێمـــە لـــە عێراقـــدا چـــیتر خۆمـــان بـــە ئۆپۆزســـیۆن بـــزانین بەتا یبـــەتی كـــە لـــەماوەی رابـــردوودا ئێمـــە وەكـــو كـــوردو وەكـــو هـــەرێمی كوردســـتان بەشـــداری واقیعیانـــەی سیســـتەمی فـــەرمانڕوایی بـــووین لـــە عێراقـــدا ئـــیتر ئـــەو پێگەیـــەی خۆمانمـــان تـــا چ ئاســـتێ بـــەكارهێناوەو چـــۆن كارمـــان كـــردووە ئـــەوەیان مەسەلەیەكی ترە.

گەڕانەوە بۆ دواوە:

نامـــەوێت زۆر بگەڕێمـــەوە بـــۆ دواوە بـــەڵكو بـــە خێرایـــی چـــەند قســـەیەك لەســـەر چـــۆنێتی رەفتـــاركردنی كـــورد دەكـــەین لـــەو گفتوگۆیانـــەی كـــە لەشۆڕشـــی ئەیلولـــەوە لەگـــەڵ رژێمـــەكانی عێـــراق كردوویـــەتی و ئـــەو پرســـیارە دەكـــەین ئایـــا كـــورد وەكـــو پێكهاتەیـــەكی ســـەرەكی كۆمەڵگـــەی عێراقـــی بەلایـــەنی كەمـــەوە لـــە روانگـــەی خۆیـــەوە گفتوگـــۆی لەگـــەڵ حكومـــەتی مەركـــەزی كـــردووە یـــان هەمیشـــە وەكـــو نەتـــەوەی ژمـــارە دوو هاتۆتـــە نـــاو گفتوگۆكانـــەوە؟ بێگومـــان ئەگـــەر لـــە روانگـــەی ئـــەو داواكارییانـــەوە ســـەیر بكـــەین كـــە كـــورد لـــە گفتوگۆكانـــدا هـــەیبووە ئـــەوا بـــە ئاشـــكرا بۆمـــان دەردەكـــەوێت وەكـــو نەتـــەوەی ژمـــارە دوو هاتۆتـــە نـــاو ئـــەو گفتوگۆیانـــەوە. كـــە داواكارییەكـــەی لەســـەرەتاوە بـــریتی بـــووە لـــە لامەركـــەزی و پاشـــان ئۆتۆنـــۆمی كـــە دیـــارترین گفتوگۆیـــەك كـــە ســـەركردایەتی كـــوردی قورســـیەكی هـــەبووبێت تیایـــداو كەســـێتی خـــۆیی بـــەكارهێنابێت و ئاســـتی گفتوگۆكـــانیش گەیشـــتبنە بارێـــك كـــە بەرپرســـانی حكومـــەتی مەركـــەزی بكەونـــە ســـەفەری بەرامبـــەر بـــۆ كوردســـتان و بـــۆ لای سەركردایەتی بارزانی تەنیا ئەو گفتوگۆیە بووە كە رێككەوتننامەی ئازاری لێكەوتەوە.

ئـــەم بـــارەی كـــە كـــورد لـــە گفتوگۆكانـــدا ســـتراتیژێكی دیـــاری نـــەبێت بێجگـــە لـــە گفتوگـــۆی ئـــازار تەنانـــەت بـــە گفتوگـــۆی ســـاڵی 1983-1984ی یـــەكێتی نیشتیمانیشـــەوە لەگـــەڵ بـــەعس ئەمـــەش راســـتی ئـــەو قســـەیە دەســـەلمێنێت كـــە ئـــەم بزووتنەوانـــەی ئێمـــە نـــەك ســـتراتیژی نەتـــەوەییان لەســـەر ئاســـتی كوردســـتانی گـــەورە نـــەبووە بـــەڵكو جۆرێـــك لـــە ســـتراتیژی كاركردنیشـــیان لەســـەر بنـــەمای ســـەیركردنی ئـــەم بەشـــەی كوردســـتانیش وەكـــو بەشـــێك لـــە كوردســـتانی گـــەورە نـــەبووە. بەهـــەرحاڵ گریمـــان بـــۆ ئـــەو بارودۆخـــەی ســـەردەمی رژێمـــی تۆتالیتـــاری بـــەعس كـــە هـــەم ئـــەو رژێمـــە نوێنـــەری ناسیومالیســـتی عـــەرەبی بـــوو هـــەم رژێمێكـــی بـــەهێز بـــوو گـــوێی بـــەكورد نـــەدەگرت، بـــەڵام لـــە دوای رووخانـــدنی ئـــەو رژێمـــە بارودۆخەكـــە

گـــــۆڕانی گـــــەورەی بەســـــەردا هـــــاتووەو ئـــــەمجارەیان کـــــورد دەوری کاریگـــــەری بینیـــــووەو دەبینێـــت لـــە بنینـــا کردنـــەوەی دەوڵـــەتی نـــوێی عێراقیـــدا. کەواتـــە ئایـــا ڕەوایـــە هێشـــتا کـــورد وەکـــو ئۆپۆزســـیۆن ســـەیری خـــۆی بکـــات و لـــە هـــەمان کاتیشـــدا نـــەتوانێت خـــۆی لـــەوبارەی هەســـت بـــە برابچـــووکی کردنـــە دەربکـــات کـــە لـــە مێـــژووی درووســـتبوونی دەوڵـــەتی عێراقـــەوە لـــە کۆنەســـتی کۆمەڵایـــەتی کۆمەڵگـــەی کوردیـــدا جێگـــای گرتـــووە؟ بەهـــەرحاڵ ئێمـــە چـــاك دەزانـــین هـــەتا ئێســـتاش لـــەو عێراقـــەدا کـــە بـــەدەر لـــە ویســـت و خواســـتی خـــەڵکی کوردســـتان ئـــەم بەشـــەی وڵاتەکـــەمان بـــە گـــەل و خاکـــەوە لکێنـــدراوە بـــەم عێراقـــەوە. کـــەلتووری ســـەرکوتکردن و داپڵۆســـین و پـــەروەردەی بـــەردەوام بـــە چـــەمکی نەتـــەوەی یەکـــەم و نەتـــەوەی دووەم ئـــەوەی لـــە کۆنەســـتی ئێمـــەدا درووســـت کـــردووە کـــە ئێمـــە خـــاوەنی ڕاســـتەقینەی ئـــەم عێراقە نین.

ئێمـــە ئـــەو ڕاســـتیە بـــاش دەزانـــین کـــە کـــورد لـــەم بەشـــەی کوردســـتاندا ســـتراتیژێکی ئاشـــکرای کارکردنمـــان نـــەبووەو هەمیشـــە وەکـــو کاروبەرنامـــەی ڕۆژانـــە ســـەیری کێشـــەکەمانمان کـــردووەو ســـەیری ئەوهەڵکشـــان و داکشـــانانەمان کـــردووە کـــە لـــە هێـــزی داگیرکـــەری وڵاتەکەمانـــدا ڕوویانـــداوە. کـــە حکومـــەتی مەرگـــەزی بـــەهێزبووبێت بـــەجۆرێك ڕەفتارمـــان کـــردووەو کـــە لاوازیـــش بووبێـــت بـــە جـــۆرێکی تـــر. کـــە دەوڵـــەتانی دەوروبـــەر ئاماژەیـــەکی هاریکـــاری و پشـــتگیریان نیشـــاندابین کـــە بێگومـــان لـــە پێنـــاوی بەرژەوەندییـــەکانی خۆیانـــدا بـــووە، وامـــان لێکداوەتـــەوە کـــە ئـــیتر ئێمـــە پشـــتمان هەیـــەو ئـــیتر بێبـــاك بـــووین. هـــەموو ئەمانـــەش ئـــەوە دەســـەلمێنن کـــە ئێمـــە وەکـــو کـــورد لـــەم بەشـــەی کوردســـتاندا خـــاوەنی ســـتراتیژێکی دیـــارو ئاشـــکرای کـــارکردن نـــەبووین و ئـــەوەش بـــەردەوام زیـــانی گـــەورەی لـــە بزووتنـــەوەکانمان داوە. بزووتنەوەکـــەی شـــێخ عوبەیـــدولای نـــەهری و شـــێخ مـــەحمودو کۆمـــاری مهابـــادو شۆڕشـــی ئـــەیلولیش قوربـــانی دەســـت ئـــەم خـــراپ تێگەیشـــتنە بـــوون. لـــە بـــاری خـــراپ تێگەیشـــتن و خـــراپ لێکدانـــەوەی کـــوردەوە بـــۆ سیاســـەتی جیهـــان و بـــە تایبـــەتیش لـــە جـــەنگی دووەمـــی کەنـــداودا، پیتـــەر کالڤۆکۆرســـی لـــە کتـــێبی سیاســـەتی جیهانـــدا دەڵێـــت: ئەمـــە یەکـــەمجار نـــەبوو کـــە کوردەکـــان ئـــەو ئامـــاژە تەمومژاوییانـــەی کـــە لـــە لایـــەن هێـــزە گەورەکانـــەوە دەکـــرێن خـــراپ بخوێننـــەوە.( بڕوانـــە کتـــێبی Peter ( calvocoressi, world politics, 1996, p.472 . کالڤۆکۆریســـی ئـــەم ڕســـتەیە ســـەبارەت بـــەو خـــراپ تێگەیشـــتنە دەردەبڕێـــت کـــە کـــورد لـــە پـــێش دەســـتپێکردنی ڕاپـــەڕینی بـــەهاری 1991 دا بـــۆ هەنـــدێ لـــە قســـەو گوتارەکـــانی بۆشـــی بـــاوك هـــەیبوو. بەهـــەرحاڵ ئـــەو

سەردەمە کورد لە بارودۆخێکی هێندە ترسناکدا بوو ئیلهامی زیندوو بوونەوەو راپەڕینی لە سادەترین ئاماژەوە وەردەگرت بەڵام ئەوەی کە سادەیی ئێمە لە لێکدانەوەو شیکردنەوەی بارودۆخ و پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان بەرهەم دەهێنێت بریتییە لە ئاستی لاوازی تێگەیشتن و هوشیاری سیاسی و تێنەگەیشتن لە گرنگی بەرنامەو ستراتیژی کارکردن. بەهەرحاڵ ئێمە لە رابردوودا بەمجۆرە کارمان کردووەو شێوازی ئەوجۆرە کارکردنانەش زیانی زۆری لێداوین و تەنانەت لە دوای روخاندنی رژێمی بەعس و دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق و دەوری کاریگەری کوردیش لە درووستکردنەوەی عێراقدا هێشتا ئێمە نەمانتوانی بەجۆرێك کاربکەین کە زۆر جیاواز بێت لە قۆناغەکانی پێشتر. خۆ ئەگەر ئێمە وەکو کورد لەم بەشەی کوردستاندا خاوەنی بەرنامەیەکی دیارو ستراتیژێکی نەتەوەیی بووینایەو لە بری ئەوەی وەکو حیزب و وەکو دەستەو گروپی دابەشبوو کارمان بکردایە وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو واتە وەکو نەتەوەو بە بەرنامەیەکی نەتەوەییەوەو لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی نەتەوە کارمان بکردایەو ستراتیژی نەتەوەییمان هەبووایە، بێگومان دەمانتوانی لە رابردوودا زۆر لە داواکارییە رەواکانمان بەدەست بهێنین. بەڵام دیارە ئەوەندەی ئێمە لەم بەشەی کوردستاندا بە مۆتیڤی سۆزو عاتیفە کارمان کردووە ئەوەندە بە مۆتیڤی عەقڵ و بەپێی بەرنامەو لە چوارچێوەی ستراتیژی نەتەوەییدا کارمان نەکردووە. ئەوەندەی کەوتینە ژێرکاریگەری نەرجسیەتی تاکەکەسی خۆمان و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مەکسەب و مەنسەب ئەوەندە لە چوارچێوەی دیاریکراوی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەدا کارمان نەکردووە.

**کوردو سوونە پارسەنگی شیعە:**

کورد کە لە سەروبەندی فەتحی ئیسلامی بۆ دواوە چووەتە سەر ئایینی ئیسلام و دەستبەرداری ئایینی پێشتری خۆی بووە، دەشێ بە دیارترین نەتەوە دابنرێت کە نەیتوانیووە نە لە رابردووداو نە لە مێژووی نوێشدا واتە مێژووی دەرکەوتنی ناسیونالیزم لە پێناوی بیناکردنی کەسێتی نەتەوەیی خۆیدا سوود لە ئیسلام وەربگرێت. عەرەبەکان و فارسەکان و تورکەکان کە دواتر هەرسێکیان وەکو سێ نەتەوەی بەهەژموون بوونەتە خاوەنی سێ کەلتووری باڵادەست بەسەر کەلتووری کوردییەوەو دەوڵەتەکانیشیان بوونەتە دابەشکەرو داگیرکەری کوردستان، هەریەکەیان بە جۆرێکی لەبەرچاوو بە ئاراستەی جیاواز سوودیان لە کەلتووری ئیسلامی و لە خودی ئایینەکەش وەرگرتووە لە پێناوی بیناکردنەوەی کەسێتی نەتەوەیی خۆیاندا.

ئێمـــه دەزانـــین بـــه ســـوونەبوونی کـــوردو لـــه نێـــو بەسوونەبوونیشـــیدا چـــوونه ســـەرمەزهەبی شـــافیعی کـــه مەزهـــەبی دەســـەلاّته رێگربـــووه لـــەوەی کـــه کـــورد ســـوود لـــه ئـــاییني ئیســـلام وەربگرێـــت لـــه پێنـــاوی بیناکردنـــەوەی کەســـێتی نەتـــەوەیی خۆیـــدا. ئەگـــەر گرفتەکـــه هـــەتا ئێـــرەش بووایـــه بـــۆ ئێمـــه دەشـــیا شـــتێك بوایـــه بـــه ئاســـایی ســـەیرمان بکردایـــه بـــەلاّم بـــا ســـەیری ئـــەو دیـــاردە ســـەیره بکـــەین کـــه بـــه تایبـــەتی لـــەم بەشـــەی کوردســـتاندا وەکـــو پیشـــتر ئێمـــه لـــه چـــەند باســـێکماندا لێـــی دواویـــن و باسمـــان لـــەوە کـــردووە کـــه چـــۆن لـــه درووســـتکردنی دەوڵـــەتی نـــوێی عێراقـــدا لـــه دوای رووخانـــدنی دەوڵـــەتی عوسمـــانی کـــورد کراوەتـــه پارســـەنگی ســـوونەی عـــەرەبی عێراقـــی لەبـــەر ئـــەوەی کـــه کـــوردی ولایـــەتی موســـڵ ســـوونەبوون بـــۆ ئـــەوەی کـــه هاوســـەنگیەك لـــه نێـــوان شـــیعەو ســـوونەی عێراقـــدا درووســـت ببێـــت. کەچـــی دواتـــرو هـــەر لەســـەردەمی پاشـــایەتیەوە، دەوڵـــەتی ســـوونەی عێراقـــی هـــیچ حســـابێکی بـــۆ ئـــەوە نـــەکردووە کـــه کـــوردیش لـــه رووی مەزهەبیـــەوە ســـوونەیەو هاومەزهـــەبی ئەوانـــەو لـــه بنەڕەتیشـــدا ئەمانـــه دەبـــوو ســـەربەخۆیی خۆیانیـــان هەبوایـــەو نەخرانایەتـــه ســـەر ئـــەو دەوڵەتـــەی کـــه نـــاوی عێراقـــی لێنـــرا بـــۆ ئـــەوەی شـــیعه نـــەتوانێت ئـــەوان بخـــوات. کەواتـــه ئەگـــەر لـــه رووی راســـتیەوە ســـەیر بکـــەین کـــوردو ســـوونەی عـــەرەبی لـــه عێراقـــدا پەیوەنـــدی و نزیکـــی تـــەواو لـــه نێوانیانـــدا هەیـــه، لەلایـــەك هاومەزهـــەبن لـــه لایـــەکی تـــر هـــەردووکیان کـــراون بەیـــەك پێکهاتـــه یـــان ســـەنگ بـــۆ ئـــەوەی لـــه بەرامبـــەر شـــیعەی عێراقـــدا جەمســـەر بـــن. بێگومـــان خـــاڵێکی لـــەوەش گـــرنگتر هەیـــه ئـــەویش ئەوەیـــه کـــه پێکهاتـــەی ســـوونەی عـــەرەب و تورکمـــان بـــه درێـــژایی ســـنووری نێـــوان عێراقـــی عـــەرەبی و کوردســـتان هاوســـنوورو تێکـــەلاّوی کـــوردن. لەســـەرووی هـــەموو ئەمانەشـــەوە ئەگـــەر بـــەراوردی ســـوونه بکـــەین بـــه شـــیعه لـــه عێراقـــدا ئـــەوا ســـوونه بـــریتین لـــه رووی مەدەنیـــەتی عێـــراق و شـــیعەش رووی لادێـــی عێـــراق و بگـــره ئـــەو عەقڵیەتـــه خێڵەکیـــەن کـــه ئـــیبن خەلـــدوون و دواتـــریش لـــه مێـــژووی نوێـــدا عـــەلی وەردی باســـیان لێـــدەکات وەکـــو هـــەڵگری عـــەقڵی بـــەدووی عـــەرەبی. ســـوونه سیاســـەت و کارەکـــانی ئاشکرایەو شیعەش شاراوەو پەردەپۆش کراوە.

کێشـــەکانی کـــورد لـــەم ولاّتـــەدا کـــه نـــاوی لێنـــراوە عێـــراق هـــەر لەســـەردەمی شـــێخ مـــەحمودەوە لەگـــەڵ حکومـــەتی ناوەنـــددا بـــووە کـــه ئـــەو حکومەتـــەش نوێنەرایـــەتی ســـوونەی عێراقـــی کـــردووە. بۆیـــه ئەگـــەر کـــەمێ بـــەروونی ســـەیر بکـــەین کـــورد لـــه عێراقـــدا کێشـــەی لەگـــەڵ شـــیعه نیـــەو بـــەو پێیـــەش ناشـــێت چارەســـەرکردنی کێشـــەکانی پەیوەندییـــەکی ئـــەوتۆی بـــه شـــیعەی عێراقەوە هەبێت.

**دەبێ کورد لە ئێستادا چی بکات؟**

**ڕەنگــە وەڵامدانــەوەی ئــەم پرســیارە هــەروا ئاســان نــەبێت، بــەڵام بــۆ ئێمــە وەکــو کــورد گرنگــە کــە بــزانین چــی دەکــەین و چــی لــەم واقیعــە نوێیــەدا ڕوودەدات و ســتراتیژی کــارکردنی ئێمــە بەلایــەنی کەمــەوە لــە ئێســتاوە بــۆ چــوار ســاڵی داهــاتوو چــی دەبێــت کــە ســەرەتای ئــەو ســتراتیژەش لــە ئێســتاوە دەســت پێــدەکات. یــەکێك لــەو خاڵانــەی کــە لــە ئێســتادا بــە هەڵوێســتی سیاســی کــوردەوە دیــارە بــۆ هاوپــەیمانی کــردن لەگــەڵ لایەنــەکانی عێراقــدا نــەتوانینی بڕیاردانــە ئەمــەش ئــەوەمان بــۆ دەردەخــات کــە تــاکو ئێســتاو لــە ئــەزموونی خۆیــدا کــورد ڕوانینێکــی ئاشــکرای نییــە بــۆ تێگەیشــتن لــە هەڵوێســتی دوو لایــەنی ســەرەکی بەرامبــەر بــە کــورد لــە عێراقــدا کــە ئــەوانیش هەڵوێســتی شــیعە بەگشــتی و هەڵوێســتی ســوونە یــان عەلمانیەکانــە لــە عێراقــدا کــە دەتــوانین بــە هەڵوێســتی ناسیونالیســتی عەرەبیشــی دابنــێین لــە عێراقــدا چــونکە ئەوانــەی کــە لــە دەرەوەی ئاراســتە شــیعەکان لــە ســوونەو شــیعەو تورکمــان کۆبوونەتــەوە نوێنەرایــەتی ئــەو ئاراســتانە دەکــەن کــە نایانــەوێت عێــراق لــە لایــەن شــیعەی عەمامــە بەســەر یــان شــیعەی نیمچــە ریشــدارەوە بــەڕێوەببرێت کــە پێیــان وایــە ئەمانــە لەهــەر ئاراســتەیەکیان بێــت عێــراق لــە نیشــتیمانی گــەورەی عــەرەبی دەکەنــەوەو ئەوەنــدەی کــە ئینتیمایــان بــۆ مەزهــەبی شــیعە هەیــە ئەوەنــدە ئینیتیمایــان بــۆ نەتــەوەی گــەورەی عــەرەب نییــە. کەواتــە لــە بــارودۆخێکی وەهــادا کــورد چــی بکــات؟ لەگــەڵ کــێ هاوپــەیمان بێــت؟ یارمــەتی کــێ بــدات بــۆ ئــەوەی ێــراق درووســت بکاتــەوە؟ ئایــا هاوپــەیمانێتی لەســەر چ بنەمایــەك ببەســتێت و ســتراتیژی ئــەو هاوپــەیمانێتی بەســتنە چــیەو دەبــێ بنــەمای ســەرەکی و خــاڵی گەوهــەری لەهــەر هاوپەیمانێتیەکــدا کــە کــورد دەیبەســتێت لــە عێراقــدا چــی بێــت؟ پــێش هــەموو ئــەم پرســیارانەش باشــتر وایــە کــورد لــە خــۆی بپرســێت ئایــا لــە عێراقــدا چــی دەســت دەکــەوێت؟ ئاســتی زیــاتری ئــەوەی کــە دەســتی دەکــەوێت لەگــەڵ کــام لایــەن و پێکهاتە زیاتر چاوەڕوان کراوە؟**

**هەنگاوێك بۆ دواوە:**

**لــە دوای ڕووخانــدنی ڕژێمــی ســەدام حســێنەوە حکومــەتێکی دانــراو بــۆ ســاڵێك و دوو حکومــەتی هەڵبــژێردراویش لــە لایــەن خەڵکــەوە درووســتبووە. حکومــەتی یەکــەم کــە بــۆ مــاوەی ســاڵێك بــوو ئــەیاد عــەلاوی ســەرۆکایەتی ئــەو حکومەتــەی کــرد تــوانی زەمینــە بــۆ یەکــەم هەڵبــژاردن لــە عێراقــدا خــۆش بکــات. دواتــر حکومــەتی جەعفــەری و دوای ئــەوەش حکومــەتی مــالیکی درووســت بــوون. کــورد ئــەزموونی بەشــداریکردنی دەســەڵاتی لــە هەرســێ**

حکومەتەکـــەدا هەیـــە. بـــا بپرســـین ئایـــا جیاوازییـــەك لـــە روانـــین و بـــیرو بۆچـــوونی ئـــەم ســـێ کەســـەدا هـــەبووە ســـەبارەت بـــە کـــوردو داواکارییـــەکانی کـــورد و شـــوێنی کـــورد لـــە عێراقـــدا؟ ئایـــا ئـــەوەی کـــە لـــە دەســـتووری داڕێـــژراوی عێراقـــدا هـــاتووە هـــەر لـــە سیســـتێمی فیـــدراڵی و هاوبەشـــی کـــوردو عـــەرەب لـــەم وڵاتـــەداو مـــادەی 140ی دەســـتووری عێـــراق و مەســـەلەی پێشـــمەرگەو نـــەوت و غـــازو... لـــە دوای حکومەتەکـــەی عـــەلاوی کـــە لەســـەردەمی ئـــەودا هێشـــتا دەســـتوور نەنووســـرابوو، هەریەکـــە لـــە دوو حکومەتەکـــەی تـــر تـــا چ ئاســـتێ دانیـــان پێـــداناوەو ئەگـــەر دانیـــان پێـــداناوە تـــا چ ئاســـتی کاریـــان کـــردووە لـــە پێنـــاوی جێبـــەجێ کردنیانـــدا؟ ئـــەی کـــورد خـــۆی چـــی کـــردووەو لـــەو بوارانـــەدا چـــەندێ کـــاری کـــردووە؟ ســـتراتیژی کـــارکردنی کـــورد لـــە دەوڵـــەتی نـــوێی عێراقیـــدا ئایـــا کوردانـــە بـــووە یـــان عێراقیانـــە بـــووە؟ ئایـــا ئـــەو کارانـــەی کـــە کـــورد لـــە بەغـــدا کردوونـــی کـــاری حیزبـــی یـــان تاکـــە کەســـی یـــان نەتەوەییانـــە بـــوون؟ ئایـــا مـــۆتیڤی کـــارکردن لـــە بەغـــدا بـــۆ کـــورد بەرژەوەنـــدی بـــالای کـــورد بـــووە یـــان بەرژەوەنـــدی ئـــەو تاکەکەســـانەی کـــە بوونەتـــە ئەنـــدامی پەرلـــەمانی عێـــراق و لـــە نێـــو دامودەزگاکـــانی دەوڵـــەت و حکومەتـــدا پۆســـتی جۆراوجۆریـــان بەدەســـت هێنـــاوە؟ ئایـــا چـــەند کـــەس لـــە نوێنـــەرەکانی کـــورد توانیوویانـــە پۆســـتەکانیان لـــە پێنـــاوی کـــورددا بـــەکاربهێنن؟ ئەگـــەر نـــەیان توانیـــووە بۆچـــی و کـــێ گوناهبـــارە؟ ئـــەی ئـــەو بێتواناییـــە بـــۆ بـــەکارهێنانی پۆســـتەکان بـــۆ خزمـــەتی کـــورد مەســـەلەیەکی تاکەکەســـیە یـــان پەیوەنـــدی بـــە لاوازی ســـتراتیژی کـــارکردنی کـــوردەوە هەیـــە لـــە دەوڵـــەتی نـــوێی عێراقـــدا؟ ئایـــا لـــە بنەڕەتـــدا کـــورد لـــە بەغـــدا شـــتێکی هـــەبوو بـــە نـــاوی ســـتراتیژی کـــارکردنی گشـــتیەوە کـــە لەســـەر بنـــەمای بەرژەوەنییـــە بالاکـــانی کـــورد داڕێـــژرابێت، یـــان هـــەر بەرپرســـەو بـــە پێـــی بۆچـــوونی خـــۆیی و لـــە روانگـــەی بەرژەوەنـــدی تایبـــەتی یـــان حیزبـــی خۆیـــەوە ســـەیری پلەوپایەکـــەیی کـــردووەو هـــەر بـــەو پێوانەیـــەش کـــاری کـــردووە؟ بێگومـــان ئەگـــەر توانیمـــان وەڵامـــی ئـــەم پرســـیارانەی ســـەرەوە بدەینـــەوە ئـــەوا مانـــای وایـــە ئێمـــە دەستنیشـــانی گرفتەکـــەمان کـــردووەو لـــە بـــارێکی وەهاشـــدا ئەگـــەر بمانـــەوێت دەتـــوانین چارەسەری ئەو بێبەرنامەیی و بێستراتیژیەتی کارکردنە بکەین.

**کەواتە کار چییە؟**

بێگومـــان کـــورد لـــە بەغـــدا پـــێش ئـــەوەی هـــەر هاوپەیمانێتیـــەك بکـــات پێویســـتی بەوەیـــە کـــە ســـتراتیژێکی دانـــراوی کـــارکردنی هـــەبێت لـــە بەغـــداو بـــۆ ئـــەو مەبەســـتەش پێویســـتە کـــورد لـــە بەغـــدا خـــۆی وەکـــو حکومـــەتێکی رێکخـــراو لـــە نـــاو حکومـــەتی عێراقـــدا رێکبخـــات و هـــەموو بڕیـــارو هەڵوێســـت و کـــارکردنێکی کـــە پەیوەنـــدی بـــە چارەنووســـی کوردســـتانەوە هـــەبێت بـــە

کۆی دەنگ و بە کارکردنی ئەو حکومەتە بچووکەی کورد لە ناوحکومەتی عێراقدا یەکلا بکرێتەوەو بەرنامەی کاری هەبێت نەك وەکو ئەوەی کە جەعفەری دەڵێت لە حکومەتەکەی ئەودا نوێنەرە کوردەکان هیچ کارێکیان نەکرد بۆ یەکلایی کردنەوەی کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکانی تر، ئیتر بۆچی من گوناهبارم کە کوردەکان خۆیان لە حکومەتەکەی مندا بەشداربوون و داوای ئەوەیان نەکردبێت چی بکرێت بۆ ئەوان و بۆ کێشە هەلواسراوەکان!

ئێمە لێرەدا مەستمان ئەوەنییە کە ئەو قسەیەی جەعفەری تەواو راستەو نوێنەرانی کورد لە بەغدا بەتەواوەتی شانیان داداوەو هیچ ناکەن و خەریکی کارو بەرژەوەندییەکانی خۆیانن، ئێمە دەزانین ئەو قسەیەی جەعفەریش راستی زۆری تێدایە چونکە ئەگەر تۆ ستراتیژێکی دیاری کارکردنت نەبێت و بە بەرنامە کارنەکەیت ناتوانیت هیچێکی ئەوتۆ لەوەی کە دەستووریش بڕیاری بۆ داویت بەدەست بهێنیت. کەواتە بە ئاشکرا دەتوانین بڵێین ئایا کورد کە هەموو گوناهەکان لە عێراقدا دەخاتە ئەستۆی ئەوانی عەرەب ئەی خۆی وەکو کورد چی کردووەو چی دەکات؟ لێرەشدا ئێمە نامانەوێت گوناهی ئەوەی کە دەشیا کورد کاری زۆرتری بکردایە لە ماوەی ئەم حەوت ساڵەدا بخەینە ئەستۆی چەند تاکە کەسێك کە لە مەوقیعی بەرپرسیارێتیدا بوون هەرچەندە دەشزانین دەوری تاکە کەسیش لەو پێگە گرنگانەدا کاریگەری خۆی هەیە چ بە لایەنی پۆزەتیف بێت یان نێگەتیف. بەهەرحاڵ ئەوەی بەلای منەوە بەرپرسیاری یەکەمە لەو واقیعەی کە کورد نەیتوانیووە وەکو پێویست کاربکات پێش هەموو شتێ پەیوەندی بە لاوازی عەقڵ و توانـاو کەسێتی ئێمەوە هەیە کە لەراستیدا من پێش هەموو شت دەیگێڕمەوە بۆ ئەو کەسێتیە تێکشکاوەی کورد کە لە مێژوودا هەیەتی و کەسێتیەکە ناتوانێت بە پێوە بووەستێت، بە تایبەتی لە رووی کۆنەستی کۆمەڵایەتیشەوە بە جۆرێك تێکشکاوەو لەبەردەم ئەوی عەرەب و تورك و فارسدا بێدەسەڵاتی خۆیی بینیووە تەنانەت ئەگەر بەرزترین پۆستی ئەم وڵاتانەشی بە دەستەوە بێت هێشتا لە مۆتەکەی هەست بە دونیەت کردن رزگاری نابێت. ئەوەی کورد لە عێراقدا تاکو ئێستا پێش هەموو شتێك بە دەستیەوە دەناڵێنی بوونی ئەو کەسێتە لاوازەیە کە هەیەتی. هەر ئەو لاوازییەش وای لێکردووە هەمیشە ئاسۆی بینینی کورت بێت و نەبێتە خاوەنی پرۆژەی مەودا فراوانی ئایندەیی و لە بارێکی وەهاشدا زیاتر بۆ ئێستا بژی و بیر لە ئاینده ناکاتەوە. نەبوونی یان لاوازی بیرکردنەوە لە ئایندەو کورتبینی و نەبوونی

ئاسۆیەکی فراوان و چاوەڕوانکردنی ئەوەی کە بەکورت ترین کات گەورەترین دەستکەوت بەدەست بهێنێت وای لێکردووە نەبێتە خاوەنی ستراتیژ و هەمیشە لە سنووری تاکتیکدا کاربکات.

کورد تاکو ئێستا بەشێوەیەکی گشتی بە لۆجیکی تاکتیك کاری کردووەو لە هەڵسەنگاندنیشیدا بۆ ئەو کارانەی کردوونی ئەوەندەی بەرژەوەندییە کاتیەکان لەبەرچاو گیراون ئەوەندە مەسەلە چارەنووس سازەکان و مەسەلە ستراتیژییەکانی نەتەوە لەبەرچاو نەگیراون. بۆنموونە کورد بە بێ بیرکردنەوەیەکی جیدیانە لە عێراقدا خۆی بە نزیکی شیعە دەزانێت و پێی وایە کوردو شیعە لەم وڵاتەدا هاوچارەنووسن چونکە هەردووکیان لە درێژەی سەدەی بیستی دەسەڵاتداریێتی دەوڵەتی عێراقدا قوربانی سیاسەتە تۆتالیتارو دڕندانەکانی دەسەڵاتداریێتی سوونەی عەرەبی بوون. بەهەرحاڵ ئەگەر ئەو سیاسەتە بۆ رابردوو راست بووبێت ئەوا بۆمان هەیە بپرسین ئایا بۆ ئێستاو دواتریش راستە؟ بە بۆچوونی من دەبێ سەرکردایەتی سیاسی کورد کە وای نیشان دەدات ناتوانێت لە عێراق جیابێتەوەو گوایە ئێستا هەلی جیابوونەوەی نیە لە عێراق خۆی وەکو لایەنگرو هاوپەیمانی هیچ کام لە سوونەو شیعەی عێراق نیشان نەدات ئەگەر بڕوای بەو راستیە هەبێت کە لە عێراقدا دوو نەتەوەی سەرەکی هەن کە عەرەب و کوردن. هەر بەو پێیەش سەرباری جیاوازی مەزهەبی لە نێوان عەرەبەکاندا هێشتا ئەو رایەڵەی کە ئەوان پێکەوە دەبەستێت زۆر لەو رایەڵە بەهێزترە کە کوردو شیعە پێکەوە دەبەستێت. خۆ ئەگەر لە بنەڕەتدا پەیوەندی کورد لەگەڵ سوونەی عێراق بەهێز بوایە گونجاوتر دەبوو چونکە لە ئاستی یەکەمدا کوردو عەرەبی سوونەی عێراق هاو مەزهەبن و لە ئاستی دووەمیشدا ئەم بەشەی کوردستان کە خراوەتە سەر عێراق بۆ ئەوە بووە کە کورد بکرێت بە پارسەنگی سوونەی عەرەب لە بەرامبەر شیعەدا.ئەمە سەرباری ئەوەی کە عەرەبی سوونە هاوسنووری کوردستانن. سەرباری ئەمەش ئەگەر سەرنجی ئەم شەش ساڵەی رابردوو بدەین کە شیعە دەسەڵاتداری عێراق بوون و کوردیش دەوری هەبووە لەوەیدا کە شیعە فەرمانڕەوابن، جێگای خۆیەتی بپرسین ئایا دەسەڵاتی شیعەی عێراق چەند لەو ئیلتیزاماتە دەستوورییانەی بەرامبەر بە کورد جێبەجێ کردووە؟

**هاوپەیمانی لەگەڵ کێ؟**

پێش ئەوەی لە ئەگەری هەر هاوپەیمانێتییەکی کورد لەگەڵ ئەوانی عەرەب بدوێین، دەبێ باس لەوە بکەین ئایا کورد خۆی چی دەوێت و تا چەندێ کاری بۆ دەکات؟ ئایا ئەوەی کە دەیەوێت بەشێکە لە مافە ڕەواکانی کورد لە عێراقدا یان بریتییە لە کۆمەڵێ مەکسەب و مەنسەب بۆ سەرکردایەتی کوردی؟ ئایا کورد بە پێی بەرنامەو ستراتیژێکی نەتەوەیی ئەمجارە هاوپەیمانی دەبەستێت یان بەپێی بەرژەوەندییە حیزبییەکان؟ ئایا لە هەر هاوپەیمانێتییەکی ئەمجارەی کورددا ئەگەری ئەوە هەیە مادەی 140ی دەستووری عێراقی جێبەجێ بکرێت؟ گریمان کورد هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنە شیعەکان بەست و لەگەڵ ئەوان حکومەتی پێکهێنا، ئایا لایەنە شیعەکان کە هیچ نفوزێکیان نییە لەو ناوچانەی کە جێگای ناکۆکین، دەتوانن بڕیار لەسەر چارەنووسی ئەو ناوچانە بدەن؟ بێگومان هەر بڕیارێکیش بدەن پێموانییە لایەنی عەرەبی سوونەو تورکمان هیچ ئیلتیزامێك بە بڕیاری حکومەتی شیعەوە بکەن چونکە ئەوەی نفوزی هەیە لەو ناوچانەدا عەرەبی سوونەو تورکمانەکانن. ئەمانەش کە خۆیان لە لیستی عێراقییەی عەلاویدا ڕێکخستووە ئەو قورسییەیان هەیە کە لە ڕێگای گوشار درووستکردنەوە لەگەڵ هەر حکومەتێکی شیعەدا نەیەڵن مادەی 140 جێبەجێ بکرێت. کەواتە ئێستا ئەگەرێکی تر بۆ هاوپەیمانێتی کورد دێتە ئاراوە ئەویش هاوپەیمانێتی کردنە لەگەڵ لیستی عێراقییەدا کە زۆرینەی سوونەکان و کۆنە بەعسی و ناسیونالیستی تا ئاستی شۆڤێنی عەرەبیشی تێدایە. ئەمانەو کورد لە ناوچە جێناکۆکەکاندا هاوبەشن، کەواتە ئەوەی بەشدارە لە کێشەی ئەو ناوچانەدا لەگەڵ کورددا ئەوانن نەك عەرەبی شیعەی عێراقی.

کەواتە کورد چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا بکات؟

بێگومان لە ئەنجامی نەبوونی ستراتیژی نەتەوەیی و کارکردن بە هەمان ئەو شێوەیەی کە پێشتر ڕژێم ڕەفتاری لەگەڵ کورد پێکردبوو، ئێمە هەندێ مەسەلەکانمان ئاڵۆزتر کردووە. لە کەرکوك و تەلعەفەرو ئەو شوێنانەی تر کە تورکمانیان تێدایە، وەك دەشزانین نوێنەری ڕاستەقینەی تورکمان جەبهەی تورکمانییە، ئێمە لە دژایەتی جەبهەی تورکمانییدا بووین و هاتوین جاشمان لە کەسانی لاوازو بێجەماوەری تورکمان درووست کردووە، گوایە ئێمە ڕیزی تورکمانمان لەت کردووە کە ئەمەش سیاسەتێکی ئیفلیجە. ئێمە مادەم لە هەشتا ساڵی ڕابردوودا لە عێراقدا سیاسەتی پەراوێزخستن و بێبەشکردنمان بەرامبەر پیادەکراوە. نوێنەرانی ڕاستەقینەی کورد لە شاخ بوون و بەعس لێرە مەجلیسی تەشریعی و تەنفیزی لە کەسانی لاوازو پەراوێزی کۆمەڵگەو لە

پیاوەکانی خۆی درووست دەکردو سەرئەنجامیش ئەو ئۆتۆنۆمیە کارتۆنیە هیچ بە فریای بەعس نەکەوت. ئەو پێکهاتە کارتۆنیە تورکمانانەش هیچ سوودێکیان بۆ کورد نەبووەو نابێت بەڵکو دەبێ کورد دان بەوەدا بنێت کە جەبهەی تورکمانی نوێنەری راستەقینەی تورکمانن و پێویستە ئازایانە لەگەڵ ئەوان بکەونە گفتوگۆووەو هەوڵبدەن بەو روانین و چەمکە کاریان لەگەڵ نەکەن کە بەعس لەگەڵ کورد کردویەتی. ئێستا مەسەلەی گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان گرانتر بووە چونکە تورکمان و عەرەبەکانی کەرکوك بە تەنیا نین و بوون بە بەشێك لە لیستی عێراقیە کە زۆرترین کورسی هەیە لە پەرلەمانی عێراقداو سیاسەتی ئەمەریکاو دەوڵەتانی عەربی خاوەن نفوزیش بە ئاشکرا لایەنگری ئەوەن کە ئەو لیستە لە حکومەتی ئایندەی عێراق پێگەی بەهێزی هەبێت. کێشەکانی کوردیش لە موسڵ و کەرکوك و دیالەدا هەر لەگەڵ پێکهاتەکانی ئەو لیستەدایە. کەواتە دەبێ کورد ستراتیژی چۆنێتی کارکردن لەگەڵ ئەم لیستە دابنێت و چیتر دڵی بەوە خۆش نەبێت کە شیعەی عێراق هاوپەیمانێتی و کێشەکانی لەگەڵ شیعەدا چارەسەر دەکرێت. بێگومان بە کاریگەری پێکداچوون و تێکەڵاوبوونی ناوچەکانی کوردو سونەو تورکمان دەبێ کورد لەوە تێبگات کە چ رێگایەك لەبەر بگرێت تا بتوانێت بە هێمنی و لە رێگای لێکتر تێگەیشتن و یەکتر قبوڵکردنەوە لەگەڵ هاوسنوورەکانی خۆی لە عێراقدا بژی نەك لەگەڵ ئەو شیعانەی کە هیچ کێشەیەکی جوگرافی و دیمۆگرافیان نییە لەگەڵیداو هەر بەو پێیەش چارەسەرکردنی کێشەکان بە ئاسانی بەوان ناکرێت چونکە ئەوان خاوەنی کێشەکان نین.

کەواتە لە رووی راستیەوە کورد ئەگەر بڕوای بەوە بێت لە عێراقدا لە رێگای هاوپەیمانیەوە لەگەڵ لایەنەکانی شیعەدا دەتوانێت مافە دەستوورییەکانی بەدەست بهێنێت، پێموایە تووشی وەهم بووە چونکە مافە دەستوورییەکانی ئەو دەبێ لەسەر زەمینەی واقیع چارەسەر بکرێن و بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ لەگەڵ خاوەنە راستەقینەکانی ئەو شوێنانەدا کێشەکانی چارەسەر بکات کە هەردوولا هاوبەشن تیایدا.

بۆ نموونە ماوەی ساڵێك زیاترە کە کورد لە پارێزگای موسڵ سەرباری ئەوەی کە سێیەکی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای بەدەست هێناوە بەلام هیچ بەشدارییەکی پێنەکراوە لە کاتێکدا کە کورد خۆی سەرۆك کۆمارە لە عێراق و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی پەرلەمانەو هاوپەیمانی پلەیەکی حکومەتەکەی مالیکیشە کە حکومەتی شیعەیە. نە سەرکردایەتی کوردی لەبەغدا توانیویێتی هەنگاوێك

به ئاراستەی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بنێت نە حکومەتەکەی مالیکیش هیچ هەوڵێکی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە داوە هەر هیچ نەبێت لەبەر هاوپەیمانە کوردەکانی. کەواتە حەقە کورد دەرسێك لەم ئەزموونە وەربگرێت بۆ ئایندەو لەوە تێبگات کە حکومەتی شیعە لە عێراقدا چەندێ دەوری هەبوو لە چارەسەر کردنی کێشەی موسڵدا بۆ ئەمەو دواش هەر ئەوەندە دەوری دەبێت لە چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان کوردو تورکمان و عەرەبی هاوسنووری کوردستاندا. لە رابردوودا دەنگی سوونەو تورکمان لە پەرلەمانی عێراقدا دەنگێکی لاوازبوو بەڵام ئەمجارەو بۆ ئەمەو دواش دەنگێکی بەهێز دەبێت و ئەگەر بۆ ململانێش بێت لەگەڵ شیعەی عێراقدا نایەڵن حکومەتی شیعە لە سنووری سونەدا هیچ بڕیارێکی هەبێت. کەواتە بۆ کورد گرنگە لەم راستیە تێبگات ئەگەر بەڕاستی بەدوای داواکاری و مافە نەتەوەییەکانی خۆیەوەیە، خۆ ئەگەر وەکو جارانی پێشووش زیاتر بە دوای پۆست و پلەو پایەوەیە لە حکومەتی ئەمجارەی عێراقدا ئەوە بێگومان لە هاوپەیمانیدا لەگەڵ هەر لایەنێکدا بێت دەشێ چەند پۆستێکی سیادی دەست بکەوێت. بەڵام ئەگەر کورد بڕوای بە ستراتیژێك هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی، بە مادەی 140یشەوە پێویستە ئازایانەو دوور لە کارکردن بە چەمکی سۆزو عاتیفەو دوور لە قسەکردن بۆ وروژاندنی هەستی ناسیونالیزمانەی خەڵکی کوردستان و بێ هیچ رق و کینەیەك بەرامبەر بە تورکمان و بە لیستی حەدباو گردبوونەوەی نیشتیمانی و پێکهاتەکانی تری لیستی عێراقیە راستەخۆ لەگەڵ ئەم لایەنانە بکەوێتە گفتوگۆوە بەو تێگەیشتنەی کە هەتا ئەو کاتەی کورد هەلی جیابوونەوەی بۆ دەرەخسێت لە عێراقدا پێی خۆشبێت یان نا ژیانی لەگەڵ تورکمان و عەرەبی موسڵ و کەرکوك و دیالەدا دەبێت بۆیە درووست ئەوەیە بێ هیچ بەربەستێك و بە ئاشکرا لەگەڵ ئەمان بکەوێتە گفتوگۆوە بۆ ئەوەی بگەنە ئەو راستیەی کە ئەوەی لە نێوانیاندا جێگای کێشەو ناکۆکیە تەنیا بە خۆیان واتا بەهەردوولا چارەسەر دەکرێت و ئەگەر دەیانەوێت کوردو عەرەب و تورکمانی کەرکوك و موسڵ و دیالە لە پەشێوی و ناکۆکی و دژایەتی کردنی یەکتری دوور بخەنەوەو زەمیەنیەك بۆ پێکەوە ژیان بڕەخسێنن دەبێ بێپەردە هەردوولا گفتوگۆ بکەن و بگەن بە شێوازێك لە چارەسەری ناوەندو بۆ سەرکردایەتی کوردیش باشتر وایە یاری بە سۆزی خەڵکی کوردستان بە گشتی و کوردی کەرکوك بە تایبەتی نەکات بەوەی کە دەتوانێت هەروا بە ئاسانی کەرکوك بگێڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان چونکە ئەوە هەروا

ئەگەرێکی نزیك نییە بەڵکو لە بری ئەوە سەرکردایەتی کوردی باشتروابوو لەگەڵ لایەنەکانی تری ناو کەرکوك هەوڵی بدایە کەرکوك بکرێتە فیدراڵیەك و لەو سیاقەشدا کورد هەموو هەوڵی خۆیی لە ناو ئەو فیدراڵیەدا بخستایەتە کار بۆ ئەوەی کورد تیایدا دەسەلاّتداری یەکەم بووایە. دەشیا لە ئایندەی نزیکدا بارودۆخەکە بەجۆرێك بووایە ئەو فیدراڵیەی کەرکوك هەوڵی یەکگرتنەوەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بدایە. بێگومان کارکردن بەم ئاراستەیان لەبەرامبەر تورکمان و عەرەبی کەرکوك و ناسیونالیزمی عەرەبیدا لەوە ئاسانترە کە داوای گێڕانەوەی راستەخۆی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان بکەیت.

سەرکردایەتی کوردی لە ئێستادا پێویستی بەوەیە واقیعی بێت و لە هەمان کاتیشدا راستگۆ بێت بەرامبەر بە میللەتەکەی خۆی و هەروەك ستراتیژێکی جێگیری هەبێت بۆ کار کردن و بە جیدی بڕیار بدات کە چی دەوێت و چی پێدەکرێت و بێپەردەو بێشاردنەوە ئەوە بە میللەت بڵێت نەك بە ناڕوونی و بە تەموومژاوی خەریکی جۆرە هاوپەیمانیەك بێت لە پێناوی بەرژەوەندییە حیزبیەکانی خۆیدا. بۆ ئەو مەبەستەش حەقە راستگۆیانە لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە لە عێراقدا چارەنووس و بوون و ژیانیان پێکەوەیە بێ هیچ تەشەنوجێك دانیشتن بکات و هەر لەگەڵ ئەوانیشدا باس لە حەقی خۆی بکات و گفتوگۆی ئەوە بکات کە لە سەدا چەندی داواکانی جێبەجێ دەکرێت و ئەوەشی کە ناکرێت بۆچی و لەبەر چییە کە ناکرێت؟ پێموایە ئەوەی کە لە عێراقدا بە پۆزەتیف یان بە نێگەتیف دەوری دەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کورددا یان لە تەواو رێگاگرتن لە کورد بۆ ئەوەی چیتر لە عێراقدا شوێنی نەبێت هەر سوونەی عێراقە چونکە بە پێی ئاماژەکان دنیای بڕیار بەدەست و ناسیونالیزمی عەرەبیش هەروا بە ئاسانی رێگانادەن کە عێراق ببێتە ئەو دەوڵەتە شیعەیەی کە جێ نفوزی ئێران فراوانتر بکات و عێراقیش لە نیشتیمانی گەورەی عەرەبی پەرت بکات. کەواتە دەبێ کورد لەم راستیە تێبگات و ستراتیژی نەتەوەیی خۆی تا ئەوکاتەی کە لە سنووری دەوڵەتی عێراقدا دەمێنێتەوە وەها دابنێت کە نە ناسیونالیزمی عەرەبی بورژێنێت نە وەها رەفتار لەگەڵ سوونەو تورکمان بکات کە دوژمنی کوردن چونکە سەرئەنجام ناسیونالیزمی عەرەبی و دەوڵەتانی عەرەب و تورکیا هەژموونیان بەسەر عێراقەوە لە هەژموونی ئێران زیاتر دەبێت چونکە ئەم دووانەیان لەگەڵ شەپۆلی سیاسەتی دنیادا دەڕۆن و دروستکردنی لیستی عێراقیەش هەروا لە خۆیەوە نەبووە بەڵکو بە مەبەستی

تەریبکردنــــەوەی عێــــراق لەگـــەڵ سیاســــەتی عـــەرەبی و تورکیــــدا رێکخــــراوە کـــە ئـــەوەش جوڵەیـــە لـــە ســـایەی سیاســـەتی ئەمـــەریکادا. کەواتـــە گـــرنگ ئەوەیـــە ئـــەمجارەش کـــورد خـــراپ ئاماژەکـــان نەخوێنێتـــەوەو بزانێـــت کەشـــتی بـــە پێچـــەوانەی شـــەپۆلی دەریـــاوە ناتوانێـــت بـــە باشـــی و بـــە ســـەلامەتی رێگـــا بکـــات. کەواتـــە دەبـــێ کـــورد بزانێـــت بـــەکام ســـتراتیژ کـــار دەکـــات، ســـــتراتیژی نەتەوایـــــەتی لـــــە ســـــنووری عێراقـــــدا یـــــان ســـــتراتیژی حیزبایـــــەتی و ســـــتراتیژی بەرژەوەندییـــەکانی نوخبـــەی ســـەرکردایەتی سیاســـی کـــوردی کـــە بێگومـــان کـــارکردن بەمـــەی دووەمیـــان کـــورت تەمەنـــەو نوخبـــەی سیاســـی کـــوردیش لـــە بـــەردەم مێـــژوودا بەرپرســـیار دەکات.

36 – کەلتووری کوردی، کەلتووری یەکتر تاوانبارکردن ؟

کوردو رۆشنبیریی سیاسی :

هەرکەســێك لـــە بـــواری سیاســـەتدا کـــار بکـــات بێگومـــان دەبـــێ پاشـــخانێکی رۆشـــنبیری لـــەو بـــوارەدا هـــەبێت. مەبەســـتمان لـــەم قســـەیە ئەوەیـــە کـــە ناشـــێت کەســـی بێئاگـــا لـــە رۆشـــنبیری و لـــە فیکـــری سیاســـی و لـــە زانســـتی سیاســـی بتوانێـــت کـــاری سیاســـی بکـــات یـــان بەرپرســـیارێتی سیاســـی لـــە ئەســـتۆ بگرێـــت چـــونکە ئەگـــەر کەســـێك ئـــەم بنەمایانـــەی نـــەبێت ئەســـتەمە بزانێـــت چـــی دەکـــات و ئـــەوەی پێویســـتە بیکـــات چـــیەو ئـــەوەی پێویســـتە خـــۆیی لێبـــەدوور بگرێـــت چـــیە. رەنگـــە یـــەکێك لـــە کێشـــە ســـەرەکیەکانی سیاســـەتکردن لـــە کۆمەڵگـــە دواکـــەوتوو و پـــەراوێزەکانی وەکـــو کۆمەڵگـــەی کوردیـــدا نـــەبوون، یـــان لاوازی ئـــەو پاشـــخان و رۆشـــنبیرییە سیاســـیە بێـــت کـــە لێـــرەدا باســـی دەکـــەین. مەبەســـتمان لـــەم قســـەیەش ئەوەیـــە ئەگـــەر کەســـێك بـــەو پاشـــخانە فیکـــری و رۆشـــنبیرییە سیاســـیەوە هـــات ئـــەوا بەلایـــەنی کەمـــەوە ویســـت و حـــەزە زۆر تایبەتیـــەکانی ئەگـــەر نەشـــکوژێت بەئەندازەیـــەك لاواز دەکـــات کـــە رۆڵـــی ئـــەو دامـــەزراوە سیاســـیە پـــێش رۆڵـــی تاکـــە کەســـی خـــۆی بخـــات کـــە کـــاری تێـــدا دەکـــات چـــونکە بـــۆ هـــەموو ئـــەو کەســـانەی کـــە سیاســـەت دەکـــەن وەکـــو کـــاری حیزبایـــەتی پێویســـتیان بـــە کەســـانی تـــرە چـــونکە کـــاری سیاســـی کـــاری دەســـتەجەمیە. خـــۆ ئەگـــەر ئـــەو کەســـە نـــەیتوانی ئـــــەوە بکـــــات ئـــــەوە ســـــەرئەنجام دەبێتـــــە دیکتـــــاتۆر ئـــــیتر گـــــرنگ نییـــــە رووبـــــەری دەســـــەڵاتدارییەکەی چـــــەندە چـــــونکە نەرجســـــیەت یەکێکـــــە لـــــە هۆکارەکـــــانی درووســـــتبوونی دیکتاتۆرەکـــان. هـــەروەك دەبـــێ کەســـی سیاســـی لـــۆجیکی عـــەقڵ و توانـــای لێکدانـــەوەی

بەســەر پاڵنــەری ســۆزو هەڵچــوونیدا باڵادەســت بکــات بــە جۆرێــك کــە کــارو کــردەوەو گوتــەو قسەو نووسینەکانی نەبنە مایەی لاوازکردنی کەسێتی سیاسی و پێگە سیاسیەکەی.

بێگومــان ئەگــەر ئــەو پاشــخانە فیکــری و رۆشــنبیرییە هــەبوو، ئەگــەر نەرجســیەت لــە بــەردەم بەرژەوەنــدی بــالادا تــا ئەندازەیــەکی لەبەرچــاو پاشەکشــەی کــرد، ئــەوا بەرپرســیارو ســەرکردەی خۆنەویســت درووســت دەبێــت و لــە بــارێکی وەهاشــدا دەســەلاتەکان و بڕیــار بــە پێــی پنتــەکانی دەســەلات دابــەش دەبــن و بەشــداری زیــاترین ژمــارە لــە بڕیارەکانــدا لــە کــەموکورتی و نادرووســتی بڕیارەکــان کــەم دەکاتــەوە. یــەکێك لــەو کەموکورتییــە بنیادیانــەی کــە حیزبــی کــوردی و بزووتنــەوەکانی کــورد بــە درێــژایی مێــژوو بــە دەســتیەوە ناڵاندوویانــەو دەنــاڵێنن تــاکڕەوی کەســی یەکەمــە لــە بڕیاردانــداو پاســیڤکردنی هــەموو ئــەوانی تــرە، کــە ئەمــەش زۆرجــار دەبێتــە هــۆی لادان و کــاری تاکڕەوانــە لــە لایــەن ئەنــدامان و بەرپرســانی پلــە دوو پلــە ســێ و تەنانــەت ئەنــدامانی خــوارتری حیــزب یــان بزووتنەوەکــەوە، بــەلام لــە هــەموو حاڵەتەکانــدا کەســی یەکــەمی ئــەو دامەزراوەیــە بەرپرســیاری یەکەمــە لــە هــەر کــارێکی نادرووســت کــە تەنانــەت دوا ئەنــدامی ئــەو دامــەزراوەی ئــەو بیکــات، ئــەویش لــەو روانگەیــەوە ئەگــەر کەســی یەکــەم خــۆی ئاگــاداری ئــەو کــارە نادرووســتە بێــت یــان بــە بڕیــاری خــۆی کرابێــت ئــەوە هــەموو بەرپرســیارێتیەکە دەکەوێتــە ئەســتۆی ئــەو، خــۆ ئەگــەر ئەنــدامانی خــوار ئــەوەوە کــاری نادرووســت بکــەن و ئــەم ئاگــای لێــی نــەبێت ئــەوا بەرپرســیارێتیەکە قورســتر دەبێــت چــونکە کەســی یەکــەم لــە دامــەزراوەی دەســەلات یــان حیزبــدا ئــەو کەســەیە کــە بەشــێك یــان زۆرێــك کۆمەڵگــە متمانــەی دەدەنــێ بــۆ ئــەوەی کــە ئــەو چــەتری پاراســتنیان بێــت بــەلام لــە ژێــر چــەترەکەی ئــەودا ئەنــدامانی دامەزراوەکــەی ئــەو کــاری نادرووســت بکــەن و تەنانــەت بگاتــە لــە نێــوبردنی خــەڵکیش ئــیتر دەبــێ هــاوولاتی ئاســایی چــۆن چــاوەڕوانی پاراســتنی خــۆی لــە کەســی یەکــەم بکــات بــە تایبــەتیش ئەگــەر ئاشــکرابوو کــە کەســانێك لــە خــوار کەســی یەکەمــەوە ئــەو کــارە دزێوانــە دەکــەن و کەســی یەکــەمیش هــیچ لێپرســینەوەیەکیان لەگــەڵ ناکــات، کەواتــە ناڕاســتەوخۆ کەســی یەکــەم بەرپرســیار دەبێــت و تەنانــەت بێــدەنگ بوونیشــی ناڕاســتەوخۆ وەکــو جۆرێــك لــە هانــدان بــۆ ئــەو جــۆرە کارانــە ســەیر دەکرێــت. دیــارە لــە ســایەی دەســەلاتداری و فــەرمانڕەوایی دامــەزراوی لــەم جۆرانــەدا زۆربــەی کــات ئامانجــە ســەرەکیەکانی ئــەو دامــەزراوە ون دەبێــت و کــار بــۆ هەنــدێ ئامــانجی لاوەکــی دەکرێــت کــە نــەك ســوود بــە کۆمەڵگــە ناگەیــەنێت بــەڵکو زیــان لــە خــودی ئــەو دامــەزراوەش دەدات کــە دەشــێ حیــزب یــان دەســتەو گــروپ یــا بزووتنەوەیــەك بێــت. بــە

تایبــەتیش لــە کــاتی لاوازیـــدا هەریەکـــە هەوڵـــدەدات کـــەموکورتی و هەڵـــە ســـەختەکان بخاتـــە ئەســـتۆی ئـــەوانی دیکـــە، دیـــارە ئەمـــەش بـــارێکی نادرووســـتەو نابێتـــە جێگـــای بـــڕوای خـــەڵکی. بـــەلای منـــەوە ســـەیرە لـــە کوردســـتاندا ســـەرۆك و ســـەرکردە هەمیشـــە خۆیـــان بێگونـــاه نیشـــان دەدەن و هـــەموو کـــەموکورتی تاوانـــەکان دەخەنـــە ئەســـتۆی خـــوار خۆیانـــەوە. هـــەموو بینیمـــان کـــە پـــێش چـــەند ســـاڵێك چـــۆن کـــاك مەســـعود و مـــام جـــەلال لـــە ئوتێـــل ســـلێمانی پـــالاس لەبـــەردەمی دەیـــان ڕۆژنامەنووســـدا بێگونـــاهی خۆیـــان لـــە شـــەڕی نـــاوخۆ ڕاگەیانـــد. هـــەروەك چـــۆن ئێســـتاش دەبیـــنین کـــە مـــام جـــەلال بێگونـــاهی خـــۆی لـــە هـــەموو هەڵـــەو کەموکورتیـــەکانی حیزبەکـــەی لـــە مـــاوەی ســـی و ســـێ ســـاڵی ڕابـــردوودا ڕادەگـــەینێت و هـــەموو گوناهـــەکانیش دەخاتـــە ئەســـتۆی ســـەرۆکی بزووتنـــەوەی گـــۆڕان کـــە پێشـــتر کەســـی دووەمـــی ئـــەو حیزبـــە بـــووە. ڕەنگـــە بـــۆ هـــاوولاّتی مـــافی خـــۆی بێـــت بپرســـێت ئایـــا بەڕاســـتی بەرپرســـانی یەکـــەم بێگونـــاهن؟ ئایـــا بێـــدەنگی دەورووبەرەکـــەیان بەڵگـــەی ڕازیبوونـــە یـــان لـــە ژێـــر فاکتـــەری ترســـدایە؟ یـــان لەبـــەر پاراســـتنی بەرژەوەندییـــەکان بـــەوە ڕازیـــن کـــە ســـەرۆك یـــان کەســـی یەکـــەم کـــەموکورتی و تەنانـــەت تاوانـــەکانیش بخاتـــە ئەســـتۆی خـــوار خۆیانـــەوە. هـــەروەك ئێمـــە لێـــرەدا مەبەســـتمان بـــەرگری کـــردن لەکـــەس یـــان تاوانبـــار کردنـــی هـــیچ کـــەس نییـــە بەقـــەد ئـــەوەی باســـی دیاردەیـــەکی دزێـــو دەکـــەین کـــە دەرهاوێشـــتەی عـــەقڵی سیاســـی کـــوردو کەلتووری کوردییە.

سەرەتای کێشەکان لە کوردستاندا:

ئـــەوە ئاشـــکرایە کـــە ئـــەم بەشـــەی کوردســـتان لـــە ســـەرەتای شەســـتەکانی ســـەدەی ڕابـــردووەوە بووەتـــە جێگـــای نـــاکۆکی و ململانێـــی نامەشـــروع و نادرووســـت ئەگـــەر لـــە ڕوانگـــەی بەرژەوەنـــدی بـــالاّی میللەتـــەوە ســـەیر بکرێـــت. ســـەرەتای ئـــەم ململانـــێ نـــاجۆرەی کـــە تـــاکو ئێســـتا لـــە کوردســـتاندا بەردەوامـــەو کۆنەســـتی کۆمەلاّیـــەتی کۆمەڵگـــەی کـــوردی داگـــیر کـــردووە دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ســـەروبەندی ســـاڵی 1964 کـــە مەکتـــەبی سیاســـی لـــە ســـەرکردایەتی بـــارزانی جیـــابووەوە. ئـــیتر لـــەو کاتـــەوە کـــەلتووری جیابوونـــەوەو دابەشـــبوونی یـــەك لـــە دوای یـــەك خاســـێتی حیـــزب و بزووتنـــەوەکانی کـــورد بـــووەو ئـــەم دابەشـــبوونەش هـــەمان شـــێوەی دابەشـــبوونی نائەندازەییانـــەی خانـــەکانی لەشـــی مرۆڤـــە کـــە دەبێتـــە نەخۆشـــی شـــێرپەنجە. ئەمـــە جگـــە لـــەوەی کـــە لەگـــەڵ جیابوونەوەشـــدا شـــەڕی نووســـین و ســـوکایەتی کـــردن بەیـــەکتری دەســـتی پێکـــرد کـــە ئـــەو کـــەلتوورە ناشـــیرینەی شـــەڕەجنێو لـــە نووســـینی سیاســـی کوردیـــدا بەتـــەواوەتی لـــە نیـــوەی دووەمـــی شەســـتەکانەوە ڕەگـــی داکوتـــا. لـــەو کاتـــەوە کـــە نووســـینە

جنێــو بــۆ هـــەژاری موکوریـــانی و کەســـانی تـــرو وەلأمدانـــەوەی ئـــەو نووســـینە بێگەوهەرانـــە بەهەمان زمان و شێواز رووپەڕی بلأوکراوەکانی ئەو سەردەمەی داگیر کرد.

هـــەموو ئەوانەشـــی کـــە جیابوونەوەتـــەوە هـــەر یەکـــەم جیابوونـــەوە تـــا دوا جیابوونـــەوە. هـــەموو جیابووەوەکـــان هـــەمان پاســـاویان هـــەبووە کـــە ئـــەویش بـــە پێـــی قســـەی ئـــەوان بریتیـــە لـــە بـــە دیکتـــاتۆربوونی ســـەرۆك یـــان ســـکرتێر. کـــە ئەمـــەش وەکـــو پاســـیڤکردنی تـــەواوەتی خۆیـــان ســـەیر دەکـــەن و بـــەم پێیـــەش هـــەموو تـــاوانی جیابوونـــەوەکان و دابەشـــبوونەکان دەخەنـــە ئەستۆی کەسە یەکەمەکان.

میرنشین تەنانەت ئەگەر لەسەر بەردێکیش بێت

ئـــەم ناونیشـــانە لـــە وتەیـــەکی ئـــیبن خەلدوونـــە کـــە پێموایـــە لەگـــەڵ عـــەقڵی ســـایای کوردیـــدا بەباشـــی دێتـــەوە. ئـــیبن خەلـــدوون ئـــەم وتـــەی بـــۆ ناســـاندنی بەشـــێك لـــە عـــەقڵی خێـــڵ و ســـــتراتیژی خـــــێلأیتی عـــــەرەبی هێنـــــاوە. دیـــــارە ئاشـــــکرایە کـــــە لـــــە دوای شکســـــت و ســـــەرهەڵدانەوەی بزووتنـــــەوەی کـــــوردی لـــــەم بەشـــــەی کوردســـــتاندا، ئـــــەمجارەیان مەیـــــدانی خـــــەبات زیـــــاتر لـــــە حیـــــزب و رێکخراوێکـــــی تێـــــدابوو، ئەمـــــەش ئەگـــــەر لـــــە کۆمەڵگەیـــــەکی تەندروســـت و ئاســـایدا بێـــت بەڵگـــەی بـــوونی فـــرە دەنگـــی و فـــرە رەنگـــی و فـــرە ئاراســـتەییە لـــە بـــــیرو روانـــــین و ئایـــــدیۆلۆجیادا. بـــــەلأم ئایـــــا بـــــۆ کۆمەڵگـــــەی کـــــوردی کـــــە کۆمەڵگەیـــــەکی دواکـــــەوتووی پـــــەراوێزی و کۆیلـــــەی ژێـــــر دەســـــەلأتی داگیرکـــــەران لـــــە لایـــــەك و کۆیلـــــەی ژێـــــر ســـایەی عـــەقڵ و هـــەژموونی خێـــڵ و عەشـــیرەت و حیزبـــی تـــاك رەهەنـــدی ئەڵتـــەرنایتیڤی خێـــڵ و عەشـــیرەت و کـــەلتووری داخـــراو و دواکـــەوتوو بارگـــاوی کـــراو بـــە رق و کینـــەو گیـــانی تۆڵـــە ســـەندنەوە لـــە لایـــەکی تـــرەوە، تـــا چ ئاســـتێ تەســـەوری ئـــەوەی لێـــدەکرێت کـــە ئـــەو فـــرە حیزبـــی و فـــرە رێکخراوییـــە بەڵگـــەی بـــارێکی سرووشـــتی و تەندروســـت بێـــت لـــەم کۆمەڵگەیـــەدا؟ یـــان بـــە پێچـــەوانەوە ئـــەو فرەییـــە لـــە خۆیـــدا بەڵگـــەی پێکـــەوە نـــەگونجان و یـــەکتر قبـــوڵ نـــەکردن و دژایـــەتی کردنـــی یـــەکترە؟ یـــان ئـــەنجامی هەســـتکردنی زۆرینـــەی ســـەرکردە دووەمیەکانـــە بـــەوەی کـــە ســـەرکردە یەکەمیـــەکان هـــیچ حســـابێك بـــۆ ئـــەوان ناکـــەن و تـــەنیا بـــە رووکـــەش بەرپرســـــیارن؟ یـــــان هۆکارەکـــــە ئەوەیـــــە کـــــە ســـــەرکردە دووەمیـــــەکانیش ئـــــەو تمـــــوح و ئارەزووەیـــان هەیـــە کـــە هەریەکـــە لـــەمانیش خـــاوەنی دامەزراوەیـــەکی خـــۆی بێـــت بـــا بچـــوکیش بێـــت بـــەلأم بەلایـــەوە باشـــتر بێـــت چـــونکە خـــۆی بڕیـــاردەری یەکـــەم دەبێـــت تیایـــدا؟ بـــەواتا ســـەرکردە دووەمیـــەکانی کـــوردیش بـــەو چـــەمکە خەلدوونیـــە بـــیر دەکەنـــەوەو کـــار دەکـــەن کـــە لـــە

عەقڵی خێڵی عەرەبیدا جێگیرەو بچووکترین دەسەڵاتی تاکە کەسی خۆیی لەوە بەلاوە گرنگترە کە لە دامەزراوەیەکی گەورەتردا کەسی دووەم یان سێیەم بێت. لەو بارەیەوە ئیبن خەلدون دەڵێت عەقڵی خێڵ بڕوای بەو چەمکە هەیە کە دەڵێت" الامارە ولو علی الحجارە".

بێگومان ئەگەر بە وردی سەرنجی ساڵی 1976 بدەین کە ساڵی سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی کوردی و دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکدارییە بە ئاشکرا هەست بەوە دەکەین کە لە پاڵ ئامانجی بەرزوو باڵای خەبات لە پێناوی کوردو کوردستاندا و هەوڵدان بۆ بیناکردنەوەی کەسێتی تێکشکاوی کوردی یان بەلایەنی کەمەوە رێگرتن لەوەی کە ئەو کەسێتیە لەوە زیاتر تێکنەشکێت، پاڵنەری رق و کینەی رابردووش هۆکارێکی سەرەکی بزوێنەرو جۆشدەری پەرەسەندنی بزووتنەوەکەیەو ململانێی ناوخۆییەکانی سەرەتای شۆڕشیش سەلمێنەری راستی ئەم بۆچوونەن. شەڕی هەکاری نێوان هێزەکانی یەکێتی و هێزەکانی سەرکردایەتی کاتی پارتی و لە نێوبردنی ژمارەیەکی دیار لە سەرکردە باڵاکانی یەکێتی ئەو کاتەو جەلالیەتی پیشترو، ئازادکردنی زۆرێك لە بەرپرسەکانی کۆمەڵە کە مێژووی دیاریان لە نێو جەلالیەتدا نەبوو بەڵگەی ئاشکرای کارکردن بوو بە هەمان مۆتیڤ و پاڵنەری رابردوو کە ئەویش دیسان ململانێ بوو بۆ درووستکردنی ئیمارەتێك لەسەر جوگرافیای بەردێك. کەواتە ئەوەی کە وەکو جیاوازی لە رووکەشدا خۆی نیشان دەدات هیچ خاسێتێکی جیاوازی نەبوو، بەڵکو پاڵنەری رق و کینەی رابردوو درووستکەرو بەرهەمهێنی بوو.

هەموومان دەیزانین یەکێتی و پارتی و سۆشیالیست و ئەوانی تریش لە شاخ ئەوەندە شەڕی سەختی ناوخۆییان کرد، کە واپێدەچوو لە بنەڕەتدا بۆ شەڕی یەکتری چووبنە شاخ. لە شەڕی هەکاری و لە شەڕی یەکێتی و بەرەی جووتدا، زیانەکان زۆر گەورەتر بوون بەراورد بە زیانی ئەو شەڕانەی کە هەر لایەنەو خۆی بە تەنیا خۆی دژی دووژمنی سەرەکی کردبوونی. لە کاتێکدا کە دەبوو هەموو هێزە کوردیەکان بە جیاوازی حیزب و رێکخراوەوە پێکەوە لە سەر مەسەلە ستراتیژییەکان رێکبکەوتنایەو لەو پێناوەشدا هەرگیز جورئەتی ئەوەیان نەکردایە کە لولەی تفەنگ ئاراستەی یەکتری بکەن، بەڵام دەبینین مێژووی ناشیرینی شەڕی ناوخۆ لە مێژووی بزووتنەوەی کورددا لە پەنجا ساڵی رابردوودا هاوشانی مێژووی خەباتە دژی داگیرکەران. ئەمە جگە لەو تاوانانەی کوشتن کە لە پشتەوە بەرامبەر بەیەکتر ئەنجامدراون. دیارە ئەوەش گەورەترین خەوش و عەیبە

به مێژووی ئەم بزووتنەوەیەوە. لە کاتێکدا کە حکومەتی عێراقی ئالاّبوو لە سەختترین شەڕەوە لەگەڵ ئێراندا، هێزە کوردییەکان لە بری ئەوەی ئامانجی سەرەکی خۆیان دیاری بکەن و هەموو پێکەوە لولەی تفەنگەکانیان بەو ئاراستەیە رابکێشن کەچی لولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی یەکتر دەکرد و سەرئەنجامی ئەوەش خۆیان و هەموو کوردیان لاواز دەکردو ناڕاستەخۆ خزمەتی دوژمنی داگیرکەریان دەکرد. لێرەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت بزووتنەوەی کوردی نەیتوانیووە ئامانجی سەرەکی دیاری بکات و هەموو تواناکانی خۆی لەو پێناوەدا بخاتە کار. بەڵکو زۆرێکی تواناکانی خۆی بەکارهێناوە بۆ لاوازکردنی لایەنەکانی تر کە ئەوەش سەرئەنجام لاوازکردنی خۆی بووەو هەمیشەش هەر لایەنە لە یاریەکی ناشیریندا هەوڵی داوە رەوایەتی بداتە کارەکانی خۆی لە بەرامبەر بەناڕەوایی کردنی هەر کارێکی لایەنەکانی تردا بە دژی ئەم. ئەم عەقڵیەتی تاوانبارکردنی ئەوانی ترە تاکو ئێستاش بە شێوەیەکی ئاشکرا کاردەکات و بە شێوەیەك لە کۆنەستی سیاسی کوردیدا جێگای گرتووە کۆتایی هاتنی هەروا ئاسان نییە، هەتا کۆتایی بە تەمەنی ئەو نەوە سیاسیەو قوتابیەکانی ئەو نەوەیەش نەیەت کە نیو سەدەیە درووستکەرو داهێنەری ئەم کێشانەن لە کوردستانداو هەمیشەش ستراتیژی نەتەوەییان خستۆتە خزمەتی تاکتیکە گوماناوی و کورت تەمەنەکانی خۆیانەوەو بۆ دێزە بە دەرخۆنەکردنی راستیەکان و پەردەپۆشکردنی ئەو سیاسەتە چەوتەی کە پەیڕەویان کردووە، پێیەکیان لە نێو خەڵکدا بووە بۆ درووستکردنی فەوزاو پەشێویی سیاسی و دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بۆ ئەوەی زەمینە بۆ جێگاگرتن و جێگابوونەوەی بەرنامەکانیان لە سەر زەمینەی واقیع بسازێنن. بە واتایەکی تر سیاسەتی کوردی زیاتر وەکو مشەخۆرێك لەسەر جەستەی کۆمەڵ خۆی نواندووەو فەوزای کۆمەڵایەتیشی درووستکردووە وەکو فەزایەك کە بتوانێت تیایدا هەم گەشە بکات و هەم رەوایەتی بداتە خۆی و هەم درێژە بە بوونی خۆیشی بدات. خاڵێکی زۆر سەرەکیش لەم سیاسەتە سەیرەی کورددا هەمیشە تاوانبارکردنی ئەوانی ترو خۆ بە فریشتە کردن بووە.

### تووندبوونی کێشەکان چی بەرهەم دەهێنێت؟

رەنگە هەموو بە ترسەوە لەبەردەم پرسیارێکی وەهادا رابوەستین چونکە هیچ ئاماژەیەکی خێر لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا بەرچاو ناکەوێت. بەلایەنی کەمەوە ئەو تووندبوونە کاریگەری خراپی دەروونی لەسەر خەڵکی کوردستان بەگشتی هەیە و

جۆرێــك لـــە پەشـــێویی دەروونـــی درووســـتکردووە کـــە مەترســـی ئـــەوەی لێـــدەکرێت بـــەرەو ئاســـتەکانی تـــر بچـــێت و تەقینـــەوە بەرهـــەم بهێنێـــت. لـــە کـــاتێکی وەهاشـــدا دیســـانەوە کـــارکردن لەســـەر ئامانجـــە دووەمیـــەکان جێگـــای کـــارکردن لەســـەر ئامانجـــە یەکەمیـــەکان دەگرێتـــەوەو مەســـەلەی حیـــزب و لایـــەن و گـــروپ دەکەونـــە پـــێش کـــورد و کوردســـتانەوە. ئێمـــە ئـــەو واقیعـــەی کۆمەڵگـــەی کـــوردی بـــاش دەناســـین و بـــەو هـــەموو قســـە زۆرو دەربڕینـــە رەونەقدارانـــەی لـــە بـــارەی فـــرە دەنگـــی و فـــرە رەنگـــی و یـــەکتر قبوڵکردنـــەوە دەکـــرێن نـــاڵێن ئـــامین چـــونکە فـــرە دەنگـــی و فـــرە رەنگـــی و یـــەکتر قبـــوڵکردن و لێبـــوردەیی زەمینـــەی خـــۆی و بکـــەری راســـتەقینەی خـــۆیی هەیـــە. کەســـانێك کـــە هـــەموو ژیانیـــان تـــەرخان بـــوو بێـــت بـــۆ ململانێـــی نامەشـــروع و بـــۆ لـــە نـــاوبردنی دژەکانیـــان بـــە هـــەر شـــێوەیەك بۆیـــان گونجابێـــت تەنانـــەت بـــە کوشتنیشـــەوە ئـــیتر ئـــەو کوشـــتنە کوشـــتنی جەســـتەیی بـــوو بێـــت یـــان کوشـــتنی مەعنـــەوی، کەســـانێك لـــە پێنـــاوی پاراســـتنی پێگـــەو جێگـــەو دەســـەڵاتی خۆیانـــدا هـــەزاران کـــوڕی خـــوێن گـــەرمی ئـــەم نەتـــەوەیان بەیـــەکتر بەکوشـــت دابێـــت، چـــۆن دەتـــوانن چـــەمکی فـــرە دەنگـــی و فـــرە رەنگـــی و یـــەکترقبوڵکردن و لێبـــوردەیی پیادەبکـــەن؟! بـــەڵێ بـــە گەڕانـــەوە بـــۆ ئـــەو کـــەلتوورە زبـــرو خوێناویـــەی رابـــردوو حەقمانـــە بترســـین کـــە کارنـــەکردن بـــە لـــۆجیکی عـــەقڵ و لێکدانـــەوەو خۆدانـــە دەســـتی ســـۆزو عاتیفـــەو هەڵچـــوون و بەرژەوەندییـــە تایبەتیـــەکان دەشێ فەوزاو پێکدادان بەرهەم بهێنن.

**ناکۆکیەکان لەسەر چین؟**

لـــە لایـــەکی تـــرەوە جێگـــای خۆیـــەتی بپرســـین ئایـــا ناکۆکیـــەکان لەســـەر چـــین لـــە کوردســـتاندا؟ ئایـــا لەســـەر جیـــاوازی روانـــین و لێکدانەوەیـــە بـــۆ مەســـەلە چـــارەنووس ســـازەکانی گـــەلی کـــورد؟ ئایـــا لەســـەر شـــێوەی پەیوەندیکردنـــە لەگـــەڵ بەغـــدا؟ ئایـــا لەســـەر شـــێوازی بـــەڕێوەبردنی وڵاتـــە؟ ئایـــا لەســـەر ئەوەیـــە کـــە لایـــەك خـــۆی هـــەموو سەرچـــاوەکانی ژیـــانی خـــەڵکی داگـــیر کـــردووەو لایـــەکی تـــریش دەیـــەوێت خـــەڵك بەشـــدار بـــن لـــە بـــەڕێوەبرنی وڵاتـــی خۆیانـــدا؟ ئایـــا لایـــەك بـــڕوای تـــەواوی بـــە پرینســـیپەکانی ئـــازادی هەیـــەو دەیـــەوێت رووبـــەری ئـــازادی و پـــەراوێزی ئـــازادی فـــراوان بکـــات و لاکـــەی تـــریش رێگـــرە؟ ئەگـــەر جیاوازییـــەکان لـــەم ئاســـتانەدا بوایـــە ئـــەوا لـــە دادوەری کردنـــدا بـــۆ هـــەموو مرۆڤێکـــی ئـــازادیخواو بـــۆ هـــەموو تـــاکێکی بـــە ویـــژدانی ئـــەم نەتەوەیـــە کـــە عاشـــقانە نەتەوەکـــەی خـــۆیی خـــۆش دەوێـــت دەبـــوو لایـــەنگری لایـــەنی چـــاکەخواز بکـــات و ســـەرکۆنەی لایـــەنی خراپـــەخوازیش بکـــات. بـــەڵام لـــە راســـتیدا تـــاکو ئێســـتا ئەگـــەر دوای ســـۆزو عاتیفـــەو ئاســـتی رق و کینـــە نەکـــەوین بەرامبـــەر

بەلایەك دژی لاكەی تر ئەوا دەبێ بڵێین برادەرینە ئێوە هەمووتان كوڕی باوكێكن بەڵام دەشێ جیاوازی لە نێوانتاندا هەبێت، كەواتە باشتر وایە بە لۆجیكی برایانەو بە لۆجیكی روانین بۆ بەرژەوەندییە باڵاكانی گەل سەیری جۆری پەیوەندیتان بكەن و ئەگەر بەو لۆجیكەش سەیرتان كرد ئەوا باڵادەستبوونی یەكێكتان مانای دۆڕاندنی ئەوی ترتان نییە مادەم ئەو باڵادەستبوونە بە زیانی نەتەوەكەمان نەشكێتەوە. دیارە گومانی ئەوەش ناكەین كە هەموو ئەوانەی بە دڵسۆزی تەمەنی خۆیان لە پێناوی میللەتەكەیاندا بەسەربردبێت بە دژی بەرژەوەندی ئەو میللەتە كار بكەن. هەر بۆیە تاوانباركردنی یەكتری لەم روانگەیەوە بێبەهاو بێمانایە. ئێوە هەمووتان لە پاڵتۆكەی گۆگۆڵەوە هاتوونەتە دەرێ و هەمووشتان بە پەروەردەی ژێر ئەو پاڵتۆیە پەروەردەبوون و هەمووشتان خولقێنراوی دەستی گۆگۆڵن و كەستان ئەفریدەكراوی دیستۆفسكی و تۆڵستۆی و لێرمێنتۆف و شۆلۆخۆف پۆشكین نین و هەمووشتان هەریەكەو بە جۆرێك هەڵگری بەشێك لە پەروەردەو ئەخلاقیاتی ستالینانەن ئەگەرچی كوڕەكانی گۆگۆڵ لەسەردەمی ستالیندا ئێسقانەكانیشیان نەمابوو بەڵام لە رووی مەعنەوی و عەقڵ و كەلتوورەوە زیندو بوون. كەواتە ناكۆكیەكانتان لەسەر ئەوەیە كێ ببێتە خاوەنی پاڵتۆكە یان كێ زیاترین رووبەری ژێر پاڵتۆكەی بەربكەوێت؟ دیسان ئەو ململانێیەش زۆر رەوایە ئەگەر بە لۆجیكی عەقڵ بكرێت و لە پێناوی ئەوەدا بێت ژیانی ژێر پاڵتۆكە خۆشترو شكۆمەندانەتر بێت بۆ هەموو رەعیەتی ژێر ئەو چەترە.

بێگومان ناكۆكیەكان ناكۆكی مەكسەب و مەنسەبەو هەر لایەكیش هەر بیانوویەكی تری بۆ بدۆزێتەوە ناتوانێت ئەو راستیە پەردەپۆش بكات كە لە پێناوی خۆی و لایەنەكەیدا ئەوە دەكات دیسان ئەو ململانێیەش بە شێوەی سەردەمیانەو شارستانیانە رەوایە بەڵام خولقاندن و درووستكردنی ئەو هەموو فەوزایە مەترسیدارەو ئەوەی دەیكات نەك خزمەتی كوردو كوردستانیش ناكات بەڵكو زیانیشی لێدەدات. بێگومان هەریەكەش بەشێك لە بەرپرسیارێتی هەر رووداوێكی نابەجێی دەكەوێتە ئەستۆ بەڵام ئەوەی بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی وڵات ئەو بەرپرسیاری یەكەمە. ئەوەی هەستی پێدەكرێت ئەوەیە لە عەقڵی كوردیدا هیچ نەیارو دژێك تەنانەت هیچ جیاوازێكیش لە لایەن دەسەڵاتەوە قبوڵ ناكرێت ئەمەش فەزایەكی ترسناك بەرهەم دەهێنێت و پێمان دەڵێت سەرباری پەنجا ساڵی شەڕو ئاژاوەی ناوخۆ هێشتا هەمان ستراتیژی هەر دەبێ خۆم هەبم و كەسی تر نەبێت و بۆ ئەوەی خۆم هەبم نابێ كەسی تر هەبێت و بۆ ئەوەی هەر

خـــۆم هـــەبم دەبـــێ هـــەموو ئـــەوانیتر بســـڕمەوە کاردەکـــات. ئەمـــەش پێمـــان دەڵێـــت ئـــەو عەقڵـــە سیاســـیەی کـــە نیـــو ســـەدەیە لـــە کوردســـتاندا باڵادەســـتەو فـــەوزاو توونـــدو تیـــژی و شـــەڕی نـــاوخۆی بەرهـــەم هێنـــاوە ئێســـتا لـــە فـــۆرمێکی تـــردا دەیـــەوێت رۆحـــی نـــەوەی نـــوێی شـــار کـــە بـــە ژەهـــراوی رق و کینـــەی پـــەنجا ســـاڵی شـــەڕی نێـــوان جـــەلالی و مـــەلای ژەهـــراوی نـــەبووە، بـــە ژەهـــراوی رق و کینـــەی نێـــوان بـــاوك و هەنـــدێ لـــەو کوڕانـــەی لـــە حەســـارەکەی بـــاوك چـــوونەتە دەرەوە ژەهـــراوی بکـــەن و ئـــەو نەوەیـــەش فاســـید بکـــەن بـــۆ ئـــەوەی نـــەك هـــەر ئێســـتا بـــەڵکو ئاینـــدەی ئـــەم نەتـــەوەش بکـــوژن. مـــن گومـــانم نییـــە ئـــەو تاوانبارکردنانـــەی یـــەکتری ســـەرکردەو بەرپرســـە کوردەکـــان هـــەر لـــە ســـاڵانی ســـەرەتای شەســـتەکانەوە تـــاکو ئێســـتا زۆربـــەی راســـتەو ئـــەوەش هێشـــتا مشـــتێکە لـــە خـــەرواریك و زۆر نهـــێنی ناشـــیرینیش مـــاوە لەســـەر یـــەکتری بیلـــێن کـــە رەنگـــە بـــۆ مێژوونووســـی داهـــاتووی کـــورد ســـوودی زۆری هـــەبێت. بـــەلام هـــیچ گومـــانم نییـــە ئـــەم جـــۆرە رەفتـــارو کارانـــە بـــۆ ئێســـتا زیـــانی گـــەورەی دەبێـــت و هـــەم دەشـــێ ببێتـــە هـــۆی فـــەوزای سیاســـی و کۆمەلایـــەتی و تونـــدو تیـــژی زیـــاتری لێـــوە ســـەرهەڵبدات، هـــەم لـــە لایـــەکی تریشـــەوە زیـــاتر ئاشـــکراکردنی نهێنیـــەکانی یـــەکتری لـــە لایـــەن بەرپرســـانەوە زیـــاتر لەبەرچـــاوی جـــەماوەر دەیاهێنێتـــە خـــوارەوەو بـــۆ مێـــژوو بـــۆ ئـــەو خەباتەشـــی کـــە کردوویانـــە بـــە هـــەموو کەموکورتیەکانیـــەوە زیـــان بەخشـــەو بـــە جۆرێـــك لـــە جۆرەکـــان دەبێتـــە ســـوکایەتی بـــۆ خۆیشـــیان و بـــۆ دەوروبەرەکانیشـــیان. راســـتە جیـــاوازی هەیـــە لـــە ئاســـتی بەرپرســـیارێتی ئـــەو کـــارە درێـــوو ناشـــیرینانەدا بـــەلام هـــیچ لایـــەکیان نـــاتوانن بـــێ گونـــاهی خۆیـــان بســـەلمێنن، بـــەلام ئـــــەوە ی پلـــــەی بەرپرســـــیارێتی لەســـــەروترە هەمیشـــــە بەرپرســـــیارێتی زیـــــاتر لـــــە ئەســـــتۆی ئەودایـــــەو ئـــــەوەش راســـــتەیەکی حاشـــــا هەڵنـــــەگرەو کـــــەس ناتوانێـــــت پێچـــــەوانەکەی بسەلمێنێت.

لـــە راســـتیدا شـــێوازی کـــارکردنی لایـــەکانی ســـەرکردایەتی یـــەکێتی و پـــارتی و گـــۆڕان لـــە خســـتنەرووی ناکۆکیـــەکانی نێوانیانـــدا تـــا ئاســـتێکی ئاشـــکراو لەبەرچـــاو ســـەرەتایی بـــوونی هـــــەموویانی لـــــە بـــــەڕێوەبردنی ململانـــــێ و جیـــــاوازی و ژیـــــانی فـــــرە حیزبـــــی و فـــــرە رێکخراوەییـــدا نیشـــان دەدات کـــە هـــیچ مـــۆرکێکی ســـەردەمیانەی پێـــوە نیـــەو هـــەمان رەفتـــارو هـــەڵس و کـــەوتی هەنـــدێ ئاغـــاو بـــەگ و شـــێخی کـــوردە کـــە لـــە رابـــردوودا چـــۆن لەســـەر زەوی و لـــــەوەڕگاو پێگـــــەی مەعنـــــەوی خێـــــڵ و عەشـــــیرەتەکانیان دژی یـــــەکتر کردوویانـــــە. ئـــــەوە چ ســـــوودێکی هەیـــــە شـــــەوانە لەســـــەر شاشـــــەی تەلەفیزیۆنەکانـــــەوە چـــــەندین کـــــەس نیشـــــانی خـــەڵکی کوردســـتان بـــدەیت کـــە ئەوانـــە لـــە ریزەکـــانی گۆڕانـــەوە گەڕاونەتـــەوە نـــاو یـــەکێتی

نیشـــتیمانی یـــان نـــاو پـــارتی یـــان بـــه پێچـــەوانەوه. حەقـــه هـــەمووان بـــەو لۆجیكـــه بـــیر بكەنـــەوه كـــه نـــه گـــۆڕان جـــاش و پیـــاوی دوژمـــنی داگـــیر كـــەربوون تـــا ئێســـتا كادیرەكانیـــان بێنـــەوه ریـــزی گـــەل نـــه یـــەكێتی نیشـــتیمانی و نـــه پـــارتی، رژێمـــی بەعســـن هـــەتا بەشـــێك لـــه كادیرەكانیـــان ســـەنگەری دیكتاتۆریـــەت بـــه جێبهـــێڵن و بگەڕێنـــەوه بـــەرەی گـــەل. بـــەڵكو ئەگـــەر هـــەمووان بـــه لـــۆجیكی عـــەقڵ بـــیر بكەنـــەوه دەبـــێ دان بـــەو راســـتیەدا بنـــێن كـــه جیابوونـــەوه شـــتێكی ئاســـاییەو مـــەرجیش نییـــه هـــەموو ئەوانـــەی كـــه جیـــا دەبنـــەوه نوخبـــەی خـــاوێنی حیزبەكـــه بـــن هـــەروەك مـــەرجیش نییـــه ئـــەوەی كـــه ریـــزی حیزبەكـــەی خـــۆی بـــه جێنەهێشـــت ئـــیتر ناپـــاك و گەنـــــدەڵ و دزه. بێگومـــــان هـــــەردوو بۆچـــــوونەكه نادرووســـــتن و هۆكـــــاری ســـــەرەكی دروســـتبوونی پەشـــێوی و ئـــاڵۆزین. بـــه گـــوێرەی دوو ســـەركردەكەی یـــەكێتی و گـــۆڕانیش كـــه زیـــاتر لـــه چـــل ســـاڵ هاوخـــەبات بـــوون، عـــەیبێكی گەورەیـــه كـــار بگەیەننـــه ئـــەو ئاســـتەی كـــه منـــداڵ و گەنجـــه رۆژنامـــەنوو فرۆشـــەكانی بـــەردەركی ســـەراو شـــەقامی مەولـــەوی هـــاوار بكـــەن و بڵـــێن : وەرن بـــۆ شـــەڕه جنێوەكـــەی مـــام جـــەلال و كـــاك نەوشـــیروان. وەره بیكـــڕه ئـــەمڕۆ مـــام جـــەلال كـــاك نەوشـــیروانی تـــەخت كـــردووه ، وەره بیكـــڕه ئـــەمڕۆ كـــاك نەشـــیروان هیچـــی بـــۆ مـــام جـــەلال نەهێشـــتۆتەوه. بێگومـــان ئـــەم جـــۆره رەفتـــاره ســـەرەتایی بـــوونی كۆمەڵگـــەی كـــوردی و عـــەقڵی كـــوردی نیشـــان دەدات و ئـــەوەش دەســـەلمێنێت كـــه كـــورد پێكهاتەیەكـــه توانـــای گەشـــەكردنی زۆر لاوازه، هـــەر ئـــەوەش وایلێكـــردووه كـــه تـــاكو ئێســـتا لـــه پـــەراوێزی مێـــژوودا بمێنێتەوەو نەتوانێت هەنگاوی بەرەو هاتنه ناو مێژوو بنێت.

## 37- ئۆپۆزسیۆن و دەسەلاٚت له كوردستاندا

رەنگـــه جێگـــای خـــۆی بێـــت بـــه ئاراســـتەیەكی جیـــاواز لـــەوەی كـــه تـــاكو ئێســـتا لـــه كوردســـتاندا بـــاوه لـــه بـــارەی بـــوون و پەیوەنـــدی دەســـەلاٚت و ئۆپۆزســـیۆن پێكـــەوه بـــدوێین. بـــه تایبـــەتی ئـــەوەی لـــه نێوەنـــدی رۆشـــنبیری سیاســـی كوردیـــدا تـــاكو ئێســـتا بـــه ئاشـــكرا دەبینرێـــت ئەوەیـــه كـــه پەیوەنـــدی ئـــەم دوو لایەنـــه لـــه شـــێوەی نـــەیارێتی و دوژمنایەتیـــدا خـــۆی دەنوێنێـــت نـــەك پەیوەنـــدی نێـــوان دەســـەلاٚت و ئۆپۆزســـیۆن كـــه لـــه رووی راســـتیەوه ئـــەم دوو پێكهاتەیـــه ئەگـــەر بەراســـتی خـــاوەنی شووناســـی خۆیـــان بـــن لـــه كۆمەڵگەیـــەكی سرووشـــتی و لـــه سیســـتێمێكدا كـــه لایـــەنی كـــەمی دیموكراســـی هـــەبێت ئـــەوا نـــەك هـــەر دووژمـــن و نـــەیاری یـــەكتری نـــین بـــەڵكو تەواوكـــەری یـــەكترین. لـــەم باســـەدا هەوڵـــدەدەین لەســـەر شـــێوازی

سرووشتیی ئەو پەیوەندییە بدوێین و لە هەمان کاتدا هەم دەسەڵات و هەم ئۆپۆزسیۆنی کوردی بخەینە بەردەم جۆرێك بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر یەکترداو هەم بیاخەینە بەردەم جۆرێك لە هەڵسەنگاندنەوەو لەو سەروبەندەشدا ئەو پرسیارە بەرز بکەینەوە ئایا ئەرکی دەسەڵات چیە لە بەرامبەر ئۆپۆزسیۆندا ؟ ئایا ئەرکی راستەقینەی ئۆپۆزسیۆن چیە لە بەڕێوەبردنی وڵات و لە کارو جوڵەی لە نێو کۆمەڵگەو لە بەرامبەر دەسەڵاتیشدا؟

دەسەڵات یان حیزبی دەسەڵات چییە؟

دەسەڵات لە هەر وڵات یان کۆمەڵگەیەکدا بریتیە لەو سیستێمە سیاسی و ئیداریی و ئابووری و عەقڵیەی کە وڵات بەڕێوە دەبات کە دەشێ دەسەڵاتی تاکە حیزبێك یان دەسەڵا تی چەند حیزبێك بێت کە بە پێی بەرنامەیەك رێك کەوتبن بۆ شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوانیاندا بۆ چۆنێتی بەڕێوەبردنی وڵات. هەروەك دەشێ دەسەڵات تەنیا دەسەڵاتی تاکە سەرکردە بێت کە ئەوەش خاسێتی دەسەڵاتی تۆتالیتاریە. هەروەك دەشێ ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی ئایینی یان مەزهەبی یان ئایدیۆلۆجی رەها بێت و تەنیا بڕوای بە بوونی خۆی هەبێت وەکو زۆرینەی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دەشکرێ ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی خێڵایەتی ئایینی بێت کە لە رابردوودا ئیمپرتۆرێتە ئایینیە فرە ئیتنیکیەکانی لێ درووست بووە وەکو دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی و دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی. لەوانەشە دەسەڵات، دەسەڵاتێکی خێڵایەتی رووکەش کراو بێت بە سیماو خاسێتە رووکەشەکان و بەرهەمە مادییەکانی مۆدێرنێتە وەکو دەسەڵاتە خێڵایەتی و ئاینییەکانی نیمچە دوورگەی عەرەب و تەنانەت عێراقی سەردەمی بەعسیش. بەهەرحاڵ دەسەڵات لە هەر کام لەم جۆرانە بێت ئەرکی سەرەکی بەڕێوەبردنی وڵاتە کە دەشێ شێوازی ئەو بەڕێوەبردنە شێوازێکی دیموکراسیانە بێت یان بە پێچەوانەوە شێوازێکی تۆتالیتارانە بێت. لە ئەزموونی میللەتانی دنیاشدا هەردوو جۆرە دەسەڵاتەکە بە ئاشکرا دەبینرێن. ئەگەر ئەمە شێوەکانی دەسەڵات بێت ئایا لە کوردستاندا دەسەڵات کامەیەو سرووشتەکەی چۆنەو چۆن کار دەکات و ئایا لە کام جۆری دەسەڵاتە واتە دەسەڵاتیکی دیموکراسیە یان تۆتالیتاری یان شێوازێکی جیاوازە لە هەردوو جۆرەکەی دەسەڵات؟

ئۆپۆزسیۆن چییە؟

بێگومان لە پاڵ پرسیارەکانی سەرەوەدا دەمانەوێت ئەوەش بپرسین ئەی ئایا ئۆپۆزسیۆن چییە و سرووشتی ئۆپۆزسیۆن کامەیەو ئەرکی ئۆپۆزسیۆن چییەو چۆن کار دەکات؟ لە پرسیارێکی سادەدا دەپرسین ئایا پەیوەندی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات بریتییە لە دوژمنایەتی کردنی یەکتری، یان دوو جەمسەری بەرامبەر بەیەکن و لە هەمان کاتدا یەکتر تەواو دەکەن؟ تەنانەت ئەگەر وەکو دژی یەکتریش سەیر بکرێن ئەوە بێگومان بە پێی یاسای ناکۆکی نێوان دژەکان دیسان هەر یەکتر تەواو دەکەن. ئێمە لەم باسەدا هەوڵدەدەین لەسەر سرووشتی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنی کوردی بدوێین و باس لە پەیوەندی و سرووشتی بوونی ئەو دووانە بەیەکترەوە بکەین و لەوەش بدوێین کە ناشێت تەسەوری کۆمەڵگایەکی سرووشتی بکەین بە بێ بوونی ئۆپۆزسیۆن، هەرچۆن ناشێت تەسەوری بوونی دەسەڵاتێکی دیموکراسی بکەین بە بێ بوونی ئۆپۆزسیۆن. هەروەك ناشێت هێزێك ناو بنرێت ئۆپۆزسیۆن ئەگەر خاوەنی کۆمەڵێ بنەمای دیاریکراو نەبێت. بەهەرحاڵ دەبێ پێش هەموو شتێ ئەو راستییە بڵێین ئەوە بارێکی سرووشتی و درووستە لە کوردستاندا کە ململانێ و ناکۆکییەکان ببنە ناکۆکی و ململانێی سەر سندووقەکانی دەنگدان. ئەوەش بارێکی سرووشتی و سەرەتایەکی درووستە بۆ نۆرمالیزەکردنەوەی کۆمەڵگە ی کوردی کە حیزبی دەسەڵات یان پێکهاتەی دەسەڵات و حیزب یان پێکهاتەکانی ئۆپۆزسیۆن لە ناو پەرلەماندا پێکەوە بن و لە ژێر سەقفێکدا کۆببنەوەو لە رێگای گفتوگۆو دایەلۆگەوە لە کێشەکانی نێوانیان بدوێن و لە رێگای دەنگدانیشەوە ئەو کێشانە یەکلا بکەنەوە، بە واتا دەبێ هەم دەسەڵات و هەم ئۆپۆزسیۆن لە کۆمەڵگە ی کوردیدا لەو راستییە تێبگەن ئێستا سەردەمێکە کە تیایدا هەموو ململانێکان لە رێگای سندوقەکانی دەنگدان و لە نێو هۆڵی پەرلەماندا یەکلایی دەکرێنەوە کە ئەمەش ئەو قۆناغەیە کە تیایدا قەڵەم و بیرو دایەلۆگ جێگای گولەو تفەنگ و سەنگەر لە یەکگرتن دەگرێتەوە. ناڕازی بوونی هەریەکە لە دەسەڵات و ئۆپۆزسۆن لە کوردستاندا بە بوونی ئەوی تریان بەڵگەی قبوڵ نەکردنی سەرەتای ژیانی نوێ و گۆڕینی شێوازی ململانێکانە لە کوردستاندا لە ململانێی گوللەو تفەنگ و سەنگەر لەیەکتر گرتنەوە بۆ ململانێی نێوان سەر سندوقەکانی دەنگدان و گفتوگۆی نێو پەرلەمان و شەڕی هێمنی نووسین و گفتوگۆی پشتبەستوو بە بەڵگەو ئەویش بەمەبەستی راستکردنەوەی کەموکورتییەکان و بە مەبەستی بیناکردنی شێوازێك لە بەڕێوەبردن کە وابکات لە هاووڵاتی هەست بە بوونی خۆی بکات و سەرئەنجامیش ئەو

ئینتیمایەی لا درووست بکات کە پێی دەگوترێت ئینتیمای هەست بە هاونیشتیمانی کردن.

بێگومان بۆ رووناکی خستنە سەر ئەو پرسیارانەی کە لێرەدا بەرزمان کردنەوە پێویستمان بە گەڕانەوەیەکی کەم هەیە بۆ مێژووی هەژدە ساڵ پێش ئێستا کە یەکەمین هەڵبژاردن لە کوردستاندا کرا. ئەوە لای هەموومان ئاشکرایە کە لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا کۆمەڵێ لیستی جیاواز هەبوون کە بە جیا بەشداری هەڵبژاردنیان کرد. هەرچەندە بە هۆی ئەو رێژە نادرووستەی لە سەدا حەوتەوە کە دانرابوو بێجگە لە دوو حیزبە سەرەکیەکە کەسی تر هەلی ئەوەی بۆ نەڕەخسا بگاتە ناو پەرلەمان، بەڵام لە سەروەختی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا سەرباری کێشەی کەم، شتی مەترسیدار رووینەداو بارودۆخەکەش بە هێمنی بەڕێوەچوو هەتا ساتەوەختی ئاشکراکردنی رێژەی دەنگەکان کە بەداخەوە ئێستا پاشی هەژدە ساڵ لەو یەکەم ئەزموونە بەشێکی دیار لە شاڵاوەکانی هەڵبژاردن هەرزەکارانەو نامەسئولانەو هستریانەیە ئەوەش سەرەتاییبوونی عەقڵی سیاسی و کارکردن بە گیانی رق و کینەی هەریەکە لە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات بەرامبەر بە یەکتر نیشان دەدات. بەهەرحاڵ لەو کاتەدا واتە لە یەکەم ئەزموونی هەڵبژاردندا عەقڵی سیاسی لاوازی کوردی قبوڵی ئەوەی نەکرد کە زۆرینە با زۆرینەیەکی کەمیش بوو بێت حکومەت درووست بکات و لایەنی دووەمیش ببێتە ئۆپۆزسیۆن. بێگومان دەشێ کۆمەڵێ بیانوو پاساو بۆ ئەوە بهێنرێتەوە بەڵام لە راستیدا جێگای قەناعەت پێهێنان نین بەڵکو راستیەکەی ئەوەیە کە سەرکردایەتی حیزبی کوردی تەسەوری بوونی خۆیی نەدەکرد لە دەرەوەی دەسەڵات چونکە دەیزانی ئەگەر لە دەرەوەی دەسەڵات بێت ئەوا زۆرێك لەو مەکسەب و مەنسەبانەی کە دەستی دەکەوت دەشیا لە دەستی بچوونایە. ئەم روانینەش وای لە حیزبی کوردی کردبوو کە بڕوای بەوە نەبێت کە ببێتە ئۆپۆزسیۆن. کەواتە هەر ئەو حیزبانەی کە ئێستا لە دەسەڵاتدان و هەم بەشێك لە سەرکردەکانی ئێستای ئۆپۆزسیۆن کە پێشتر رۆڵی دیاریان لە نێو حیزبی وەکو خۆیان دەڵێن دەسەڵاتدا هەبوو پێشنیاری پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتی پەنجا بە پەنجایان هێنایە ئاراوەو ئەو چەمکەش لەسەر زەمینەی واقیع جێبەجێ کرا کە لە دوو رووەوە زیانی گەورەی لە بارودۆخی کوردستان و مەسەلەی نەتەوایەتی و مەسەلەی دیموکراسی لە کوردستاندا دا. کە یەکەمیان رێکەوتنی هەردوو لایەنی بەشداربووی پرۆسەی سیاسی بوو لە کوردستاندا

بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و داهات لە نێوانیاندا تا ئەو کاتەی کە توانیان پێکەوە بژین، کاتێ کە ئەو توانایەشیان نەما شەڕی براکوژییان بەرپا کرد کە هەزاران ڕۆڵەی میللەتی تێدا لە ناوچوو، داهاتێکی بێشوماری گەلیشیان لەو شەڕە خۆکوژییەدا بە فیڕۆداو سەر ئەنجامیش مام جەلال و کاك مەسعود لە دوای ئاگربەست لە کۆبوونەوەیەکدا لە ئوتێل سلێمانی پالاس بێگوناهی خۆیانیان لەو شەڕە ترسناکە خوێناویە ڕاگەیاندو ڕوو زەردیشیان دا بەشانی هەموو ئەو بەرپرسانەی تری یەکێتی و پارتیدا کە هۆکاری سەرهەڵدان و درێژە کێشانی ئەو شەڕەیە بوون. تاکە بەرپرسێکی یەکێتی و پارتیش نەیوێرا تەنیا بڵێ نەخێر بەڕێزینە ئێوە بێگوناه نین لەو شەڕە ماڵوێرانکەرە. دووەمیش بەو پێکهێنانی حکومەتی پەنجا بە پەنجایە ئەگەری دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنیان هەر لەسەرەتاوە کوشت و بەوەش زیانی گەورەیان لە مەسەلەی دیموکراسی دا لە کوردستاندا چونکە ناشێت تەسەوری دیموکراسی بکەین لە سایەی دەسەڵاتێکی سیاسی ئیداریدا کە لە بەرامبەریدا ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزو چالاك ئامادەبوونی نەبێت.

لێرەوە بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کە هەر لەسەرەتاو یەکەم هەنگاوی پێکهێنانی دەسەڵاتی خۆماڵی کوردیدا ئەگەرو زەمینەی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن لەبار برا کە لە ڕاستیدا کورد لەبەر ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەی کە لە ڕابردوودا چەشتوویەتی و لەبەر ئەو هەموو سیاسەتی لە نێوبردن و پاکتاوکردنی ڕەگەزییەی کە بەرامبەری کراوەو لەبەر ئەو هەموو بێماف کردنەی کە لە ئەنجامی نەبوونی دیموکراسیەوە دەرهەقی کراوەو لە پای ئەوەی کە ساددەترین ڕای جیاوازی هەبوو بێت دوچاری گەورەترین کارەسات کراوە، دەبووا لە هەنگاوی یەکەمدا پێداگری لەسەر دروستکردنی سیستێمێکی دیموکراوسی بکردایە کە ئەویش بەبێ بوونی ئۆپۆزسیۆن ئەگەری دروستبوون و پێکهاتنی زۆر لاوازە. بەهەرحاڵ لە ڕابردوودا بواری ئەوە نەڕەخساوە کە ئۆپۆزسیۆن دروست بێت و هەر لەسەردەمی شاخیشەوە هەر دەستەو گروپێك لەبەر هەر هۆیەك بوو بێت لە دوو حیزبە سەرەکیەکە جیابووبنەوەو دواتر خۆیان وانیشان دابێت کە ئۆپۆزسیۆنن، ئەوا لە هەر کاتێکدا دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە نەرمییان نواندبێت بەرامبەریان و هەندێ مەکسەب و مەنسەبیان دابێ پێیان، ئەوا بێ دوودڵی چوونەتەوە ژێر باڵی باوك و جەسوورانەش بەرگریان لەو دەسەڵاتی حیزبە کردووە کە پێشتر هەڵوێستی دژیان بەرامبەری وەرگرتووە، دیارە بێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەکیش لە بنیادو بەرنامەو سیاسەت و تێڕوانینی حیزبە سەرەکیەکاندا ڕووی دابێت. ئەمەش

تەنیا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە ناوەندی سیاسی کوردی ئامادەگی ئەوەی نەبووە کە ئۆپۆزسیۆنی خاوەن شووناس بەرهەم بهێنێت دیارە ئەوەش ئاشکرایە هەرچۆن حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە رابردوودا نەیانتوانیووە زەمینەسازی بکەن بۆ قبوڵکردنی هێزێك بەناوی ئۆپۆزسیۆن، هەروەها ئۆپۆزسیۆنیش لەو رابردووەدا نەیتوانیووە سادەترین خاسێتی ئۆپۆزسیۆنی هەبووبێت.

**ئایا ئێستا زەمینە بۆ درووستبوونی ئۆپۆزسیۆن لە بارە؟**

ئایا ئەوەی لە کوردستانی ئێستادا هەیە دەشێ بە حیزبی دەسەڵات و بە ئۆپۆزسیۆن ناو ببیرێن؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە نامانەوێت وەڵامی نەرێ بدەینەوەو وای نیشان بدەین کە نە حیزبی دەسەڵات لە کوردستاندا خاسێتی حیزبی دەسەڵاتی هەیەو نە ئۆپۆزسیۆنیش خاسێتی ئۆپۆزسیۆنی هەیە. نەخێر بەدەر لەو باسە لەو واقیعە دەدوێین کە ئێستاو لە دوای هەڵبژاردنی هاوینی رابردووی کوردستانەوە هەیەو بە ئاشکرا لە پەرلەمانی کوردستاندا دوو حیزبە سەرەکیەکەو چەند حیزبێکی گچکۆکە حکومەتیان پێکهێناوەو بوونەتە حیزبی دەسەڵات و لیستی گۆڕان و یەکگرتوو کۆمەڵیش نەچوونەتە ناو حکومەتەوەو دەوری ئۆپۆزسیۆن دەبینن.

ئەگەر بە چاوی چاودێر سەیر بکەین ئەوا لەوە تێدەگەین و دەشزانین لەکاتی شاڵاوی هەڵبژاردندا باسی بەرنامەو قسەکردن لەسەر کاری دوای دەرچوون شتێکی سرووشتیەو رووبەڕوو بوونەوەی بەرپرسان لەسەر شاشەی تەلەفیزۆن و قسەکردن لەسەر بەرنامەی یەکتری و دەرخستنی کەموکورتی بەرنامەی یەکتری نەریتێکی باوە لە شاڵاوی هەڵبژاردنی وڵاتانی ئاسایدا کە مەبەستمان ئەو وڵاتانەیە کە هەڵبژاردن تیایاندا بووە بە کەلتوور. زۆربەمان رووبەڕووبوونەوەکانی پارساڵی ئۆبامەو جۆن ماکینی رکەبەریمان لەسەر کەناڵەکانی تەلەفیزۆنەوە بینیووە کە وردو درشتی بەرنامەو کەموکورتیەکانی بەرنامەی یەکتریان دەخستەروو چ هەردوو کەس و چ لایەنگرانیشیان ئەوەیان بەئاسایی وەردەگرت. تۆنی بلێری سەرۆك وەزیرانی پێشووی بەریتانیا لە گفتوگۆیەکیدا دەڵێت یەکێك لەو شتانەی کە زۆر سەرنجی راکێشام و خستمیە دڵەڕاوکێوە ئەوەبوو لە شاڵاوی هەڵبژاردنمدا بۆ جاری دووەم پارتی نەیاری کۆنسێرڤەتیڤ سەری منیان کردبوو بە لاشەی گوێدرێژێکەوە کە بینیم کەوتمە ئەو بارە دوو دڵیەوە ئایا من غەدرم لێکراوە یان گوێدرێژەکە. بێگومان هیچ کام لە ئێمە بۆ واقیعی کۆمەڵگەی کوردی نابێت بەراوردی

خۆمــان بــە کۆمەڵگــەی  ئەمــەریکی و بــەریتانی بکــەین چــونکە هەریەکــە لــە ئــەوان مێــژووی دوورو درێــژی یــاری هەڵبــژاردن و مومارەســەی ئــاڵوگۆڕی دەســەڵاتیان هەیــە بــە هــێمنی و لــە رێگــای ســندووقەکانی دەنگدانــەوە. زۆربــەشمان گفتوگــۆو رووبەڕووبوونــەوەکانی حیــزب و پێکهاتــەکانی دەســەڵات و ئۆپۆزســیۆنی نێــو پەرلەمانــەکانی زۆرێــك لــە وڵاتــانی جیهانمــان لەســەر تەلەفیزۆنــەوە بینیــووە کــە هەنــدێ جــار شــەڕە دەســت و پــەلاماردانی یەکتریشــی لێکەوتۆتــەوە، بــەڵام ســەرباری ئەوانــەش هێشــتا پەرلــەمان وەکــو ئــەو دامــەزراوە زینــدووە ماوەتــەوە کــە بڕیــارە چــارەنووس ســازەکانی گــەل و وڵات لــە ژێــر ســەقفی ئــەودا دراوەو دەدرێــت. کەواتــە دەبــێ ئــەرکی هەریەکــە لــە حیــزب و پێکهاتــەی دەســەڵات و ئۆپۆزســیۆن چی بێت؟

ئەرکی دەسەڵات چییە؟

بێگومــان ئــەوە ئاشــکرایە کــە حیزبــی بــراوە یــان لیســتی بــراوە حکومــەت پێکــدەهێنێت و حکومەتەکەشــی کــار دەکــات بــۆ جێبــەجێکردنی ئــەو بەرنامــەی کــارەی کــە لــە شــاڵاوی هەڵبژاردنــدا پڕوپاگەنــدەی بــۆ کــردووەو هەوڵیــداوە خــەڵکی والێبکــات کــە لەســەر بنــەمای ئــەو بەرنامەیــە دەنگــی پێبــدەن. ئــەرکێکی تــری ئــەم لیســتە ئەوەیــە کــە لــە رێگــای گفتوگــۆو بەدەســتهێنانی دەنگــی نــاو پەرلەمانــەوە هەوڵبــدات لــە داڕشــتنی یاســاکان و لــە رایکردنــی بودجــەو لــە نێــو لیژنــەکانی پەرلەمانــدا وەهــا کــار بکــات کــە بەڕاســتی پێکهاتــەی حیــزب یــان پێکهاتــەی دەســەڵات بێــت و بــەو پێیــەش پاڵپشــتی تــەواوەتی حکومــەت دەبێــت بــۆ ئــەوەی حکومــەت بتوانێــت کارنامەکــەی خــۆی بــە باشــی جێبــەجێ بکــات. هەرچــەندە دەبــێ ئــەوەش بــزانین کــە ئەنــدامی پەرلــەمان لەبــەر ئــەوەی کــە نوێنــەری خەڵکــەو بــەدەنگی خــەڵك گەیشــتۆتە نــاو پەرلــەمان نــابێ و ناشــێت کوێرانــەش بــە فــەرمانی ســەرەوەی خــۆی یــان بــە فــەرمانی حیزبەکــەی لایــەنگری هــیچ هــەنگاوێك بنێــت کــە لەگــەڵ ئــەو بەرنامەیــەدا نــاکۆك بێــت کــە بەرنامــەی هەڵبــژاردنی لیســتەکەی بــووەو بــەپێی ئــەو بەرنامەیــە جــەماوەر دەنگیــان پێــداوە. بێگومــان ئەگــەر لــە روانگــەی ئــەم بۆچــوونەوە ســەیر بکــەین دەبــێ بــە ئاشــکرا هەســت بــەوە بکــەین و ببینــین کــە ئــەو بەرنامــەی کــە لیســتی کوردســتانی لــە هەڵبــژاردنی 25 ی تــەموزدا بانگەشــەی بــۆ کــردو زۆرینــەی کورســیەکانی پەرلــەمانی بەدەســتهێنا دەبــێ ئێســتا خــەریکی جێبــەجێکرد نی بێــت و لیســتەکەش لــە نێــو پەرلەمانــدا پاڵپشــتێکی بــەهێزی ســەرۆکی حکومــەت بێــت بــۆ رێگــاخۆش کــردن بــۆ ئــەوەی حکومــەت بــە گشــتی و ســەرۆکی ئەنجوومــەنی وەزیــران بــە تایبــەتی بــێ بەربەســت و بــێ رێگــری بتوانێــت کارنامەکــەی خــۆی

جێبەجێ بکات کە لەراستیدا بریتییە لە بەرنامەی لیستی کوردستانی و کۆی ئەو بەڵێن و پەیمانانەی کە لە شالاوی هەڵبژاردندا بە جەماوەری داوە. دیارە هێشتا زووە بۆ ئەوەی کە قسە لەسەر ئەوە بکەین کە ئایا حکومەتەکەی دکتۆر بەرهەم لە جێبەجێکردنی کارنامەکەیدا سەرکەوتوو دەبێت یان نا بەلاّم ئەوەی کە لە ماوەی سێ مانگی یەکەمی کارکردنیدا دیارترین شتە، ئەوەیە کە بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی لە بەرچاوو بە ژمارە بودجەی هەرێمی کوردستانی ئامادە کردووەو رەوانەی پەرلەمانی کردووە کە ئەوەش سەرەتایەکی باشەو هەنگاوێکی گرنگە، ئەگەر لەم یەکەم قۆناغەدا کەموکورتیشی تێدا بێت ئەوە چاوەڕوانی باشترکردن و شەفافتر کردنی مەسەلەی بودجە دەکرێت کە بڕبڕەی پشتی بەڕێوەبردنی ولاّتەو گەڕانەوەی بودجەو دارای لە قاسەو گیرفانەکانی حیزبەوە بۆ قاسەکانی حکومەت هەنگاوێکە بۆ ئەوەی حکومەت هەژموونی هەبێت و بتوانێت بڕیار بدات. بێگومان بۆ منی هاوولاّتی و بۆ هەموو کوردیش سەرکەوتنی ئەم حکومەتە لە قازانجی هەموومانەو سەرئەنجامیش لە قازانجی گەلی کوردە. ئەگەر هەموو ئێمەش بەو چاوە سەیری بارودۆخی کوردستانمان کرد بێگومان ئەوا ناتوانین وەکو ئەوی تری نەیارو دوژمن سەیری حکومەت و تەنانەت حیزب و پێکهاتەی دەسەلاّتیش بکەین لە کوردستاندا. دیارە ئەم قسەیەش بەو مانایە نییە کە ئیتر ئێمە شانی لێدابدەین و واز لە قسەو رەخنەو پێشنیارکردن بهێنین. نەخێر بەلاّم ئەگەر ئێمە ولاّتی خۆمانمان خۆش بوێت و بە ئومێدی ئەوەبین کە سبەینێیەکی گەش بۆ ئەم ولاّتەو بۆ نەوەکانی داهاتوو بینابکرێت دەبێ لە کاری باشدا پشگیری لە حکومەت و دامودەزگاکانی بکەین و لە کاری خراپ و کەموکورتیەکانیشدا چاودێربین و رەخنەی توونـد بگرین چونکە نە حکومەت و نە حیزبە دەسەلاّتدارەکان و نە ئۆپۆزسیۆنیش مافی ئەوەیان نییە کە یاری بە چارەنووس و بە داهات و بە ژیانی نەتەوە یان کۆمەڵگە بکەن.

**ئەرکی ئۆپۆزسیۆن چییە لە کوردستاندا؟**

ئایا ئۆپۆزسیۆن کێیەو دەبێ لە کوردستان و لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئۆپۆزسیۆن چۆن بێت و دەبێ چی بکات و چۆن رەفتار بکات؟ بێگومان هەرچۆن هاوولاّتی لە شووناس و بەرنامەو کارەکانی حیزبە دەسەلاّتدارەکان و لە بەرپرسەکان و لە حکومەتیش دەپرسینەوە سەبارەت بەو کارانەی کە لەم ولاّتەدا دەیکەن، بە هەمان شێوەش مافی ئەوەشی هەیە کە لە ئۆپۆزسیۆنیش بپرسینەوەو بزانێت ئەویش وەکو بەشێك لەم کۆمەڵگەیەو وەکو بەشێك لە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان چی لە هەبگەکەیدایەو

بەرنامەو ستراتیژی چییەو ئەوەی دەیکات تا چ ئاستێك لە خزمەتی بەرژەوەندییە بالاٌکانی خەڵکی کوردستانەدایە؟ هەرچەندە ئێستا ئۆپۆزسیۆن لە دەرەوەی دەسەلاٌتە. بێگومان راسترین و درووسترین پێوانەش بۆ هەڵسەنگاندنی حکومەت و حیزبەکانی پێکهێنەری حکومەت و ئۆپۆزسیۆنیش ئەوەیە کە لە روانگەی بەرژەوەندییە بالاٌکانی کوردەوە لێیان بڕوانرێت تا بزانرێت چی دەکەن و چۆن کاردەکەن و پێویستە چی بکەن؟

پێش ئەوەش باسی ئەرك و کاری ئۆپۆزسیۆن بکەین پێمباشە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن ئەگەر شووناسی ئۆپۆزسیۆنی هەبێت و تەنیا مۆتیڤی سۆزو هەڵچوون و رق هەستان و تۆران درووستی نەکردبێت ئەوە دیاردەیەکی سرووشتیەو مانای هەنگاونانی کۆمەڵگەی کوردییە بە ئاقارێکی راست و درووستدا. هەر لەم روانگەیەشەوە بۆ حیزب و دەسەلاٌتی کوردی پێویستە وەها سەیری دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن بکەن کە گۆڕانکارییەکی سرووشتیە کە لە هەناوی کۆمەڵگەدا روودەدات و بەو پێیەش نوێ بەرهەم دێت کە ئەوەش روویەکی گەشی کۆمەڵگەو زیندوویی کۆمەڵگە نیشان دەدات. ئەگەر دەسەلاٌت بە لۆجیکی عەقڵ مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن بکات و ئەویش بە لۆجیکی عەقڵ سەیری بوونی دەسەلاٌت بکات، ئەوا هەردوو لایان لەوە تێدەگەن کە تەواوکەری یەکترین و ئەگەر بەم روانینەش سەیری خۆیان و یەکتریشیان کرد ئەوا بێگومان هەست بە پێویستبوونی یەکتری دەکەن و لە راستیشدا بوونی هەریەکەیان هۆکارێکی یاریدەرە بۆ مانەوەی ئەوی تریان بە چالاکی و بە زیندوویی و دەشێ هەمیشە هەریەکەیان بە وریایی و بە ئاگاییەوە بجوڵێت و کار بکات، ئەویش لەبەر ئەوەی دەسەلاٌت نایەوێت لە هەڵبژاردنی دواتردا بدۆڕێت و تەنیا بە کارو چالاکی و دابین کردنی پێویستیەکانی ژیانی مادی و مەعنەوی کۆمەڵگە و تەنیا بە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی کە لە شالاٌوی هەڵبژاردندا داویەتی دەتوانێت دووبارە هەڵبژاردنەوەی خۆی مسۆگەر بکاتەوە. هەروەك ئۆپۆزسیۆنیش بەکاری جیدی و داکۆکیکردن لە مافی هاوولاٌتیان و لە رێگای بوونیەوە بە چاودێرێکی وریا بەسەر حکومەت و دەسەلاٌتەوە دەتوانێت زەمینە بۆ ئەوە خۆش بکات کە لە هەڵبژاردنی دواتردا جەماوەر متمانەی پێببەخشن.

ئەرکی ئۆپۆزسیۆن لە هەر ولاٌتێکدا بێت بەتایبەتی لە ولاٌتانی پێشکەوتوودا بریتیە لە چاودێری کردنێکی وردی حکومەت و شێوازی کارکردنی و چۆنێتی سیاسەتی ئیداری ئەو حکومەتەو ئاگاداربوونی لە هەموو ئەو جومگانەی دەسەلاٌتدارێتی کە راستەوخۆ

یان ناڕاستەخۆ پەیوەندیان بە ژیانی خەڵکەوە هەیە. بۆ ئێستای کوردستان ئەرکی ئۆپۆزسیۆنە چاودێری شێوازی پەیوەندی هەرێم و حکومەتی ناوەند بکات و لەوەش بپرسێتەوە ئایا ئەو پەیوەندیانە لە چ ئاستێکدان. ئایا پەیوەندی سەرکردەکانی کوردو سەرکردەکانی عێراقە یان پەیوەندی حیزبەکانی کوردو هەندێ لە حیزبەکانی شیعەو سوونەی عێراقە یان پەیوەندی نێوان کوردو عەرەبە وەکو دوو نەتەوەی سەرەکی پێکهێنەری ئەم وڵاتەی کە ناوی عێراقە؟ لێرەدا نامەوێت باسی ئەوە بکەم کە ئایا لە کوردستاندا ئۆپۆزسیۆن تا چ ئاستێك لەم ماوەی نزیکەی سێ مانگەدا سەرکەوتوو بووە لە کارو ئەرکەکانیدا بە تایبەتی لەو بوارانەدا کە پەیوەندی بە ژیانی خەڵکیەوە هەیە چونکە ئاشکرایە هەرچۆن ئەو ماوەیە کەمە بۆ ئەوەی حوکم بەسەر حکومەتەکەی دکتۆر بەرهەمدا بدەین بەوەی کە ئایا سەرکەوتووە یان نا بە هەمان شێوە ئەو ماوەیە بۆ حکومدان بەسەر ئۆپۆزسیۆنیشدا زۆر کورتە بە تایبەتی لیستی گۆڕان چونکە تەمەنێکی کورتی هەیە، بەڵام دیارە بە گوێرەی حیزبە ئیسلامیەکان کە ئێستا لەسەنگەری ئۆپۆزسیۆندان ئێمە ئەزموونی بەشداری ئەوانمان بینیووە لە بەڕێوەبردنی کوردستاندا کە پێشتر بەشداری حکومەتیان کردووە، ناتوانین وەکو ئۆپۆزسیۆنێکی خاوەن شووناس سەیریان بکەین چونکە کاتێ بەشداری دەسەڵات بوون هیچ جیاوازییەکیان نەبووە لەگەڵ هەردوو حیزبی سەرەکی دەسەڵاتدا، تەنانەت لەسەر ئاستی تاکە کەسیش هەندێ کادیری پێشکەوتووی حیزبە ئیسلامیەکان هەبوون پێش کابینەی پێنجەم بەردەوام خەریکی رەخنەگرتن بوون بەڵام کاتێ لەو کابینەیەدا پۆستیان پێدرا زمانیان بەستراو ئەو دەسەڵاتەی کە پێشتر بە گەندەڵ و ناعادیل باسیان دەکرد، ئەمجارەیان رستەیەکیان نەما لەو بارانەوە بیڵێن، کەواتە بەشداریکردنی پێشتریان لە دەسەڵاتدا لە پێناوی مەنسەب و مەکسەبدا بوو، ئۆپۆزسیۆنبوونی ئەمجارەشیان لەبەر ئەوە بووە چونکە پێشتر مەنسەب و مەکسەبی پێویستیان پێنەدراوە. دیارە عەقڵیەتی لەوجۆرەش ناتوانێت شووناسی ئۆپۆزسیۆن بەدەست بهێنێت. بەهەرحاڵ ئەوەی ئێستا لەبەردەمی تێڕوانینی ئێمەدایە بریتیە لە لیستی گۆڕان. ئایا ئەم لیستە ئەو شێوازەی کاری پێدەکات و ئەو شێوە راگەیاندنەی کە لە ئێزگەو تەلەفیزیۆنەوە بڵاوی دەکاتەوەو شێوەی رەفتارکردنی کە مەبەستمان قسەو راگەیاندن و کاری پەرلەمانیە چۆنە؟ ئایا ئەو راوبۆچوونانەی کە پێشتر لە بارەی دەستووری هەرێمی کوردستان و سەلاحیەتەکانی سەرۆکی هەرێمەوە هەیبوو، ئێستاش هەروایە؟ یان دەشێ لەبەر جۆرێك لە ئاگر بڕ بۆ

داهاتوو گۆڕانی بەسەردا هاتبێت بە تایبەتی لەو گفتوگۆیەی هەفتەی یەکەمی ئەم مانگەدا کە سەرۆکی لیستی گۆڕان لەگەڵ تەلەفیزیۆنی جزیرەدا کردی خۆی لەوە بە دوورگرت کە تێبینی لەسەر سەلاحیەتەکانی سەرۆکی هەرێم هەبێت یان باسی ئەو تێبینیانە بکات!!

بێگومان ئەوە واقیعێکە لیستی گۆڕان چواریەکی کورسیەکانی پەرلەمانی کوردستانی هەیە کە ئەوەش ژمارەیەکە سەنگ و قورسی خۆیی هەیەو ئەگەر بە بەرنامەو بە لۆجیکی کاری پەرلەمانی و بە لۆجیکی ئەو عەقڵیەتە کار بکەن کە ئێمە هەموومان هاوولاتی ئەم کوردستانەین و هاوچارەنووس و هاو ئایندەو هاوبوونین و هەموومان رۆڵەی ئەم نەتەوەو نیشتیمانەین، ئەوا ناتوانین وەها سەیری ئەوانی تر بکەین کە دوژمنی ئێمەن هەروەك بۆ یەکێتی و پارتی و حیزبەکانی تریش بە هەمان پێوانە راستەو ئەگەر بە لۆجیکی عەقڵ بیربکەنەوەو کار بکەن ئەوا گۆڕان و بزووتنەوەی گۆڕان دوژمنی ئەوان نین بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ دان بەو راستیەدا بنێن کە بوونی لیستی گۆڕان لە پەرلەمان و بوونیشی وەکو بزووتنەوەیەکی بەربلاو زەنگی وریاکردنەوەی بۆ حکومەت و دەسەلات لێداوەو مەسەلەی دیاریکردنی بوودجەو هەوڵدانی حکومەت بۆ ئەوەی شەفافتر بێت پەیوەندی بە بوونی لیستی گۆڕانیشەوە هەیەو دەوری ئەو لیستەش لەو بوارانەدا وەکو ئۆپۆزسیۆن ئاشکرایە کە بێگومان ئەوەش لە قازانجی خەڵك و هەم ئەزموونی دەسەلاتداریشە لە کوردستاندا. بۆیە دەبێ ئەوە بکرێتە درووشمێکی جێگیر کە هیچ کام لە ئۆپۆزسیۆن و دەسەلات لە کوردستاندا دوژمنی یەکتر نین بەڵکو هەموو پێکەوە تەواوکەری یەکترین و جیاوازی بیروبۆچوون و تێڕوانین و بوونی حیزب و رێکخراوو روانین و بەرنامەی جیاوازیش خاڵی پۆزەتیف و ئاماژەی بەهێزییە بۆ کۆمەڵگە ی کوردی لە هەموو روویەکەوە. بوونی جیاوازی و ئۆپۆزسیۆن زەمینە خۆشکەرە بۆ ئەوەی کە لە رووی ئیدارییەوە کوردستان بەشێوەیەکی باشتر بەڕێوەببرێت و حکومەت شەفاف بکات و چاودێری لەسەر کارەکانی حکومەت و شێوازی بەڕێوەبردن و کار رایکردنی هاوولاتیان و ئەرك و ماف بەهێز بکات و رووبەری کارکردن بە چەمکی مەنسوبیەت و مەحسوبیەت بەرەو تەسك بوونەوەو لاوازی ببات و حکومەت زیاتر ناچاربێت بەدەنگ هاوولاتیانەوە بچێت و رووبەری پێشکەشکردنی خزمەت گوزارییەکان فراوانتر بێت و ئاستی لاوازی عەدالەتی کۆمەلأیەتی و چەمکی زۆر لاوازی هاوولاتی بوون و ئینتیمای تەواو لاوازبوو بەرەو بەهێزبوون و پەرەسەندن ببرێن.

**پەرلەمانی بێ دەنگ:**

لــە رووی سیاســیەوە دەســەلاتی کــوردی دەبــێ بــەو عەقڵیەتــە کــار بکــات کــە چ لــە ســەر ئاســتی نـــاوخۆی کوردســـتان و چ لەســـەر ئاســـتی عێـــراق و چ لەســـەر ئاســـتی پەیوەندیـــە نێودەوڵەتییـــەکانی زیـــاتر بـــەرەو ئـــەوە بچـــێت کـــە خاســـێتی دامـــەزراوەیی وەربگرێـــت و لـــە کـــاری شـــاراوەو نهـــێنی تاکـــە کـــەس و تاکـــە ســـەرکردەو تاکـــە بنەماڵـــەو تاکـــە حیـــزب دەربچـــێت. رۆڵـــی ئۆزســـیۆنی پۆزەتیـــف لـــە پلـــەی یەکەمـــدا لـــە کوردســـتاندا ئەوەیـــە کـــە بـــەو ئاقـــارە کاربکـــات و هەوڵبـــدات کوردســـتان لـــە خاوەنـــدارێتی تاکـــە کـــەس و تاکـــە بنەماڵـــەو تاکـــە حیزبـــەوە بکاتـــە خاوەنـــدارێتی گـــەلی کـــورد. کـــە ئـــەوەی بـــە ئاشـــکرا دەبینرێـــت تـــاکو ئێســـتا پێچـــەوانەی ئـــەم بۆچـــوونەیەو کوردســـتان وەکـــو موڵـــك و تـــاپۆی چـــەند ســـەرکردەو بنەماڵەیـــەك دەردەکـــەوێت. مـــن بـــڕوام بـــەوە هەیـــە کـــە بـــوونی ســـەرکردە یـــان کەســـێتی کـــاریزمی لـــە کۆمەڵگـــە جـــۆراو جۆرەکانـــدا گرنگـــە بـــە تایبـــەتی لـــە کۆمەڵگـــە دواکەوتووەکانـــدا، بـــەلام هـــەرگیز بایـــەخی بـــوونی تاکـــە کـــەس لـــە هـــەر ئاســـتێکدا بێـــت ناکەوێتـــە پـــێش بـــوونی بایـــەخی کۆمەڵگـــە یـــان نەتـــەوەوە. بێگومـــان ئێســـتا لـــە کۆمەڵگـــەی کوردیـــدا ئـــەم هاوکێشـــەیە پێچـــەوانەیەو ئەمـــەش لـــە لای حیـــزب و بزووتنـــەوەی ئۆپۆزســـیۆن و حیزبـــی دەســـەلاتیش هەرهـــەمان شـــێوەیە. تاکـــە کەســـی یەکـــەم لـــە حیزبـــی دەســـەلات و لـــە ئۆپۆزسیۆنیشـــدا لـــە پێکهاتـــەی حیـــزب یـــان بزووتنەوەکـــە گـــەورەترە. هەرچـــۆن گـــەرەیی یـــەکێتی لـــە کەســـێتی مەعنـــەوی مـــام جەلالـــدا کۆکراوەتـــەوەو هەرچـــۆن گـــەورەیی پـــارتی لـــە کەســـێتی مـــەلا مســـتەفای بـــارزانی و کـــاك مەســـعوددا کۆکراوەتـــەوە، بـــە هـــەمان شـــێوەش گـــەورەیی بزووتنـــەوەی گـــۆڕان لـــە کەســـێتی کـــاك نەوشـــیرواندا کۆدەکرێتـــەوەو بزووتنـــەوەی گـــۆڕانیش لـــەبری کـــارکردن بـــە پێچـــەوانەی ئـــەم عەقڵیـــەت و تێڕوانینـــەوە کەچـــی بەهـــەمان شـــێوەی قاعیـــدەی یـــەکێتی و پـــارتی بـــۆ بـــە رەمزکـــردن و بـــە پیرۆزکردنـــی کەســـی یەکـــەم کاردەکـــەن کـــە ئـــەوەش لەگـــەڵ عـــەقڵ و روانینێکـــدا یەکناگرێتـــەوە کـــە بیـــەوێت ئۆپۆزســـیۆن بێـــت. بـــە تایبـــەتی ئۆپۆزســـیۆنێك لـــە کوردســـتاندا دەتوانێـــت جیـــاوازبوونی خـــۆی بســـەلمێنێت کـــە خـــەبات بکـــات بـــۆ گـــۆڕینی پەیوەنـــدی سرووشـــت هـــەرەمی لـــە کوردســـتاندا بـــۆ پەیوەنـــدی ئاســـۆیی نێـــوان تاکـــەکانی کۆمەڵگە.

38- بەرهەمهێنانی مرۆڤێك كە بتوانێت بڵێت: نا، نەخێر، نابێت

رەنگە باسكردنی بابەتی پەروەردەو كێشەكانی ئەو بوارە یەكێك لە مەسەلە گرنگەكانی ئێستای كۆمەڵگەی ئێمە بێت، ئەوەش لەبەر ئەوەنا كە لەم دواییانەدا لێرەو لەوێ جۆرێك لە ناڕەزایی لە لایەن بەشێك لە خوێندكاران‌و كەس‌و كارییانەوە بەرامبەر بە پرۆسەی پەروەردە دەبینرێت‌و دەنگی ناڕزایی بەربای گوێ دەكەوێت، بەڵكو لەبەر بایەخی هەرە گرنگی ئەو بوارە واتە بواری پەروەردە لە بیناكردنی كەسێتی مرۆڤدا بەشێوەیەكی گشتی‌و رۆڵی پەروەردەش لە بیناكردنەوەی كەسێتی تێكشكاوی كوردیدا بۆ كۆمەڵگەیەكی وەكو ئێمە.

ئەوە ئاشكرایە كە تەسەوری بوونی كۆمەڵگەیەكی تەندرووست ناكرێت بە بێ بوونی پەروەردەیەكی درووستی پەیوەست بەو قۆناغە مێژووییەی كە ئەو كۆمەڵگەیەی تێدا دەژی. لە كۆمەڵناسیدا دەشێ پۆلێنی كۆمەڵگە جیاوازاەكان لەسەر بنەماو ئاستی خوێندەواری‌و ئاستی پەروەردە بكرێت، بۆ نموونە دەگوترێت فلانە كۆمەڵگە لە قۆناغی پێش نووسیندایە یان لە قۆناغی نووسیندایە یان لە قۆناغێكی پەرەسەندودایە یان لە قۆناغی كۆمپیوتەرو ئینترنێتدایە. هەر لەسەر ئەم بنەمایانەش ئاستی خوێندەواری ئاستی پێشكەوتوویی یان دواكەوتوویی ئەو كۆمەڵگەیە دیاری دەكات. رەنگە لێرەو لەوێش هەندێ جار ئەوەمان بەربای گوێ بكەوێت كە كۆمەڵگەی كوردی كۆمەڵگەی دەرەوەی نووسین یان پێش نووسینەو بەو پێیەش ئەوەمان بۆ ئاشكرا دەبێت كە مەبەست ئەوەیە بگوترێت ئەم كۆمەڵگەیە كۆمەڵگەیەكی دواكەوتووە یان سەرەتاییە.

ئەگەر سەیری بواری پەروەدە بكەین ئەوە ئاشكرایە كە مێژوویەكی كۆنی نییە لە كۆمەڵگەی كوردیداو رەنگە جێگای خۆی بێت كە ئاماژە بۆ ئەوە بكەین یەكەمجار خوێندن لەم كۆمەڵگەیەدا بە زمانی كوردی دەرنەكەوتووە بەڵكو بە زمانانی تر بووە كە لە هەموویان لە پێشتر زمانی عەرەبییە ئەویش بە كاریگەری ئایینی ئیسلام كە بنەماكانی بەو زمانە بووە، ئەمە سەرباری مێژووی دوورو درێژی داگیركردنی ئەم كۆمەڵگەیە لە لایەن ئەوانی داگیركەرەوە. دیارە كۆنترین شێوەی خوێندنیش خوێندنی مزگەوت بووە كە ئەویش شێوازی خوێندنی تەڵقینیانە بووە، واتە مامۆستا شوێنی رابەر یان پێشنوێژی بینیووەو قوتابیش شوێنكەوتوو یان وەكو توتی هەموو بابەتەكەی ئەزبەر كردووە. لە بارێكی وەهاشدا قوتابی یان فێرخواز وەكو ئامراز رەفتاری لەگەڵدا كراوەو تا ئەو ئەندازەیە بێئیرادە سەیری كراوە كە لە روانگەی مامۆستاكەیەوە تەنیا

ئەو گوێگر بووەو بێجگە لە وەڵامدانەوەی پرسیاری مامۆستا ئیتر ماف قسە کردنی نەبووە، واتە قوتابی مەخلوقێکی بێدەنگ کراو بووە. ئەم ستراتیژەش ڕۆڵێکی نێگەتیفی ئاشکرای هەبووە لە کۆمەڵگەدا بە تایبەتیش لە نێو ئەو نوخبەیەدا کە توانیویێتی بخوێنێت کە بە حیساب ئەوە نوخبەی بە ئاگای کۆمەڵگە بووە، بەڵام بە شێوەیەك پەروەردە کراوە کە لەبەرامبەر سەرووی خۆیدا جگە لە بەڵێ هیچ دەنگێکی نەبێت، ئەمەش بووە بە بەشێك لە کەلتووری کۆمەڵگەی ئێمەو هاوشێوەکانیو دواکەوتنی دروستبوونی دەنگی نا، نەخێر، نابێت تا ئەندازەیەکی ئاشکرا لە رابردوودا پەیوەندی بەم کەلتوورەوە هەبووە.

لە مێژووی نوێشدا کە قوتابخانە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەرکەوتووەو وردە وردە شوێنی مزگەوتی گرتووەتەوە بۆ خوێندن کە ئەویش مێژوویەکی ئەوەندە کۆن نییە، تا ئەندازەیەکی زۆر هەمان میتۆدو مزگەوتو هەمان ستراتیژی پەروەردەی تیادا جێبەجێ کراوە، کە زۆربەی ئەوەی ئێمەش لەو جۆرە قوتابخانەیەدا پەروەردە بووین کە دروشمی بالاّ تیایاندا "گۆشتەکەی بۆ ئێوەو ئێسقانەکەی بۆ من" بەرنامەی کارو پەروەدە بووە، کە مەبەست لەم قسەیەش چۆنێتی کۆنترۆڵ کردنی پەروەردەو خوێندن بووە بە توندترین شێوەو بالاّدەست بوونی فەزای توندو تیژی تیایاندا بە جۆرێك بووە کە قوتابی لەم دامەزراوە نوێیەدا کراوەتە بوویەکی بەڕێوەبراوی ئەوتۆ کە لە هەموو ئیرادەو ئامادەبوونێکی کەسێتی خۆی رووتکراوەتەوەو لە پێناوی فێرکردنی خوێندنو خوێندەواریدا کەسێتو ئیرادەی لێزەوت کراوە ئەوەش راستەخۆ یان ناڕاستەخۆ دەوری هەبووە لە بەرهەمهێنانی نەوەیەکی بێ دەنگو بێپرسیارو بە هەموو شتێك رازیدا کە پێموایە لە ولاّتێکی وەکو عێراقو هاوشێوەکانیشیدا تاکو ئێستاش ئەو ستراتیژەی پەروەدە دەوری هەیە لە دروستکردنی سیستێمە تۆتالیتارەکانو لە بەرهەمهێنانی دیکتاتۆرەکاندا. تەنانەت دروستبوونی سیستێمێکی فەرمانڕەوایی ناتەندرووست لە کوردستانی ئێستادا پەیوەندی بەو شێوازەی پەروەردەو هەیە کە لە دوو ئاستدا پەروەردە بەرپرسیارە. یەکەمیان لەو روانگەیەوە کە کۆمەڵگەیەکی بێدەنگو رازی بە رامبەر بە هەموو شتێك بەرهەم هێناوە. لە لایەکی ترەوە ئەو نوخبەیەی کە لەم ولاّتەدا بوونەتە بەرپرس، بەرهەمی ئەو پەروەردەیەن کە پێشتر کەسێتیان تێکشکێندراوەو بێئیرادە کراونو دەیان گرێی هەست بە کەمو کورتییان هەیەو لە هەر چرکە ساتێکدا هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو گرێ دەروونیانەیان دەدەن، هەر بۆیە چۆنیان بۆ

بکرێـــت‌و چـــۆنیان بـــۆ بلوێـــت دەدزن، کەمتەرخـــەمی دەکـــەن، گەنـــدەڵی دەکـــەن، ئـــازادی ئـــەوی تـــر داگـــیر دەکـــەن، پـــێ لـــە کەرامـــەتی خـــەڵك دەنـــێن، تـــەنیا بـــۆ ئـــەوەی بتـــوانن ئـــەو گرێـــی هەســـت بەکەموکورتیانـــەی خۆیـــان‌و ئـــەو ســـەرکوتکردنانەی رابردوویـــان کـــە بەرهـــەمی پـــەروەردەی نادرووستی پێشترە پڕ بکەنەوە.

بێگومـــان یـــەکێك لـــە میتـــۆدە نوێیـــەکانی پـــەروەردەو خوێنـــدن لـــە جیهـــانی دیموکراســـی‌و مۆدێرنـــدا بریتیـــە لـــە میتـــۆدی Cooperation واتـــە پێکـــەوەهاریکاریکردن، هـــەروەك بنەمایـــەکی ســـەرەکی تـــریش بریتیـــە لـــە بـــە ناوەنـــدکردنی قوتـــابی لـــە بـــری مامۆســـتا کـــە ئـــەم رێبـــازەش لـــە پلـــەی یەکەمـــدا بـــۆ دروســـتکردنی کەســـێتی قوتـــابی‌و بەخشـــینی ئیرادەیـــە پێـــی. لـــە میتـــۆدی پێکـــەوە کارکردنـــدا قوتـــابی فێـــری هاریکـــاریکردن‌و هاوبەشـــیکردن‌و گفتوگـــۆکردن‌و راگۆڕینـــەوەو بـــەراوردکردن دەبێـــت، ئـــەوەش وای لێـــدەکات کـــە بـــە جۆرێـــك پـــەروەردە ببێـــت، بتوانێـــت لەگـــەڵ ئـــەوی تـــردا کاربکـــات‌و هـــەڵبکات‌و پشـــت بـــەویتر ببەســـتێت‌و متمانـــەی بـــەوی تـــر لـــەلا درووســـت ببێـــت. هـــەروەك لـــە بـــە ناوەنـــدبوونی قوتابیـــدا لـــە بـــری مامۆســـتا، قوتـــابی لـــە فێربـــوونی توتیانـــە رزگـــاری دەبێـــت‌و خـــۆی فێـــری کـــارکردن دەبێـــت‌و مامۆســـتا تـــەنیا رێنیشـــاندەر دەبێـــت نـــەك جوڵێنـــەرو رێکخـــەرو بڕیـــاردەری هـــەموو شـــتێك لـــە پۆلـــدا بـــۆ قوتـــابی، هـــەروەك خـــاڵێکی تـــری ســـەرەکیش ئەوەیـــە چـــیتر مامۆســـتا قســـەکەری یەکـــەم نابێـــت لـــە پۆلـــداو قوتـــابیش تـــەنیا گـــوێگرێکی پاســـیڤکراو بێـــت، نـــەخێر بـــەڵکو قوتـــابی نـــەك هـــەر دەبێتـــە جەمســـەرێکی گرنگـــی هاوکێشـــەی نـــاو پـــۆل بـــەڵکو خـــۆی دەبێتـــە جەمســـەری یەکـــەم‌و بیردەکاتـــەوە، لێکدەداتـــەوە، قســـە دەکـــات، دەجوڵێـــت، بڕیـــار دەدات، دەشـــێ پەســـەند بکـــات یـــان رەت بکاتـــەوە. ئـــەو قوتابیـــەی بەرهـــەمی پـــەروەردەی ئـــەم میتـــۆدە بێـــت مانـــای وایـــە ســـەرئەنجام دەبێتـــە کەســـێك کـــە هەســـت بـــە بـــوونی خـــۆی دەکـــات‌و کەســـێتی تایبـــەتی خـــۆیی دەبێـــت‌و دەتوانێـــت لەســـەر پێـــی خـــۆی رابووەســـتێت‌و بەرامبـــەر ئـــەوەی کـــە بـــە دڵـــی نییـــە بڵێـــت نـــا، نـــەخێر، نابێـــت، بەرامبـــەر بەوەشـــی کـــە بـــە دڵـــێتی نـــەك هـــەر بڵـــێ بـــەڵێ بـــەڵکو کاریشـــی بـــۆ بکـــات‌و خـــۆی لـــە بەئـــەنجام گەیاندنیـــدا کارەکتـــەرێکی چـــالاك‌و رووداو درووستکەر بێت.

بێگومـــان پرۆســـەی پـــەروەردەی نـــوێ یـــان هاوچـــەرخ ئەگـــەر نـــەتوانێت بـــە شـــێوەیەك کـــار بکـــات مرۆڤـــی لـــەم جـــۆرە درووســـت بکـــات مانـــای وایـــە نـــەیتوانیووە ئەرکەکـــەی خـــۆی جێبـــەجێ بکـــات. لـــە مـــاوەی چـــەند ســـاڵی رابـــردوودا ســـەرباری هـــەموو کەموکورتیـــەکان بـــەلأم پرۆســـەی پـــەروەردە لـــەم رووەوە هـــەنگاوی نـــاوە، هەرچـــەندە هـــەنگاوەکان وەکـــو پێویســـت نـــین بـــەلأم

سەرەتای شێوازێکی نویٚ لەو بوارەدا دەستی پێکردووە. راستە زەمینەسازی پێویست لەو روانگەیەوە نەکراوە، بەلاّم لەگەلٚ ئەوەشدا زەمینەو پاشخانی پەروەردەو فێرکردن بەوجۆرە وێران نییە کە نەتوانرێت بەم ئاراستەیە کاری تێدا بکرێت، ئەمە سەرباری ئەوەی لە هەر کاتێکدا کە پرۆسەیەکی لەم جۆرە لە بواری پەروەردەی ئێمەدا دەست پێبکات کۆسپ و تەگەرەی خۆیی لەبەردەمدا دەبێت و هەر لە خێزانی پەروەردەشدا لایەنگرو نەیاریشی دەبێت، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی داخراوی وەکو کۆمەڵگەی کوردیدا هەموو گۆڕانکارییەك رووبەڕووی عەقڵیەتێکی چەقبەستوو دەبێتەوە کە کۆنەپارێزانە کاردەکات بۆ پارێزگاری کردن لە خۆیی و لەو پێناوەشدا هەموو هەنگاوێکی بەئاراستەی داهاتوویەکی جیاواز لە ئێستا رەت دەکاتەوە، بەلاّم گرنگ ئەوەیە لایەنگرانی نویٚ و گۆڕانکاری تا چەندیٚ دەتوانن بە کردار سەرکەوتنی پرۆژەی نویٚ و هاوچەرخ لە خەیاڵەوە بکەنە واقیع.

لە پەروەردەی ئێمەدا بەرنامەی گۆڕانکاری دانراوەو خراوەتە واری جێبەجێکردنیشەوە، بۆ ئەو مەبەستە دەبێت گۆڕانکاری لە کوێ لایەنەکانی پرۆسەی پەروەردەدا بکرێت واتە ئەم گۆڕانکارییانە پرۆژەیەکی هەمە لایەنەیە کە لە چوارچێوەی سیستێمی نوێی پەروەردەدا جێگای دەکرێتەوەو بەشێکیش لەو سیستێمە نوێیە مەسەلەی تاقیکردنەوەکانە کە ناکریٚ تۆ سیستێمێك بگۆڕێت بەلاّم تاقیکردنەوەکان کە یەکێکن لە لایەنە گرنگەکانی ئەو پرۆسەیە وەکو خۆیی و بەو شێوە گران و پڕ لە توندوتیژی و فشارەی رابردوو بمێنێتەوە، بەڵکو دەبیٚ ئەویش بە پێی سیستێمە نوێیەکە گۆڕانکاری تێدا بکرێت. بەلاّم بێکومان ئەویش واتە مەسەلەی تاقیکردنەوەکانیش لە شێوەی نوێدا لایەنگرو نەیاری خۆیی دەبێت و هەمیشەش عەقڵی کۆنپاریٚز نایەوێت هیچ گۆڕانکارییەك رووبدات. هەر بۆیە ئەو عەقڵیەتە کۆنپاریٚزو لە قاڵبدراوەی کە هەمیشە لە گۆڕانکاری دەترێت لە ئاستی قوتابی و مامۆستاو خێزان و راگەیاندن و حیزب و کۆمەڵگەشدا بە گشتی نەیاری گۆڕاکارییەکانی بواری پەروەردەیە، بەلاّم لەبەرامبەردا سوپای لایەنگرانی گۆڕانکاری لە هەر بوارێکدا ئەگەر لەسەرتاشدا کەمبن بەلاّم رەوتی مێژوو پەرەسەندنی کۆمەلاّیەتی لەگەلٚ ئەواندایە بۆیە سەرکەوتنی گۆڕانکای شتێکی حەتمیە با لە هەندیٚ رووەوە رووبەرووی کۆسپ و تەگەرەو تەنانەت شکستیش بێتەوە بەلاّم سەرئەنجام سەرکەوتن بۆ نوێیە.

ئــــەو ناڕەزاییانــــەی کــــە لــــەم دواییانــــەدا لەلایــــەن بەشــــێك لــــە قوتابیــــان و خوێندکارانــــەوە بەرامبــەر بــە بەشــێکی بچــووك لــەو پــرۆژەی گۆڕانکارییانــە رووویانــدا کــە مەســەلەی هــەژمار کردنــی نمــرەی پــۆلی دەیــەم و یانزەیەمــە بــە رێژەیــەکی دیــاریکراو لــە پــاڵ نمــرەی پــۆلی دوانزەیەمــدا، کــە بــە ئاشــکرا دیــارە لــە ئاســتی یەکەمــدا ئــەو عەقڵیەتــە خۆپــارێزەی بــواری پــەروەردەو سیاســەت و کۆمەڵگــە لــە پشــتی ئــەو ناڕەزاییانــەوە بــوون کــە ئــەوەش شــتێکی چــاوەڕوانکراوە کــە ئــەو ناڕەزاییانــە رووبــدەن و دەبــێ وەزارەتــی پــەروەردەو خێزانــی پــەروەردە بــە ئاســایی ســەیری بکــەن چــونکە لــە هــیچ بەشــێکی دنیــادا تەســەوری ئــەوە ناکرێــت کــە هــیچ پرۆژەیــەکی نــوێ بــێ دژایــەتی کــردن وەکــو خــۆی جێبــەجێ بکرێــت. خــۆ ئەگــەر رۆڵــی سیاســەت و حیزبایــەتیش لــە هانــدانی ئــەو ناڕەزاییانــەدا پشــت گــوێ بخــەین ئــەوا دەبــێ خێزانــی پــەروەردە دڵخــۆش بێــت بەســەرکەوتنی ســەرەتایی سیســتێمی نــوێی پــەروەردەو خوێنــدن لــە کوردســتاندا چــونکە لــە قۆنــاغێکی زۆر زوودا قوتابیــان و خوێنــدکارانی گەیانــدە ئــەو ئاســتەی کــە بــۆ شــتێك کــە عــەقڵیان نــەیگرێت بڵــێن نــا، نــەخێر، نابێــت. واتــە ســەرتای دەرکــەوتنی یەکــەم نــەوەی ئێمــە بــە ئاشــکرا دەبینرێــت کــە ناتوانێــت بێــدەنگ بێــت، ئەمــەش ســەرەتایەکی گەشــە بــۆ ئاینــدەی کۆمەڵگــەی کــوردی کــە لــە نێــو قوتابخانــەو خوێندنگاکانــەوە نەوەیــەك دەربکــەوێت بەســەرووی خــۆی بڵێــت ئــەم پرۆژەیــەی تــۆ رەت دەکەمــەوە. هــیچ گــرنگ نییــە بــا هەڵوێســتەکەش درووســت نــەبێت، بــەڵام لــەو رووەوە کــە دەنگــی رەتکردنــەوەی بڕیارەکــانی ســەرەوە لــە لایــەن بەشــەکانی خــوارەوەی کۆمەڵگــەوە دەربکــەوێت ئــەوە ســەرەتایەکی مژدەبەخشــە بــۆ ئاییندەیــەکی لــەوەی ئێســتا باشــتر لــە کۆمەڵگــەی ئێمــەدا کــە بکــەرو دروشــم هــەڵگرانی رەتکردنــەوەی ئــەوەی کــە بــە دڵمــان نییــە لــە نێو قوتابیان و خوێندکارانەوە دەردەکەوێت.

## 39- شێرکۆ بێکەس

### لە نێوان بێزاری لە قەرەباڵغی و بەرهێرش کەوتن لە تەنیاییدا!

لەهــەر چرکەســاتێکدا ســەیری هــەر گــەل و نەتەوەیــەك بکرێــت بــە دوو ئاراســتە ســەیر دەکرێــت کــە یــەکێکیان ئەوەیــە لــەو چرکەســاتەدا ئــەو پێکهاتەیــە چــۆن دەبینرێــت ئــەویتریان ئەوەیــە لــە رابــردووەوە بــۆ ئــەو چرکەســاتە چــۆن دەبینرێــت. هــەروەك بینــینی یەکــەمیان

ناتوانرێت لەرابردوو پەرت بکرێت چونکە ئامادەبوونی ئێستا پەیوەندییەکی پتەوی بەڕابردووەوە هەیە. هەر لەم روانگەیەوەیە کە گەل و نەتەوەکانی جیهانی ئەوانەیان کە خاوەنی شارستانێتی و رابردووی خاوەن شووناسن شانازییەکی گەورە بەو رابردووەوە دەکەن و هەر ئەو رابردووەش دەکەنە پایەیەکی بەهێزی ئامادەبوونیان لە ئێستادا. تەنانەت هەندێ لە مێژوونووسان پێیان وایە ئەو گەل و نەتەوانەی کە نەیانتوانیووە لە رابردوودا هیچ بەرهەم بهێنن و ئامادەبوونی خۆیان بسەلمێنن ئەوا ناتوانن لە ئێستاشدا بە ئاسانی بوون و ئامادەبوونی هەمەلایەنەی خۆیان بسەلمێنن.

بەشێکی گرنگی مێژووی نەتەوەکان و ئامادەبوونیان پەیوەندی بە کەلتووری رابردوویانەوە هەیە بە هەموو رەگەزەکانییەوە. بەشێکیش لە کەلتوور بەرهەمی ئەو هونەری پەیکەرتاشی و گۆرانی و مۆسیقاو ئەفسانانەیە کە ماونەتەوەو بەجۆرێك لە جۆرەکان گوزارشت لە بوونی شووناسێك بۆ ئەو پێکهاتەیە دەکەن. رەنگە کورد لەو رووەوە لەبەرئەوەی کە خاوەنی دەوڵەت و دامەزراوەی بەڕێوەبردنی خۆی نەبووەو زیاتر وەکو پێکهاتەیەکی سەرەتایی و کۆچەری و ناجێگیر بووە، کەمتر خەریکی ئەو جۆرە کارانە بووە بە تایبەتی پەیکەرسازی و داتاشین. تەنانەت لە مێژووی زانراوی کورددا قۆناغێکیش دیار نییە کە تیایدا کورد خەریکی ئەو هونەرە بووبێت، یان کورد لە رووی ئایینییەوە بتی پەرستبێت وەکو عەرەب و بەشێکی دیاری نەتەوەو پێکهاتەکانی جیهان کە ئەوەش وای لێکردبێت پەیکەر بۆ خواکانی درووست بکات وەکو عەرەبەکان، یان پەیکەر بۆ خواکانی دابتاشێت وەکو بابلییەکان کە لەسەر وەختی دەوڵەتۆچکەی شاردا لە میزۆپۆتامیا هەر یەکێك لەو دەوڵەتۆچکانە خودای تایبەتی خۆی هەبووەو ئەویش پەیکەرێکی داتاشراو بووە. یان تەنانەت وەکو گریکییەکان کە بۆ هەر بوارێك خوای تایبەتی خۆیانیان هەبووەو ئەویش پەیکەریان بۆ درووستکردووە. بۆیە هونەری پەیکەرسازی و داتاشین لە مێژووی کورددا نوێیەو تەنانەت ئەو پەیکەرانەی لە هەندێ شوێنی کوردستاندا هەن لە جۆری نارامسین گومان لەوە دەکرێت کە بەرهەمی کورد خۆی بن. هۆکەشی ئەوەیە مەسەلەی یەکتاپەرستی لەلای کوردو گەلانی سەرزەمینی ئێران مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو ئەوەش ناکۆك و نەیاربووە لەگەڵ مەسەلەی بتەپەرستی و درووستکردن یان داتاشینی پەیکەر بۆ خوداوەندەکان، یان بتەکان.

لە مێژووی دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتیەوە وەکو ئایینی کوردو نەتەوەکانی تری ئێران کورد شوێنکەوتووی هێزی مەعنەوی بووە نەك شوێنکەوتووی بت و پەیکەر.

لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلامیشدا درووستکردنی پەیکەرو داتاشینی بەجۆرێك لە جۆرەکان نادرووستو نابەجێ بووە لەگەڵ کەلتووری ئیسلامیدا نەگونجاوبووە، کە ئەوەش لە مێژووی نوێدا رۆڵی بینیووە لەوەیدا کە کورد نەك بە بایەخەوە سەیری بواری پەیکەرسازی نەکات بەڵکو ئیحای بتپەرستیشی پێببەخشێت و زۆرجار بە شێوەیەکی سووك سەیری پەیکەر بکات. بۆ نموونە کە لە پاش کۆچی منەوەرێکی وەکو پیرەمێرد لە سلێمانی پەیکەرێکی بۆ درووستکرا، بە گشتی خەڵکی بە پەیکەرەکەی پیرەمێردیان دەگووت مەیموونەکە لە کاتێکدا بەگشتی خەڵکی بەڕێزەوە سەیری خودی پیرەمێردیان کردووە.

بێگومان لەم قۆناغانەی دوایشدا بەهۆی ئەو رابوونە ئیسلامیەی کە کوردستانو ناوچەکە بەخۆیەوە بینیووە، زیاتر ئەو بۆچوونە زیندوو بووەتەوە کە مەسەلەی پەیکەر گەڕانەوەیە بۆ بایەخدان یان پەرستنی بێگیانو ئەوەش لە ئاستێکی تردا ئاماژەی گەڕانەوەیە بۆ بتپەرستی. واتە لێرەدا لایەنێکی ئەو بۆچوونە دەردەکەوێت کە چۆن لە ئەفغانستان لایەنە ئیسلامییە توندڕەوەکان بڕیاری تێکشکاندنی کۆی پەیکەرەکانیان دا، هەروەك لە دوای روخاندنی رژێمەکەی موبارەکیش ئیسلامییەکانی میسر باسی روخاندنی پەیکەرەکانو تەنانەت رووخاندنی هەرمەکانیشیان دەکرد. کەواتە ئەو بۆچوونانەی لەو رووەوە لە کوردستاندا دەردەکەون دوو سەرچاوەیان هەیە یەکێکیان سەرچاوە کەلتوورییەکەیە کە باسمان کردو رەگوریشەیەکی کۆنی مێژوویی هەیە، دووەمیشیان ئەو تێڕوانینەیە کە رەگوریشەیەکی سیاسی ئایینی هەیەو هەمان ئەو تێڕوانینەی ئیسلامییەکانی ئەفغانستانو میسرە. شکاندنی پەیکەری خۆشەویستی لێرەوە سەرچاوە دەگرێت.

بەڵام ئایا شکاندنی کێڵی گۆڕی شاعیری دیاری کورد شێرکۆ بێکەسیش هەر هەمان لێکدانەوەی بۆ دەکرێت؟ ئایا تا ئیستا روویداوە کێڵی گۆڕی شاعیر یان نووسەر یان کەسایەتیەکی دیاری کورد بشکێندرێت یان لە پاش مردن سووکایەتی پێبکرێت؟ رەنگە ئەوەی تاکو ئێستا لەم بارەوە بیستوومانە ئەو رەفتارە ناجوامێرانە بووبێت کە یەکەمجار بە روفاتی بارزانی کرا. دوای ئەویش ئەو رەفتارە ناشایستەیە بێت کە بەرامبەر بە گۆڕو روفاتی شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان کرا، ئەم رەفتارەی ئەمجارەش هەمان رەفتاری ناشیرینە کە بەرامبەر بە کێڵی شاعیرێك دەکرێت کە لە ئاستی خۆی زیاتر خزمەتی نەتەوەکەیی کردووە؟ بەڵام ئایا بۆچی ئەوە روودەدات؟ ئایا

میللەتی ئێمە هیچ ڕێزێك بۆ ئەو کەسانە دانانێت کە بە پێی توانایان خزمەتیان کردووە؟ ئایا جیاوازی فیکری و ئایدیۆلۆجی هۆکاری وەها کارێکن؟ ئایا شێوەی ڕەفتاری ئەم شاعیرەش لەو ڕووەوە دەورێکی هەیە یان ئەوەتا ئەنجامدەرانی ئەو کارە دەروون ڕەشن و ڕق و کینەی زۆریان بەرامبەر بەم شاعیرە هەیە؟ بێگومان دەبێ ئەوە بڵێین کە خودی ئەم کارە بەهەر پاساوو بیانوویەك کرابێت و هەرکەس و ئاراستەو بیرو ئایدیۆلۆجیایەك لە پشتیەوە بێت، کارێکی ناشارستانیانەیەو دەبێ سەرکۆنە بکرێت و لەهەمان کاتیشدا پێشینەیەکی خراپە بۆ سوکایەتی کردنی زیاتر بە کەسانێك لە مێژووی ئێمەدا کە هەریەکە بە جۆرێك و لە بوارێکدا خزمەتیان کردووەو مەرجیش نییە ئەو خزمەتە بەدڵی کۆی کۆمەڵگەو تاکەکانی بێت، بەڵام کۆمەڵێك بنەما هەن کە بەزاندنیان نادرووستەو سەرئەنجام سوکایەتی کردنن بە ئادابی گشتی و بە هەستی گشتی و بەو بنەمایانەی کە کۆی کۆمەڵگە ڕێزیان لێدەگرێت. تاکو ئێستا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تەناەت ڕێز لە گۆڕی ئەو گەسانەش گیراوە کە سەربە ئایینەکانی تری غەیری ئیسلام بوون، یان ئەو کەسانەشی کە وەکو داگیرکەرو هێزی داگیرکەر هاتوونەتە کوردستان ئەگەر تەنانەت لە ڕووبەڕووبوونەوەشدا کوژرابن هێشتا کورد بەڕێزەوە لاشەکانیانی بە پێی بنەمای ئیسلام و عورف کۆمەڵایەتی بە خاك سپاردوون. کەواتە ئەم جۆرە دیاردانە لە کۆمەڵگەی کوردیدا نامۆن و بەرهەمی عەقڵ و کەلتووری کوردی نین چونکە لە کەلتووری کوردیدا سوکایەتی کردن و بێڕێزی کردن بە لاشەی دوژمنیشەوە قەدەغەو ڕێگاپێنەدراو بووە، کەواتە دەبێ ئەوە کام عەقڵ و کام کەلتوور بێت کە بتوانێت سوکایەتی بە ڕوفات یان گۆڕی کەسانێك بکات کە نەوەی ڕاستەقینەی کورد خۆی بوون و لە ژیانیشیاندا ڕۆژێك پشتیان لە نەتەوەکەی خۆیان نەکردبێت.

بەهەرحاڵ شکاندنی کێلی گۆڕەکەی شێرکۆ بێکەس ڕەفتارێکی نامۆیە بە کۆمەڵگەی کوردی و بێگومان ڕەفتاری عەقڵێکە کە توانای قبوڵکردنی جیاوازی نییەو ڕەنگە وەکو کاردانەوەیەکیش بێت بۆ هەڵوێست و هەندێ دەربڕینی ئەم شاعیرە لە ژیاندا کە دەشێ بە هەندێ لەدەربڕینەکانی ئازاری هەستی هەندێ کەسی دابێت، بەڵام هێشتا ئەوە ناکاتە ئەوەی کە ڕەوایەتی بدات بەوجۆرە کەسانە کە پاش مردن ڕەفتارێکی وەها ناشیرین بەرامبەر بە گۆڕەکەی بکەن. بێگومان دەبێ دان بەوەشدا بنێین کە ناشتنی تەرمێك هی هەرکەس بێت لە شوێنێکی گشتی وەکو پارکی ئازادیدا تا ئەندازەیەکی ئاشکرا ڕێگا خۆشکەرە بۆ ڕوودانی کاری لەوجۆرە. چونکە ئەوە جیاکردنەوەی ئەم

شاعیرەیە لە کۆی خەڵکی ئەمشارە کە بەگشتی لە گۆڕستانەکاندا نێژراون. گۆڕی شێخ مارف نۆدێو شێخ عومەری ئیبنولقەرەداخیو سالمو کوردیو بێکەسو زێوەرو گۆرانو شێخ محەمەدی خاڵو هەردیوکامەران و حەمەسالّح دیلانو ع ح ب و، حەسیب قەرەداخیو محەمەد موکریو جیهاد دڵپاكو شەماڵ سائیبو چەندین نووسەرو ئەدیبو هونەرمەندو پیاوی تری ناسراوی سلێمانی لەگردی سەیوانو لەگردی جۆگەنو کەسیان لە مردووانی تری شارەکە جیانەکراونەتەوەو کەسیشیان لە گۆڕەوە نەهاتوونەتەوەو باسی ئەوە بکەن کە هەناسەیان تووندبووە. دەبێ خۆجیاکردنەوەی کاك شێرکۆ دوای مردنی لە خەڵكو لە هاوشانەکانی خۆی چ سوودێکی هەبووبێت بێجگە لەوەی کە ڕێگای خۆشکرد بۆ ئەوەی کەسانێکی دەروون نزمو ڕق لە دڵ ئەوەی کە نەیانتوانیووە لە ژیاندا بەرامبەری بیکەن، ئێستا بەرامبەری بە مردووی دەیکەنو بەوەش دیسان جۆرێك لە پشێویو ئاڵۆزی دروست یکەن کە لە هیچ ڕوویەکەوە سوودی نییە. بۆیە من بڕوام وایە ئێستاش باشتر وایە ڕوفاتی ئەم شاعیرە بگوازرێتەوە بۆ گری سەیوان هەرچۆن پێش تێکەڵاوبوونی بە پۆستو ئیدارە کەسێکی سادەو شاعیری ناو خەڵك بوو بۆ ئەوەی لە مردنیشدا لە ناو خەڵكو هاوشانو هاوشاریو هاوزمانەکانیدا بێتو لەگەڵ جەمعی یاران بگەڕێتەوە بۆ بارەگای یەزدان.

## 40 -یەکتر نەخوێندنەوە:

یەکێك لە خاسێتە دیارەکانی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان باڵادەستبوونی تاکە عەقڵو تاکە بیرو تاکە لێکدانەوەو تاکە جیهانبینیە، هەموو ئەم تاکانەش زەمینەسازی دەکەن بۆ دروستبوونی یەك جۆر لە سیستێمی سیاسی کە ئەویش سیستێمی شمولی تۆتالیتارە. ئەو کۆمەڵگەیانەی کە تاکە عەقلێك تیایاندا باڵادەستە یان کۆمەڵگەی خێڵایەتین یان کۆمەڵگەی ئایینی یان کۆمەڵگەیەك کە تیایدا ئایدیۆلۆجیا یان هەر فیکرێکی تر تیایدا بووەتە جێگرەوەی ئایین. مەبەست لەم قسەیەش ئەوەیە کە تەنیا یەك لێکدانەوە بۆ مرۆڤو ژیان هەیە.

لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا دامەزراوەی کۆمەڵایەتی لە خێزان، بنەماڵە، خێڵ، عەشیرەت، حیزب،حکومەت، دەوڵەت هەموویان یەك ئاراستەیان هەیە بۆ بینینو یەك ڕوانینیان هەیە بۆ سەیرکردنی دنیا ئەویش لەو ڕوانگەیەوەیە کە مانەوەو بەردەوامبوونو پاراستنو بەهێزکردنی خۆیان مسۆگەر بکات. واتە کۆی ئەم

**دامەزراوانە وەها دەڕوانن کە ئەمان بوویەکی ڕەهان‌و هەریەکە لە شوێنی خۆیدا جێگرەوەی خودایە لەسەر زەوی‌و هەموو ماف‌و دەسەڵاتەکانی خوداش بەخۆی ڕەوا دەبینێت.**

**بێگومان لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا هەمیشە دەسەڵات دەسەڵاتی کەمینە دەبێت‌و بۆ پاراستنی ئەو دەسەڵاتەش هەمیشە ڕێگای نامەشروع بەکار دەهێنرێت ئەویش لە پیادەکردنی هێزدا بەرجەستە دەبێت، کە دەشێ بەکارهێنانی هێز بێت بە مانا سەربازییەکەی یان لەشێوەی دەسەڵاتدا کە چۆن هەموو کۆمەڵگە کۆنترۆڵ دەکات‌وتەنانەت بواری ئەوەشی بۆ ناهێڵێتەوە کە بتوانێت لە ئازارو ژانەکانیشی بدوێت، بەڵکو هەر ئەوەش نا بەڵکو کۆمەڵگە لەسایەی سیتەمی لەم جۆرەدا دەبێت بە ئامرازو دەسەڵاتی کەمینە بە ئارەزووی خۆی بەکاری دەهێنێت.**

**کۆمەڵگەی کوردیش یەکێکە لەو کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیانەی کە تاکە عەقڵێك تیایاندا باڵادەستەو کۆی مەسەلەکانی تریش پەیوەستن بەو تاکە عەقڵەوە کە عەقڵێکی داخراوەو بێجگە لە خۆی ناتوانێت دان بە بوونی هیچ عەقڵێکی تردا نانێت‌و، بێجگە لە بۆچوونی خۆی هیچ بۆچوونێکی تر بەراست نازانێت‌و بێجگە لەو بنەماو یاساو ڕێسایانەی کە بۆ پاراستنی خۆی دایناوە ناتوانێت دان بە ڕەوایەتی هیچ یاساو ڕێسایەکی تردا بنێت. لەبارێکی وەهاشدا هەرچەندە کورد خاوەنی دەسەڵاتێکی خاوەن شووناس نەبووە بەڵام ئەو تاکە عەقڵە باڵادەستە هەمیشە هەموو دەرەوەی خۆیی نەك هەر ڕەتکردۆتەوە بەڵکو هەوڵی جیدی بۆ لە ناوبردن‌و سڕینەوەشی داوە. ئەوەتا سەرباری بە پەراوێزبوون‌و داگیرکردن‌و دابەشکردنیشی کەچی ئەم کۆمەڵگەیە بەردەوام لەململانێی سەختی ناوخۆیدا بووەو تەنانەت پێکهاتە هاوشێوەکانیش کە هەم پێکهاتن‌و هەم عەقڵی باڵادەستیشیان هاوشێوە بووە هەوڵی یەکتر سڕینەوەو لە ناوبردنی یەکترییان داوە.**

**دیارە عەقڵی باڵادەستی تەنیا خۆقبوڵکەر لە کۆمەڵگەی کوردیدا تەنیا لە چوارچێوەی ئەو دامەزراوانەدا نەبووە کە لەسەروە ناومان هێنان. بەڵکو ئەم عەقڵیەتە لە ناو نوخبەی سیاسی‌و ڕۆشنبیریشدا بەشێوەیەکی سەختتر تاکو ئێستاش باڵادەستەو تەنانەت ئەو نوخبەیەی کە زمان‌و قەڵەمی هەمیشە باسی کرانەوەو فرە عەقڵی‌و فرە بۆچوونی‌و فرە لێکدانەوەیی دەکات بە هیچ شێوەیەك ڕای جیاواز قبوڵ ناکات‌و ئەوی تر ناخوێنێتەوەو ئەو لە هەموو بەشەکانی تری کۆمەڵگەی کوردی زیاتر پیرۆزیی بەباڵای خۆی دەبڕێت. خەمی ئێمە ئەوەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەوەی کەباسی ئازادی‌و دیموکراسی‌و فرەیی‌و زیاتر لە عەقڵ‌و بۆچوون‌و لێکدانەوەو جیهانبینیەك دەکات ئەو لە هەمووان توندڕەوترەو ناتوانێت دان بە غەیری خۆیدا بنێت‌و بێجگە لە خۆیشی هەموو ئەوانی تری بەلاوە هیچە. بێگومان ئەگەر ئەم نوخبەیە لە کۆمەڵگەدا باڵادەست بێت ئەوا ئەو پەراوێزەی ئێستا بۆ قسەکردن هەیە بەتەواوی دەسڕێتەوەو زەمینەی لە دروستبوونی ئەویترو قبوڵکردنی ئەویتر واتە ئەوی جیاواز لەبار دەبرێت‌و بۆ سەردەمانێکی تریش تاکە عەقڵ‌و تاکە لێکدانەوەو تاکە دنیابینی باڵادەست دەبێت.**